# کەسێتی مرۆیی

## لە هزری ئیسلامیدا

### لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی

# كەسێتی مرۆیی

# لە هزری ئیسلامیدا

## لێكۆڵینەوەیەكی بەراوردكاریی

نووسینی: پ. د. نزار العانی
وەرگێڕانی: تۆفیق كەریم

# کەسێتی مرۆیی لە هزری ئیسلامیدا

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (٩١)

- نووسینی: پ.د. نزار العاني
- وەرگێڕانی: تۆفیق کەریم
- بابەت: دەرونزانی
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم ـ ٢٠٢٠ ـ ناوەندی ڕێنوێن.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٦٧٤)ی ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: عێراق ـ سلێمانی ـ شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی – نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

# پێڕست


پێشەکی سەنتەری زەهاوی ........................................................................ ٧
بەرایی ............................................................................................ ٩

**بەشی یەکەم: چەمکە بنەڕەتیەکان ........................................ ١٣**
یەکەم: چەمکی دەروونی مرۆیی لە کەلەپووری ئیسلامیدا ........................ ١٥
دووهەم: چەمکەکانی دڵ و ژیری و مێشک تێچێنیان لە ناو یەکدا ............... ٢٧
سێهەم: چەمکی کەسێتی مرۆیی و ماناکانی لە کەلەپووری ئیسلامیدا .............. ٣٩
چوارەم: ئاراستە ئەنجامگیرییەکان لە چەمکی کەسێتیدا بە تێڕوانینی ئیسلامی ... ٤٦

**بەشی دووهەم: دیاریکەرەکانی کەسێتی مرۆیی لە کەلەپوری ئیسلامیدا ............... ٥٣**
یەکەم: خۆڕسک و بەدەستهاتوو لە کەسێتی مرۆییدا ............................. ٥٦
دووهەم: پۆلێنکردنی کەسێتی مرۆیی و سیفەتە هاوبەشەکانی ......................... ٧٢
سێهەم: پەیوەندی کەسێتی بە قۆناغەکانی گەشەی مرۆییەوە ......................... ١٢١
چوارهەم: پاڵنەرە مرۆییەکان لە کەلەپووری ئیسلامیدا .............................. ١٣٠

**بەشی سێیەم: دروستی و لادانی کەسێتی مرۆیی لە کەلەپووری ئیسلامیدا .......... ١٤٣**
یەکەم: دروستی دڵ و دەروون و دەردەکانیان ........................................ ١٤٩
دووهەم: تەندروستی جەستە لە نەخۆشییە دەروونییەکان و لادانە کەسییەکان... ١٥٨
سێهەم: بەرنامەی خۆپارێزی ئیسلامی بۆ نەخۆشی و لادانی دەروونی .............. ١٧١
چوارەم: ڕێبازی ئیسلامی بۆ پەروەردە و ڕاستکردنەوەی دەروونی ................... ١٩٥

**بەشی چوارەم:**
**ئایا بیردۆزەیەک یان چەند بیردۆزەیەک بۆ کەسێتی لای زانایانی موسڵمان هەیە. ٢٠٩**
یەکەم: چوارچێوەی بیردۆزەیی لای ئیبن سینا .................................. ٢١٤
دووهەم: چوارچێوەی بیردۆزەیی لای غەزالی ...................................... ٢١٧
سێهەم: کۆتایی و قسەیەک ......................................................... ٢٢٠

# پێشەکی سەنتەری زەهاوی

ئاینی پیرۆزی ئیسلام بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤی تەندروستی بەسەنتەر گرتووە، بەرەچاوگرتنی هەموو رەهەندە دەرونی و جەستەییی وروحییەکانەوە کاردەکات بۆ راستکردنەوە و رێککردنەوەی هەڵسوکەوتەکانی و دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ بنیاتنانی کەسایەتییەکی رەسەنی تەندروستی بەخزمەت بۆ خۆی و چواردەورەکەی.

گشتگیریی و وردکرنەوەی رێنماییەکانی ئیسلام بەشێوەیەکن کە تەواوی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤی گرتۆتەوە، هەر لەو کاتەی کە مرۆڤ لەخەو هەڵدەستێت و کارەکانی رۆژانەی بەئەنجام دەگەینێت تا کۆڵدان و ئیسراحەت و خەوتنی هەمووی چواردەوەر دراون بە رێنمایی و پەرستش و ئامۆژگاری و شێوازی بەئەنجام گەیاندن لەرووی دەروونی و جەستەییەوە، کە ئەمانە هەموویان بەشێوەیەکی ئەرێنی و راستەوخۆ و ناراستەوخۆ کاریگەرن لەسەر بنیاتنانی مرۆڤێکی تەندروست لەرووی دەروونی و جەستەییەوە.

باسەکانی دەروون و پاکراگرتن و پاراستنی لە کەلەپوری ئیسلامیدا گرنگییەی زۆری پێدراوە، تەنانەت دەتوانین بڵێین زانایان لەم بوارەدا وەک ئەوە وان کە دڵ و دەروونیان لەبەردەم خۆیاندا دانابێت و وێنایان کێشابێت و سیفەتە ئەرێنی و نەرێنی و لایەنە لاواز و بەهێزەکانیان دیاریکردبێت، زۆر هەوڵیان داوە لەروی ناساندنی سیفاتەکانی دەروون و هاندان و هەڵنانەوە بەرگری زیاد بکەن بۆ مرۆڤ لەبەرامبەر هەژموونی پاوانخوازی حەزوئارەزووەکانی دەروون، چەندین سەرچاوەی گرنگ هەن کە گرنگییان داوە بە راستکردنەوەی دەروون و هەڵسوکەتی پاشایان بەتایبەت وخواناسان بەگشتی.

ئەگەرچی باس و خواسی دەروونزانی بەم شێوازە رێکخراوەی ئەمرۆ کە بووەتە زانستێکی جوان و چەندین بنەما و یاسا و بیردۆزی جوان دەگرێتەخۆ، لە کەلەپووری ئیسلامیدا نین؛ بەڵام لەراستیدا زۆربەی نێوەرۆکی ئەم باس و

خواسانە و بابەتە سەلمێنراوانەی ئەمڕۆ لەبواری ئەم زانستەدا باس و خواسی گەرمی ناو کتێبی زانا و فەیلەسوفانی ئیسلامن، ئەوەی کتێبەکانی تەزکییەی نەفس و تەسەوف بخوێنێتەوە ئەو ڕاستیەی بۆ دەردەکەوێت.

ئەم کتێبەی بەردەستمان هەوڵێکە بۆ دەرخستنی دیدی زانایانی مسوڵمان سەبارەت بەچەمکی (کەسێتی مرۆیی) و ڕەهەندەکانی و بۆچونیان لەسەر دەروونی مرۆڤ و سلوک و لادانەکانی و ئەو بەرنامە خۆپارێزیە گشتگیرەی کە ئیسلام و مسوڵمانان پیادەی دەکەن بۆ پارێزراویان لە نەخۆشییە دەرونییەکان و لادانە سلوکی و ڕەوشتییەکان، لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین شاکارێکی گەلێک جوان و گشتگیرە لەو بوارەدا و نوسەر توانیویەتی مافی خۆی بدات بە بابەتەکە.

لەم سۆنگەیەوە سەنتەری زەهاوی بە گرنگی زانی ئەم کتێبە وەربگێڕێتە سەر زمانی شیرینی کوردی، بۆ ئەم کارە پڕ بەهایەش نوسەر و وەرگێڕی بەتوانا و شارەزا: مامۆستا تۆفیق کەریمی ڕاسپارد، ئەویش توانی لەماوەیەکی کورتدا کارەکە بە پایان بگەیەنێت، هیوادارین سودبەخش بێت بۆ لێکۆڵەر و نووسەران لەم بوارەدا.

**سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی**

**٢٠٢٠/٩/١٢**

# بەرایی

سوپاس و ستاییش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، درووود و ڕەحمەت بۆ سەر پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) و یارانی و هەموو ئەوانەی ڕێبازەکەی ئەویان گرتووە.

زانستە پسپۆڕییەکان زۆرن، کە ئێمە یەکەم بەپێی ئاسانی و ئاڵۆزییان و دووەم بە پێی کەمی و فرەڕەهەندییان و سێیەم بە پێی دووری و نزیکییان لە ژیانی ڕۆژانەماندا، لێیان نزیک دەبینەوە یاخود خۆمانیان لێ لا دەدەین.

جا لەبەر ڕۆشنایی ئەو سێ گۆڕاوەدا دەبینین توێژینەوەی دەروونیی مرۆڤ (یان دەروونزانی) بە گشتی و کەسێتیی مرۆیی بەتایبەت، لە یەک کاتدا هەردوو هاودژەکە لەخۆ دەگرێت، چونکە لە لایەکەوە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤەوە، بە هەموو وردەکارییەکانی ژیانەوە، تەنانەت کاتەکانی خەوتن و پشوودانیشی، بەڵام لە لایەکی دیکەوە فرە ڕەهەند و لقوپۆ و ئاڵۆزە لە ڕووی بیردۆزەیی و دیاریکردنی زاراوەکانیدا. جا ئەو دادوبێدادییەی ئەمڕۆ لە دەست سەختی و ئاڵۆزیی لێکۆڵینەوەی دەروونیی مرۆڤ دەیکەین، درێژەپێدانێکی سروشتیی هەمان دادوبێدادی لێکۆڵەرەوانی دەروونیی مرۆڤن، بە درێژایی شارستانییەتەکان، ئەو زانا موسڵمانانەش کە لە دەروونی مرۆییان کۆڵیوەتەوە، لەم سەختی و ناڕەحەتییە بەدەر نەبوون، ڕەنگە لەوانی دیکەش زیاتر زەجریان کێشابێت لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: کەلەپووری ئیسلامی کۆمەڵە زاراوەیەکی نوێی تێدا دەر کەوت، پەیوەست بە دەروونی مرۆیی یان کەسێتیی مرۆیی، کە لە مانادا تێهەڵکێشی لەتێکی دەروون بوون، چونکە بەر لە ئیسلام قسە لەسەر دووانەیی جەستە و دەروون دەکرا، ئەگەر جاروبارێکیش ناوی گیان هاتبا، هەر بە مانای دەروون بوو، بەڵام قورئانی پیرۆز هات کۆمەڵە چەمک و زاراوەیەکی نوێی لەگەڵ خۆی هێنا: دڵ و ناخ (الفؤاد)، گیان و ژیری، بەڵکو زاراوەی (اللب والبصيرة) عەقڵ وتیژبینی لەخۆ گرت، بۆیە یەکخستنی زاراوەکان بە ناو یەکدیدا زیادی کرد،

گرفتی زمانەوانی و زانستی بۆ دیاریکردنی هەریەک لەو زاراوانە و چۆنیەتیی لەیەکجیاکردنەوەشیان پەیدا بوو.

دووهەم: زانای موسڵمان کە لە دەقەکانی قورئان و سوننەت دەر نەچووبوو، بۆ یەکەمجار کۆمەڵێک چەمکی دەروونی هێنایە ئاراوە، جا لە ناساندنی مرۆڤ و کەسێتییەکەیدا بێت، یان پەیوەست بە تەندروستیی دەروونی و هۆکارەکانی نەخۆشکەوتنی دەروون و دڵ و چارەسەرکردن و چۆنیەتیی پاراستنیان بێت.

بەم شێوە زانای موسڵمان لە چوارچێوە بیردۆزییەکەیدا نەخشەی ڕێبازێکی توێژینەوەی دەروونی و کەسێتیی مرۆیی داڕشت، لە کەلەپووری ئیسلامی – بیەوێت یان نا – بە ئەندازەیەکی زۆر یان کەم دوورکەوتەوە، لە ڕێبازە ڕەواقی (ستۆیکی) و گریکی و ماددییەکانی پێش خۆی.

لەبەر ئەوەی ئیجتیهادکردن ڕووی دیاری چەرخی شارستانیەتی ئیسلامی بوو، بۆیە بابەتی لێکۆڵینەوە لە دەروونی مرۆیی، لە کەلەپووری ئیسلامیشدا چووە هەمان بواری ئیجتیهادکردن لە هەموو ڕوویەکەوە، قوتابخانە فەلسەفی و فیکری و سۆفیگەری و سەلەفیزمەکان، یاریی زۆریان بە لق و گەڵاکانی ئەو درەختە کرد، کە هەمووشیان ڕەنگدانەوەیان لەسەر ڕێبازی لێکۆڵینەوەی دەروونی کەسێتیی مرۆیی هەبوو، لەم بیرە نوێخوازە داهێنەرانەدا و لەو کەشە بەپیت و بەرەکەتەدا، کە هەموو هۆکارەکانی داهێنانی فەراهەم کردبوو.

لە کۆتاییدا، من ئەو کەسە نیم کە بە زۆری ڕێبازی کەلەپووری ئیسلامی بۆ لێکۆڵینەوەی دەروونی و کەسێتی مرۆیی تێکەڵ بکەم بە ڕێبازی ئەزموونگەرایی تازە لە دەروونزانیدا، چونکە ئەمە لە لایەک دوابڕاوی و پاشەکشە دەگەیەنێت و دەستدرێژییشە بۆ ئەو بەخششە گەورانەی شارستانیەت پێشکەشی کردووە، دەبێتە بازدانیش بۆ کەشێک کە تەواو جیاواز لە بەخشش و گۆڕانکاری و ڕەگەزی کاریگەر. لە لایەکی دیکەوە ئەو چەمک و پایانەی کە بیری شارستانیەتی ئیسلامی لەسەر بونیات نرا، زۆر یان کەم، جیاوازن لەم چەمک و پایانەی کە لە شارستانیەتی ئەمڕۆدا بونیات دەنرێت.

بۆیە لە سۆنگەی چوار دەروازەوە، دەڕوانینە ئەو ڕێبازەی زانایانی موسڵمانان لە لە کەسێتیی مرۆییان کۆڵیوەتەوە:

یەکەم: دیاریکردنی ئەو زاراوە و چەمکە بنەڕەتییانەی کە لەم کتێبەدا هاتوون، هەر لە دەروونی مرۆیی، هەتا چەمکی کەسێتی و مرۆیی و چۆنیەتیی تێهەڵکێشبوونی دەروون و کەسێتیی مرۆیی، پاشان وەستان لەسەر کەسێتیی مرۆیی و ئاماژەکانی لە کەلەپووری ئیسلامی و پوختکردنی ئاڕاستە دیاریکراوەکان، لە چەمکی کەسێتیی ئیسلامیدا.

دووهەم: دەستنیشانکردن و لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەکانی کەسێتیی مرۆیی لە کەلەپووری ئیسلامیدا، لە سۆنگەی لێکۆڵینەوەی خۆڕسکی و بەدەستهاتووی ئەم پێکهاتانە، لەگەڵ پەیوەندییان بە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤ و تایبەتمەندییە هاوبەشە مرۆیی و گرووپی و سەربەخۆیەکانیش، هەروەها ئەو پاڵنەرە مرۆییانەی کە زانایانی موسڵمان بۆی دەچن، لە ڕەفتاری مرۆیی بەتایبەت پاڵنەری حەز و ئارەزوو و چێژەکان.

سێهەم: چەمکەکانی دروستی و نادروستیی کەسێتیی مرۆیی لە کەلەپووری ئیسلامیدا، لە سۆنگەی لێکۆڵینەوەیان لە تەندروستی دەروون و تەندروستیی دڵ و نەخۆشییەکانیان، پاشان تەندروستیی جەستە لە نەخۆشییە دەروونییەکان دوای ئەوانەش نەخۆشییە دەروونی و عەقڵییەکان کە کەلەپووری ئیسلامی دەستنیشانی کردوون، ئەوجا ڕێبازی ئیسلامی لە خۆپاراستن لە نەخۆشیی دەروونی هەتاکو ڕێبازی ئیسلامی لە پەروەردەکردن و مۆچاندن و ڕاستکردنەوە و بڵندکردنەوەی دەروونندا، بۆ گەیاندنی بە فەزیلەتە جوانەکان.

چوارەم: هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی دەکرێت لەسەر بەئیسلامکردنی زانستەکان بەگشتی و دەروونزانییش بەتایبەتی، کە ئایا ئەمە بیردۆزی کەسێتیی مرۆییە لە هزری ئیسلامیدا؟ لەگەڵ ئەو ئەگەرەش کە ڕەنگە هەر بیردۆزییش نەبێت.

دەبێت بە وریاییەکی زۆرەوە، مامەڵە بکەین لەگەڵ ئەو چەمکانەی زانایانی موسڵمانان لەم چوارچێوەدا دەریان بڕیوە، چونکە زۆر جیاوازن لە چەمکە

نوێیەکانی دوای ئەوان، هەر لە بیردۆزەییەکانەوە بیگرە کە لێیەوە دەستیان پێ کردووە، هەتا ناساندن و پێناسە و شیکاری و ئەنجامگیری. لە لایەکی دیکەوە ئەو زانا موسڵمانانەی لەم کتێبەدا قسەیان دەهێنمەوە، بە زاراوەی ئەمڕۆ هیچیان زانای دەروونناس نەبوون، بەڵکو فەقیهو فەیلەسووف و پزیشک و سۆفی و ئەدیب و شاعیر و.... بوون، بۆیە دیاریکردنی چوارچێوە بیردۆزییەکەی دەروونی مرۆیی، لە کەلەپووری ئیسلامیدا، هەوڵێکی کۆکەرەوەیی و پێکەوهگونجاندنە بە پلەی یەکەم و ئەوجا شیکارییەکی ئەنجامگیرییە بە پلەی دووەم.

وەک ئەمانەتێکی زانستییش دەیڵێم، کە ئەم کتێبە پەیمانگای هزری ئیسلامی خاڵەکانیان بۆ دەستنیشان کردم و ئەرکباری نووسینیان کردم، بەڵام من پابەندی خاڵ و دەقەکانی ئەوان نەبووم و کەموزیادم کردن.

دەمەوێت ئاماژە بەوەش بکەم، ئەم کتێبە ناچێتە چوارچێوەی چەمکی ئیسلامی بۆ دەروون و کەسێتیی مرۆیی وەک لە قورئان و سوننەتدا هاتووە، چونکە پەیمانگا مامۆستای دیکەی دەستنیشان کردووە لەو بارانەوە بنووسن، بەڵکو ئەم کتێبە تەنها چەمکی ئیسلامی بۆ کەسێتیی مرۆیی لای زانایانی موسڵمان دەخاتە ڕوو، بەڵام لە هەندێک شوێندا بەپێی پێویست ئایەت یان فەرموودەم بە بەڵگە هێناوەتەوە، جا بۆ ئەوەی چەمکی زانایانی موسڵمانان یان کەلەپووری ئیسلامی دیاری بکەین، لە ڕووی کاتەوە، لێرەدا مەبەستمان لە سەرەتای سەدەی دووهەمی کۆچییە هەتا کۆتایی سەدەی سیازدەهەمی کۆچی. هەرچەندە زیاتر بایەخمان بە شەش سەدەی یەکەم داوە، بەڵام هەوڵیش دراوە نووسینەکانی دوای ئەوانیش بهێنرێتەوە، بەڵام نووسینی نوێ و هاوچەرخمان لێ لا داوە.

لە خودا دەپاڕێمەوە ئەم ماندووبوونە، تەنها بۆ ئەو بێت و بیکاتە هۆی سڕینەوەی هەڵە و گوناهەکانم.

نزار محەمەد سەعید عانی

# بەشی یەکەم

# چەمکە بنەڕەتییەکان

**یەکەم: چەمکی دەروونی مرۆیی لە کەلەپووری ئیسلامیدا**

**١/١ چەمکی دەروون لە کەلەپووری یۆنانیدا:**

وەک ئەمانەتێکی زانستی، سەرەتا باسی کەلەپوور و شارستانی پێش ئیسلام دەکەم و ئەو کارانەی کردوویانە لە دەستنیشانکردنی چەمکی دەروون و جیاوازییەکانیان. بێگومان کەلەپوورێکی مەزنی گریکەکان هەیە و هەرچەندە بە دڵنیاییەوە پێش گریکەکانیش کەلەپووری دەروونی هەبووە، بەڵام یان نەنووسراونەتەوە یان ڕێک نەخراون، یاخود لە چوارچێوەیەکی فەلسەفیی دیاریکراودا نەبووە، یان بە ئێمە نەگەیشتووە. دیارە زانایانی موسڵمان لە هزری گریکییەوە دوور نەبوون، بەڵکو لە مەیدانەکەدا بوون، بەتایبەت لە مەیدانی دەروون و سروشتی دەروونەوە نزیک بوون، لێیان وەر گرتووە و سوودیان لێ دیتووە، هەروەها گۆڕانکارییشیان تێدا کردووە. ئەڵبەتە لێکۆڵینەوەی دەروون لە فەلسەفەی گریکی، سووک و ئاسان نەبووە، هەرچەندەش وا دابنرێت ئەوان یەکەم خشتی سەرەکییان داناوە، بەڵام ئەو چەمکە ڕوون و دیاریکراو نەبووە، تەنانەت بەسەر گەورە شارەزا و فەیلەسووفەکانیشیانەوە سەخت بووە.

ئەفلاتوون لە سوکراتی مامۆستایەوە، سەبارەت بە گفتوگۆی فیدۆ (Pheado)ی بەناوبانگ لە دەروونی مرۆیی دەگێڕێتەوە: گەیشتنی تەواو و دڵنیاکار بە زانینی دەروون ئامانجێکی بێ ئاکامە و پێی ناگەین، فیدۆ دەڵێت: زۆر باشە سوکرات سیماس دەڵێت: ئەوەی سەختییە لە دەروونمدا گینگڵ دەخوات، سەختییەکەیت پێ دەڵێم: لای خۆیەوە ناڕەحەتییەکەت پێ دەڵێت. ئەوەی تۆ هەستی پێ دەکەیت ئەوەیە من هەستی پێ دەکەم، چەندە سەختە، بەڵکو چەندە ئەستەمە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە زانینی دڵنیاکەرەوە لەسەر ئەو جۆرە بابەتانە، کە لەم ژیانەماندا بەرەوڕوویان دەبینەوە. ئەرستۆش لە پێشەکیی کتێبەکەیدا (دەروون) ئاماژە بەوە دەکات، گەیشتنی تەواو بە زانینی دەروون بە هیچ شێوەیەک گونجاو نییە، لە هەموو ڕوویەکەوە سەختە.

عەبدولحەمید (١٩٨٤) ڕوونی دەکاتەوە کە زانینی نهێنی و حەقیقەتی مرۆڤ، لە کۆن و نوێ یەکێک بووە لە سەختترین بابەتەکان لای فەیلەسووفەکان، زۆرینەی

فەیلەسووفە کۆن و نوێیەکان هەستیان بەم سەختییە کردووە، سەبارەت بە حەقیقەتی دەروونی مرۆیی بەتایبەت زۆرینەی فەیلەسووف و موتەکەللیمە موسڵمانەکان.

با بگەڕێینەوە بۆ لای پیرانی فەیلەسووفی گریکی، لای ئەرستۆ دەروونزانی بەشێکی سروشتزانییە، بەڵکو بەشە بڵندەکەیەتی، چونکە هەموو چالاکییە دەروونییەکانی جەستە زیندووەکان، دەچنە ناو سروشتزانییەوە، ئەو – واتە ئەرستۆ – دەروون بەوە پێناسە دەکات: (یەکەم تەواوکاریی جەستەیی ئامێریی زیندووی بەهێزی سروشتییە)، هەر ئەرستۆ وا دەڕوانێت، کە ڕێچکەی دەروون ڕێچکەیەکی دووانەییە، واتە: جەستە و دەروون هەن، ئەمەش تەنها بۆچوونی ئەرستۆ نییە، بەڵکو بۆچوونی ئەفلاتوونی مامۆستاشیەتی و پێش ئەفلاتوون، سوکراتیش هەمان بۆچوونی هەبووە.

جەستە لە پێگەی مادده یان (هیۆلا) دایە و دەروونیش وەک وێنە وەهایە، بەم دووانە وێنە وەک کردار یان ( کامڵی) وەهایە هیۆلایش وەک هێزە.

کامڵیش لەسەر دوو پلەیە:

- یەکەم کامڵی بەدەستهێنانی هێز و سەقامگیربوونە لە قەوارەیەکی زیندوودا.
- کامڵی دووەم بەدەستهێنانی هێز بە کردار و بەجێهێنانیەتی بە بەردەوامی.

ئەرستۆ کە دەڵێت: (جەستەی سروشتی) لە پێناسەی دەروونیدا، جەستەی دەستکردی لێ دەر دەکات، چونکە دەروون تەنها لە تایبەتمەندییەکانی جەستەی سروشتییە، بەڵام جەستەی دەستکرد دەروونی نییە.

جا بۆ ئەوەی دەروون لە جەستەی سروشتیدا سەقامگیر بێت، پێویستە جەستەیەکی (ئالی) هەبێت، ئامێر و پارچەکانی تێر و تەواو بووبن، تا بتوانێت بە ئەرکەکانی دەروون هەستێت، ئەم جەستەیەش پێویستە هێزی زیندوویی تێدا بێت، واتە بتوانێت، بە تێر و تەواوی ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت، لەم پێناسەیەی ئەرستۆوە دەر دەکەوێت دەروون بە ژیانەوە دەبەستێتەوە.

ئەفلاتوونیش لە کۆمارەکەیدا وای بۆ دەچێت: دەروون تێکەڵەیەکی ژیری و دڵ و جەستەیە، دەروونیش سێ بەشە:

- بەشی سەرەوە، کە جێگەکەی ژیرییە و دانایی بەرهەم دەهێنێت.

- بەشی ناوەڕاستی جێگەکەی، دڵە سۆزە جوانەکان لەوەوەیە و ئازایی بەرهەم دەهێنێت.

- بەشی خوارەوە پەیوەستە بە ئارەزووە ئاژەڵییەکانەوە، کە داوێنپاکی بەرهەم دەهێنێت. جا ئەگەر ئەم سێ بەشە بە ڕێکوپێکی بە ئەرکی خۆیان هەستان، فەزیلەتی چوارەم لە تەواوکاریی ئەو سێ فەزیلەتەدا بەرهەم دەهێنرێت، کە فەزیلەتی دادگەرییە.

ئەمە تێڕوانینێکی خێرا بوو، بە کەلەپووری گریکیدا، نامەوێت زیاتر لە سەری بڕۆم، چونکە باسەکەی ئێمە نییە، بەڵام دەمویست ئەو ڕێڕەوە پیشان دەم، کە زانایان و بیریارە موسڵمانەکان یەکەم هەنگاویان لێوە هەڵهێناوە، سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی دەروونیی مرۆیی. لە هەر کوێشدا پێویست بوو هەڵوێستی فەلسەفەی یۆنانی لەم بارەوە باس دەکەین.

### ٢/١ چەمکی دەروون لە کەلەپووری ئیسلامیدا:

پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ بچمە ناو کەلەپووری ئیسلامی، پێم باشە پەیوەندیی نێوان چەمکی دەروون لە کەلەپووری یۆنانی و کەلەپووری ئسیلامی بخەمە ڕوو، چونکە کەلەپووری ئیسلامی، لە کەلەپووری یۆنانی دابڕاو یان نامۆ نەبوو، زانایانی موسڵمان لێی ناشارەزا نەبوون، بە نموونە ئیسحاقی کوڕی حەنین کتێبی (دەروون)ی ئەرستۆتالیسی لە سەدەی نۆی زاینیدا وەر گێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی، (ئەسکەندەری ئیفرۆدیسی)یش پوختەیەکی لێ ئامادە کردووە، (فاڕابی)یش ڕاڤەی کردووە، ئیبن ڕوشد بە هەمان شێوە کورتی کردووەتەوە، سەرەڕای کتێبی (النفس)ی ئیبن باجەی ئەندەلووسی کە بە یەکەم کتێبی زمانی عەرەبی دادەنرێت، کە سێ بەشەکەی کتێبی (دەروون)ی ئەرستۆتاڵیسی یەکجار کورت کردووەتەوە. جا لەگەڵ ئەوەی هێڵە گشتییەکانی فەلسەفەی یۆنانی، سەبارەت بە هەربوویی و پەیدابوون و سروشت و جۆرەکانی دەروونی مرۆیی، چوارچێوەکەی لای نووسەرە موسڵمانەکان بەتایبەت فەیلەسووف و گۆیا (متکلمین)کان ڕوون بووەوە، بەڵام هەر دەبوو مۆرکێکی ئیسلامی بە سەردا

بکەن، کە بۆ ئەو کاتە بشێت، لە بیروباوەڕی یەکخوداپەرستی نزیک بکەنەوە و دووریشی بخەنەوە، لە بیروباوەڕی ماددی و بتپەرستی. وەک لە پێشەکییەکەشدا وتمان کۆمەڵە زاراوەیەکی نوێ سەبارەت بە توێژینەوەی دەروونیی مرۆیی هاتە قوولایی بیری ئیسلامییەوە، بە هۆی دەقە قورئانییەکانەوە، ئەمەش هۆیەکی گۆڕینی یا هەموارکردنی دیدگا یۆنانییەکە بوو، هۆکارێکی دیکە ڕاجیایی ناو خودی ڕێچکە و قوتابخانە ئیسلامییەکان بوو.

وەک ئاماژەشمان پێ دا، لێکۆڵینەوەی دەروونی مرۆیی وەک ئەفلاتوون وتی لای فەیلەسووفە گریکییەکان سەخت بوو، بێگومان لای فەیلەسوو ف و بیریارە موسلمانەکانیش بە هەمان شێوە سەخت بوو.

* ئیبن مەسکەوەی لە (الفوز الاصغر)دا دەڵێت: "دەرخستنی حەقیقەت و شێوە و وێنە و بوونی دەروون، لەوەی کە ئایا دوای پچڕانی لە جەستە هەر دەمێنێتەوە، ئەگەر دەمێنێتەوە لە چ شێوەیەکدایە؟ ئەمانە کۆمەڵە کارێکن زانینیان زۆر سەختە".

* هەجویریش لە (کشف المحجوب)دا، وای بۆ دەچێت زۆربەی داهێنراوی سۆفییە توندەکان و خەڵکە لادەرەکان، دەگەڕێتەوە بۆ گەڕانیان بە دوای زانینی حەقیقەتی دەروونندا.

کەواتە با بگەڕێینەوە بۆ چەمکی دەروون لای زانایانی موسڵمان، کە هەر کاتێک لەو بارەوە دەنووسم بە بەیتەشیعرێکی پیری فەیلەسووفەکان ئیبن سینا دەست پێ دەکەم، کە زۆر مانای قووڵی تێدا شارراوەتەوە، ئەو ڕوو لە مرۆڤ دەکات و دەڵێت:

**وتحسب انک جرم صغیر**

**وفیک انطوی العالم الأکبر**

(خۆت بە تەنێکی گچکە دەزانیت، بەڵام جیهانێکی گەورەت تێدا شارراوەتەوە).

بیریارانی شارستانیەتی ئیسلامی، لەسەر خودی دەروون و وابەستەکانی و وردەکارییەکانی ڕا جیان، ڕاجیاییەکەشیان بۆ ئەوەیە کە قورئان ئەو بابەتانەی نەبڕیوەتەوە.

خۆ ئەگەر بمانەوێت ئاڕاستە گشتییەکانی ئەو جیاوازیانە دەستنیشان بکەین، دەتوانین بیانکەین بە سێ ئاڕاستەی سەرەکییەوە:

یەکەم: کەمینەیەک لە بیریارە ئیسلامییەکان نوێنەرایەتی دەکەن، باوەڕیان بە هەربوویی دەروون هەیە، لە سەرووشیانەوە ئەبوبەکری ڕازی و ئیخوانوسەفا، ئەمانەش کاریگەرن بە هەندێک فەیلەسووفی یۆنانی بەتایبەت ئەفلاتوون، کە باوەڕی بە هەربوویی دەروون هەیە، کە بە گەردوون و لە جیهانی ئایدیاکان سووڕاوەتەوە و دوای چەندین جار سووڕانەوە، نەیتوانیوە بگات بە دەروونی ئەستێرەکانی دی، ئیدی لە هەوڵێکی شکستخواردوودا لە بەرزاییەکەی کەوتووەتە خوارەوە، وەک سزای ئەو شکستە یان دەسەوسانییەکەی لە گەیشتن بە دەروونی ئەستێرەکان، چووەتە ناو جەستەی مرۆییەوە، لە ڕاستییدا ئەمە ڕای سوکراتی مامۆستاشی بووە، بەڵام ئەفلاتوون بە تێروتەسەلی لە سەری دواوە.

دەکرێت ئەم ئەفسانەی ئەفلاتوونە بەراورد بکرێت بە چیرۆکی باوکەئادەم، کە قورئان و تەورات و ئینجیل دەیگێڕنەوە، لە سەرەتاوە خودای مەزن خۆی و حەوای خێزانی، لە بەهەشت لە جیهانی فریشتەدا نیشتەجێ کردبوو، بەڵام هەڵەی کرد و سزا درا و پەروەردگار فەرمانی کرد بە دابەزینی بۆ سەر زەوی.

دووهەم: ئاڕاستەی دووهەم زۆرینەی زانایانی موسڵمان، بەتایبەت موتەکەلیم و فەیلەسووفەکان ڕایان لەسەر ئەوەیە: دەروون دروستکراو و پەیدابووە، زۆرینەی خاوەن ڕێچکەکانیش هەمان بۆچوونیان هەیە، ئەمەش لەگەڵ بۆچوونی ئەرستۆ گونجاوە، چونکە بیردۆزەکەی ئەو لەسەر بنەمای دەروون، هاوڕایە یان وردتر بڵێین پێچەوانە نییە لەگەڵ چەمک و بیروباوەڕی ئیسلامیدا لەسەر دەروون، فەلسەفەی هیندی و ڕۆژهەڵاتی و مەسیحییش لەسەر ئەم ڕایەن.

بۆچوونی ئەرستۆ سەبارەت بە دەروون ئەوەیە (وێنەیەکە بۆ جەستە و لە دوای ئەو دروست بووە)، فاڕابی و دوای ئەویش ئیبن سینا هەر وا دەڵێن. هەرچەندە کەسانێک وای دەبینن ئیبن سینا باسی لە هەربوویی دەروون کردووە، لە هۆنراوە بەناوبانگەکەیدا کە بە پیتی عەین(ع) کۆتایی دێت: (هبطت الیک فی المحل الأرفع)، غەزالییش وای دەبینێت، کە دەروون ئەو کاتەی دڵۆپە ئاوەکە

قبوولّی کرد لە،لایەن بەخشەرەکەیەوە ئیتر دروست دەبێت، بە بەڵگەی زۆر ئایەتی قورئانی وەک: ﴿قُلِ اللّهُ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ وَهُوَ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ﴾ [الرعد: ١٦]، واتە: (خوا دروستکاری هەموو شتێکە و هەر ئەویشە تاک و تەنیای زاڵە بەسەر هەموو شتێکدا)، ﴿وَقَدْ خَلَقْتُكَ مِن قَبْلُ وَلَمْ تَكُ شَيْئاً﴾ [مريم: ٩]، واتە: (بێگومان پێشتریش تۆم دروست کردووە، کە شتێک نەبوویت (پێش ئەو دروستکردنە)، ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَاكُمْ ثُمَّ صَوَّرْنَاكُمْ﴾ [الأعراف: ١١]، واتە: (سوێند بێت بێگومان ئێوەمان بەدی هێنا و پاشان شکڵ و شێوەمان کێشان)، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەش کە بوخاری ڕیوایەتی دەکات: "کە خودا هەبوو، هیچی دیکە نەبوو".[١]

هەرچەندە هەندێک دەڵێن غەزالی دوای بە سۆفیبوونی باسی هەربوویی دەروونی کردووە، بە ناڕاستەوخۆ لە کتێبی (المنقذ من الضلال)، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو گومانەکانی لە بارەی دەروونەوە هێناوە و پاشان دانە بە دانە وەڵامی داونەتەوە.

سێهەم: ئاڕاستەی سێهەم کەمێک لە زانایان لەسەر ئەم بابەتە ڕاوەستاون و شەنوکەوی ناکەن و هیچ بڕیار و ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر دەر ناکەن، باوەڕیان وەهایە (دەروون) خۆی (گیان)ە و گیانیش بابەتێکە خودا لە بەندەکانی پەنهان کردووە، ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُم مِّن الْعِلْمِ إِلاَّ قَلِيلاً﴾ [الإسراء: ٨٥]. واتە: ( (ئەی موحەممەد (دروودی خوای لەسەر)) پرسیارت لێ دەکەن لە بارەی ڕۆحەوە، (کە چییە) بڵێ ڕۆح لە کار و فەرمانی تایبەت بە پەروەردگارمە و ئێوە تەنها کەمێک لە زانیاریتان پێ بەخشراوە).

جا لەم سێ ئاڕاستەیەدا هەر زانایەکیان، لە هەر ئاڕاستەیەک بەڵگەی زۆری ئایەتی قورئانی و فەرموودەی هێناوەتەوە، بۆ جەختکردنەوە و سەلماندنی ڕێباز و بۆچوون و بیروباوەڕەکەی خۆی.

بێگومان هەرچەند بیریارە ئیسلامییەکان، لە پێناسەی چەمکی گیان (الروح) خۆیان دوور گرتووە لەبەر ئایەتە قورئانییەکەیان و لەبەر دەستەوسانییان لە پێناسەکردنیدا، بەڵام ئەم خۆلادانە ڕێگەی لێ نەگرتوون بە لێکۆڵینەوە لەو

بابەتانەی پەیوەندییان بە گیانەوە هەیە، وەک پەیوەستی بە دەروونەوە یان باسکردنی سەرەنجامی یان مردنی یان بەیەکگەیشتنیان لە جیهانە بەرزەخییەکەدا.... وەک ئیبن قەیم لە کتێبی (الروح)دا، لەسەری ڕۆیشتووە و داهێنانیشی تێدا کردووە.

بە کورتی: بیریارەکانی ئیسلام وەک دەر دەکەویت، لە باسی دەروونْدا قووڵ بوونەتەوە، ڕەنگە لەبەر قەرەبووکردنەوەی بێدەنگبوونیان بێت لەسەر گیان، بەم شێوە دووانەی دەروون و گیان پاشەکشەی کرد و لەبری دووانەیی یۆنانیی (جەستە و دەروون) دووانەیەکی نوێ شوێنی گرتەوە، کە (گیان و جەستە)یە، ئەم دووانەییە زۆر تاوتوێ کراوە دووانەیی دیکەی بۆ زیاد کراوە و پاشان سیانەیی و چوارینە، جارجاریش گەیشتووەتە پێنجینە.

ئیبن قەیم لە کتێبی (الروح)دا دەڵێت: خەڵک لەسەر ناونراوی مرۆڤ چوار قسە دەکەن:

- ئایا بە تەنها گیانە؟
- ئایا بە تەنها جەستەیە؟
- یان هەردووکیانە بە یەکەوە؟
- یان هەر یەکێکە لە ئەوان؟

تەنانەت لەسەر ئەم چوار قسەیەش، ئیبن قەیم کۆمەڵێک پرسیاری دیکە دەورووژێنێت:

- ئایا تەنها بێژەیە؟
- ئایا تەنها مانایە؟
- یان هەردووکیانە؟
- یان هەر یەکێکە لەو دووە؟

کەواتە وەک ئیبن قەیم دەیڵێت جیاوازیی نێوانیان لە دەربڕ و دەربڕینیدایە، وەک یەک (الناطق و نطقە..).

**٣/١ سروشتی دەروونی مرۆیی لە کەلەپووری ئیسلامیدا:**

سروشتی دەروون و جەستە و گیان و پەیوەندییان بە ژیانەوە جیاوازییە، کە لەسەریان گەورەتر و سەختترە:

* نیزام (ئیبراهیمی کوڕی سەیاری بەسری سەر بە موعتەزیلە) وەک ئیبن قەیم لێی دەگێڕێتەوە، لە کتێبی (الروح) دەڵێت: گیان جەستەیە هەر خۆیشی دەروونە، ئەو وای دادەنێت گیان هەر بە خۆی زیندووە، نکوڵی لەوە دەکات کە ژیان و هێز مانای زیندوو و بەهێز بن.

* جەبائیش (کە ئەویش موعتەزیلەیە) وای بۆ دەچێت، گیان خودی جەستەیە، بەڵام ژیان نییە، چونکە ژیان ڕواڵەتە (مادده) و گیانیش ڕواڵەتی بەسەردا نایەت.

* بەڵام عەبدوڕەحمانی کوڕی کەیسان دەڵێت: دەروون خودی ئەم لاشەیە و هیچی دی.

* مەسنەوییەکان (پێشیان دەوترێت مەنانیون) وا دەبینن: دەروون مانا و بوونێکی سنووردارە و خاوەنی پایە و درێژی و پانی و قووڵییە، ئەم بۆ جگە لە خۆی جیا نابێتەوە لەم جیهانەدا، بۆیە حوکمی درێژی و پانی و قووڵی دەیگرێتەوە و هەریەکەیان، سیفەتی سنورداری و کۆتابوون کۆیان دەکاتەوە.

* هەر ئیبن قەیم قسەی جەریری (جەعفەری کوڕی موبەشیری موعتەزیلی)مان بۆ دەگێڕێتەوە، کە دەروون جەوهەرە و ئەم جەستەیە نییە یانی جیاوازیی جەوهەر و جەستەش هەیە.

* ئەبو هوزەیل باوەڕی وەهایە، دەروون مانای جگە لە گیان دەگەیەنێت، گیانیش ژیان نییە، چونکە ژیان ڕواڵەتە (عرض).

* قازی ئەبوبەکری باقلانی و ئەشعەرییە هاوڕاکانی، وای دەبینین دەروون نەسیمێکی بە هەناسە دێت و دەچێت، گیانیش ڕواڵەتە تەنها ئەویش ژیانە و جیایە لە دەروون.

* مەشائییەکانیش دەڵێن: دەروون نە جەستە و نە ڕواڵەتە و نە شوێنە، درێژی و پانی و قووڵی و ڕەنگ و بەشی نییە، نە لە جیهاندایە و نە لە دەدەوە بووە، نە لە تەنیشت و نە لێی دابڕاوە.[١]

* ئیبن قەیم پاش هێنانی ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانە، لە کتێبی (الروح)دا سەبارەت بە دەروون و گیان، خۆی بابەتەکە کورت دەکاتەوە بەوەی مرۆڤ جەستە و گیانە پێکەوە، دەشکرێت بە نیشانەیەک بە ناوی یەکێکیانەوە ناو ببرێت، لەوبارەشەوە سەدوشازدە شێوەی لێکدانەوە و شیکردنەوە و بەراوردکاری، بۆ ئەم چەمکە نیشان دەدات، لە خاڵی بیست و یەکەمدا دەڵێت هەموو ژیرەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی مرۆڤ بریتییە لە سیفەتە جەستەییەکان و سیفەتە گیانییەکان و دەروونە گۆیاکەی.

ئیبن قەیم قورئان دەکات بە بەڵگە کە (دەروون) بە جەستە دادەنێت لە لایەکەوە، ئەمەش لە خاڵی بیستدا وەک ئەم ئایەتە قورئانییانە: ﴿فَسَلِّمُوا عَلَى أَنفُسِكُمْ﴾ [النور: ٦١]، واتە: (سەلام لە یەکتر بکەن)، ﴿وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ﴾ [النساء: ٢٩]، واتە: (خۆتان مەکوژن)، ﴿يَوْمَ تَأْتِي كُلُّ نَفْسٍ تُجَادِلُ عَن نَّفْسِهَا﴾ [النحل: ١١١]، واتە: (لە ڕۆژێکدا کە هەموو کەسێک دێت بەرگری لە خۆی دەکات)، ﴿كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ﴾ [المدّثر: ٣٨]. واتە: (هەموو کەسێک بارمتەی کردەوەی خۆیەتی).

لە لایەکی ترەوە قورئانی پیرۆز دەروونی بە (گیان) ناو بردووە: ﴿يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ﴾ [الفجر: ٢٧]، واتە: (لەو ڕۆژەدا بە خواپەرست دەوترێت ئەی نەفسی بە ئارام)، بەڵام (گیان) بە مانای جەستە نەهاتووە، وەک ئیبن قەیم دەڵێت: نە بە تەنها و نە لەگەڵ دەروونذا.

بەڵام ئیبن مەسکەوەی لە (السعادة/ فلسفة الأخلاق)، لای ئەو دەروون ناسوتییە و گیانیش لاهووتییە، لە مرۆڤدا دەروون بنەڕەتییە، ئەگەر بە ڕاهێنان لە بۆتەقە درا بە یادکردنی خودا و مۆچاندنی و بیرکردنەوە، ئەوکات دەبێت بە گیان و بەرز دەبێتەوە تا دەبێتە نهێنییەک لە نهێنییەکانی خودای مەزن. لەمەش زیاتر تێ دەپەڕێت و دەروون، بە سێ بەشەکەی، کە قورئان فەرموویەتی دابەشیان دەکات، هەریەکەشیان لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئاڕاستە سۆفیگەرییانە بەم شێوەیە دەناسێنێت:

- دەروونی (الأمارة) فەرماندەر: ئەمەیان حەزی لە چێژ و ئارەزووە بەردەستەکانە، دڵ بەرەو خوار و نزمایی دەکێشێت، بۆیە مۆڵگەی شەڕ و سەرچاوەی خووە خراپەکان و کردارە ناپەسەندەکانە.

- دەروونی لۆمەکار: ئەوەیە ڕووناک بووەتەوە و لە بێهۆشیی ئاقاقەی هاتووەتەوە و خەبەری بووەتەوە، دەستی کردووە بە چاکسازی لە دوودڵیی خۆی لە نێوان خودا و سروشتی خۆیدا، بۆیە هەرکاتێک خراپەیەکی کرد، بە حوکمی سروشتی ڕاهاتووی خۆی کە تاریک بووە، ڕووناک دەبێتەوە کە ئاگاداریی خودایی فریای دەکەوێت و دەکەوێتە لۆمەی خۆی و پەشیمانی دەر دەبڕێت، داوای لێخۆشبوون لە خودا دەکات.

- دەروونی (المطمئنة) ئارام، ئەوەی: خودای مەزن بە ڕووناکیی دڵی ئەوەندە ڕۆشنی کردەوە، هەتاکو سیفەتە نەرێنییەکانی واز لێ هێناوە و ئاکارە جوانەکانی پۆشیوە، بە تەواوی ڕوو دەکاتە ڕووگەی دڵ، لە بڵندبوونەوەدا پێشبڕکێ دەکات، خێرایی بەرەو والا بوو خێراتر دەکات، خۆی بەدوور دەگرێت لە خراپەکان و بەردەوامە لە پەرستشەکان.

ـ موقاتیلی کوڕی سولەیمان (لە موفەسیرە ناودارەکانە) وا دەبینێت، کە مرۆڤ ژیان و گیان و دەروونە، کە دەخەوێت دەروونی (نفس) کە شتەکانی پێ تێ دەگات دەچێتە دەرەوە، بەڵام لە جەستە جودا نابێتەوە، بەڵکو وەک یەکێک دەر دەچێت، کە تیشک بهاوێژێت، بۆیە خەون بەو دەروونە دەبینرێت کە چووەتە دەرەوە، بەڵام ژیان و گیان لە جەستەدا دەمێننەوە، بەوە ئەمدیو و ئەودیو دەکات و هەناسە دەدات، جا کە دەجووڵێت ئیدی بە خێراتر لە چاوتروکانێک دەگەڕێتەوە، خۆ ئەگەر پەروەردگار بیەوێت بیمرێنێت لە خەودا، ئەو دەروونەی کە چووەتە دەرەوە لە دەرگا دەداتەوە، بەڵام ناهێڵێت بگەڕێتەوە.

* ڕەنگە زیاتر لە هەموو زانایانی موسڵمان، زانای بلیمەت ئیبن سینا قسەی لەو بارەیەوە کردبێت، هەوڵی داوە بیردۆزێکی تێر و تەواو سەبارەت بە دەروونی مرۆیی ڕێک بخات، کە زۆربەی بنەماکانی لە سەرچاوە ئەفلاتوونی و

ئەرستۆییەکان وەر گرتووە، لە دوای خۆیشی زۆر لە بیریارانی ئیسلام، بەتایبەت سۆفی مەشرەبەکان شوێنی کەوتوون (لە شوێنی خۆیدا بە وردی باسیان دێت).

دیدگاکەی ئیبن سینا لەسەر ئەوە دامەزراوە، کە گیان جەستەیەک نییە لە ناو جەستەیەکدا وەک ئاو لە قاپێکدا، تەنها ڕواڵەتێکیش (عرض) نییە لە دڵ یان مێشکدا نیشتەجێ بێت وەک تێکەڵی ڕەشاییەک لە ڕەشیدا، یان زانست لە زانادا. بەڵکو جەوهەرێکی ڕۆحانیی سادەیە، پەی بە خۆی دەبات و پەی بە ژێرییەکانیش دەبات، ئەمانەش زانستن، زانستیش ڕواڵەتە (عرض)، خۆ ئەگەر بابەت بووایە (موضوع) و زانینیش پێی هەستایە ئەوکات دەبوو بە پشتبەستنی ڕواڵەت بە ڕواڵەت (قیام العرض بالعرض)، ئەمەش پێچەوانەی ژیرییە، چونکە یەک ڕواڵەت تەنها یەک ڕواڵەت دەگەیەنێت، دروستکاری دەناسێت و خۆیشی دەناسێت، ئیبن سینا ڕیزبەندییەکی بەرەوژوورکەیی بۆ دەروون دەکات، یەکەم جار باس لە دەروونی ڕووەکی دەکات و پاشان دەروونی ئاژەڵی و ئەوجا گۆیایی دەکات.

* ئیبن باجەش لە کتێبەکەیدا (النفس)، پێناسەی دەروون هەر وەکو ئەرستۆتالیس کردووە، لە نامیلکەی (النفس الناطقة)شدا دەروون بە بەخششێکی خودایی دادەنێت، کە بەهۆیەوە خۆی دەبینێت، وەک چۆن بە هێزی چاو تیشکی ڕۆژ بە تیشکی ڕۆژ دەبینێت.

* لە کۆتاییدا ئیبن حەزم مشتومڕێکمان بۆ دەگێڕێتەوە، لەنێوان ئەوانەی کە وا دادەنێن (مرۆڤ) تەنها بە جەستە دەبێژرێت، وەک (ئەبو هوزەیلی عەلاف) و نێوان ئەوانەی وا دادەنێن، مرۆڤ تەنها دەروونە وەک (ئیبراهیمی نیزام)، ئەوانەش کە وای دەبینن مرۆڤ لە یەکێتیی هەردووکیان (جەستە و دەروون) پێک دێت، ئیبن حەزم بەوەش کۆتایی پێ دەهێنێت لە (الملل و النحل)دا، کە مەبەست لە مرۆڤ جەستەیە، چونکە بە تەرمێکیش هەر دەوترێت مرۆڤ، هەروەها گیانیشە، چونکە گیان ناوکی هەموو ڕووداوە هەستی و توانا جیاوازەکانە، کەواتە مرۆڤ واتە یەکێتیی جەستە و گیان، چونکە هەریەکەیان بەوی دیکەیانەوە بەندە.

**٤/١ – بە پوختی دەگەینە ئەوەی:**

١ ـ فەلسەفەی یۆنانی بە شێوەیەک لە شێوەکان لە پێناسە و زاراوە بنەڕەتییەکانی توێژینەوەی دەروونی مرۆیی لەسەر کەلەپووری ئیسلامی، کاریگەری هەبووە، کۆی هەڵوێستی زانایانی موسڵمان لایەنگریی ئەو فەلسەفەیەی کردووە، ئەگەر پێچەوانەی بیروباوەڕ و ئاینەکەیان نەبووبێتەوە، ئەوانەشی پێچەوانەی بوونایە یان ڕەتیان کردووەتەوە، یاخود ملیان باداوە بە شێوەیەک لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامیدا بگونجێت.

٢ ـ چەمکی دەروون لای زانایانی موسڵمان یەکەم لەسەر پێوەرە ئیسلامییەکان ڕاوەستاوە، دووهەم لەسەر دەقە قورئانییەکان و فەرموودەییەکان کە لەو بارەیەوە هاتوون.

٣ ـ زانایانی موسڵمان کۆمەڵێک زاراوەیان بۆ هزری دەروون زیاد کردووە وەک: دڵ" فوئاد، ژیری، گیان، جار جاریش (لب، بصیرة) بۆیە دووانەیی فەلسەفەی گریکی بەس نەبوو، بەڵکو پەلی هاویشت بۆ سیانەیی و چوارینەیی و جارجاریش پێنجینەیی، سەرچاوەشیان بۆ جیاکردنەوەی ئەم زاراوانە، ئیجتیهادکردنیان بوو لە تەفسیرکردنی دەقەکانی قورئان و فەرموودەدا.

لەم بارەیەوە هاوچەرخمان (حەبابی ١٩٨٣) دەڵێت: بە دڵنیاییەوە ئیسلام دووانەیی (دەروون و جەستە)ی تێ پەڕاند، لە مرۆڤدا کە پێکهاتەی یەکێتییەکی هەمەکییە، ئێمە بە جەستە نوێژ دەکەین، لە هەمان کاتدا بە ملکەچییەوە (الخشوع) نوێژ دەکەین کە جووڵە جەستەییە ماناداڕەکان دەیسەپێنێت، لەوەش زیاتر موسڵمان دەگاتە ئەوپەڕی دڵنشینی و ئارامی، لە کاتی سوژدەبردنیدا یان لە خوێندنەوەیەکی وردی قورئانیدا.

٤ ـ لە کۆتاییدا من وای دەبینم جیاوازیی زانا موسڵمانەکان لە زاراوە یان چەمک یاخود مانای دەروونی مرۆییدا، زۆر گەورە و پەرشوبڵاون، بەڵکو لای هەندێکیان هاودژن، ئەوەی لەم بارەوە پێشکەشیان کردووە ئەوەندە ڕوون نییە کە تینوێتی بشکێنێت، بەڵکو بابەتەکەی تەمومژاویتر کردووە و فەیلەسووفەکانی پەرتەوازەتر کردووە، لای فەیلەسووفە گریکەکان مەودای فەلسەفی، هۆکارێکی

جیاوازی بووە لەم زاراوانەدا، بەڵام لە کەلەپووری ئیسلامیدا، کۆمەڵە هۆکارێکی دیکە پەیدا بوون، کە جیاوازییەکانیان قووڵتر کردەوە، ئەویش هۆکاری ئاینی و شەرعی بووە، تەنانەت: هۆکاری مەزهەبی و گرۆییش، جگە لە سروشتی هۆکاری خودی فەلسەفە.

جارێکی دیکە ڕەنگە مرۆڤ سەری سوڕ بمێنێت، لەو گشت جیاوازییە لەگەڵ ئەوەی ئەوان خاوەنی یەک بنەما و سەرچاوە بوون، ڕەنگە خاڵێکی ئەرێنیی ئەم جیاوازییە ئەوە بێت ئەمە نیشانەی وشکنەبوون و نەبەستوویی و شوێنکەوتنی کوێرانە بووە، بەڵکو هەریەکەیان خاوەنی ئیجتیهاد و ڕا و شیکردنەوەی خۆی بووە، لە بازنەی دەقەکاندا بەڵام لەو چوارچێوەیەدا جڵەوی لێکدانەوە و شیکاری لێ بەر داوەتەوە.

**دووهەم: چەمکەکانی دڵ و ژیری و مێشک**

پاش چەمکی دەروونی مرۆیی و پێش باسکردنی چەمکی کەسێتیی مرۆیی، دەبێت باس چەند چەمکێکی دیکە بکەین کە لەو چەمکانە دابڕاو نین، کە تێهەڵکێشە یان کارلێکن لەگەڵیان، یاخود بەشێکی بنەڕەتین لێیان، یان هاوواتای یەکێکیانن.

کەواتە پێویستە چەمکەکانی دڵ، ژیری، مێشک، لە دیدی زانا موسڵمانەکانەوە باس بکەین:

* لە غەزالییەوە دەست پێ دەکەین، کە لە (إحياء علوم الدين)دا، چەمکی دڵ و گیان و دەروون و ژیری بە وردی باس کردوون، هەریەکەشیان دوو مانایان دەداتێ، پاشان بەوە کورتی دەکاتەوە: کە ئەو چوار دەستەواژەیە هاوواتان و یەک مانایان هەیە. لە (معارج القدس في معرفة النفس)یشدا بە دیاریکراوی دەڵێت: لەم کتێبەدا هەر کە باسی: دەروون، گیان، دڵ، ژیریمان کرد مەبەستمان دەروونی مرۆییە، کە شوێنی ژیربێژییەکانە (المعقولات) دەگرێتەوە.

ئەو وا دەبینێت کە: ویست و توانا و هەست، سەربازانێکن خزمەتی دڵ دەکەن، کە هەموو جەوهەری مرۆڤ پێک دەهێنێت.

جا – به بۆچوونی غەزالی – لەم دەوڵەتەشدا چوار هێزی ململانێکار بوونیان هەیە، کە هەموو مرۆڤیک شتێک لەم چوار بنەمایەی تێدایە: خودایی (الربانية)، شەیتانی، دڕندەیی (السبيعية) ئاژەڵی، ئەمانە هەموو لەناو دڵدان، غەزالی نموونەیان بۆ دەهێنێتەوە بە: حەکیم، شەیتان، سەگ، بەراز، جا بەپێی جیاوازیی ئەم چوار هێزە، خەڵکیش جیاوازن و دەگۆڕین، دەبن بە سێ گرۆوە:

١ـ یەکەمیان ئەوانەن ئارەزوو بەسەریاندا زاڵ دەبێت، دەبێتە خاوەنی و دەیگێڕێت وەک حاڵی زۆرینەی خەڵک.

٢ ـ دووهەمیان ئەوانەن بەردەوام لە جەنگ و تێکۆشانی دەروونداں، کە پلەیەکە لە خوار پێغەمبەران و دۆستانەوەیە (الأولياء).

٣ ـ سێهەمیان ئەوانەن ئارەزوویان دەبەزێنن و زاڵ دەبن بەسەریاندا، کە پلەی پێغەمبەران و دۆستانە.

هەر لای غەزالی لە (كيمياء السعادة)دا، دڵ بۆ ئیشکردنی دواڕۆژ دروست کراوە و بە دوای ئەو بەختەوەرییەوە دەگەڕێت، بەختەوەرییش بە ناسینی پەروەردگاریەتی.

هەر لای غەزالی دڵ دوو سوپای هەیە:

- سوپایەکی ڕواڵەتی: کە شەهوەت و تووڕەیین، کە نشینگەیان لە دەست و پێ و چاو و گوێچکەکان و هەموو بەشەکانی جەستەدایە.

- سوپایەکی ناوەکی (باطن) نشینگەیان لە مێشکدایە، کە هێزگەلی: خەیاڵ و هزر و لەبەرکردن و بیرکردنەوە و وەهمن، هەریەک لەم هێزانەش کارێکی تایبەتیان هەیە، هەر کامێکیان لاواز بوو حاڵی مرۆڤ لە هەردوو دنیا لاواز دەبێت. کۆی هەردوو سوپاکەش لە دڵدان و ئەو فەرماندەیانە.

دڵەکانیش لای غەزالی سیانن:

- دڵێک بە تەقوا ئاوەدانە، خەیاڵی چاکەی تێدا بەرجەستەیە

- دڵێک بە ئارەزوو بارگاوی بووە خەیاڵی خراپەی تێدا بەرجەستەیە.

- دڵێک لەنێوان چاکە و خراپەدا ڕاڕایە، کە خەیاڵی چاکە و خراپە تیایدا پێک دەدەن.

ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونی غەزالییە بۆ سێ دەروونە، کە (المطمئنة) ئارام، فەرماندەری خراپە (الإمارة) لۆمەکارن، کە خستوونیەتییە ناو دڵەوە وەک باسمان کرد لە سەرەتاوە جیاوازییان لەنێواندا ناکات.

* ئەبو حەسەنی ماوەردی لە (أدب الدنيا والدين) لەبری دڵ ژیری دادەنێت، واتە بە پێچەوانەی غەزالییەوە، بە پشتبەستن بەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) (ژیریی ڕۆشناییەکە لە دڵدا حەق و بەتاڵی پێ جیا دەکرێتەوە).[1]

هەروەها بە پشتبەستنیش بەم ئایەتە﴿أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا﴾ [الحج: ٤٦] وتە: (دەی ئایا ئەوانە بە زەویدا نەگەڕاون تا دڵیان هەبێ بیری پێ بکەنەوە (لەو وێرانبوونە))، ئەو وای دەبینیت ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر دوو شت:

- یەکەم ژیری زانستە.
- دووهەم شوێنەکەی دڵە.

ئەو وای دەبینێت کە ساغێتیی مرۆڤ بەستراوە بە تێری و تەواویی ژیرییەوە، بە پشتبەستن بەم فەرموودەیە: خوداپەرستی بێعەقڵ زیاتر لە خراپی خراپەکار هەڵە دەکات، خەڵک لە پەروەردگاریان بە پەرستش نزیک دەبنەوە بە ئەندازەی ژیرییان.[2]

* لای ماوەردی زاراوەیەکی دیکە زیاد کراوە، کە حەزە (الهوى) وەک هاودژی ژیری، دەڵێت: ئارەزوو و بەربەستی چاکە هاودژی ژیرییە، چونکە ئاکاری ناشرین بەرهەم دەهێنێت کرداری ناپەسەند دەر دەخات، ئابڕووی مرۆڤ دەبات ڕێگای خراپە خۆش دەکات، ئاماژەش بۆ قسەیەکی عەبدوڵڵای کوڕی عەباس دەکات، کە دەڵێت: ئارەزوو خودایە لەبری ئەڵڵا دەپەرسترێت، پاشان ئەم

---

[1] ئەم دەقە لە هەر نۆ کتێبەکەی فەرموودەدا نییە.

[2] لە کتێبەکەی فەرموودەدا ماناکەی هاتووە بە (موضوع). لە لای محەمەد تاهیر کوڕی عەلی فەتنی لە (تذكرة الموضوعات، ل٢٩).

ئایەتەی خوێندەوە﴿أَفَرَأَيْتَ مَنِ اتَّخَذَ إِلَهَهُ هَوَاهُ﴾ [الجاثية: ٢٣]. واتە: (ئایا دیت ئەو کەسەی هەوا و ئارەزووی خۆی کردووەتە پەرستراوی خۆی).

هەر لای ئەو دڵ چاودێرێکی تێکۆشەرە دژی ئارەزوو، تێبینیی کەوتنەکانی دەکات و هێرشەکانی دەگێڕێتەوە، پاشان جیاوازیی دەخاتە نێوان ئارەزوو و شەهوەتەوە، هەرچەندە پێکەوە لە هۆ وئەنجامدا کۆکن، بە هەمان شێوە لە بەڵگە و بەڵگەبۆهێنراویشدا هەر کۆکن، بەڵام ئارەزوو تایبەتە بە بۆچوون و بیروباوەڕەوە، شەهوەت تایبەتە بە حەز و چێژ، کەواتە شەهوەت دەرئەنجامی ئارەزووە.

لە کۆتاییدا ماوەردی ژیری دابەش دەکات بۆ:

- زیرەکی بە سروشتی: واتە خۆڕسکی یان سروشتی، بە چەمکی ئەمڕۆ مەبەست پێی ئامادەییەکانە.

- زیرەکی بە شارەزابوون، واتە: لەو ژینگەیەی تێدایە بە دەستی دەهێنێت.

ئەمەش بیردۆزێکی تەواو زیرەکانە و هاوچەرخانەیە، پێویست دەکات لە بەشی موسڵمانێتیی دەروونزانیدا تیشکی زیاتری بخەینە سەر.

* نەیسابوری لە (الأمد على الأبد)دا دان بەوەدا دەنێت، کە ژیری هەرچەندە بۆ تەگبیرکردنی خوار بابەتە ئەگەرییە هەستییەکان و گرتنی سەر بابەتە ماقووڵە بەڵگەنەویستەکان دەشێت، بەڵام تەنها بە هێزی خودایی باڵای سەرسەر بۆیان دەشێت، لای ئەو ژیری چواردەوری دەروونی گرتووە، چواردەورگرتنێکی ڕێنماییکارانە.

- جەستە بە خۆڕسکی، خۆی گوێڕایەڵی سروشتە.
- سروشتیش بە خۆڕسکی، خۆی گوێڕایەڵی دەروونە.
- دەروونیش بە خۆڕسکی، خۆی گوێڕایەڵی ژیرییە.
- ژیریش، بە خۆڕسکی خۆی گوێڕایەڵی خودای باڵایە.




**وێنەی ژمارە (١)**

**ئاستەکانی چواردەورگیری لای نەیسابووری[١]**

کەواتە مرۆڤ خۆڕسکانە کۆماسی و کەموکورتە، کەماڵ تەنها بۆ خودایە ئەگەر سەرنجی ئەو کلێشەیە بدەیت، کە چەمکەکەی نەیسابووریم پێ نەخشاند دەبینین ئەویش وەک ماوەردی جەخت لە ژیری دەکاتەوە، بەڵام ژیری لای ئەو چواردەوری دەروونی داوە و دەروونیش گوێڕایەڵیەتی، واتە دەسەڵاتی تەواوی بە ژیری داوە، کە هەیبێت بەسەر دەرووندا هەر لە جەستەوە، لای ئەو هیچ هێزێک لە سەرووی ژیرییەوە نییە، جگە لە هێزی خودایی کە خاوەنی ڕێنماییکردنی ڕەهایە، کەچی لە لایەکی دیکەوە دڵی فەرامۆش کردووە وەک بڵێی دەروونی لەبری ئەو داناوە.

* لای فاڕابی لە (تحصیل السعادة)دا ژیری چوار جۆرە:

- ژیریی بەهێز، کە دەروونە یان بەشێکە لە دەروون، یاخود هێزێکە لە ئەوەوە و وێنەی بوونەوەرانی هیچ تێدا نییە.

- ژیریی بە کردار ئەگەر وێنەی بوونەوەرەکانی تێدا بەدەست هات.

---

[١] وێنەی ژمارە (١) وە هەموو ئەو وێنانەی کە دێن لە کتێبەکەدا، نووسەر بۆخۆی هەڵی هێنجاون، بۆخۆشی وێنەی کێشاون، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو چەمکانەی کە زانایانی مسوڵمان لەکتێبەکانیاندا باسیان کردووە.

- ژیریی سوودلێوەرگیراو، کە لەو شتە تێ دەگات کە وێنەی ئەون، لەوێوەیە کە بە کرداری عەقڵ وەریان دەگرێت.

- ژیریی کارا: وێنەیەکی جیاوازە لە ماددە نییە و بە بنەڕەتیش نییە.

* ئیبن سینا لەسەر ژیری بۆچوونێکی تا ئەندازەیەک جیاوازی، لە بۆچوونی فاراڕبی پێش ئەویش کەندی هەیە، بۆچوونی ئەو وەهایە، ژیری هێزێکە وردە وردە تێر و تەواو دەبێت بەو شتانەی کە عەقڵ وەریان دەگرێت. ژیری زانست بە هزر و ڕووداو بەدەست دەهێنێت، هزریش جووڵەی دەروونە لە سنووری داواکراودا دەیگێڕێت، هەتا بەسەریدا زاڵ دەبێت ئەو کاتە دەیخاتە پێشەکییە پێوانەییەکانەوە، بەڵام ڕووداو زەفەربردنە بە داخوازی و سنوورە مامناوەندەکانی بە یەکجاری، کەواتە زانستی پێغەمبەران ڕووداوە و ژیرییان پیرۆز کراوە.

* لەو کاتەی فەیلەسووفەکان دەروونیان لە سنووری لۆژیک و ژیریدا شی دەکردەوە، ئا لەوکاتەدا سۆفییەکان لەوەشیان تێپەڕ دەکرد، بەوەی ژیرێتیی ڕووتیان دەبەستەوە بە ژیرێتیی ئاینییەوە. خۆ ئەگەر گەڕێنەر لای فەیلەسووفەکان تەنها ژیری بێت، ئەوا لای سۆفییەکان گەڕێنەر (الوازع) ژیری و ویژدان بوو، ئەمەش پاڵی پێوە ناون، کە بایەخی زیاتر بە لێکۆڵینەوەی بدەن، گرنگیی تەواو بە نیاز (النیة) و ئاکار بدەن وەک لەمەودوا باسیان دێت. پێشەوا تیرمزی لە (بیان الفرق بین الصدر و القلب و الفؤاد و اللب)دا، چەند چەمکێکی دیکە تێهەڵکێش دەکات، لەگەڵ دڵ کە بریتین لە سنگ و ناخ و کرۆک:

- سینگ یان پێگەی دەرەوە، پەیوەستە بە ڕووناکیی ئیسلامەوە.

- دڵ کە لە ناو سنگدایە پەیوەستە بە ڕووناکیی باوەڕەوە.

- ناخ (فوئاد) پێگەی سێهەمە و پەیوەستە بە ڕووناکیی زانستەوە.

- کاکڵە (اللب)، کە دواپێگەیە و پەیوەستە بە ڕووناکیی یەکخوداپەرستییەوە.

ئەمە پلەبەندیی پێگەکانە و بابەتێکی نامۆیە - بەپێی زانیاریی من – کەسێکی دیکە ئەو قسەیەی نەوتووە، پێشەوا هەوڵ دەدات ئەم هاوواتانە لە یەک هەڵاوێردە و پلەبەندی بکات، جگە لەوەش هەریەکە لەو پێگانە ببستێتەوە بەو حاڵەتە ئیمانییەی، کە مرۆڤ هەیەتی، ئەمەش پلەبەندییە لە ئیسلامدا (وەک پێگەی

دەرەکی، چونکە شایەتومان بە زمان دەربڕینیەتی)، بۆ ئیمان (وەک پێگەی ناوەکی، چونکە باوەڕهێنانە بە غەیب)، بۆ ڕووناکیی زانست (هەڵهاتنی باوەڕ)، بۆ بەرزبوونەوەی بۆ یەکخوداپەرستی (کە سەقامگیری و شکۆمەندیی ئیمانە). پاشان ئەو ئەم چوار پێگەیە دەبەستێتەوە بە چوار حاڵەتەکەی دەروون فەرمانکار، لۆمەکار، پێبەخشراو، ئەرخەیان (الأمارة، اللوامة، الملهمة، المطمئنة)، بێگومان ئەم بابەتە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە، جگە لە بژاردەکردنی هەندێک ئایەت و فەرمووده بۆ کردنیان بە بەڵگە و ئەنجامگیری.

* شەهابەدینی ئەبشیهی لە (المستطرف في كل مستظرف) بۆچوونی وەهایە، ژیری لە دوو بەش پێک هاتووە:

- بەشی یەکەم کەموزیادکردنی تێدا ناکرێت (واتە خۆڕسکی و سروشتییە).

- بەشێکی کەموزیاد قبووڵ دەکات (واتە بەدەستهێنراوە) بە ئەزموون و ڕووداو زیاد دەکات (واتە بە هۆی شارەزابوون و مومارەسەکردنەوە).

ئەم بۆچوونە لە ناوەڕۆکدا لە بۆچوونەکەی ماوەردی دەچێت، تەنها لە بێژەدا لێی جیاوازە. ئیبن قەییم لە (مفتاح دار السعادة) ئەم ڕێچکەیەی گرتووە، ژیری دابەش دەکات بۆ:

- ژیریی خۆڕسکی: کە باوک و پەروەردەکار و بەرهەمهێنەری زانستە.

- ژیریی بەدەستهێنراو: کە ڕۆڵە و بەرهەم و ئەنجامی زانستە.

لای ئەو پەیبردن (الإدراك) پێنج قۆناغی لە دوای یەکە:

دڵیش هەر لای ئیبن قەیم، لە (رسالة في امراض القلوب)دا دوو هێزی تێدایە:

- هێزی زانست و هەڵاوێردەکردن.

- هێزی ویست (الإرادة).

بە پشتبەستن بەو فەرموودە دروستەی، کە حوزەیفەی کوڕی یەمان لە پێغەمبەری خوداوە (د.خ) دەیگێڕیتەوە، دڵ دەکات بە چوار جۆرەوە:

* دڵەکانیش چوارن:

- دڵێک بێگەردە چرایەکی تێدایە دەدرەوشێتەوە، ئەوە دڵی باوەڕدارە.

- دڵێک داخراوە کە دڵی کافرە.

ـ دڵێک سەراوژێر (منكوس) کە دڵی دوورِووە، زانی و ڕەتی کردەوە بینی و خۆی لێ کوێر کرد.

ـ دڵێک دوو هێز دەیکێشێت، هێزی باوەڕ و هێزی دوورِوویی، ئەو هێی ئەوەیانە بە سەریدا زاڵ دەبێت.[1]

* ئیبن زەفەر سەقلی لە (السلوانات في مسامرات الخلفاء والسادات) دەگاتە ئەوەی ململانێیەکی هەمیشەیی لەنێوان ژیری و دەروونەدا هەیە.

ـ جا ئەگەر ژیری بەسەر دەروونەدا زاڵ بوو حاڵی ئادەمیزاد چاک دەبێت.

ـ بەڵام ئەگەر دەروون بەسەر ژیریدا زاڵ بوو، ئیشەکانی تێک دەچن و حەزەکانی ناپەسەند دەبن.

ئەو لێرەدا دەروون بە چەمکی ئارەزوو (الهوى) دەر دەبرێت، چەند جاریش بە شەهوەت و چێژ و حاڵەتی دروستی، کە یەکەمە، لە حاڵەتی نادروستی، کە دووەمە، جودا دەکاتەوە. هەرچەندە من ڕای کۆمەڵێک زانا و بیریارم لەم بابەتەدا بەبێ تێچپینکردن خستە ڕوو، بەڵام وای دەبینم ئەو ئەنجامەی کە لێی دەر چووم، باشتر نییە لەو حاڵەی کە دەستم پێ کرد، چونکە تێکەڵیوپێکەڵی و چوون بە ناویەکدا تا ئێستاش لەسەر ئەم زاراوانە هەر ماوە، بەڵکو زاراوەکانی ئارەزوو (الهوى) شەهوەت (الشهوة) چێژبەخشەکان (الملذات) تێکەڵ بوون، بۆ ئەوەی کۆمەڵە زاراوەیەکی نوێی هاوواتایان بۆ تێهەڵکێش و زیاد بکەن، کە هەوڵ دەدەین هەڵاوێردی بکەین بە جیا و ئەو بەیەکداچوونانە لە یەک جیا بکەینەوە.

لەم بابەتەدا دەچم بۆ لای چەمکی سێهەم، لە پاش دڵ و ژیری کە مێشکە (الدماغ)، کە زانایانی موسڵمان چۆن لێی دەڕوانن، لەگەڵ ئەو سەرنجەی کە ئەو دابەشکردنەی بۆی چوون، پێش ئەوان لە هزری گریکەکاندا هەبووە، لە لایەکی دیکەشەوە بەستراوە بە چەمکەکانی دەروونەوە، هەروەها هۆکاری ئەم دابەشکردنانە ڕوون نەکراونەتەوە.

---

[1] أخرجه ابن أبي الدنيا في الإخلاص موقوفاً على حذيفة كما في الدر المنثور، وبسند ضعيف مرفوع عن أبي سعيد، أخرجه أحمد في المسند، حديث رقم: ١١١٢٩.

* له (میزان العمل)دا غەزالی مێشک دەکات بە سێ بەشەوەەوە:

ـ بۆشایی یەکەمی مێشک: ئەو هێزەیە کە توانای وەرگرتنی ئەوانەی هەیە، پێنج هەستەوەرەکە دەرکی پێ بکەن و دەیپارێزن، بەڵام پەیدابوونی هەر کەموکورتییەک تیایدا ئەم هێزانە کەلێنیان تێدا دروست دەبێت.

ـ بۆشایی ناوەڕاستی مێشک، هێزی بیرکردنەوە لێرەدایە، کە پلەیەکە لەنێوان کۆگای وێنەکان و کۆگای ماناکاندا، ئەو شتانەی لە خەیاڵدان ئەم پێکەوەیان دەبەستێتەوە و لێکیشیان جیا دەکاتەوە بەپێی پێویست، لە کۆتایی بۆشایی ناوەڕاستیشدا لە مێشک هێزی وەهمی هەیە، کە ئەو هێزەیە دەرک بە مانا هەستپێکراوە بەشەکییەکان دەکات.

ـ بەشی دواوەوەی مێشک (یادگە) لەخۆ دەگرێت، کە هێزی پاراستنی ئەم مانا هەستپێکراوانەیە.

لەم کلێشەیەدا هەوڵ دەدەین وێنەیەکی ئەو نەخشەیە بخەینە ڕوو، کە غەزالی وێنای کردووە.




**نەخشەی مێشک لای غەزالی**

**کلێشەی ژمارە (٢)**

* ئیبن عەرەبی لە (فلسفة الاخلاق)دا، مێشک دەکات بە سێ بەشەوە:
- پێش، بەرپرسە لە خەیاڵ تا هەستپێکراوەکان بگەیەنێت (شایەتێکی ڕاستێنەر).
- ناوەڕاست، بەرپرسە لە هزر بۆ هەڵاوێردەکردن و پەسەندکردنی نێوان بابەتەکان (دادوەرێکی لێکۆڵەر).
- دواوە، بەرپرسە لە پاریزگاری بۆ پاراستنی ئەو بابەتانەی، بڕیاریان لەسەر دراوە (ئەمینی باوەڕپێکراو).

بۆچوونیشی وەهایە، کە مێشک لە هێزی بگۆییدا حازرە، بەڵام دڵ لە هێزی تووڕەییدا حازرە، جگەریش جێگای هێزی شەهوەتییە، کاروباری جەستەش لای ئەوە.




**- مێشک جێگای هێزی بگۆیە**

**کڵێشەی ئیبن عەرەبی بۆ مێشک**

**کڵێشەی ژمارە (٣)**

* شیرازی له (الطب الروحانی)دا، نزیکه له ئیبن عەرەبییەوه له دابەشکردنی مێشکدا:

- پێش، بۆ خەیاڵکردنه.
- ناوەڕاست، بۆ هزره.
- دواوه، بۆ یادکردنەوه.




**نەخشەی مێشک لای ئیبن سینا**

**کلێشەی ژماره (٤)**

* بەڵام ئیبن سینا له (النجاة)دا، به سروشتی خۆی وردەکاریی زیاتری تیادا دەکات، بەڵام بەو درێژکردنەوەیەشەوه هەر لەم چوارچێوه و ئاڕاستەیەدا ماوەتەوه.

- پێش – واته بۆ مێشک – له دوو بۆشایی پێک دێت:
- بۆشایی یەکەم هێزی فەنتازیا، که هەموو وێنه بگۆکانی ناو پێنج هەستەوەرەکه وەر دەگرێت.
- بۆشای دووهەم، هێزی خەیاڵه یان هێزی وێنەگره.

تەنها ئەوانەی تێدان، که هەستی هاوبەشی له پێنج هەسته بەشەکییەکانه.

ـ ناوەڕاست کە هێزێکی وەهمییە لە کۆتایی بۆشایی ناوەڕاستدایە، مانا ناهەستەوەرەکان پەی پێ دەبات، لە هەستەوەرە بەشەکییەکاندا.

-بۆشایی پشتەوە: کە هێزی بەیادهاتنەوەی تێدایە، ئەو مانایانەی کە بەرجەستە نین و هێزی وەهم لە شتە بەرجەستەکان درکی پێ دەکات.

لە کۆتاییدا (إخوان الصفا) مێشک بۆ هەمان دابەشکاری دابەش دەکەن، بە هەندێک جیاوازیی ڕواڵەتییەوە، ئەوەشیان زیاد کردووە، کە مێشک وەک مەملەکەتێکە، بەشەکانیشی هەندێک سیفەتی ڕوونیان پێ داون:

- پێشەکیی هێزە خەیاڵکارەکەیە، ئەرکی کۆکردنەوەی زانیارییە و پێشکەشکردنیەتی بە هێزی بیرکەرەوە، کە (سەرباز و دارودەستەکان نوێنەرایەتی دەکەن).

- ناوەڕاست: هێزی بیرکردنەوەیە و دوو هێزی پێوە پەیوەستە:

یەکەم: هێزی گۆیا (زمان) کە دەیچوێنێت بە: دەرگاوان

دووهەم: هێزی دروستکار (دەست و پەنجەکان ) کە دەیچوێنێت بە (وەزیر).

هەموو ناوەڕاستیش دەچوێنن بە (پاشا).

- دواوە: هێزی لەبەرکردن، دەچیوێنن بە: گەنجینەدار




**نەخشەی مێشک لای (إخوان الصفا)**

**کلێشەی ژمارە (٥)**

ئەگەر سەرنجی هەر پێنج کلێشەکە بدەین، لای (غەزالی، ئیبن عەرەبی، شیرازی، ئیبن سینا، ئیخوانوسەفا) دەکرێت بگەینە ئەم ئەنجامانە:

١ – هەموو مێشک لە بۆچوونی ئەواندا، سێ بەشە (پێشەکی، ناوەڕاست، دواوە) هەیانە دەبنە دوو لقەوە، نەک زۆرتر.

٢ – ئەرکی مێشک قەتیس کراوە لە (خەیاڵکردن، بیرکردنەوە، هەڵگرتن "پارێزگاریکردن") بەپێی سێ بەشە یەک لە دوای یەکەکەی مێشک، یا ناولێنانەکان دەستەواەژکانیش لایان جیاواز بێت، دەبێت ئەو تێبینییە بکەین ڕەنگە مەبەستیان لەم سێ بەشە (پێش، ناوەڕاست، دواوە) (مۆخ و مێشکۆکە و پەتەلاکێشە) بێت، چونکە تا ئیستاش مۆخ (کە لە دواوەی سەر پێک هاتووە Ocipital) هەروەها لە هەردوو لاجانگ (Temporal)و دوو دیوارییەکە (Parietal)، دوو لای تەوێڵ (Frontal)، تەلاموس (Thalamus)، هایبوتلاموس (Hypothalamus)، مێشکۆکە (Cerebellum)، پەتەلاکێشە (Medulla). بە بۆچوونی من ئەم دابەشکردنەی زانا موسڵمانەکان بۆ سێ بەش، تێڕوانینی دەرەکی و نەشتەرگەری بووە بۆ مێشکی مرۆڤ.

### سێهەم: چەمکی کەسێتیی مرۆیی و ماناکانی لە کەلەپووری ئیسلامیدا

حەبابی (١٩٨٣) باسی ئەوە دەکات، کە چەمکی (کەس) هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە کۆمەڵە واتایەکی چڕوپڕ و زیندووی بەدەست هێناوە، خۆئەگەر بۆ چەمکەکە لە چەرخی یەکەمی کۆچییەوە بێژەیەکی چەسپاو نەبووبێت، ماناکەی بە وردی بگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیشانەی هەبووە، چونکە لە فەزڵی ئیسلامەوە لە ناو سیاقێکی تایبەتدا ناوەڕۆکێکی وەر گرتبوو، بۆیە ماناکانی وردتر و دیاریکراوتر دەبوون، کە ئەنجامەکەی کودەتایەکی سەرتاپاگیری دروست کرد، لە زیهنیەتی عەرەبیدا و لەوێوە لە کۆمەڵگە فشەڵە بێسنوورەکانەوە، دەری کرد بۆ عەقڵگەراییەکی تاکی و بۆ ڕوونی و هۆشیاری، ئیتر خێڵ بە تەنها نەبوو بە سەرچاوەی هەموو بەهاکان و بەرجەستەکاری

حەقیقەت، بەڵکو هەموو تاکێکی خێڵ، بە خۆی هەستی بە بوونی خۆی دەکرد، بەبێ ئیعتیباردانان بۆ وێنە و جەستە، وەک کەسێکی خاوەن کەرامەت و بەهای پیرۆز، لە ڕێگای دەمارگیریی خێڵەوە نا، بەڵکو تەنها لەبەر ئەوەی (کەس)ە.

لەبری ئەوەی عەرەبێک بە تاکی بمێنێتەوە و لە خێڵدا بتوێتەوە، بوو بە کەسێک هەست بە کەسێتیی خۆی بکات و ببەسترێتەوە بە زاتێکی ڕەهاوە، کە دروستکەری باڵایە، کە عەرەب و ناعەرەبی یەکسان کردووە و ڕێزی لە هەمووان گرتووە، بەشێکیان لەوانی دی بەتواناتر کردووە، هەموو ئەوەی لە زەویدایە بۆی ژێربار کردووە و ئەویشی کردووە بە جێنشین.

ئیسلام چەمکی (من)ی گۆڕی بۆ هەست و هۆشیاری، هۆشیاری بەخششێکی ڕێنموونیی خوداییە، لە کاتێکدا لە سەردەمی نەفامیدا (من) چەقی شتەکان نەبوو لە ناوەوە، بەڵکو پەرتەوازەیی بوو، خودیەکی تایبەتی نەبوو، تەنها بەشداربوونی لە خودێتیی خێڵدا بەس بوو، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر سەرنجی فەلسەفەی گریکی بدەین، دەبینین گواستنەوەی جۆری سەبارەت بە خەڵک ڕووی نەدا، کۆیلە کە لای ئەرستۆ تەنها بە کۆمەڵە ئامێری زیندووی بەکاڵاکراو دادەنران، بەڵام لە ئیسلامدا بوون بە ﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾ [الحجرات: ١٣]، واتە: (بە ڕاستی بەڕێزترینتان لای خودا پارێزگارترینتانە)، ئەم بیرە یۆنانییە وەک بیری خێڵی عەرەبی گیانێکی لەخۆبایی دروست کردبوو، کە ئیمپراتۆر (کالیجولالیس) پلەی ئەسپەکەی بۆ پلەی کونسوڵی ڕۆما بەرز کردبووەوە، وای دەبینی دەکرێت ئەسپەکەی ئەو سروشتی ئاژەڵی تێ بپەڕێنێت، لەو کاتەدا کە ئەفلاتوون باسی لە گیانی کۆیلە دەکرد، کە پەیوەستە بە گیانی ئەسپ و سەگەوە، بۆیە گیانی کۆیلایەتی بەسەر هزر و ئاکاری ڕۆمان و گریکەکاندا زاڵ ببوو.

جا ئەم گۆڕانکارییە ڕیشەییە لە چەمکی (من) لە مرۆڤدا بیری (کەس)ی بە ناوەڕۆکە قووڵەکەی، لە بواری ئاکار و سیاسەتدا بەرجەستە کرد، چونکە (من) سەربەخۆیی وەر گرت، کە چواردەور درا بە بەستنەوەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ (ئێمە)، کە ئیسلام بە بێژەی (ئومەت) دەری دەبڕێت.

جا با بگەڕێینەوە بۆ چەمکی (کەسێتی)، لە زمان و چەمکدا لای زانا و بیریارە موسڵمانەکان.

ئەم چەمک و زاراوانە (کەسێتی) (کەسێتیی مرۆیی) لە فەرهەنگی کۆنی عەرەبی و لای هیچ زانایەکی پێشووی موسڵمانان، لە کەلەپووری بیری ئیسلامی بوونیان نییە.

تەنانەت بێژەی (کەس) لە قورئاندا نەهاتووە، زانایانی پێش ئیخوانوسەفا و ئیبن سینا بەکاریان نەهێناوە، بەڵکو هەندێک چەمکی دیکە هەبوو مانای (کەس)یان دەگەیاند لە نووسینەکانیاندا. پێش ئەوانیش لە قورئان و فەرموودەدا ئەو چەمکانە هەبوون، وەک: ئادەمیزاد، تاک، مرۆڤ، لە نووسینەکانی دواییشدا دەستەواژەی (خود) (ذات) بەکار دەهێنرا.

کەواتە با بگەڕێینەوە بۆ فەرهەنگەکانی زمان، زۆر بە کورتی چەمکی زمانی ئەم دەستەواژانە بخەینە ڕوو، پێش ئەوەی بچینە سەر نووسینی زانا موسوڵمانەکان.

- با لە بێژەی کەس و کەسێتییەوە دەست پێ بکەین.

بێژەی (کەس) لە (لسان العرب)دا کۆمەڵێک کەسە، ئادەمیزاد کۆی کەسەکانە، کە هەر جەستەیەکە بەرزایی و دەرکەوتنی هەبێت.

- لە فەرهەنگی (المحيط) دەڵێت کەس: هەر شتێکە لە دوورەوە مرۆڤ بێت یان جگە لە مرۆڤ.

لە فەرهەنگی (المنجد)یشدا هەر وا هاتووە بەم زیادکردنەوەیەوە:

ئەم بێژەیە بە مرۆڤ دەوترێت نێر بێت یان مێ.

لای (المولدين): ئەو پەیکەرەیە لە بەرد یان هەر چییەکی دیکە دروست دەکرێت

لە (المختار الصحاح)یشدا جیاواز نییە: کەس: مرۆڤ یان هەرچییەکی دیکە بێت لە دوورەوە.

لەو فەرهەنگانەی سەرەوە لە بەرانبەردا زاراوەی کەسێتی نابینرێت.

تەنها لە فەرهەنگە نوێیەکاندا باس کراوە وەک (معجم اللغة العربية) کە دەڵێت: کەس هەموو تەنێکە بەرزایی و دەرکەوتنی هەبێت، زیاتریش مرۆڤ دەگرێتەوە.

لای فەیلەسووفەکان: زاتێکی ئاگای قەوارەدارە و خاوەنی ئیرادەی سەربەخۆی خۆیەتی.

بەڵام کەسێتی: کۆمەڵە سیفەتێکن مرۆڤ لە جگە لە خۆی جیا دەکاتەوە (ئەمە لە دەروونزانیدا)، لە ڕووی فەلسەفییەوە: یەکێتیی خودە بە ناخ و ئیرادە و ئازادی و سەرپشککردنیشەوە.

هەر ئەو فەرهەنگە وێژەی شەخسانییەتیش دەناسێنێت: ئەو دەربڕینەیە کە ڕۆژئاوای عەرەبی، لەبری کەسێتی بەکاری دەهێنن.

گومانی تێدا نییە، ئێستا بێژەی کەسێتی لە وەرگێڕانی بێژەی (Personality) ئینگلیزی بەکار دەهێنین، کە لە کرداری (شخص)وە هاتووە، واتە: شکڵێکی ئاشکرا و دیارە قەوارەیەکی بینراوی هەیە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر زمانە لاتینییەکەش، زاراوەی (Persona) مانای ماسک (دەمامک) یان ڕواڵەتی دەرەوەی مرۆڤە، یان مانای تارمایی (سێبەر)یەتی، کە ئێستا گۆڕاوە بۆ زمانی ئینگلیزی تا مانای زاتی و کەسی بگەیەنێت. (حەبابی ١٩٨٣) دەڵێت: ڕیشەی ش.خ.ص پێش ئیسلامیش لە ناو عەرەبدا هەبووە، بەڵام کەسێتی بە مانای ئەمڕۆ نەبووە و بەکار نەهاتووە. ئیخوانوسەفا و ئیبن سینا بێژەی (کەس)یان بۆ یەکەمجار بەکار هێنا لە کەشێکی فیقهیی فەلسەفیدا تا گەشەی کرد، کەواتە: کەس هێزی دەستپێشخەر و سەرپشکە، پابەند و تێکەڵە و دەسازێت و هەست دەکات، جا قبووڵ دەکات یان ڕەت دەکاتەوە، ئەمانە سیفەتە پێویستەکانی کەسی سەربەخۆن.

ئەم پێناسەیەی (حبابی) پێناسەیەکی نێوەندگیری نێوان تێڕوانینی (دەروونی) و تێڕوانینی (فەلسەفی)یە لە یەک کاتدا.

بەڵام لە دەروونزانیدا، کەس واتە مرۆڤ بە تەنها و تەواوی لە هەمان کاتدا، کەسێکە ئەوی تر نییە، سەربەخۆ و خاوەن ئاکاری خۆیەتی، کۆی کەسەکە واتە: جەستە و ژیری و ئاکار و هەستیەتی.

بەڵام بێژەی تاک (الفرد):

- لە (لسان العرب)دا سیفەتێکی خودایە، تاک: بە تاکەکان کۆ دەکرێتەوە، دەبێتە نیوەی فەرد، ئەوەیە هاووێنەی نییە، کە لە توێژینەوەکەماندا ئەمەمان مەبەستە.

- (مختار الصحاح)یش دەڵێت: تاک: هاووێنەی نییە بە تاکەکان کۆ دەکرێتەوە.

- لە (المحیط)دا دەڵێت: نیوەی جووتە و هاووێنەی نییە.

- لە (المنجد) زاتی شتەکەیە.

پوختەی قسان: تاک (یەک)ە و هاووێنەی نییە، پێچەوانەی مانا دەروونییەکەی نییە لەم سەردەمەدا.

وێژەی خود (الذات)

- لە (لسان العرب)دا دەڵێت: بە سەربەخۆیی مانایەکی نییە، بەڵکو لە (الأسماء الناقصة) وەر گیراوە، هەروەها ئیعرابەکەشی بۆ ئەوەیە مانای ئێستا یان کات ببەخشێت.

- فەرهەنگی (المحیط) و ئەوانی دی دەڵێن: تەقریبەن شتەکە خۆیەتی، بەڵام قورئانی پیرۆز بە چەند شێوەیەکی جیاواز هێناویەتی.

- بۆ مرۆڤ ﴿إِنَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾ [الملک: ١٣]. واتە: (ئەو (خوای گەورە) ئاگادارە بە خودی (نهێنی)ی دڵان).

- بۆ ئاگر کە بێگیانە ﴿سَيَصْلَى نَاراً ذَاتَ لَهَبٍ﴾ [المسد: ٣]. واتە: (بێگومان لەمەولا دەچێتە ناو ئاگری بڵێسەدار).

- بۆ ئاسمان ﴿ذَاتِ الْبُرُوجِ﴾ [البروج: ١]. واتە: (خاوەن بورجەکان).

- بۆ ئاڕاستە ﴿ذَاتَ الْيَمِينِ وَذَاتَ الشِّمَالِ﴾ [الکهف: ١٨]. واتە: (بە لای ڕاست و بە لای چەپدا).

بەڵام لە ڕووی فەلسەفی و دەروونییەوە بە مانای کاکڵە (الماهیة) یان (بوون) (الوجود)، هەروەها بە مانای تاک (الفرد) دێت.

بەڵام بێژەی (المرء) ئادەمیزاد

- له (لسان العرب)دا هاتووه ئادەمیزاده (امرأة) مێیەکەیەتی.
- له (المحيط) دەڵێت ئادەمیزاد یان پیاو و کۆ ناکرێتەوە.
- هەروەها له (المنجد) و جگە لەویشدا..

هەروەها دەڵێت بێژەی ئینسان.

- له (لسان العرب) دەڵیت بۆیە ناو نراوه ئینسان، چونکە کارێکی پێ سپێرراوه و له بیری چوو.
- له فەرهەنگی (المحيط)دا دەڵێت ئینسان مرۆڤە و تاکە.
- (المنجد)یش هەمان ڕێچکەی گرتووە.

زاراوەی ئادەمیزاد زیاتر له هەر زاراوەیەکی دیکەی وەک (خود)، (کەس)، (تاک)،.... بەکار هاتووە، له قورئانی پیرۆزیشدا له هەموو ئەو زاراوانەی مانای ئەمە دەگەیەنن زیاتر بەکار هاتووە، مرۆڤی بە تاک و کۆ پێ دەدوێنرێت، بەڵکو بە هەموو مرۆڤ دەوترێت ئادەمیزاد.

هەروەها قورئانی پیرۆز مرۆڤی دواندووە، بە ناوی دیکەوە وەک: ﴿يَا بَنِي آدَمَ﴾ [الأعراف: ٢٦]، واتە: (ئەی نەوەی ئادەم)، ﴿يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ﴾ [الرحمن: ٣٣]، واتە: (ئەی کۆمەڵی جنۆکە و ئادەمی)، ﴿قُلْ إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ﴾ [الكهف: ١١٠]. واتە: (بەڵام سرووشم بۆ دێت، بەڕاستی پەروەردگاری ئێوە پەروەردگارێکی تاک و تەنیایە).

هەروەها قورئانی پیرۆز بە بێژەی دیکە ناوی ئادەمیزاد دەبات: ﴿كُلُّ امْرِئٍ بِمَا كَسَبَ رَهِينٌ﴾ [الطور: ٢١]. واتە: (هەموو کەسێک بارمتەی کردەوەی خۆیەتی). ﴿وَكُلُّهُمْ آتِيهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَرْداً﴾ [مريم: ٩٥]، واتە: (هەر هەموویان بە تاک و تەنها دێنەوە بۆ لای (خوا)، لە ڕۆژی قیامەتدا) ﴿يَوْمَ تَأْتِي كُلُّ نَفْسٍ تُجَادِلُ عَن نَّفْسِهَا﴾ [النحل: ١١١]، واتە: (لە ڕۆژێکدا، کە هەموو کەسێک دێت بەرگری لە خۆی دەکات)، ﴿بَلِ الْإِنسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ﴾ [القيامة: ١٤]. واتە: (بەڵکو ئادەمی ئاگادارە بە حاڵی خۆی)، هەروەها بێژەی (الفرد)، (نفس) (امرؤ) بە هەمان مانای زاراوەی ئادەمیزاد هاتووە.

لە هەموو ئەوانەی باس کران لە ڕووی زمان و فەلسەفە و دەروونەوە، بێژەی کەس کە زاراوەی کەسێتی لەوەوە هاتووە، کە ناوونیشان و بواری لێکۆڵینەوەیە

لەم کتێبە، مەبەست پێی ئادەمیزادە کە باسی لێوە دەکەین. ئیدی بە هەر بێژەیەکی دیکە مانای هاتبێت تەنانەت گیان و دڵیش وەک هاوواتای دەروونی مرۆیین. وەک غەزالی دەری دەبڕێت کە سەیری ئەوەش دەکەیت زانایان نووسیویانە، ئەو زاراوەی کە زاڵە لە مەیدانی توێژینەوەیاندا بۆ کەس و کەسێتی، کە زاراوەی دەروون بەکاریان هێناوە لەگەڵ تێکەڵکردنێکی کەم بە زاراوەی (دڵ) یان (گیان) جار جارەش ژیری، بەڵام بێژەی (کەسێتی) وەک چەمکێک کە مەبەست پێی، خودی مرۆڤ بێت بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە یان بە چەمکە دەروورنییەکەیەوە، لای هیچ زانایەک باس نەکراوە. لەبەر هیچ هۆیەک نا، تەنها لەبەر ئەوەی خودی زاراوەکە لەو ماوەیەدا کە ئێمە لەسەری دەنووسین بوونی نەبووە.

جا بۆ ئەوەی ناوەڕۆکەکە لەگەڵ ناوونیشانەکە چەسپاو بێت، هەر بێژەیەک یان زاراوەیەک ئەو مانایە ببەخشێت، لەم کتێبەدا هەر بە مانای کەسێتی مامەڵەمان لەگەڵ کردووە.

بۆیە هەرچی لەسەر ئادەمیزاد نووسراوە، سەبارەت بە دروستبوونی و سروشت و پەیدابوونی یان ڕەفتار و ئاکار و مامەڵەی یاخود ویژدان و هەست و خەیاڵی یان هزر و بیروباوەڕی، هەروەها کاریگەریی ئەو کۆمەڵگە و کولتوورەی تیایدا دەژی و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، هەر دەچێتە چوارچێوەی ئەم زاراوەیەوە.

وەک ئەمانەتێکی زانستی، دەبێت بوترێت، زانایانی موسڵمان بەشی هەرە زۆریان لەوەی نووسیویانە، تێڕوانینی سەرتاپاگیریان نەبووە لەم بارەیەوە، جگە لە ئیبن سینا و ئەبوحامیدی غەزالی، ئەو دووانە هەوڵیان داوە لە هەموو لایەنەکانی مرۆڤ بکۆڵنەوە، ئەمە بە گشتی، بەڵام بە تەنها هەریەکەیان ویستوویانە، وێنەی هەندێک دیاریکراوی کەسێتیی مرۆیی بکێشن و لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەری خوداوە هەڵیانبهێنجین.

بە مانایەکی دیکە بە هەموویانەوە، وێنەی نەخشەیەکی سەرەتایی کەسێتیی ئیسلامییان کێشاوە بە دیاریکراوی، نەک کەسێتیی مرۆیی بە شێوە گشتییەکەی، چونکە ئەم تێڕوانینەیان بەسەردا زاڵ بووە و لایان گرنگ بووە کە باسی مرۆڤ و دادگەری و ئاکارجوانی دەکەن، تایبەت بێت نەک گشتی.

**چوارهەم: پوختەی ئاڕاستەکان بۆ چەمکی کەسێتی لە ڕوانگەی ئیسلامەوە:**

لە هەموو ئەوانەی باس کران، دەکرێت دوو ئاڕاستەی سەرەکی بۆ (کەسێتی)، بە تێڕوانینی ئیسلامی دیاری بکەین:

**٤/١ کەسێتیی ناوەندی (هاوسەنگ).**

ئەمە وەک چەقێکی بنەڕەتییە لە هزری ئیسلامیدا، چونکە پەروەردگار ئوممەتی ئیسلام بە ئوممەتێکی ناوەند هەڵبژاردووە، جا ئەم ناوەندبوونە یان هاوسەنگییە، لە بیروباوەڕ و ئاکار واتە وێنەی ڕەهەندێکی سەرەکیی کەسێتی بۆ کێشاوین.

وەک ڕوونمان کردەوە ئیسلام چەمکەکانی: دەروون، گیان، دڵ، جەستە، ژیانی هەمووان لە چوارچێوەی یەک چەمک و یەک کەسدا چڕ کردووەتەوە، بە شێوەیەک لەسەر موسڵمانی پێویست کردووە، کە پەی بە هەمووان ببات و مافی هەریەکەشیان بدات، واتە: نابێت بە تەواوی ڕوو لە (گیان) بکات، چونکە گۆشەگیری لە ئیسلامدا نییە، (جەستەت مافی بە سەرتەوە هەیە)، بە هەمان شێوە ناکرێت بە تەواوی ڕوو بکەیتە جەستە ﴿وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحاً﴾ [النور: ٣٣]، واتە: (دەبێت ئەوانەی کە توانای (ئەرکی) ژنهێنانیان نییە، پاکژ خۆیان ڕاگرن) ﴿وكُلُواْ وَاشْرَبُواْ وَلاَ تُسْرِفُواْ﴾ [الأعراف: ٣١]. واتە: (بخۆن و بخۆنەوە و زیادەڕەوی مەکەن).

هاوسەنگییەکی لۆژیکییە لەنێوان هەموو پێبەخشراوەکانی مرۆڤ یان بوارەکانی ژیانیدا، ﴿وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا﴾ [القصص: ٧٧]، واتە: (لەو (گەنج و سامان)ەی خودا پێی داوی ئەو دنیا پێ بەدەست بێنە، بەشی خۆیشت لەم دنیایە لەبیر نەچێت)، چونکە ئیسلام وەک ئەفلاتوویەنیەت یان بەشێکی سۆفیگەری لە فیکری ئیسلامی، ماددە یان جەستە بە شەڕی بنەڕەتی دانانێت، لە ئیسلامدا خودا خۆی جیهانی ماددی بەدی هێناوە، ئەم جیهانە داڕووخاو و هەرەسهاتووە نییە وەک ئەفلاتوون و غەنووسییەکان بۆی دەچن، چەقیویش نییە لە هەڵە و تاوان بە هەمەیشەیی وەک هزری مەسیحی دەیڵێت، بەڵکو بەدیهێنراوی خودایە و کەسیش جگە لە خودای بەدیهێنەر، هیچی دروست نەکردووە.

خودای مەزن ئادەمی لە قوڕی ماددی بەدی هێناوە ﴿مِن صَلْصَالٍ كَالْفَخَّارِ﴾ [الرحمن: ١٤]، واتە: (لە قوڕێکی وشکەوەبووی وەک سواڵەت)، ﴿مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ﴾ [الحجر: ٣٣]، واتە: (لە قوڕێکی ڕەشی ترشاوی ڕەق)، ﴿مِّن طِينٍ لَّازِبٍ﴾ [الصافات: ١١]، واتە: (لە قوڕێکی لینجی جیڕ)، پاشان لە گیانی خۆی فووی پیادا کرد﴿فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُ سَاجِدِينَ﴾ [الحجر: ٢٩]. واتە: (ئینجا کاتێ شێوەکەیم ڕێک خست و لە ڕۆحێ (کە خاوەنی) خۆمم کرد بە بەریدا، ئەوسا هەموو بە سوژدەبردن بۆی بکەون بە ڕوودا). مەزنیی ئیسلام لە هاندانی کەسێتیی موسڵمان کە هاوسەنگ و مامناوەند بێت، لەقاڵبدانیەتی بە یەکێتیی ئەسڵ و دووانەیی سەرپشککردن.

– ئەسڵ تەنها یەکە: چونکە بەدیهێنەری هەموو شتێک لە بوونەوەردا خودای تاک و تەنهایە.

– سەرپشککرانیش لەسەر دوو ڕێگایە: ﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا * وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا﴾ [الشمس: ٩ – ١٠]. واتە: (سوێند بە هەموو ئەوانە بە ڕاستی ڕزگاری بوو، ئەو کەسەی کە نەفسی خۆی پاک کردەوە * بێگومان نائومێد بوو ئەو کەسەی کە نەفسی خۆی (بە گوناە) ون و تاوانبار کرد) ئەمە لە فیقهدا پێی دەوترێت: ئەرکبارکردن.

– تاکێتیی ڕێگاگرتن ﴿وَأَنَّ هَـذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيماً﴾ [الأنعام: ١٥٣] واتە: (فەرمانی داوە کە بێگومان ئەمە ڕێگای ڕاستی منە)، ﴿اهدِنَــا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ﴾ [الفاتحة: ٦]. واتە: (خوایە بەردەوام ڕێنمونیمان بفەرموو بۆ ئەم ڕێبازە ڕاست و دروستەی ئیسلام).

– دووانەیی سەرپشککردن لە گرتنەبەری هەر ڕێگەیەکدا (حەڵاڵ و حەرام)، (پاداشت، سزا).

– پێشەوای سۆفی، (المحاسبي) لە (المسائل فی أعمال القلوب والجوارح)دا، داوای هاوسەنگکردنی نێوان دڵ و پارچەکانی لەش دەکات، بەبێ تێپەڕاندن بەرەو

ڕۆحانەتێکی زیاد لە ئەندازە و فەرامۆشکردنی دنیا، یان چەقین لە ناو حەز و ئارەزوودا.

- پێشەوا غەزالی لە (كيمياء السعادة)، کە باسی کەسێتیی مامناوەند دەکات بۆ دەستخستنی بەختەوەری دەڵێت: لەسەر سێ هێز بەندە (تووڕەیی، شەهوەت، زانست)، بڕیاری ئەوە دەدات، کە موسڵمان پێویستی بەوە هەیە، کە لە هەموو کاروبارەکاندا مامناوەند بێت. جا ئەگەر هێزی شەهوەت تیایدا زیادی کرد، لە سنووری مۆڵەتپێدان دەری دەکات و لەناوی دەبات، ئەگەر کەمیشی کرد پەککەوتەیی و نەتوانینە، بەڵام ئەگەر مامناوەند بوو پاکداوێنی و قەناعەتە.

- هەروەها تووڕەیی، ئەگەر زیادی کرد مرۆڤ دەگەیەنێتە بێعەقڵی و لێدان و کوشتنی لا ئاسایی دەبێتەوە، ئەگەر کەمیش بوو غیرەت و شەهامەتی نامێنێت بۆ دین و دنیا، بەڵام ئەگەر مامناوەند بوو، دەبێتە ئارامی و ئازایی و حیکمەت.

ئا بەم مامناوەندییە کەسێتیی موسڵمان دەتوانێت چالاکانە و بە کارایی ئیش بکات، شکست تێ بپەڕێنێت و بەسەر ململانێدا زاڵ بێت و جڵەوی وەسواسی و دڵەڕاوکێ بگرێت. ئا لێرەوە کەواتە ڕۆچوون بە هیچ شێوەیەک سیفەتی کەسێتیی موسڵمان نییە، نە بەرەو بەرزی نە بەرەو دابەزین.

عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاس دەڵێت: پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) پێی فەرمووم: بیستوومە تۆ هەموو ڕۆژەکان بەڕۆژوو دەبیت و شەویش هەر شەونوێژ دەکەیت؟ وتم: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا. فەرمووی: "وا مەکە، بەڵکو ڕۆژوو بگرە و بیشکێنە، شەونوێژ بکە و بشخەوە، چونکە جەستەت مافی لەسەرتە، چاوت مافی لەسەرتە، هاوسەرت مافی لەسەرتە، سەردانیکارانت مافیان لەسەرتە،...".[1] هەر پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) لەناو ئوممەتەکەیدا هاوار دەکات: "ڕۆچووەکان تیا چوون"، سێ جار دووبارەی کردووەتەوە.[2]

---

[1] أخرجه البخاري فى صحيحه، كتاب الصوم (٣٠)، باب (٥٥)، حديث رقم ١٩٧٥، ٦٠٩/٢.

[2] أخرجه مسلم في صحيحه، كتاب العلم (٤٧)، باب (٤)، حديث رقم: ٦٧٢٥، ٤٧٣/١٦.

### ٢/٤ – (الشخصية الكلية) كەسێتیی هەمەکی

پێشەوا غەزالی لە (المستصفى) بەم شێوەیە بابەتەکە بە پوختی دەر دەبڕێت: مەبەست لە هاتنی شەرع بۆ ئادەمیزاد پێنج شتە: ئاینەکەیان بپارێزێت، هەروەها ژیری و جەستە و وەچە و سەروەت و سامانیان، جا هەرچی پاراستنی ئەم پێنجەی تێدا بوو، ئەوە بەرژەوەندییە، ئەوەشی زیان بەم پێنجە بگەیەنێت ئەوە خراپەیە و لادانە لە مەسڵحەت.

ئەم تێڕوانینە هەمەکییە، موسڵمان وا لێ دەکات بە هاوسەنگی و مامناوەندی بمێنێتەوە:

* کەواتە جەستە مافی خۆی هەیە (وەک لە فەرموودەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاس باس کرا): دەبێت ئاگاداری: خەو، پشوو، پاک و خاوێنیی جەستە بین، بایەخ بدرێت بە ڕەگەز و وەچەخستنەوە و سۆز و خۆشەویستی. بایەخ بە نەخۆشی و چارەسەر بدرێت، هەروەها بە خاوێنی جلوبەرگ و خۆڕازاندنەوە و بۆنخۆشی﴿قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللّهِ الَّتِيَ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالْطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ﴾ [الأعراف: ٣٢]. واتە: (ئەی موحەممەد (دروودی خوای لەسەر)، بڵێ کێ ئارایش و جوانییە خواییەکانی حەرام کردووە کە خودا بۆ بەندەکانی دروستی کردووە، هەروەها ڕۆزی و خۆراکە پاک و خۆشەکان).

* ژیری مافی خۆی هەیە، ئیسلام تەنها بایەخی بە ژیری نەداوە، بەڵکو ئیشی لەسەر سەرلەنوێ داڕشتنەوەی کردووە، بەو شێوەیەی لەگەڵ ئەرکبارێدا بسازێت. لەبری چاولێکەری و عەقڵداخراویی بتپەرستی، کە بەدەستی خۆی پەیکەرێک دروست بکات و بیپەرستێت و هەرکە برسیشی بوو بیخوات، هات بە بیرکردنەوە و کرانەوە و عەقڵانیەت و هاوسەنگییەوە، بابەتییانە بڕیاری دا، لە بەشەکییە پرشوبڵاوەکانەوە دەستی پێ کرد، بەرەو هەمەکییە سەرتاپاگیرەکان، تا لە یەکخوداییەوە یەکێتیی دروستکراوەکانیشی سەیر بکات، یاسا و ڕێسا بوونەوەرییەکانی لێ هەڵبهێنجێت، تا بە بەرچاوڕوونییەوە بەدیهێنەرەکەی بپەرستێت ﴿قُلْ هَـذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَاْ وَمَنِ اتَّبَعَنِي﴾ [يوسف: ١٠٨]،

واتە: (بڵێ ئەمە ڕێگای منە بانگی (خەڵک) دەکەم بۆ لای خودا لەسەر بەڵگەی ڕوون، من و ئەوانەش شوێنم کەوتوون)، بە هەموو ئەمانەشەوە هێشتا جڵەوی عەقڵ بەرەڵڵا ناکات، بەڵکو ئاماژە بەوە دەکات کە کەموکورت و سنووروودارە بەتایبەت لە کاروبارە نادیارەکاندا.

* دڵ و ویژدانیش سۆز و هەڵچوون و ئاراستە و حەز و بەهاکان پاکلەمە دەکەن، هاندەری مرۆڤن کە پلە پلە لە قۆناغی نەفسی ئەممارەوە (ئاژەڵی) بەرز ببێتەوە بەرەو نەفسی ئارام (المطمئنة) پاش تێپەڕین بە نەفسی لۆمەکاردا.

- پلەبەندییەکان: لە چوونەناو ئیسلامەوە (قۆناغی دڵکرانەوە و وەرگرتن)، بۆ باوەڕهێنان (سەقامگیریی دڵ و ڕاساندنی پارچەکانی جەستە) لەوێشەوە بەرەو قۆناغی یەقین و پشت بەخوابەستنی ڕەها (توانەوە لە خۆشەویستیی خودا و خۆشەویستاندا).

- بەرزکردنەوەی خودی، ئەم قۆناغە بڵندە، ڕۆشتنە بەرەو بەرزی و کامڵبوون، باوەڕدار لە خۆشەویستیی خودادا دەتوێتەوە، نەک لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی لە خۆماندا، بەڵکو لە ڕێگای بەجێهێنانی ئەو ئاکارانەی شایستەن بە مەشیئەتی خوداوە.

- ویژدانیش چاودێرە، خودی ئاگا وا لێ دەکات پەی بە خێر و شەڕ ببات، خۆی بە خۆی بپارێزێت لە لادان، ببێتە پێوەر کارەکانی خۆی کە چەندە لەسەر فەرمان و ڕێگرە خوداییەکان ڕاوەستاوە، جگە لە خوداش لە کەسی دی ناترسیت﴿وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَاهُ﴾ [الأحزاب: ٣٧]، واتە: (خوا شیاوترە کە لێی بترسیت)، چونکە خودا لە هەموو شتێکدا لەگەڵمانە ﴿وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ﴾ [الحديد: ٤]، واتە: (لە هەر کوێ بن خودا لەگەڵتانە)، ﴿لاَ يَخْفَىَ عَلَيْهِ شَيْءٌ فِي الأَرْضِ وَلاَ فِي السَّمَاء﴾ [آل عمران: ٥]، واتە: (هیچ شتێک لە خودا ون نابێت نە لە زەوی و نە لە ئاسماندا)، ﴿يَعْلَمُ مَا تُسِرُّونَ وَمَا تُعْلِنُونَ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ﴾ [التغابن: ٤]، واتە: (شارەزایە بەوەی دەیشارنەوە و بەوەی ئاشکرای دەکەن،خوا زانایە بەوەی لە ناو دڵ و دەروونداية)، ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا الْإِنسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ﴾ [ق: ١٦]. واتە: (سوێند

به خودا ئێمە ئادەمیمان بەدی هێناوە و چاک ئاگادارین بەو خەیاڵ و خەتەرانەی دێن بە دڵ و دەروونیدا).

ئەمانە پەروەردەیەکی سەیری ئاگایی ناوخۆی مرۆڤە، هەروەها ترسی خودا و چاودێریی خودییە، ئەگەر پێوەی پابەند بێت زۆریش باشە، خۆ ئەگەر ویستی لێی دەر بچێت ئامۆژگاری دەکرێت و هەڵەکەی بۆ دادەپۆشرێت، بەڵام ئەگەر هەر دەری خست و بڵاوی کردەوە، تەمبێ دەکرێت و سزا دەدرێت بەپێی هەڵە و سەرپێچییەکەی.

جا ئەم کەسێتییە هەمەکییە ماناو ئاڕاستەیەکی دیکە وەر دەگرێت، لە هاوکێشەیەکی سەیردا، (هەمەکی) لە تاکدا و هەموو لە (ئێمە)دا، لە لایەکی دیکەشەوە (ناوەندێتی) پێکەوە کۆ دەکاتەوە لە یەک کاتدا.

ڕێبازی پەروەردەی ئیسلامی، بۆ تاک یان کەسێتی، لەسەر سەربەخۆیی تاک ڕاوەستاوە (ئیش بکەن، هەر کەسە بۆ ئەوە بۆ ئەوە دروست بووە ڕێگای بۆ ئاسان دەکرێت)[1] ئەوە کە تاوانی ئەوانی دی هەڵناگرێت﴿وَلاَ تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلاَّ عَلَيْهَا وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ [الأنعام: ١٦٤]، واتە: (هەر کەسێک هەر گوناهـ و خراپەیەک بکات، تەنها لەسەر خۆیەتی وە هیچ کەسێکی گوناهکار گوناهی کەسێکی تر هەڵناگرێ)، بەڵام بەرپرسیارێتیی ئیشی خۆی بە تەواوی لەسەرە ﴿فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْراً يَرَهُ * وَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرّاً يَرَهُ﴾ [الزلزلة: ٧ – ٨]، واتە: (ئینجا هەرکەسێک بە ئەندازەی هەرە وردیلەیەک چاکەی کردبێت دەیبینێتەوە * هەر کەسێک بە ئەندازەی هەرە وردیلەیەک خراپەی کردبێت دەیبینێتەوە)، ﴿كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَةٌ﴾ [المدّثر: ٣٨]، واتە: (هەموو کەسێک بارمتەی کردەوەی خۆیەتی). کەواتە مرۆڤ دروستکراوێکی ناوازەی خوداییە، بەپێی توانای ئەرکبار دەکرێت ﴿لاَ تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلاَّ وُسْعَهَا﴾ [البقرة: ٢٣٣]. واتە: (ئێمە ئەرک ناخەینە سەر هیچ کەس بەقەدەر توانای خۆی نەبێ).

بەڵام (تا)یەکەی دیکەی ئەم هاوکێشەیەی کەسێتییەکە دەبێت خودی خۆی تێ بپەڕێنێت بەرەو ئوممەت، بۆ چەسپاندنی دادگەری لەم سەر زەوییەدا، کە خودا

---

[1] صحيح البخاري، كتاب التفسير، حديث ٤٩٤٩.

تیایدا نیشتەجێی کردووە، هەتاکو فەرمان بە چاکە بکات و ڕێگری لە خراپە بکات و سنووری خودایی بپارێزێت.

– هاوسەنگییەکە لەنێوان فەرزی عەین و فەرزی کیفایەدا، واتە ئەوەی لەسەر خۆیەتی بە تەنها بیکات، ئەوەش لەسەریەتی لەگەڵ ئەوانی دیکە بیکات.

– هاوسەنگییەکە لەنێوان (من) و ئێمە (خود و ئوممەت).

– هاوسەنگییەکە لەنێوان ئەوەی مافیەتی و ئەوەی ئەرکیەتی.

– فەرمانی پێ کراوە لەسەر خۆی و ماڵ و نامووسی بجەنگێت (کە بەرگرییە لە خود)، فەرمانیشی پێ کراوە ئەگەر زەوی و ماڵ و نامووسی موسڵمانان دەستدرێژی کرایە سەر، جیهاد بکات بۆ بەرگری لێکردنیان (بەرگری لە ئوممەت).

ئەم هاوکێشەیە کە لە سەرەتاوە ناوم ناوە (هەمەکیی مامناوەندێتی) (الكلية الوسطية)، ئەملاوئەولاکان لە ناوەڕاستدا کۆ دەکاتەوە، ناوەڕاستەکەش لە گرتنی لاکاندا هاوسەنگ دەکات، جا ئا لەم ناوەندە هەمەکییەی خودادا دەکرێت پێگەی کەسێتیی ئیسلامی و سیفەت و ئاکارەکانی دیاری بکرێت.

لەو دوو ئاڕاستە گشتییەی باس کران لە سەرەوە، دەبینین ڕێبازی توێژینەوەی (کەسێتی) لە کەلەپووری ئیسلامیدا (وەک لەمەولا دێینە سەری) لەسەر بەرجەستەکردنی نەگۆڕەکانی مەرجەعیەت و پایە بنەڕەتییەکانی کەلەپووری ئیسلامییە، کە بە هەمەکی یان بەشەکی، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ئاشکرا یان بە ئاماژە، ڕەنگی داوەتەوە لەو نووسینانەی زانایانی موسڵمانان، کە سەبارەت بە دەروون یان کەسێتیی مرۆیی نووسیویانە.

لە بڕگەکانی داهاتوودا دەچینە سەر باسکردنی ئەوانەی، زانا موسڵمانەکان لەم چوارچێوەیەدا نووسیویانە، لەگەڵ ئەو تێبینییەی کە بۆ چەندەم جار دووبارەی دەکەمەوە، کە چەمکی کەسێتی بەم مانا نوێیە، لە کەلەپووری ئیسلامیدا نە بە بێژەیی و نە بە بیردۆزەیی بوونی نەبووە، بەڵکو ئەوەی کەلەپووری ئیسلامی لەسەری دواوە (مرۆڤ)ە، بە جەستە و گیان و دەروونی و ئاکارییەوە (بەگشتی)، کە مەبەستی توێژینەوەی کەسێتیی مرۆییە لە چەمکە هاوچەرخەکەیدا.

# بەشی دووهەم
# دیاریکەرەکانی کەسێتیی مرۆیی
# لە کەلەپووری ئیسلامیدا

## پێشەکی

کەسێتیی مرۆیی لە سۆنگەی چەند دیاریکەری سەرەکییەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، جارجارەش دیاریکەری لاوەکی بۆ زیاد دەکرێت، لە هەر دوو حاڵەتەکەشدا، یەکەم: قسە لەسەر هۆکار کاریگەرەکان لە پێکهێنانی کەسێتیی مرۆیی دەکرێت، دووهەم: جۆراوجۆرکردنی. سێهەم: هۆکارەکانی جیاوازیی ئاکار لە هەر یەکەیەکدا. ئەوەی لای ئێمە جێگەی بایەخە دیاریکەرە سەرەکییەکانە نەک لاوەکییەکان، کە کۆمەڵە هۆکارێکی کاریگەرن لەسەری، جا بایەلۆجی و فیزیایی بێت، یان کۆمەڵایەتی بێت، کە تایبەتە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانی دیکە، یاخود کولتووری بێت پەیوەندی بە کولتووری ئەو شارستانیەتە بێت، کە تیایدا دەژی وەک: بەها و دابونەریت و ئاڕاستە و بیروباوەڕ.

لە دەروونزانی و بەتایبەت کەسێتیی ئاسایدا، هۆکارەکان دەکرێن بە دوو کەرتەوە، هۆکاری بۆماوەیی و هۆکاری ژینگەیی.

- بۆماوەیی دەگەڕێنەوە بۆ (غدد الصماء)، لیکەڕژێنە کوێرە و کۆئەندامی عەسەبی و زیرەکی.

- هەروەها هۆکاری ژینگەیی، دەگەڕێتەوە بۆ ژینگەی سروشتی (جوگرافیا و ئاووهەوا) و ژینگەی کۆمەڵایەتی و ژینگەی دەروونی و جگە لەوانەش.

بە کورتی: لێکۆڵینەوە لە دیاریکەرەکان، لێکۆڵینەوەی هۆکارە کاریگەرەکانی سەر کەسێتیی مرۆییە، کە لە سۆنگەی ئەوەوە جیاوازیی ئاکاری مرۆیی ڕوو دەدات، کە هەموو مرۆڤێک سروشتێکی تایبەتی هەیە، لەسەری تایبەتمەندی و سیفەت و بیروباوەڕ و ئاڕاستە و هەست و حەزەکانی گەشە دەکەن، کە بە هەموویانەوە پێیان دەوترێت (کەسێتی)، ئەم تایبەتییانە ڕەنگە پێی بوترێت: سیفەت یان جۆر یان ئاکارەکان یان هەر زاراوەیەکی نوێ لەم بوارەدا، بەڵام لە ژێر هەر ناوێکدا، ئەنجامی کەسێتی دەر دەکەوێت نەک خودی کەسێتی واتە: ئەم ئەنجامانە بە هەموویانەوە جۆرێکی دیاریکراوی کەسێتی دەر دەبڕن.

پرسیارەکە لەسەر ئەو هۆیانەیە کە بوونەتە مایەی ئەم ئەنجامانە؟

گرنگ نییە ناویان دیاریکەرەکان (محددات) یان یان هۆکارە کاریگەرەکان (العوامل) بێت، چونکە کەم یان زۆر هەمان مانایان هەیە و لەوانەیە هۆکارە کاریگەرەکان بۆ بەکارهێنانیان باشتر بن، چونکە گشترترن و هەموو کارگێڕییەکانی هەر کەسێتییەک دەگرێتەوە. لەم بەشەدا باس لەو هۆکارە کاریگەرانە دەکەین، کە هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە پەیوەندیی بە پێکهێنانی جۆری کەسێتیی مرۆڤەوە هەیە.

**یەکەم: خۆڕسکی و بەدەستهاتوو لە کەسێتیی مرۆیی**

مەبەست لە خۆڕسکی: ئەو لایەنەیە کە مرۆڤی لەسەر بەدی هاتووە و خودای بەدیهێنەر بەو شێوە دروستی کردووە، هەیە بە بۆماوەیی ناوی دەبات، جیاوازیی نێوانیشیان ئەوەیە: خۆڕسکی پێکهاتەی مرۆڤ دەگرێتەوە، جا پێکهاتەکەی لە خۆیدا بێت یان بۆماوەیی مرۆیی هاوبەش، بەڵام بۆماوەییانە کەمتر سەراپاگیرە، کە بە ئەو بۆماوەییانە دەوترێت لە باب و باپیرانەوە لە ڕێگەی گواستنەوەی جینە بۆماوەییەکانەوە، نەوەکان دەیگوازنەوە، کەواتە ئەمەیان تایبەتە بە تاکەوە، بەڵام خۆڕسکی تایبەتە بە بەدیهاتنەوە.

مەبەستیش لە بەدەستهاتوو: ئەوانەیە مرۆڤ بەدەستیان بێنێت لە ماوەی پێگەیشتن و فێربوون و ئەزموون و ڕاهێناندا، جا کە خۆڕسکمان لە کەسێتیی مرۆییدا دیاری کرد، کەواتە ئەوانەی دەرەوەی ئەو هەموو بەدەست هاتوون. پێش ئەوەی باسی خۆڕسکی لای زانا موسڵمانەکان بکەین، پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، ئەو بنەمایەی زانا موسڵمانەکان پۆلێنی میزاجی مرۆڤ و دەروونی مرۆڤ و توانا و ژیریی مرۆڤیان لەسەر کردووە، تەنانەت لە فەلسەفەی دەروون و هەر بوون و مانەوە و دروستبوونی جگە لەمانەش، هەموویان لە هزری ئیسلامیدا لەسەر بناغەیەک داڕێژراون، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە هزری گریکییەوە وەریان گرتووە، بەڵام بە کەمێک زیادکردنەوە یان لێکەمکردن و گۆڕانکارییەوە، بەڵام بەپێی مەعلوماتی نوێیان، کە قورئان و فەرموودە وەریان گرتبوو داهێنانی زۆریان تێدا کردووە.

به نموونه ئەو دەروونە (ڕووەکی – ئاژەڵی – گۆیا)یەی ئەرستۆ دایهێنا، لەگەڵ هێزەکانی دەروون (بخۆر، هەستەوەر، خەیاڵکرد)، هەروەها چوار ڕەگەزەکەی مرۆڤ (ڕەشباو، زەردباو، بەڵغەمی، خوێنی) کە هیبوکرات و ئەوانی دی قسەیان لەسەر کردبوو، لە ناو نووسینی زانا موسڵمانەکاندا بە پەرشوبڵاو دەیاندۆزینەوە، لەگەڵ هەموو جیاوازییەکی قوتابخانە هزری و فیقهییەکاندا.

با بگەڕێینەوە بۆ خۆڕسکی لە ئاکاری مرۆییدا، باشترین دەستپێکیش لەم بارەوە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خودایە (دروودی خوای لەسەر) لە ستایشی ئەشجەعی عەبدولقەیسدا، کە پێی فەرموو: "تۆ دوو سیفەتت تێدایە خودا خۆشی دەوێن: هێمنی و لەسەرخۆیی" وتی: ئەی پێغەمبەری خوا: من خۆم لەسەریان ڕاهێناوە یان خودا وەها دروستی کردووم؟ فەرمووی: "خودا خۆڕسکانە ڕایهێناویت لەسەریان"، وتی: سوپاس بۆ خودایەک کە دوو سیفەتی پێ داوم، کە خودا و پێغەمبەرەکەی خۆشیان دەوێن.[1]

فەرموودەیەکی دیکە هەیە دەفەرموێت: "لە کێڵگەی باشدا هاوسەگیری بکەن، چونکە خوێن دزە دەکات"،[2] لە هەمان کتێبدا فەرموودەیەکی تری پێغەمبەری هەیە (دروودی خوای لەسەر) کە دەفەرموێت: ((تخيروا لنطفكم فإن النساء يلدن أشباه إخوانهن وأخواتهن[3] بۆ وەچەکانتان لە خێزانی باش بژاردە بکەن، چونکە ژن منداڵی لە هاوشێوەی برا و خوشکی دەبێت.

ئەم سێ فەرموودەیەی سەرەوە و هاوشێوەکانیان، بە ڕوونی جەخت لەوە دەکەنەوە، کە بۆماوەیی کاریگەریی دیاری لە ئاکاردا هەیە. بە گەڕان بە ناو شیعری عەرەبیشدا، دەبینین بابەتی خۆڕسکی و بەدەستهاتوو، تەنها لای بیرمەند

---

[1] أخرجه ابو داود في سننه، كتاب الأدب (٣٥)، باب (١٦١)، حديث رقم: ٥٢٢٥، ٣٩٥/٥ – ٣٩٦، قال المنذري: حديث حسن.

[2] أخرجه السيوطي، في الجامع الصغير وسكت عنه، لكن المناوي في (فيض القدير شرح الجامع الصغير) نقله عن الحافظ العراقي أنه ضعيف. انظر: المناوي، فيض القدير، حديث رقم: ٣٢٨٣، ٢٤١/٣.

[3] أخرجه السيوطي في الجامع الصغير وقال عنه ضعيف، وأقره المناوي في (فيض القدير)، انظر: المناوي، فيض القدير، حديث رقم: ٣٢٦٩, ٢٣٧/٣.

و فەیلەسووفەکان بەکار نەهاتووە، بەڵکو لای شاعیرانیش بەکار هاتووە، نموونەش لەسەریان زۆرە. بەڵام با بگەڕێینەوە بۆ لای فیکری ئیسلامی لە بەدیهێنان و بەدیهێنراوەکانەوە دەست پێ بکەین:

**١/١ بەدیهێنان و بەدیهێنراوەکان:**

جاحز لە کتێبی (الحیوان)دا بوونەوەرەکان دابەش دەکات بۆ:

– جیهان بە هەموو ئەو تەنانەوە کە تێیدان، لە سێ ڕووەوە: کۆڕا، جیاواز، هاودژ. بە هەموویان دەوترێت: گەشەکردوو و گەشەنەکردوو.

– پاشان گەشەکردوو دەبێتە دوو بەش: زیندەوەر، ڕووەک.

– زیندەوەریش چوار بەشە: دەڕوات، دەفڕێت، مەلە دەکات، دەخشێت.

– ئەوەی دەڕوات چوار بەشە: مرۆڤ، ئاژەڵ، دڕندە، مێروو.

– زیندەوەریش گۆیا و ناگۆیان.

– گۆیا کە مرۆڤە، ناگۆیاش هەموو خاوەن دەنگێکە، کە جگە لە ڕەگەزەکەی خۆی، ئەوانی دی لێی تێ ناگەن.

* ڕاغیبی ئەسفەهانی لە (تفصیل النشأتین وتحصیل السعادتین) وای دەبینێت خودا بەدیهێنەرە و جگە لە ئەو بەدیهێنراون، بەدیهێنراوەکانیش (دروستکراوە بەدیهێنراوەکان): یان ماقووڵە بڵندەکانن (ژیرییە ڕەسەن و گیانییەکان)، یان هەستپێکراوەکانی خوارەوەن، کە ئەسفەهانی دەیانکات بە چوار بەشەوە: ڕەگەزەکان، بێگیانەکان، ڕووەکەکان، زیندەوەرەکان،

مرۆڤ وەک دروستکراوێک دوو جۆر هێزی هەیە:

– هێزی عەقڵی لە عەقڵە بڵندەکانەوە هاتووە.

– هێزی جەستەیی سەر بە هەستەوەرە خوارییەکانە.

ئەو بەم وێنەیە لەگەڵ زۆر لە زانا موسڵمان و ڕاڤەکانی قورئاندا هاوڕایە، کە دەڵێن مرۆڤ گیان و ماددەیە، بەپشتبەستن بەو ئایەتەی باس لە دروستکردنی باوکە ئادەم دەکات:﴿فَإِذَا سَوَّيْتُهُ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِي فَقَعُواْ لَهُ سَاجِدِينَ﴾ [الحجر: ٢٩]، واتە: (ئینجا کاتێک شێوەکەیم ڕێک خست و لە ڕۆحێ (کە خاوەنی) خۆمم کرد بە بەریدا، ئەوسا هەموو بە سوژدەبردن بۆی بکەون بە ڕوودا). هەتاکو ئایەتی:

﴿وَخَلَقْتَهُ مِن طِينٍ﴾ [ص: ٧٦]، واته: (بەڵام ئەو لە قوڕ)، هەروەها﴿إِنَّا خَلَقْنَاهُم مِّن طِينٍ لَّازِبٍ﴾ [الصافات: ١١]، واته: (بە ڕاستی ئێمە ئەوان (ئادەمی)مان دروست کرد لە قوڕێکی لینجی جیڕ)، کەواتە گیانی خودا هێزە بڵندەکەیە، قوڕ و خۆڵەکەش هێزە خوارینەکەیە، با دەربڕین و زاراوەکانیش جیاواز بن، ئەو لە تەفسیری﴿خَلَقَ الْإِنسَانَ مِن صَلْصَالٍ كَالْفَخَّارِ * وَخَلَقَ الْجَانَّ مِن مَّارِجٍ مِّن نَّارٍ﴾ [الرحمن: ١٥]، واته: (ئادەمي دروست کرد لە قوڕێکی وشکەوەبووی وەک سواڵەت * جنۆکەی دروست کرد لە بڵێسەی ئاگرێکی بێ دووکەڵ)، دەڵێت مرۆڤ بە ئەندازەی شوێنەواری ئاگر لە گڵینەدا هێزی شەیتانی تێدایە.

* ئیخوانوسەفا لە (رسائل إخوان الصفا وخلان الوفا)دا، بوونەوەرەکان دەکات بە دوو بەش: ماددی (ئەوانەی هەستەوەرەکان پەییان پێ دەبەن) و بەشی ڕۆحانی (عەقڵ پەیی پێ دەبات و هزر وێنای دەکات) ئەو دووەش چەند پۆلێنێکیان دەکەن.

* بەڵام پێشەوا غەزالی لە (رسالة القواعد العشرة)دا، دروستکراوەکان بەم شێوە پۆلێن دەکات:

– گیانلەبەر و بێگیان.

– گیانلەبەرەکانیش ئەرکبار و نائەرکبارن.

– ئەرکباریش دەبنە باوەڕدار و بێباوەڕ.

– باوەڕداریش دەبێتە گوێڕایەڵ و یاخی، هەریەکە لەوانەش ئەگەریان هەیە، زانا یان نەزان بن.

دەبینین غەزالی بە پۆلێنکردنی خۆڕسکی دەستی پێ کردووە، بەڵام دوایی دەیپەڕێنێت بۆ پۆلێنکردنی بیروباوەڕی مرۆڤ، لەمەدا ناوی دووڕووەکانی لە نێو باوەڕدار و بێباوەڕدا نەهێناوە و خستوونیەتە ڕیزی بێباوەڕانەوە.

– بەدیهێنراوەکان لای ئەو سیانن: فریشتە، مرۆڤ، ئاژەڵ (المقصد الأسنى في شرح معاني الأسماء الحسنى)، ناشزانم غەزالی بۆ جنۆکەی لە پۆلێنبەندییەکەی دەر کردووە، لە کاتێکدا بە دەقی قورئان و فەرموودە ئەوانە هەن.

* خۆ ئەگەر سەیری پۆلێنکردنی دروستکراوەکان لای ئیبن ئەبی ڕەبیع بکەین، لە (سلوک المالک فی تدبیر الممالک)، ئەو دەیانکات بە چوار جۆرەوە، هەر دروستکراوێکیش بە یەکێک لە چوار حاڵەت دەبەستێتەوە.

فەخرەدینی ڕازییش لەم جۆرە پۆلێنکردنەدا لەگەڵی هاوبەشە (النفس و الروح و شرح قواهما)، دەکرێت پۆلینەکەیان لەم کلێشەیەدا ڕوون بکەینەوە:

| حاڵەتەکان / دروستکراوەکان | سروشت | شەهوەت | ژیریی | حیکمەت |
|---|---|---|---|---|
| فریشتەکان | — | — | √ | √ |
| ئاژەڵ | √ | √ | — | — |
| بێگیان و ڕووەک | — | — | — | — |
| مرۆڤ | √ | √ | √ | √ |

کاتێکیش ئیبن ئەبی ڕەبیع دێتە باسی ئاکار یان ڕەفتار، ئەو وای دەبینێت: ڕەفتار یان سروشتییە (خۆڕسکە) یاخود وەر گیراوە، واتە: بۆماوەیی و بەدەستهاتوون، جا ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم پۆلێنکردنە بدەین، دەبینین ئەمیش دووبارە دەیگێڕێتەوە بۆ خۆرسکی باڵا و نزم، کە مرۆڤی لەسەر دروست کراوە (گیان و قوڕ)، ئەو (عەقڵ و حیکمەت) پێکەوە کۆ دەکاتەوە، کە دۆخی فریشتەیە لەگەڵ (سروشت و ئارەزوو)ە کە دۆخی ئاژەڵییە.

* بەڵام فاڕابی لە (التنبیه علی سبیل السعادة)، مرۆڤ دەکات بە سێ جۆر و دەیبەستێتەوە بە حاڵەتە ڕەفتارییەکەی:

١ – مرۆڤی ئاژەڵی: کە هیچ بینشێکی جوان و هێزی عەزیمەتێکی نییە.

٢ – مرۆڤی بە سروشت بەندە: کە بینشی جوانی هەیە و هێزی عەزیمەتی نیە.

٣ – مرۆڤی ئازاد: ئەوەیە بینشی جوان و هێزی عەزیمەتیشی هەیە.

ڕەنگە ئەم خشتەیە بۆچوونەکەی فاڕابیمان بۆ ڕوون بکاتەوە.

| سلوک / مرۆڤ | جەودەتی رەویە | هێزی عەزیمەت |
|---|---|---|
| ئاژەڵیی | — | — |
| بەندە | √ | — |
| ئازاد | √ | √ |

که لەم خشته ورد دەبینەوە، دەبینین زۆر لەوەی پێشوو دەچێت لە بارەی مرۆڤەوە، هەرچەندە لە زاراوە و دابەشکردنەکەشدا لە یەک جیاواز بن.

لە سەرنجدانی ئەو دابەشکردنانەی بۆ دروستکراوەکان لای زانایانی موسڵمان کراون، هەر لە جاحزەوە هەتاکو فاڕابی، دەگەینە ئەم خاڵانە:

١ – لە پۆلێنکردنی ئاکاردا ڕوون نین، بەڵکو تێکەڵییەکیان کردووە، لەنێوان دروستبوونی خۆڕسکی و ئاکاری ڕەفتاریدا، کە لە ڕاستیدا دروست بوو، تەنها وێنا خۆڕسکییەکە دەگرێتەوە، مەگەر (ئاکار) تەنانەت (بیروباوەڕ)یش بە خۆڕسکی بۆماوەیی یان سروشتی غەریزی دابنێین، خودا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ آمَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ازْدَادُواْ كُفْراً﴾ [النساء: ١٣٧] واتە: (بێگومان ئەوانەی بڕوایان هێناوە، پاشان بێباوەڕ بوونەتەوە دواتر باوەڕیان هێناوە ئەوسا بێباوەڕ بوونەتەوە)، کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بیروباوەڕ واتە ئاکاری بیروباوەڕی گۆڕاوە، لە دژێکەوە بۆ دژێکی تر، هەروەها کەم و زیادیش دەکات.

٢ – پۆلێنکردنەکان هەرچەندە بە بێژە و ناونان تیایدا جیاواز بن، لە ڕاستیدا هەموو لەسەر بنەمای تەفسیرکردنی چەند دەقیکی قورئانین.

جا ئەگەر لای زانا موسڵمانەکان پۆلێنکردنی ئاکار ڕوون نەبێت، بە دڵنیاییەوە پۆلێنکردنی دەروون و هێزی دەروونی، ڕەنگە دوورتر و ناڕوونتر بێت، هەرچەندە بێگومان ئەمیش تەفسیری هەیە، کەواتە با سەیری قسەی زانایان لەسەر دەروون و هێزی دەروون بکەین:

**١/٢ دەروونی مرۆیی و هێزەکانی:**

* با سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ ئیخوانوسەفا لە (الرسائل)دا، دەبینین بە ژێدەرێکی گریکییانە دەروون دەکەن بە سێ پلەوە: پلەی دەروونی مرۆیی، پلەی سەرووتر لە ئەو، پلەی خوارتر لە ئەو، واش دەبینن ئاکار و هێزەکان (ڕەنگە ئەمڕۆ بە ڕەفتار و پاڵنەرەکانی ناو ببرێت) سەر بەم بەشانەن:

- دەروونی ڕووەکی شەهوەتی.
- دەروونی ئاژەڵی تووڕەیی.
- یان دەروونی مرۆیی گۆیا، کە ئەمیش پلەبەندە، لە دەروونێکی عاقڵی حەکیمەوە، پاشان بۆ دەروونێکی نیگای فریشتەیی (الملكية الناموسية).

ئەم پۆلێنکردنە لە ڕاستیدا پێنجن بەپێی پلەکانی دەروون، چونکە حەزە دەروونییەکان ئەمانەن:

- حەزی ڕووەکی (خواردن و خواردنەوە)، کە دەچنە ڕیزی پاڵنەر و پێویستییەکانی بە دیدی دەروونی ئەمڕۆ.
- حەزی ئاژەڵی (وەک جووتبوون و تۆڵەکردنەوە و حەزی سەرگەورەیی).
- حەزی گۆیا، وەک حەزی زانست و زانیاری و زیادە فێربوون و ڕۆچوون زیادە فیربووندا.
- حەزی پیشەسازی و کار و خزمەت.
- حەزی تاک بەرەو بەرزبوونەوە و گەشەکردن.

لە ڕاستیشدا پەروەردەی نوێ ئامانجەکانی لە چوارچێوەی ئەم سێ پۆلێنە دەر ناچێت.

* ئەحمەد حەمیدەدین کرمانی فاتمی لە (مجموعة رسائل الكرماني) دەروونی مرۆڤ بۆ سێ پۆلێن دابەش دەکات: گەشەسەندوو هەستەوەر و گۆیا، پاشان بە یەک دەروونی فرە کاریان دادەنێت، وایش دادەنێت دەروونی مرۆڤ لە سەرەتاوە خاڵییە لە هەموو زانست و وێنا و زانیارییەک، وەکو جەستە چۆن لە سەرەتاوە ڕووت و بێ پۆشاکە، بۆیە چۆن پێویستی بە پۆشاکە، بە هەمان شێوەش پێویستی بە بەدەستهێنان و زانستە.

پاشان کرمانی له (راحة العقل) دەگەڕێتەوە و دەروون بۆ چوار جۆر پۆلێن دەکات:

- هەستەوەر: هەست و داوای خۆراک و پێویستی.
- گەشەکردوو: وەرگرتنی خۆراک کە سەرچاوەی گەشەکردنە.
- عاقڵ: دەتوانێت جیاوازی بکات و دەرک بکات.
- دانەیەکی دیکەی بۆ زیاد دەکات کە تووڕەییە.

ڕەنگە لە پۆلێنکردنە سێ جۆرییەکەیدا کە گۆیاي کرد بە (عاقڵ و تووڕە) چواری بێت، هەرچەندە پۆلێنە چوارییەکەی ڕەنگە سەر بکێشێت بۆ ئارەزووەکان یان پێویستییەکانی دەروون نەک خودی دەروون.

خۆ ئەگەر بەراوردێکی ڕواڵەتییانە بکەین، پۆلێنکردنەکەی فرۆید زۆر لەم پۆلێنکردنەی کرمانییەوە نزیکە، کە لە ڕاستیدا بنەچەیەکی گریکی هەیە.

- هەستەوەر بە ئەو (id) دەر دەبڕێت.
- گەشەسەندوو بە من (Ego)
- ژێر منی باڵایە (Super Ego)
- تووڕەیی کە لە گۆیا و ژێری وەر گیراوە دەکرێت بچێتە، خانەی چەمکی نەخۆشیی دەروونی لە دیدی فرۆیدەوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا کرمانی ئاکاری مرۆڤ بەدەستهاتوو واتە ناخۆڕسک ئەژمار دەکات، چونکە مرۆڤ لە بنەڕەتدا بە (خاڵی) لەدایک دەبێت وەک چۆن (ڕووتە).

خاڵییە لە هەموو زانست و زانیاری و خەیاڵکردنێک.

ڕەنگە مەبەستی کرمانی لەمەدا دەربڕینی ئەم فەرموودە بێت:"هەموو نەوزادێک بە سروشتی لەدایک دەبێت جا باوک و دایکی دەیکەن بە جوولەکە، یان گاور، یان ئاگرپەرست[1]

---

[1] جزء من حديث أخرجه البخاري في صحيحه، كتاب الجنائز (٢٣)، باب (٩٢، حديث رقم: ١٣٨٥، ٤٢١/٢.

بەڵام ئەم فەرموودەیە کە باس لە سروشتی لەدایکبوونی مرۆڤ دەکات، ڕەنگە مەبەستی سروشتی ئیسلام بێت، دوور لە هەموو شتێکی دیکە، ڕەنگە کرمانی ئەم تێبینییە هەر لە بیریشدا نەبووبێت.

* هەر بەم دیدگایەی سەرەوە، بەڵام بە زاراوە و دەستەواژەی نوێ (ئیبن باجە) لە (رسائل جديدة/ الرسالة الثالثة في الفحص القوى النزعية)دا دەڵێت: هەموو زیندەوەرێک دەروونێکی بەپەرۆشی هەیە، کە خۆراک و ئەوانی دی لێ دەبێتەوە کە گەشە دەکات، خەیاڵکردنیشی بۆ زیاد دەبێت بۆیە حەز دەکات و عاشق دەبێت و پەروەردە دەبێت، کە گەشەی زیاد کرد و بوو بە مرۆڤ خاڵێکی دیکە بۆ زیاد دەبێت، کە فێربوون و فێرکردنە. لێرەدا ئیبن باجە باسی دەروونی (هەستەوەر و گەشەسەندوو و گۆیا) دەکات بە شێوەیەکی دیکە.

* بە هەمان شێوە ئیبن قەیمیش لە (روضة المحبين)دا ئەم تەقسیمبەندییە بە هەندێک دەستکارییەوە، دەکاتەوە و دەروونەکان دەکات بە سێ بەشەوە:

- ئاسمانییەکی بڵند: سەرقاڵی زانست و چاکەخوازییە.
- توورەیی: سەرقاڵی قەهر و یاخێتی و خۆسەپاندنە لە زەویدا.
- ئاژەڵییەکی ئارەزووبازی: سەرقاڵی خواردن و خواردنەوە و جووتبوونە.

* لای ئیبن سیناش لە (النحاة)دا بە هەمان شێوە دەروون: ڕووەکی و ئاژەڵی و مرۆییە.

لە باسی دەروون و دابەشکارییەکان،یەوە دەپەڕینەوە بۆ هێزە دەروونییەکان، کە گۆڕانکاریی گەورەی تێدا نییە:

* فاڕابی لە (آراء أهل المدينة الفاضلة)، دەروون مرۆڤ دەکات بە چوار هێزەوە:

- هێزێک پێی دەخوات (خۆراکی).
- هێزێکی هەستەوەر، هەست بە لێخشاندن و خواردن و بۆن و دەنگ و ڕەنگ و بینراوەکان دەکات.
- هێزێکی خەیاڵکار ئەوانەی لە دەروونیدا وێنەیان کێشرابوو، پاش نەمانیان دەیپارێزێت.

- هێزێکی گۆیا دەتوانێت لە شتەکان بگات، چاک و خراپ لە یەک جیا بکاتەوە، پیشە و زانست وەر بگرێت و دەرکی بوونەوەرەکان بکات.

ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ چوار دەروونەکە (بخۆر، هەستەوەر، خەیاڵکار، گۆیا)، لە لایەکی دیکەشەوە بۆ دەروونە باڵا و خوارەکان.

* ئەبو حەیانی تەوحیدییش لە (الارشادات الالهیة)، هەمان دابەشکردن دەکات و لە ڕاستیدا لەو سێ جۆرەی دەروون دەر ناچێت:

- گۆیا (شوێنەکەی مێشکە) ئەرکی خەیاڵکردن و جیاکردنەوە و پاراستنە.

- تووڕەیی (شوێنەکەی دڵە) لەمەوە خۆقوتارکردن لە ئابڕووچوون، خۆگری لە تووڕەبووندا، هەوڵی تۆڵەسەندنەوە لە ستەمکاری پەیدا دەبێت.

- ئارەزووکاری (شوێنەکەی جگەرە) لەوە حەز لە خواردن و خواردنەوە چێژبەخشەکان پەیدا دەبێت.

ئەبو حەیان ئەم سێ هێزە بە (پاشا، سەرباز، بەردەستەکان) دەچوێنێت، کەواتە ئەوە مەملەکەتی دەروونە نەک دەروون بە تەنها.

ئەبوحەیان وای دەبینێت، کە دوو هێزی تووڕەیی و ئارەزووکاری، لە ململانێیەکی بەردەوامدان لەگەڵ دەروونی گۆیا و هەوڵ دەدەن ڕایکێشن بۆ تێکەڵکردن ئەگەر تەسلیم بێت، وایش دەبینێت کە گۆیاکە لە توانایدایە، ئەو دووەی دیکە ببەزێنێت و بیانکات بە گوێڕایەڵی خۆی، ئیدی ئەو کاتە مرۆڤ هەست بە سەلامەتی، واتە دەروونێکی تەندروست دەکات.

* ئیبن مەسکەوەییش لە (تهذیب الأخلاق وتطهیر الأعراق)دا، بە هەمان شێوە هێزە دەروونییەکان دەکات بە سێ بەشەوە:

- گۆیا، کە هێزی هزر و جیاکارییە.

- دڕندەیی، کە هێزی تووڕە و فریاکەوتن و هێرشبردن.

- ئاژەڵی، کە هێزی ئارەزوو و چێژوەرگرتنە هەستییەکانە.

ئیبن مەسکەوەییش وەک زانا موسڵمانەکانی دیکە وای دەبینێت، کە مرۆڤ لەسەریەتی بە (مامناوەندێتیی هاوسەنگ) پێویستییەکانی تێر بکات بەبێ زیادەڕەویکردن.

تەبیعەتی مرۆڤیش کورت دەکاتەوە، بۆ ئەوەی کە یان لە بنەڕەتدا سروشتییە، یان بە عادەت و ڕاهێنان شتەکان وەر دەگرێت.

* ئیبن هەیسەم زانای گەورەی بینینەکان، لە وتارێکدا (ثمرة الحكم) وای دەبینێت، کە جەستەی مرۆڤ ئامێرێکە بە دەست سێ هێزی دەروونییەوە:

- یەکەمیان هێزێک دەدرێتە پاڵ ئارەزووەکان، کە لە ڕووەک و زیندەوەر و ئاژەڵیشدا هەیە، لای ئاژەڵ ئارەزووکاریشی تێدایە (واتە هێزی ئارەزووکاری).

- دووهەمیان هێزێک هەوڵی زاڵبوون و سەرکەوتن دەدات، ئەمە تەنها لە ئاژەڵدا هەیە، جا گۆیا بێت (مرۆڤ) یان ناگۆیا، ئەمەش هێزی توورەییە.

- سێهەمیان هێزێک دەدرێتە پاڵ بەختەوەری، تەنها لای مرۆڤە، ئەوەش هێزی ژیری و خەیاڵکارییە.

دەبینین ئیبن هەیسەمیش لەو پۆلێنکردنە سێ هێزییە دەر نەچووە (ئارەزووکاری، توورەیی، گۆیا)، بەڵام وەردەکاری لە هێزەکاندا کردووە.

بە نموونە ئەو وای دەبینێت هەریەک لەم هێزانە لە جووڵەدا ناوەندێکی دوولایان هەیە، هەریەکەیان لەشی مرۆڤ بەکار دەهێنێت بەو جووڵانە، بە ناوەندەکە (دەبێتە هاوسەنگی)، دوولاکەش دەبنە زیادەڕەوی و لاوازی.

- ناوەندێتیی ئارەزووکاری: داوێنپاکییە دوولاکەشی هەوەسبازییە کە (زیادەڕەوی)یە، یان دەستەپاچەییە کە (لاوازی)یە.

- ناوەندێتیی توورەیی: ئازایەتییە، دوولاکەشی، هەڵچوونە (زیادەڕەوییە) یان ترسنۆکییە (لاوازی).

ناوەندێتیی گۆیا: عەقڵە دوولاکەشی نەزانی (زیادەڕەوییە) یان بێعەقڵییە (لاوازی).

هەر ئیبن هەیسەم بێهێزی، بۆ دەروونی گۆیا وێنا دەکات:

خەیاڵکاری، یاد، هزر، دوو هێزیش بۆ عەقڵ دادەنێت:

- هێزیکی خودی (وێناکردنی عەقڵ، لەبەرکردن، مێشک، زیرەکی، بیروڕا، دڵنیابوون).

- هێزێکی کاتی (گومانی، تەوەهوم، دوودڵبوون).

بێگومان عەقڵیەتی زانستی لای ئیبن هەیسەم هەوڵی داوە کالآیەکی زانستی بکات بە بەری ئەم هێزە دەروونییانەدا. دەشتوانم لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم ئەو دابەشکردنە سروشتییەی ئیبن هەیسەم بۆ هێز یان تواناکان، لە سۆنگەی هەڵبژاردنی ناوەندەوە، بە دیاریکردنی پەڕگیری، کە لادانە لە ناوەندێتی و حاڵەتی ئاسایی، ئەمە بیردۆزەیێکی دەروونیی نوێی زۆر پێشکەوتووە.

* بەڵام ئیبن حەزم لە (طوق الحمامة)دا لە پۆلێنکردنە سیانەییەکە دەر دەچێت و دەیکات بە دووانەیی، قسە لەوە دەکات کە مرۆڤ بەرهەمی ململانێی دوو سروشتی بەریەککەوتنە یان دوو هێزە، کە خودا تیایدا دروستی کردووە:

- هێزی ژیری، کە ڕایدەکێشێت بەرەو خێر و چاکە.
- هێزی ئارەزوو، کە ڕایدەکێشێت بەرەو سەرپێچی و تاوان.

* بەڵام (شیرازی) لە (الطب الروحاني)دا، دەگەڕێتەوە بۆ دابەشکردنە سیانییەکەی هێزە دەروونییەکان، بەڵام بە ناوی تازەوە:

- دەروونی خاوەنێتی (الملكية) هێزی ژیری، پەیبەر بە هەمەکییە لە سەرەتادا.
- دەروونی دڕندەیی، هێزی تووڕەییە، کە ئازارگەیێنەرەکان لا دەدات.
- دەروونی ئاژەڵی، هێزی ئارەزووەکانە، داخوازی چێژە هەستییەکانە کە بە هۆیەوە مرۆڤ دەمێنێتەوە.

شیرازی پێگەی ناوەندێتی هەڵدەبژێرێت، کە لە ئەفلاتوونەوە وەری گرتووە و چوارن (حیکمەت، ئازایی، پاکێتی، دادگەری)، هەر یەکێک لەمانە ئەم پەڕەوپەڕیان هەیە، کە بەرەو خراپە دەڕۆن، جگە لە دادگەری، کە یەک پەڕی هەیە و بەرەو ستەم دەیبات، ئەنجامیش چوار چاکە و حەوت خراپەیە:

- ئەمپەڕ و ئەوپەڕی حیکمەت، جەربەزەیی و گێلییە.
- ئەمپەڕ و ئەوپەڕی ئازایەتی، سەرکەشی و ترسنۆکییە.
- ئەمپەڕ و ئەوپەڕی پاکێتی، ئارەزووبازی و پەککەوتەییە.
- پەڕی دادگەرییش ستەمە.

* پێشەوای غەزالی لە (معارج القدس)دا، بە دوورودرێژی و وردەکاریی زۆرەوە پۆلێنی هێزەکان دەکات، ئەوەی لای ئێمە گرنگە ئەو سێ هێزەی مرۆڤە، کە بەرەو چاکەکاری یان خراپەکاری دەیبات:

- هێزی خەیاڵکرد: کە هەیانە لە ڕووی هەستەوەرەوە و هەشیانە لە ڕووی عەقڵەوەیە.

- هێزی ئارەزوو: هەیانە زیانبەخش و هەشیانە بەسوود، چاککردنی ئەمەیان لە هەموو هێزەکان سەختترە.

- هێزی تووڕەیی: بریتییە لە بڵێسە ئاگرێک بەرەو شەیتان دەر دەپەڕێت.

* ئیبن جەوزیش هەر ڕێگای ئەوانەی پێش خۆی گرتووە لە دابەشکردنە سیانییەکەدا، بەڵام لە وردەکاری و بەشەکییەکاندا هەندێک جیاوازی دەکات.

بە نموونە دەروون لای ئەو بەش بەشە (وەک ئەوان ناڵێت هێز) کە سێ بەشە: عەقڵی، تووڕەیی، ئارەزوویی، هەریەک لەم بەشانەیش چاکی و خراپییان هەیە:

- ژیرییەکە دەکات بە دوو لەتەوە: چاکی حیکمەت و خراپی نەزانی.

- تووڕەییەکەش دەکات بە دوو لەتەوە: چاکی زرنگی و خراپی ترسنۆکی.

- ئارەزووکارییەکەش دەکات بە دوو لەتەوە: چاکی داوێنپاکی و خراپی بەرەڵایی.

لای ئەو حەز سەر بۆ چێژ دەکێشێت بەبێ بیرکردنەوە بە ئەنجامەکەی، بەڵام عەقڵ چاودێریی ئەنجامەکان دەکات و لە بەرژەوەندییەکان دەڕوانێت.

ئەوەش بزانین ئەو حەز (الهوى) بەوە پێناسە دەکات: کە مەیلکردنی تەبیعەتە بەرەو ئەو شتانەی لەگەڵی دەگونجێت، بۆیە ئەو ئەندازەیەی حەڵاڵ و پێویستە خراپ نییە، بەڵکو زیادەڕەوییکردن تیایدا (واتە نەبوونی مامناوەندێتی) خراپە.

* ئیبن عەرەبی لە (فلسفة الأخلاق)دا، هەر وەک ئەبو حەیان، هێزی سیانیی دەروون دیاری دەکات و قسە لەسەر ململانێی نێوانیان دەکات:

- هێزی گۆیا جێگەی مێشکە.

- هێزی تووڕەیی جێگای دڵە.

- هێزی ئارەزوو جێگای جگەرە.

ئیبن عەرەبی وای دەبینێت لادان لە پاکێتیی خەڵک پەیوەندیی بە هۆی گۆڕانکاریی حاڵەکانی دەروونی ئارەزووبازییەوە هەیە، هەر ئەمەش هۆی جیاوازبوونی خەڵکە لە چێژ و ئارەزووەکانیاندا، مرۆڤیش دەتوانێت جڵەوی دەروونی بگرێت و پاکژی بکاتەوە، لای ئەویش هێزی تووڕەیی لە هێزی ئارەزوویی بەهێزتر و زیانبەخشترە بۆ خاوەنەکەی، ئەگەر جڵەوی لەدەست بدات.

ئیبن عەرەبی لە خاڵێکدا لەوانی دیکە جیاوازە، ئەو وای دەبینێت خراپە بەسەر سروشتدا زاڵە، ئەگەر بیر و جیاکاری و شەرم بەکار نەهێنرێت، چونکە ڕەفتاری ئاژەڵی کە مرۆڤ تیایدا هاوبەشە بەسەر ئاکاریدا زاڵ دەبێت.

* ئیبن نەفیس لە (الموجز في الطب) هەمان ڕێچکەی ئەبو حەیان و ئیبن عەرەبی گرتووەتە بەر، لە دابەشکردنە سیانییەکەی دەرووندا، بەڵام بە تێڕوانینی پزیشکییانە لێیان دەڕوانێت، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە هەستەوەرەکانەوە.

* بەڵام محەمەد مەهدی نەڕاقی لە (جامع السعادات)دا، وەک شارە نموونەیەکەی فاڕابی، دابەشکردنی هێزە دەروونییەکان لە سیانەوە دەکات بە چوار:

- هێزی عەقڵی فریشتەیی.
- هێزی تووڕەیی دڕندەیی.
- هێزی ئارەزوویی ئاژەڵی.
- هێزی وەهمی شەیتانی.

پاشان نەڕاقی لە گۆشەیەکی دیکەوە، بۆ هێزە دەروونییەکان دەڕوانێت، قسە لەسەر دوو هێزی دەروونی دەکات:

- هێزی پەیبردن کە دابەش دەبێت بۆ ژیریی تیۆری و ژیریی کردەوەیی.
- هێزی بزواندن، دابەش دەبێت بۆ تووڕەیی و ئارەزوو.

وا دیارە قسەی ئەو لەسەر هێزەکانی ململانێی ناو دەروونە، بۆ دروستکردنی ئاکارەکان یان جۆری کەسێتی.

هەر ئەو پۆلێنی دووانەیی کردوون، بەڵام لە ڕاستییدا هەر سیانین (عەقڵی، تووڕەیی، ئارەزوویی)، بەڵام نەڕاقی هێزەکانی خۆڕسکی و غەریزیشی بۆ زیاد دەکات، بۆ بەرهەمهێنانی ئاکاری باش یان خراپ.

- کەواتە چوارن (عاقڵ، کارا، ئارەزوویی، تووڕەیی).
- هێزی عاقڵ، هێزی عەقڵی نەزەرییە.
- هێزی کارا، هێزی عەقڵی کردەیی.
ئەمانە دوو لقن لە هێزی پەیبردن.
- هێزی ئارەزوویی.
- هێزی تووڕەیی.
دوو لقن لە هێزی بزواندن.

بەڵام چۆن لە ئەنجامی ململانێی ئەم هێزانە، ئاکاری مرۆیی بەرهەم دێت؟ بەم شێوەیە:

١. کە هێزی تووڕەیی گوێڕایەڵی هێزی عەقڵی بوو، ئازایی بەرهەم دێت.
٢. هێزی ئارەزووش، کە گویڕایەڵی کارایی بوو، پاکداوێنیی لێ بەرهەم دێت.
٣. هێزەکانی کارایی و ئارەزوویی و تووڕەیی، کە گوێڕایەڵی هێزی عەقڵی دەبن حیکمەت و پاکداوێنی و ئازایەتی بەرهەم دێت.
٤. کە هەر چوار هێزەکەش تێر و تەواو بوون، دادگەری بەرهەم دێت.

بە مانایەکی دیکە ململانێی ئەم چوار هێزە بەرپرسە، لە دەرکەوتنی چوار فەزیلەتەکەی مرۆڤ، کە: دادگەری و حیکمەت و پاکداوێنی و ئازایەتییە.

کە سەرنجی زاراوەکانی ملکەچی و گوێڕایەڵی دەدەین، ئەوە قسەکردنە لەسەر ئیرادەی مرۆڤ (بەدەستهاتووەکان) بۆ ملکەچکردنی بەشێکی ئەو هێزانە بۆ بەشەکانی دیکە، هەرچەندە ئەم هێزانە لە مرۆڤدا خۆڕسکن.

* لە کۆتاییدا یەحیای کوڕی عەدی لە (تهذيب الأخلاق)دا، دووبارە دەگەڕێتەوە سەر دابەشکارییە سیانییەکە، هێزەکانیشی بە دەروون ناو دەبات و باوەڕی وایە هەرچی ئاکاری مرۆڤە لەم هێزانەوە دەر دەچن، ئەم دەروونانەش سیانن:

- دەروونێکی ئارەزووباز کە هەموو چێژ و ئارەزووەکانی تێدایە، وەک: خواردن و خواردنەوە و جووتبوون، واتە وەک لەم سەردەمەدا پێی دەوترێت پاڵنەرە بایۆلۆجییەکان.

- دەروونی تووڕەیی، کە مرۆڤ و هەموو ئاژەڵان تیایدا هاوبەشن، ئەوەیە کە تووڕەیی و بوێری و حەزی زاڵبوون لەخۆ دەگرێت، کە ئەمڕۆ پێی دەوترێت هەڵچوونەکان (الانفعالات).

- دەروونی گۆیا، کە مرۆڤی پێ لە ئاژەڵ جیا دەکرێتەوە، کە هزر و بیر و جیاکاری و تێگەیشتن لەخۆ دەگرێت.

جا بەم سێ هێزە مرۆڤ دەتوانێت پاڵفتە و کۆنترۆڵی دەروونی ئارەزووبازی و تووڕەیی بکات، کە لای ئەو لە ئارەزووەکە بەهێزترە.

وا دەر دەکەوێت ئەم دابەشکردنە سیانییە (کە تووڕەیی، ئارەزوبازی، گۆیایە)، هەرچەندە بنەڕەتەکەی گریکییە، بەڵام زەمینەیەکی لەباری لە هزری ئیسلامیدا بۆ ڕەخساوە، بەتایبەت لە قورئانی پیرۆزەوە، چونکە قورئانی پیرۆز سێ دەروونمان بۆ دەستنیشان دەکات، لە دەروونی فەرماندەر بە خراپە و دەروونی لۆمەکار و دەروونی ئارامە. ڕەنگە باشترین کەس کەلێی ورد بووبێتەوە ئیبن قەیمی جەوزی بێت لە (طریق الهجرتین)دا، هەروەها ئیمامی غەزالی لە (إحیاء علوم الدین)دا و محاسبیش لە (التوبة)دا، ئەگەر لەو سێ دەروونە ورد بینەوە دەبینین لەهێزە دەروونییەکان، کە زانایان و بیریارە موسڵمانەکان باسیان کردوون دوور نین:

- دەروونی فەرماندەر (الأمارة)، کە وەڵامی داخوازییە ئارەزووییەکان بداتەوە.

- دەروونی ئارام: کە ئارەزوو ناتوانێت زەفەری پێ ببات و ئاماژەیەکە بۆ هێز یان دەروونی گۆیا یان عەقل و دانایی.

- دەروونی لۆمەکار، وا لە پێگەیەکی ناوەندی نێوان دەروونی ئەمارە و ئارامدا، بەشێک لە پێناسەی دەروون یان هێزی تووڕەیی لەخۆ گرتووە.

* پوختەی ئەوەی لەم برگەیەدا پێی گەیشتووم، دەروون بە (تەنهایی و بیردۆزەکەی) لە چوارچێوەیەکدا دەسووڕێتەوە و لێی لا نادات، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ بە سێ هێزدا ڕاهاتووە (تەبیعەت، خۆڕسکی، حەزی) دەتوانێت بەسەر یەکێکیان یان هەموویاندا زاڵ بێت و بیخاتە ژێر ئیرادەی خۆیەوە، (جا بە بەدەستهێنان بێت یان بە ڕاهێنان).

## دووەم: پۆلێنکردنی کەسێتیی مرۆیی و سیفەتە هاوبەشەکانی

### ١/٢ ئاڕاستەکانی پۆلێنکردنی کەسایەتیی مرۆیی لە کەلەپووری ئیسلامیدا

بۆ توێژەر ئاسان نییە نووسراوی دیاریکراو لەسەر کەسێتیی مرۆیی لە کەلەپووری ئیسلامیدا بدۆزێتەوە، بەپێی چەمکی ئەم پۆلێنکردنەی ئەمڕۆ، ڕەنگە لەبەر نەبوونی ئەم چەمکە بێت لای ئەوان.

بەڵام پۆلێنکردنێک ڕەنگە هەستی پێ بکەین، لەم کەلەپوورەدا بە گشتی دەکرێت بەرەو دوو ئاڕاستەمان ببات یان دوو جۆری پۆلێنکردن ئەگەر دەربڕینەکە دروست بێت:

### یەکەم: ئاڕاستەی بیروباوەڕی

ئەم ئاڕاستەیە بنەمایەکی قورئانی هەیە، جۆرەکانی کەسێتیی مرۆیی (یان مرۆڤ لە چەمکی کەلەپووری ئیسلامی) بۆ سێ جۆر پۆلێن دەکات:

- باوەڕدار: حاڵەتێکی هەڵکشاوە بە پلەبەندی لە موسڵمانبوونەوە دەست پێ دەکات.
- دووڕوو: حاڵەتێکی نەخۆشییە (نائاساییە)، لە چوارچێوەی حاڵەتە باوەڕدارییەکەدایە.
- بێباوەڕ: حاڵەتێکە مرۆڤ بە تەواوی لە بازنەی ئیسلام دەر دەکات.

ئەگەر سەرنجی ئەم پۆلێنکردنە بدەین، دەبینین ئەم جۆرانە پەیوەستن بە لایەنی بیروباوەڕی مرۆڤەوە، واتە: پۆلێنکردنەکە پەیوەستە بە یەک لایەن لە لایەنەکانی کەسێتی کە لایەنی بیروباوەڕییە، بەڵام کە لەم پۆلێنکردنە قووڵ دەبینەوە، دەبینین هەریەکێک لەم جۆرانە خاوەنی ئاکار و سیفەتی خۆیانن، کە قورئان و سوننەت باسیان کردوون، بە شێوەیەک ئەو ئاکارانە زۆر لایەنی کەسێتی هەر جۆرێکیان وەها دەگرێتەوە، کە خەریکە کۆی کەسێتییەکە داپۆشێت.

- بە نموونە سیفەت و تایبەتمەندییەکانی باوەڕدار زۆر زۆرن، هەر باوەڕ خۆی لە حەفتا بەش زیاترە، ئەم بەشانە بە پلەبەندیی ئاستەکانی باوەڕن بەرەو هەڵکشان، کە لە ڕووی (ئاکار)ەوە بە لابردنی زیانبەخشێک لە ڕێی ڕێبواراندا دەست پێ دەکات، تا پلە پلە بەرز دەبێتەوە بەرەو لووتکەی (بیروباوەڕ) و

پەنهانی کە (لا إله إلا الله محمد رسول الله)یە، ئەمەش بە شەرمدا (ویژدانی) تێ دەپەڕێت وەک پلەیەک لە پلەکانی ئەم باڵەخانە بیروباوەڕییە قاتقاتە.

- بە هەمان شێوە تایبەتمەندی و سیفەتەکانی دووڕوو، کە لە قورئاندا بە دوورودرێژی باس کراون بەتایبەت لە سورەتەکانی (النساء، التوبة، المنافقين) کە باس لە ئاکارەکانیان و ڕاڕایی، زمانلووسی، پەیمانشکێنی و زۆر شتی دیکەیان دەکەن، فەرموودەکانی پێغەمبەری خوداش (دروودی خودای لەسەر) زیاتر ڕوونی کردوونەتەوە.

* ئەبوبەکری فەریابی لە (في صفة النفاق وذم المنافقين)دا هەشت سیفەتی بۆ دووڕوو داناوە، کە لە قورئان و فەرموودەوە وەری گرتوون، ئەوانیش: "لە قسەکردندا درۆ دەکەن، پەیمانشکێنن، وەعدە خیلافی دەکەن، خیانەت لە ئەمانەت دەکەن، لە ناکۆکیدا سنوور دەبەزێنن، کە پەیمانیاندا غەدر دەکەن، زێدەڕەوی دەکات، کە فەرمانی پێ کرا سەرپێچی دەکات، لە ڕووبەڕووبوونەوەی جەنگدا ترسنۆکن"،[١] هەموو ئەمانە سیفەتی ئاکارین، دەکرێت لە ڕەفتاری تاکدا ببینرێت.

پاشان زۆر سیفەتی دیکەشیان باس دەکات، وەک: زەمکردنی خەڵک، باسی شەرەف و ناموسیان لە دیارنەبوونی خۆیاندا، ستایشکردنیان لە بوونی خۆیاندا، مەراییکردنیان لە نوێژدا، زەکات نادەن، زمانلووسن و توانای فریودان و ڕازیکردنیان هەیە، حەزیان لە خۆشی و لەزەتە، ناهاوسەنگن.

ئەم سیفەتانە فریابی لە خۆیەوە نەیوتوون، بەڵکو وەکو گوتمان لە قورئان و سوننەتەوە وەری گرتوون.

پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە:

ئایا ئەمە جۆرێکە لە کەسێتی؟

واتە: ئایا ئەو کەسێتییە سیفەت دیاریکراو و تایبەتمەندەیە تا ئەندازەی نەگۆڕیی ڕێژەیی؟ یان ئەگەری گۆڕان و ئاڵوگۆڕی بەردەوامی هەیە، بەپێی حاڵەتە ئیمانی و بیروباوەڕییەکەی تاک؟ کە لە کۆتاییدا ئەوەی ئەوان ئەم چەمکە

---

[١] أخرجه البخاري في صحيحه، كتاب الإيمان، باب (٢٤)، علامة المنافق. وزيادة إذا عاهد غدر، وإذا غل ثمل، إذا أمر عصى، إذا لقي جبن ليست في أصل الحديث.

سایکۆلۆجییەیە کە ئەمڕۆ بۆ کەسێتی هەیە، یان جۆری کەسێتیی مرۆڤ جیاوازە، ئەمەش مانای دروستیی چەمکی نویَ و هەڵەبوونی چەمکی ئیسلامی ناگەیەنێت، بەڵکو ئەگەری بوونی جیاوازییەکی هەمەکییە، لە ڕووی فەلسەفە و کردارییەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا دیدێکی ئاکاریی ڕوون هەیە، لە گۆڕانکاریی سیفەت و جۆری کەسێتیدا، کاتێک حاڵەتی ئیمانی و بیروباوەڕی مرۆڤ دەگۆڕیت، با بەڵگە بە یەک نموونە بهێننەوە، ئەویش کەسێتیی عومەری کوڕی خەتابە، کە ئەگەر بەراوردێک بکەین لەنێوان جۆری کەسێتیی ئاکاریی عومەر لە پێش موسڵمانبوونی و لە دوای موسڵمانبوونی، دوو عومەر دەبینین، نەک یەک عومەر، کە لە سیفەت و تایبەتمەندی و ویژدان و ئاکار و هەڵسوکەوتدا تەواو لە یەک جیاوازن، ئەمە دەبێتە بەڵگە بۆ ڕاستاندنی ئەو ئاڕاستە قورئانییە، کە بۆ جۆری کەسێتی و ئاکاری مرۆیی هەیەتی، بە پێی بیروباوەڕی، تەنانەت پلەی باوەڕی.

ئێمە ئەگەر فەرموودەکەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) وەر بگرین (ئەوی ناپەسەندییەکی بینی با بەدەست بیگۆڕێت، خۆ ئەگەر نەیتوانی بە زمان، ئەگەر هەر نەیتوانی بە دڵ، ئەمەش لاوازترینی باوەڕە)[1] ئاماژەی ڕوون دەبینین بۆ گۆڕینی جۆری ئاکاری باوەڕدار، بە گۆڕینی پلەی باوەڕەکەی، کە لە سەرەوە دادەبەزێت، لە گۆڕینی بە (هێز)، بۆ زمان (قسە) ئەوجا قبووڵنەکردنی ویژدانی ناپەسەندەکە (بە دڵ)، ئەمەش لاوازترینی باوەڕی تاکە.

توێژەری هزری ئیسلامی و کەلەپووری زانا موسڵمانەکان، وردەکارییەکی یان وەڵامێکی ڕوونی پرسیارەکانی ڕابردووی دەست ناکەوێت، ئەوانیش لەم پرسیارانەدا زۆر ڕۆ نەچوون، چونکە لە تێگەیشتنی زیرەکانەی ئەواندا قورئانی پیرۆز زۆر بە ڕوونی بابەتەکەی باس کردووە، کە ئەم سێ جۆرە قابیلی گۆڕانکارین، بە درێژایی ژیانیان و بەپێی پلەی باوەڕدارییان، هەروەها بە هۆی پشتیوانیی پەروەردگارەوە لە کەسی باوەڕدار، هەر لە هیدایەتدانیەوە تا دڵ گوشادکردنی و ئاوەدانکردنەوەی دەروونی بە باوەڕ.

---

[1] أخرجه مسلم في صحيحه، كتاب الإيمان (١)، باب (٢٠)، وحديث رقم: ١٧٥، ٢١١/٢.

ڕەنگە پێویست بکات ئاماژە بەوە بدەین، کە مەبەستمان لەوەی کەلەپووری ئیسلامی باسی کافر و دووڕوو و باوەڕدارانی نەکردووە، مەبەستمان ڕووننەبوونی وەڵامدانەوەی ئەو بەشەی پەیوەستە بە سیفەتی کەسێتی، بە حاڵەتی بیروباوەڕەوە وەک لە پرسیارەکانی پێشوودا هاتووە، ئەگەر نا زانایان لە بارەی باوەڕدار و دووڕوو و بێباوەڕییەوە زۆریان وتووە و نووسیوە.

بە نموونە ئەگەر یەک ئایەت لە سورەتی (النساء) وەر بگرین، دەیبینین قورئانی پیرۆز ئەم پەیوەستییە ڕوون دەکاتەوە،﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ آمَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ازْدَادُواْ كُفْراً لَّمْ يَكُنِ اللّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلاَ لِيَهْدِيَهُمْ سَبِيلاً﴾ [النساء: ١٣٧] واتە: (بێگومان ئەوانەی بڕوایان هێناوە پاشان بێباوەڕ بوونەتەوە دواتر باوەڕیان هێناوە ئەوسا بێباوەڕ بوونەتەوە، پاشان لە بێبڕوایی دا زیاتر ڕۆ چوون خودا هەرگیز لێیان خۆش نابێت، ڕێنمایی یان ناکات بۆ ڕێگای ڕاست)، هەر لەو سیاقەدا ئایەتی دیکە بە ڕیز هاتوون، ئەو حاڵەتە ڕاڕاییە لە نێوان باوەڕ و بێباوەڕیدا سەبارەت بە دووڕووان وەسف دەکات، لە ڕووی ئاکاری و بیروباوەڕییەوە، سەرنج بدە﴿إِنَّ الْمُنَافِقِينَ فِي الدَّرْكِ الأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيراً﴾ [النساء: ١٤٥] واتە: (با بزانن بە ڕاستی دووڕووەکان لە خانە و تەبەقی هەرە ژێرەوەی ئاگردان و هەرگیز ڕزگارکەرێکت بۆ ئەوان دەست ناکەوێت)، ئەمەش بڕیاردانە بە شکاندن و سزادانیان، پاشان خوای پەروەردگار تاقمێکیان لێ هەڵاوێردە دەکات: ﴿إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ وَأَصْلَحُواْ وَاعْتَصَمُواْ بِاللّهِ وَأَخْلَصُواْ دِينَهُمْ لِلّهِ فَأُوْلَـئِكَ مَعَ الْمُؤْمِنِينَ وَسَوْفَ يُؤْتِ اللّهُ الْمُؤْمِنِينَ أَجْراً عَظِيماً﴾ [النساء: ١٤٦]. واتە: (جگە لەوانەی دەگەڕێنەوە و خۆیان چاک دەکەن و دەست دەگرن بە (ئاینی) خواوە و ئاینەکەیان پاکوخاوێن دەکەن بۆ خودا جا ئەوانەی (ئەو مەرجانەیان بەجێ هێنا) لەگەڵ ئیمانداراندا دەبن بێگومان لە داهاتوودا خودا دەیبەخشێ بە ئیمانداران پاداشتێکی زۆر گەورە)، ئەم ئایەتانە بەڵگەن لەسەر گواستنەوە لەنێوان حاڵەتەکانی بێباوەڕی و دووڕوویی و باوەڕدا، هەروەها جێگیرنەبوون و ناسەقامگیری.

فەرموودەکەی پێغەمبەری خوداش(دروودی خوای لەسەر) کە دەفەرموێت: "دڵی ئادەمیزادەکان لە نێوان دوو پەنجەی خوادایە، وەک یەک دڵ، چۆنی بوێت دەیگۆڕێت"،[١] هەروەها پاڕانەوەکەی: ئەی گۆڕەری دڵەکان، دڵم لەسەر ئاینەکەت دامەزرێنە).[٢]

ئەم داوایەش: "خودایە کۆتاییمان لە هەموو کاروبارەکاندا چاک بکە، پەنامان بدە لە سەرشۆڕیی دونیا و سزای قیامەت"،[٣] ئەو فەرموودەیەش: یەکێک لە ئێوە ئیشی بەهەشتی دەکات، هەتاکو لەنێوان ئەو و بەهەشتدا تەنها باڵێک ئەمێنێت، کەچی کتابەکەی پێش دەکەوێت و کاری خەڵکی دۆزەخ دەکات و دەچێتە دۆزەخەوە، یەکێکیش لە ئێوە کاری دۆزەخی دەکات، هەتا لەنێوان ئەو و ئاگردا تەنها باڵێک دەمێنێت، ئەو جا کتابەکەی پێش دەکەوێت، کاری بەهەشتی دەکات، بەوە دەچێتە بەهەشتەوە.[٤]

فەرموودەی دیکەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) لەم بارەوە هەن، هەموویان بەڵگەن لەسەر پەیوەندیی ئاکاری و جۆری کەسێتی بە حاڵەتی باوەڕی و عەقیدەیی تاکەوە.

بەڵام لە بەرانبەردا بە سەرنجدانی ئایەتی قورئانی وەک: ﴿أُوْلَئِكَ الَّذِينَ طَبَعَ اللَّهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ﴾ [محمد: ١٦]، واتە: (ئەوانە کەسانێکن خودا مۆری ناوە بەسەر دڵیاندا)، ﴿خَتَمَ اللّهُ عَلَى قُلُوبِهمْ وَعَلَى سَمْعِهِمْ وَعَلَى أَبْصَارِهِمْ غِشَاوَةٌ﴾ [البقرة: ٧]، واتە: (خوا مۆری ناوە بەسەر دڵ و گوێیاندا وە پەردە بەسەر چاویانەوەیە)، ﴿سَوَاء عَلَيْهِمْ أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ لَن يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ﴾ [المنافقون: ٦]، واتە: (بۆ ئەوان یەکسانە داوای لێبوردنیان بۆ بکەیت یا داوای لێبوردنیان بۆ نەکەیت، هەرگیز خودا لێیان خۆش نابێت بە ڕاستی خودا ڕێنموونی گەلی لەڕێ لادەران

---

[١] أخرجه مسلم في صحيحه، كتاب القدر (٣٦)، باب (٤)، حديث: ٦٦٩٢، ٤٢٠/١٦.

[٢] أخرجه الترمذي، الجامع، كتاب القدر (٣٣)، باب (٧)، حديث رقم: ٢١٤٠، ٣٩٠/٤ – ٣٩١، وقال: حديث حسن.

[٣] أخرجه أحمد في مسنده، حديث رقم: ١٧٦٤٥، ١٩٦/٦.

[٤] أخرجه مسلم في صحيحه، كتاب القدر (٤٦) باب (١١)، حديث: ٢٦٤٣، ١٦٣/٨.

ناکات)، جگە لەم ئایەتانەش، هەروەها فەرموودەی زۆری پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) هەن، ڕایەکی دیکە دەر دەبڕن لەنێوان ئەم دوو (ڕا)یەدا پێویست بە توێژینەوە و بەدواداچوونی زیاتر دەکات.

**پوختەی قسە لەسەر ئاڕاستەی یەکەم:**

ئەو پۆلێنە بیروباوەڕییەی بۆ کەسێتیی مرۆیی دەکرێت (باوەڕدار، بێباوەڕ، دووڕوو) پۆلێنکردنی حاڵەتێکی کاتییە، نەک هەمیشەیی (ڕەنگە جێگرییەکی ڕێژەییش بێت)، ئیسلام سیفەتی کەسێتی یان تایبەتمەندییەکانی کەسێتیی مرۆیی دەبەستێتەوە بە هەڵوێستی بیروباوەڕی مرۆڤەوە، کە لە گواستنەوەی لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە دەگۆڕێت (بێباوەڕی، دووڕوویی و باوەڕداری)، یان بە زیادکردن و کەمکردنی باوەڕەکەی (لە ئیسلامەوە تاوەکو ئیحسان).

ئەم دەرخستنەش چەمکێکی نوێ دەبەخشێت بە کەسێتی و سیفەت و تایبەتمەندییەکانی مرۆیی، کە دەروونزانیی نوێ نیەتی، ئەگەر بەشێکیشی هەبێت ئەوا ڕوون و دیاریکراو نییە، بۆیە جارێکی دیکە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە سەر زانا دەروونزانە موسڵمانەکانی ئەمڕۆ، تا ئەم ئاڕاستەیە بخەنە ڕوو یان ئەم چوارچێوەیە بۆ کەسێتیی مرۆیی پیشان دەن، لەسەر شانۆی دەروونناسیی هاوچەرخ و قووڵبوونەوە تیایدا.

**دووهەم: ئاڕاستەی فەلسەفی**

ئەو ئاڕاستە یان پۆلێنکردنە فەلسەفییە، هەوڵ دەدات سروشتی خۆڕسکی مرۆڤ و ئاکارێک کە لەو سروشتەوە پەیدا بووە ئاوێتە بکات، ئەمەش لە بیردۆزە گریکییەکە و بیردۆزی دەروونیی هاوچەرخەوە نزیکە، ئەم پۆلێنکردنە لە بنەمادا بۆ فەیلەسووفی گریکیی (هیبوکرات) دەگەڕێتەوە، کە باوەڕی وەها بوو مرۆڤ چوار تێکەڵەیە (پێشی دەوترێت تەرز) ئەوانیش تێکەڵەی ڕەشباو، تێکەڵەی زەردباو، تێکەڵەی بەڵغەمی، تێکەڵەی خوێنی).

جا هەریەک لەم تێکەڵانە - لە کاتی بوونی مرۆڤدا – دەیگەیەنێت بە جۆرێکی دیاریکراو لە ئاکاری کەسێتی یان ئەو ژیانەی تاک تیایدا دەگوزەرێت، کە لە کۆتاییدا سیفەتگەلێکن بۆ مرۆڤ لە جێگیرییەوە نزیکن. ئەم بیردۆزە لای زانایانی

موسڵمان – بەتایبەت پریشکەکانیان – ڕەنگی داوەتەوە و دەیبەستنەوە بە هەندێک نەخۆشی و لادانی دەروونی و جەستەیی مرۆڤەوەوە.

* جاحز لە (التاج في أخلاق الملوک)دا، ئەم چوار تێکەڵەیە باس دەکات، ئەو سیفەتانەش باس دەکات کە لەم تێکەڵانەوە بەرهەم دێت:

- تێکەڵەی ڕەشباو، بەستراوەتەوە بە خەفەتەوە و میزاج تێک دەدات.
- تێکەڵەی بەڵغەمی خەو و باوێشک زیاد دەکات (تەمبەڵی).
- تێکەڵەی زەردباو، دەبێتە هۆی خێرایی دڵەڕاوکێ و جووڵە زۆر.
- تێکەڵەی خوێنی، مرۆڤ بەرەو وزە و چالاکی و دڵشادی و ئازادی دەبات.

جاحز باوەڕی وەهایە، ئەم تێکەڵەیەی دواییان گونجاوترینی تێکەڵەکانە، بۆ ئەوانەی کە دەبێت بژاردە بکرێن وەک خوێنی پاشاکان.

* شەمسەدینی زەهەبی لە (الطب النبوي)، هەوڵ دەدات وێنایەکی گشتگیری مرۆڤ بخاتە ڕوو یان وەک خۆی دەڵێت: کاروبار و زانستی سروشتی، بە شێوەیەک مرۆڤ لە شکڵی پایە و تێکەڵە و ئاوێتەدا دادەنێت:

- پایەکانی چوارن: ئاگر، هەوا، ئاو، زەوی.
- میزاجەکانیش چوارن: گەرم، سارد، تەڕ، وشک.

تێکەڵەی ئەم میزاجانەش ئەمانەن: گەرمیی وشک، گەرمیی تەڕ، ساردیی وشک، ساردیی تەڕ.

ئاوێتەکان (الأخلاط) کە لای ئەوانی دیکە پێی دەوترێت تێکەڵە (الأمزجة)، ئەوانیش چوارن: خوێنی، بەڵغەمی، زەردی، ڕەشی.

لەگەڵ ئەم تێروانینە گشتییەی زەهەبیشدا، بەڵام شوێنەواری هزری گریکی زۆر بە ڕوونی لە دابەشکردنەکە و نەخشەی پایەکان و میزاجەکانی مرۆڤ دیارن.

* ئیبن سینا لە (القانون فی الطب) وەک پزیشکێکی هەڵکەوتووی کارامە، ئەم بابەتەی بە دوورودرێژی باس کردووە. ئەو پێناسەی میزاج بەم شێوەیە دەکات: ئەنجامی کارلێکی هێزە سەرەتاییەکانی پایە بنەڕەتییەکانی جەستەیە، کە ئەمانەن: گەرمی، ساردی، تەڕی، وشکی، هەموو کەسێکیش جۆرە میزاجێکی هەیە، کە لە

هیی کەسی دیکە ناچێت. ئەمەش تێڕوانینێکی زۆر زیرەکانە و وێنەگرتنی کەسێتیی مرۆییە، کە دەروونزانیی ئەمڕۆ قسەی لەسەر دەکات.

لە کتێبێکی دیکەیدا (النجاة)، ئەم پێشەوا مەزنە باوەڕی وەهایە، کە ڕەفتار و نەریت شوێنکەوتەی میزاجی جەستەن، کە لای ئەو سێ میزاجن:

- – ئەوی بەڵغەم بە سەر میزاجدا زاڵبوو، ئەوا نشینی و سالاری و هێمنی بە سەریدا زاڵە.

- ئەوی زەردی بە سەر میزاجیدا زاڵبوو، ئەوە تووڕەیی بە سەریدا زاڵە.

- ئەوی ڕەشی بە سەریدا زاڵ بوو، بەدڕەوشتی بە سەریدا زاڵە.

لە سەرچاوەیەکی دیکەدا ئیبن سینا وای دەبینێت:

- میزاجی زەردباو خاوەنەکەی توند و تووڕەیە.

- میزاجی ڕەشباو، خاوەنەکەی خەمۆکی بە سەریدا زاڵە.

- میزاجی بەڵغەمی خاوەنەکەی تەمەڵ و خاو و خلیچک و ساردە.

- میزاجی خوێنباو، خاوەنەکەی گەشبین و بە حەماسەت و واقیعییە.

لای ئیبن سینا میزاج شایانی ئاڵوگۆڕکردنە، لە پاشانیشدا بە شوێنکەوتن ڕەفتار شایانی گۆڕینە بە هۆی گۆڕینی میزاجەوە.

ئەمەش هاوتەریبی بۆچوون و بیردۆزەکەی ئیبن سینایە، لە (خۆڕسک و بەدەستهاتوو) لە کەسێتیی مرۆییدا، چونکە لە (رسائل متفرقة)دا وای دەبینێت هەموو مرۆڤێک هێزێکی خۆڕسکی تێدایە، کە کاری چاکەی پێ دەکات، هەر هەمان هێز کاری خراپەشی پێ دەکات، لای ئەم زانا مەزنە ڕەوشت بە هەموو جوانی و ناشرینییەکانییەوە بەدەست هاتووە.

ئاڵوگۆڕی میزاج و ڕەوشت لای ئیبن سینا، تا ئەندازەیەک دەمانگێڕێتەوە بۆ پۆلێنکردنە قورئانییەکە بۆ مرۆڤ. لە لایەکی دیکە بە سەرنجدانی ئەم سێ میزاجەی کە لە سەرەوە ئیبن سینا باسی کردن، سەرلەنوێ دەمانگێڕێتەوە بۆ دابەشکردنە سیانییەکەی هێزە دەروونییەکان: گۆیا، تووڕەیی، هەوەسکاری، جا لە سۆنگەی زاڵبوونی هەریەک لە مانە سیفەت و تایبەتمەندییە کەسییەکان، یان ئاکارەکانیان لای تاک بەرهەم دێت.

ئەمەش هەوڵێکی پێکەوە گونجاندنی زیرەکانەی دیکەیە، چونکە پرسیارکردن لەسەر هێزە دەروونییەکان بەبێ میزاجەکانی، مانای ئەوە دەگەیەنێت کۆمەڵێک هێز و ئاستی جیاواز هەن بەبێ یەکتری کار دەکەن.

دەکرێت بەم شێوەیە لەو وێنەی گونجاندنە، کە نووسەر دروستی کردووە بدەین:

- ئەگەر هێزی گۆیا زاڵ بوو، ئەوا بەڵغەمی بەسەر میزاجی تاکدا باڵ دەکێشێت، ئەمەش دەبێتە نشین و سەلاری و هێمنی یان ( حیکمەت).

- خۆ ئەگەر توورەیی زاڵ بوو، ئەوە زەردباوی بەسەر میزاجی تاکدا باڵ دەکێشێت و توورەیی لێ دەر دەکەوێت.

- بەڵام ئەگەر هێزی هەوەسکاری زاڵ بوو، ڕەشباوی باڵ دەکێشێت ئەو کات بەرەو بەدڕەوشتی دەبات.

مادام میزاجەکان دیاری نەکرێن، هەروەها جێگا و هۆکارەکانیان دەستنیشان نەکرێن، دەکرێت وێنەی سەرەوخوار هەڵگەڕێتەوە، هێز ببن بە شوێنکەوتەی میزاجەکان (نەک بە پێچەوانەوە).

* لای پێشەوا فەخرەدینی ڕازی لە (الفراسة)دا، بە هەمان شێوە: مرۆڤ چوار میزاجی هەیە و تێکەڵیش دەبن.

- چوار میزاجەکەی مرۆڤ ئەمانەن: گەرم، سارد، تەڕ، وشک.

- میزاجە تێکەڵەکانیش چوارن: گەرم وشک، گەرم تەڕ، سارد وشک، سارد تەڕ.

هەردوو ئاڕاستە بیروباوەڕی و فەلسەفییەکە بە گشتی لە پۆلێنکردنی خودی کەسێتیی مرۆییدایە، ڕەنگە کاتێک دەگەینە باسی سیفەت و تایبەتییە هاوبەشەکان لە دیدی زانایانی موسڵمانەوە ئەوکات ڕوونتر دەر بکەون.

مەبەستمان بە هاوبەشەکان ئەو سیفەت و تایبەتمەندییانەن، کە ڕەگەزی مرۆیی بە بێ هەڵاوێردەکردن تیایدا هاوبەشن.

## ٢/٢ سیفەت و تایبەتییە هاوبەشەکانی کەسێتیی مرۆیی

سیفەت واتە نیشانە مەبەست پێی ئەو سیفەتەیە، کە کەسێک لەوانی دی جیا دەکاتەوە، خودا دەفەرموێت: ﴿سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُود﴾ [الفتح: ٢٩]، واتە: (نیشانەیان لەناو چاوانیاندا دیارە بە هۆی زۆر سوجدەبردن)، بەڵام لە دەروونیدا (Alport) بەوە پێناسەی دەکات: پێکهاتەگەلێکی دەروونین ئاڕاستەی ئاکاری تاک بە شێوەیەکی جێگیر و تایبەتی دەکەن، بە مانایەکی دیکە کۆمەڵە یەکەیەکی سروشتییە کە کەسێتی پێ دەپێورێت.

دەکرێت چەمکی سیفەت یان تایبەتمەندیی هاوبەش بە دیدی دەروونناسیی کەسی بەم شێوەیە پوخت بکەینەوە:

١ – کۆمەڵە سیفەتێک، دەکرێت ڕۆژانە لە ئاکاری تاکدا بەدی بکەین.

٢ – کۆمەڵە سیفەتێک، کە تا ڕاددەیەک لای تاک جێگیرە.

٣ – تەنهایی و تاکیی کەسێک، تەنها لە سۆنگەی هەموو سیفەتە تاکییەکانیەوە پەیدا نابێت، بەڵکو ڕێکخستنی هەموو ئەو سیفەتانەش، بە چەمکێکی تەواوکاریشی پێویستە.

٤ – هەموو سیفەتێکی سەرەکی یان گشتی، کە تاک هەڵیدەگرێت بە شێوەی جۆری ئاکاری لە هەڵسوکەوتیدا دەر دەکەوێت.

بە نموونە: ئەوەی سیفەتی حەزم (جەربەزەیی) تێدا بێت، کاریگەر دەبێت لە پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێکانیدا، جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستە لەگەڵ بەردەستەکانیدا، جەسوورە لەگەڵ بێگانەدا، متمانەی بە خۆی و بۆچوونەکانی هەیە، لە بڕیارداندا بەهێزە و قەناعەتی بە ڕێزلێگیراوی و دامەزراویی خۆی هەیە.... (العاني ١٩٨٩).

بەڵام بۆ ژمارەی سیفەتە کەسێتییە مرۆییەکان، خۆشە بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ١٩٣٦ کاتێک (Alport) و (odport) فەرهەنگی زمانی ئینگلیزییان پشکنی، کە لە ٤٠٠٠٠٠ وشە پێک هاتبوو دەبینن ١٧٩٥٣ وشەیان بە شێوەیەک لە شێوەکان ئاماژە بۆ وێنەی ئاکارێکی مرۆیی دەکەن، کاتێک شەنوکەویانکردن و ئەو وشانەیان لێ دەر کردن، کە پەیوەستن بە حاڵەتی میزاجی تاکەوە، یان پەیوەندییان بە هەڵسەنگاندنی کەسییەوە هەیە جیان لە وەسفکردنی، یاخود ئەوانە

سیفەتی جەستەیین لا بران، ئەوجا ٤٥٤١ وشەیان هێشتەوە، کە سیفەتی کەسێتیی مرۆیین. لەبەر زۆرییان سیفەتەکان دابەش دەکرێن بۆ گشتی (تایبەتمەندییە گشتییەکانی زۆر لە خەڵک) تاکی (هەندێک سیفەت هەیە بڵاو نییە و هەر تاکێک بە جیا باسی دەکرێت)، پاشان گشتی و تاکییش دابەش دەکرێن بۆ سیفەتە سەرەکییەکان (لە کەسێتیی تاکدا زیاتر بڵاون) و سیفەتی مەرکەزی (لە بڵاوبوونەوەدا وەک سەرەکی وەهان بەڵام وەک ئەو جێگیر نین) و سیفەتە لاوەکییە پەراوێزیەکان، کە کەمتر لە کەسێتیی تاکدا بڵاون و لە هەندێک هەڵوێستی دیاریکراو یان کاتی تایبەتدا نەبێت نابینرێن.

* Eysenck (١٩٦٥) دوو سنووربەندی سەرەکی بۆ کەسێتی داناوە، کە ئەوانیش:

- داخراوەیی پێچەوانەی کراوەیی

- هاوسەنگی پێچەوانەی لاسەنگی.

ئەم ڕەهەندانەش ڕەهەندی مەعریفی و ڕەوشتی و سۆزی و جەستەیین.

* بەڵام بیردۆزی (Cattel) (١٩٧٢) لەسەر سیفەت باوەڕی وایە، دەکرێت دوو جۆری جیاوازی سیفەت دیاری بکرێت، کە بەرپرسن لە جیاوازیی کەسێتیی تاکەکاندا، ئەوانیش:

- سیفەتی ڕواڵەتی: کە لەلایەن تاکەوە بە شێوەی جێگیر ڕەنگ دەداتەوە وەک: حەزی زانین، فزولیەت، پێشخستنی بەرژەوەندیی ئەوی دی، واقعییەت،....

- سیفەتی ژێدەری، کە لە کەسێتیی تاکدا قووڵترە وەک سیفەتی: زاڵبوون، مکلەچی، بەرگری، کە دەکرێت ئەمانە ناو بنرێن تایبەتمەندێتیی تاک.

(Cattel) (١٦) سیفەتی ژێدەری سەرەکی دەر هێناوە، کە بەرپرسن لە دیاریکردنی جیاوازییەکانی کەسێتی نێوان تاکەکاندا، بۆ هەر سیفەتێکیش دوو ئەمپەڕ و ئەوپەڕی داناوە کە ئەمانەن:

(کۆمەڵایەتی- گۆشەگیر)، (زیرەک – دەبەنگ)، (هاوسەنگ – هەڵچوو)، (زاڵ – ملکەچ)، (ڕووخۆش – مۆن)، (ویژدان زیندوو – ویژدان مردوو)، سەرکێش – ترسنۆک)، (کراوە - داخراو)، ئەرخەیان – بەدگومان)، (لیبراڵ – پارێزکار)،

(واقیعی – خەیاڵی)، (پشت بەخۆبەستوو – پشت بەخەڵکبەستوو)، (خاو – کرژ)، (بەخۆناز – بەخۆنەناز)، (بلیمەت – ساکار)، (ئارام – ڕاڕا).

* ئەمە پوختەیەکی خێرای دیدی دەروونیی سیفەتەکان بوو، بۆیە لە سەرەتاوە باسم کردن تا خوێنەری بەڕێز بیرۆکەیەکی گشتی و ڕۆشنتری لە لا بێت. جا هەرچەندە بڕگەکە تایبەتە بە سیفەت و تایبەتمەندییە هاوبەشە مرۆییەکان، لای زانا موسڵمانەکان، بەڵام ناکرێت بەسەر وەسفە قورئانییەکەدا تێ پەڕین سەبارەت بە کەسێتی مرۆیی، بە شێوە هاوبەشەکەی، بۆیە وەک یادخستنەوەیەک دەیانهێنینەوە:

خوای پەروەردگار مرۆڤی بە گشتی وەک مرۆڤ وەسف دەکات، کە دروست کراوە بە: شپرزی، بێزار، نەزان، ستەمکار، لاواز، چڵێس، بزێو، سپڵە، بێهیوا، پێنەزان، کوێرەوەر، زۆر خۆشویستنی سەروەت، ڕەنگە زۆر سیفەتی دیکە کە ڕاستەوخۆ نین خودای پەروەردگار مرۆڤی لەسەر ڕاهێناوە بە خۆڕسکی، وەک: حەز لە ئافرەت و خۆشەویستیی منداڵ و سامان و سواریی ئەسپ و ئاژەڵ و کشتوکاڵ، هەموو ئەمانە سیفەتی مرۆڤن هەموو مرۆڤێک، کە خودا سروشتی مرۆڤی لەسەر ڕاهێناوە ﴿فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ﴾ [الروم: ٣٠]، واتە: ((شوێن ئاینی) داهێنراوی خودا بکەوە، کە خەڵکی لەسەر دروست کردووە، داهێنراوی خودا هیچ جۆر گۆڕانی بۆ نییە)، بەڵام پاش ئەو هاوبەشکردنەی مرۆڤ بە گشتی ڕەهایی و خۆڕسکی قورئانی پیرۆز چەند گرۆیەکی دەستنیشانکراوی بە تایبەتمەندی دیاریکراو هەڵاوێر دەکات، بە بەستنەوەیان بە هەڵوێستگەلێکی عەقیدەیی و ئیمانی، ئەمەش گەڕانەوە و یادخستنەوەی ئاڕاستە یەکەمەکەیە، کە لە بڕگەی پێشتری ئەم کتێبەدا باسمان کرد.

باوەڕداران هەرچەندە لەسەر ئەم سیفەتە سروشتییانە ڕاهاتوون، بەڵام بەهێزی باوەڕ و عەقیدە و ئیرادەیان توانیویانە، خۆیان لەو سیفەتانە بەرز بکەنەوە بەرەو پلەیەکی بەرز و بڵندتر ﴿إِنَّ الْإِنسَانَ خُلِقَ هَلُوعاً * وَإِذَا مَسَّهُ الْخَيْرُ مَنُوعاً * إِلَّا الْمُصَلِّينَ﴾ [المعارج: ١٩ – ٢٢]، واتە: (بێگومان ئادەمی دروست کراوە بە

چاوچنۆکێکی تەنگەتیلکە * کە ناخۆشییەکی تووش ببێت، هاوار و ناڵە دەست پێ دەکات * کە سامانیش ڕووی تێ بکات، ئەیگرێتەوە لە خەڵکی * مەگەر نوێژکەران)، ﴿إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ * إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ﴾ [العصر: ٢- ٣]. واتە: (بێگومان هەموو خەڵکی لە زیاندایە * مەگەر ئەوانەی کە بڕوایان هێنابێت و کردەوە چاکەکانیان کردبێت و ئامۆژگاریی یەکتریان کردبێت، بە ئاینی ڕاست و ئامۆژگاریی یەکتریان کردبێت بە ئارامگرتن).

خوای پەروەدگار باسی باوەڕداران دەکات، لە ئایەتی (٧)ی سورەتی (الحجرات)دا و ئاگاداریان دەکاتەوە، کە خودا باوەڕی لا خۆشەویست کردوون و لە دڵیاندا جوانی کردووە، کوفر و خراپە و گوناهی لا ناشرین کردوون، کاتێکیش قورئان باسی سیفەتیباوەڕداران دەکات لە کۆمەڵە سیفەتێک دەدوێت، کە پەیوەستن بە عەقیدە و پەرستش و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و خێزانی و سیفەتە ئاکاری و سۆزداری و عەقڵ و مەعریفە، ئەو سیفەتانەی پەیوەستن بە ژیان و گوزەران و تەنانەت سیفەتە جەستەییەکانیشەوە. لە بەرانبەر سیفەتی باوەڕداراندا، قورئانی پیرۆز باس لە سیفەتە پێچەوانەکانیشیان لە لای دووڕوو و کافران و هاوبەشکاران و سیفەتی زۆری جوولەکەش باس دەکات، سیفەتەکانیان، تایبەتمەندییەکانیان، ئاکاریان، بیروباوەڕیان، ڕەوشتیان، هەروەها سیفەتی دەشتەکییەکانیش لە سورەتی بەرائەتدا باس دەکات.

بە هەمان شێوە سیفەتی کۆمەڵە خەڵکێک بە دیاریکراوی، بە جیا باس دەکات، هەروەها فەرموودەی پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) سیفەتی زۆری مرۆڤ بە گشتی و جۆرەکانی بیروباوەڕیان، تەنانەت نەتەوە و هۆزەکانیان باس دەکات. بەڵام لێرەدا کتێبەکەمان لەسەر هزری ئیسلامی و قسەی زانا موسڵمانەکانە، نەک قورئانی پیرۆز و فەرموودە، بۆیە جێگای نابێتەوە هەموو ئەو دەقانە بهێنین. کەواتە با بگەڕێینەوە بۆ کەلەپووری ئیسلامی و زانا موسڵمانەکان، کە دەبینین لە بنەڕەتدا کەمێک جیاوازییان هەیە، بەڵام لە هۆکار و ئەنجامەکاندا جیاوازییەکانیان زیاترە.

ڕەهەندی بنەڕەتیی هزری ئیسلامی قورئان و سونەتە، سیفەتەکانیش (لێرەدا جوانی و ناشرینییەکانی ئاکاری مرۆڤ دەگرێتەوە) بە هەمەکی و هاوسەنگانە لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییانە دەڕۆن، کە قورئان و فەرمووده باسیان کردووون.

وا دیارە خاڵی جەوهەری لە جیاوازییەکەدا، لە پێوەردا بێت (پێوەری ئاکاری چاک و خراپ) لای زانایانی دەروونزانیی هاوچەرخ، کە پێوەر لایان ڕێژەییە، بەپێی ئەو دەوروبەرەی مرۆڤ تیایدا دەژی و بەها و دابونەریتی کۆمەڵگەکە دەگۆڕێت. بەڵام لە هزری ئیسلامیدا پێوەری باشی و خراپی ئیسلامە، هیچ زانایەک لەمە تێ ناپەڕن و موناقەشەشی ناکەن. لە لایەکی دیکەوە ئەو میزاجەی لە بڕگەی پێشوودا باسمان کرد، کە لای زانا موسڵمانەکان کە ڕەنگدانەوەی هۆکاری پێکهێنانی سیفەتەکانی تاکە، لای هەندێکیشیان هۆکاری سیفەتەکانی تاکیش تێ دەپەڕێنێت، بەڵکو لای بەشێکیان هۆکار و میزاجە سیانییەکە یان چوارییەکەی هێزەکان و جۆرەکانی دەروونیش تێ دەپەڕێنێت، بۆیە دەبینین لە هەموو جۆرەکانی دەروون و هێز و میزاجەکانیدا زانا موسڵمانەکان تایبەتمەندیی ئیسلامیان پێوە لکاندووە، هەروەها سیفەتی مرۆییەکانیش (باش و خراپ، یان مامناوەندی و ئەمپەڕەوپەڕ) کە دەکرێت لەو دەروونە یان ئەو هێزە یاخود ئەو میزاجە بەرهەم بێت. بۆیە خەمۆکی و غەمبارییان لکاندووە بە میزاجی ڕەشباوەوە، تەمبەڵی و خاوییان لکاندووە بە میزاجی بەڵغەمی، دڵەڕاوکە و دانەمەزراوییان لکاندووە بە میزاجی زەردباوەوە، خۆشکەیفی و چالاکییان لکاندووە بە میزاجی خوێنینەوە.

با بگەڕێینەوە بۆ دەقی قسەی زانایان، سەبارەت بە سیفەت و تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی مرۆڤ.

* لە ئیبن موقەفەعەوە دەست پێ دەکەین، (آثار ابن المقفع/ کەلیلە و دیمنە) کە باوەڕی وەهایە، ئەو سیفەتانەی مرۆڤ لە زیندەوارنی دی جیا دەکاتەوە چوارن:

- حیکمەت کە زانست و ئەدەب و بینشیش دەگرێتەوە.
- عەقڵ کە هێمنی و سەلاریی دەگرێتەوە.

- دادگەری، کە ڕاستگۆیی و چاکەکاری و چاودێری و ڕەوشتبەرزی دەگرێتەوە.

- داوێنپاکی، شەرم و سەخاوەت و خۆپارێزی دەگرێتەوە.

لەبەر تیشکی ئەوەی سەرەوە، کەواتە چوار سیفەتی سەرەکیی مرۆڤ هەن، لە ژێر هەر یەکەیاندا لیستێکی سیفەتەکان (السمات) Traits یان بەها ڕەوشتییەکان Moral Values یان میزاجەکان Temperaments هەیە.

لە بەرانبەردا ئیبن موقەفەع کۆمەڵە سیفەتێکی تایبەت بە نەزانان (هەتیوانی سوڵتان) باس دەکات، ناویان دەنێت سروشتی نەزانەکان (طبائع الجُهال) واتە: لەسەر ئەم سیفەتە خۆڕسکانە ڕاهاتوون، کردوویەتی بە هەشت سیفەت: تووڕەبوونی بێهۆ، بەخشینی بێهۆ، خۆماندووکردن بە خۆڕایی، جیانەکردنەوەی دۆست و دوژمن، نهێنیدانان لای ناشایستە، متمانەدان بە کەسانێک تاقی نەکردوونەتەوە، گومانباشی بە خەڵکی گەمژە و سپڵە.

ئەم هەشت تەبیعەتە، کۆمەڵە ئاکارێکن دەکرێت سەرنج بدرێن لە ناواخنەکانیاندا کۆمەڵێک تایبەتمەندیی سیفەتی کەسێتیی ئەم جۆرە تاکانە لەخۆ دەگرێت.

* فاڕابی لە (تحصیل السعادة)دا، تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بە سروشتی دەزانێت و دەڵێت: سروشتی هەموو مرۆڤێک ئەوەیە ببەسترێتەوە بەوەی، کە مرۆڤ بۆی تێدەکۆشێت یان خەڵکی تر بۆی تێدەکۆشیت، هەموو مرۆڤێک بەم شێوەیە، هەموو کەسێکیش کە بیەوێت بەرەو کامڵبوون بڕوات، پێویستی بە گفتوگۆ و کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵکی تر هەیە.

* بەڵام موحاسیبی لە (العقل وفهم القرآن)دا، بڕیاری ئەوە دەدات مرۆڤبوون بە عەقڵیەوەیە، تێروتەواویی عەقڵیش بە سێ سیفەتەوەیە: ترسی خودا، بەهێزیی دڵنیایی، جوانتێڕوانین لە ئاین.

لەسەر زەروورەتی کۆکردنەوەی ئەم سێ سیفەتە دەڵێت: چونکە دەگونجێت دڵنیایی بەهێز بیت، بەڵام شارەزایی جوانی تێڕوانینی ئاینی نەبێت، یان شارەزایی ئاینی جوانی هەبێت، بەڵام لەخواترس یان بەهێزیی دڵنیایی نەبێت.

پاشان کۆمەڵێک تایبەتمەندی باس دەکات، کە نیشانەی لاوازیی دەروونی و مرۆیین وەک: حەز بە ڕێزلێگیراوی لەناو خەڵکدا، پێخۆشبوونی پیاهەڵدان و ستایشکردنی بۆ پەرستشەکانی، لەخۆگۆڕان و منەتکردنی، خەیاڵکردنی ئەوەی باشترینی ناو خەڵکە، باوەڕی وا بێت بژاردە و ڕاستگۆیە.

ئەو پێنج سیفەتەی سەرەوەش لە ڕاستیدا لادانە لەسەر ڕاستەڕێ لە کەسێتیی مرۆییدا، واتە: وەسفی کەسێتیی ناتەواو، یان بە زمانی ئەمڕۆ کە موحاسیبی دەڵێت: لاوازیی دەروونی مرۆییە.

* ئیبن ئەبی ڕەبیع، لە (سلوک المالک فی تدبیر الممالک)دا وای دەبینێت، تێروتەواویی مرۆڤ لە چوار سیفەتدایە (حیکمەت، داوێنپاکی، ئازایی، دادگەری)، پاشان باس لەوە دەکات کە سیازدە فەزیلەت یان تایبەتمەندی هەن، کە بە هەموویانەوە ئاینێکی ڕاست پێک دەهێنن کە ئەمانەن: خەیاڵکردنی جوان، ساغێتیی جەستە، جوان تێگەیشتن، جوان پاراستن، زیرەکی، پەرستشی باش، خۆشەویستی زانست، خۆشەویستی ڕاستگۆیی، هاوسەنگیی ئارەزوو، دەروون گەورەیی، حەز بە دادگەری، بەهێزیی عەزیمەت، سووک سەیرکردنی دنیا. هەریەکێک لەم ڕەوشتانە لای ئەو، سێ حاڵەتیان هەیە: مامناوەند، لێی لا داوە، بۆی لا داوە.

* بگەڕێینەوە لای شیرازی لە (الطب الروحاني) کە پێشتر باسمان کرد، لای ئەو فەزیلەتە بنەڕەتییەکان چوارن: حیکمەت، ئازایەتی، داوێنپاکی، دادگەری، بۆ هەریەکەشیان دوو لای دانابوو (ڕاست و چەپ) کە خراپە دژ بە فەزیلەت هەڵدەگرن، جگە لە فەزیلەتی دادگەری کە یەک لای هەیە، کەواتە بە پێی ئەم تێڕوانینە حەوت خراپی پەیدا دەبێت: جەربەزەیی، گێلی، تیژپەڕی، ترسنۆکی، سەرکێڵی، گۆشەگیری، ستەم، ئەمانە ئەملاولای ئەو چوار فەزیلەتەی سەرەوەن.

* ئیبن حەزمی ئەندەلوسییش لە (طوق الحمامة)دا وای دەبینێت، تایبەتمەندییە گشتییەکانی مرۆڤ چوارن و پێچەوانەی یەکترن، لای ڕاستی هەریەکەیان فەزیلەتە و لای چەپیشی خراپە و ڕەزیلەتە:

- دادگەری بەرانبەرەکەی ستەمە.
- جوامێری بەرانبەرکەی ترسنۆکییە.

- تێگەیشتن بەرانبەرەکەی نەزانی.
- سەخاوەت بەرانبەرەکەی چرووکی.

مرۆڤیش بە ویست و بژاردەی خۆی، لەنێوان فەزیلەتەکان و خراپەکاریدا هەڵبژاردن دەکات.

لێرەدا پێم باشە ئاماژە بەوە بکەم، مرۆڤ هەوڵ دەدات بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵە سیفەت و تایبەتمەندییەک و بەدەستیشی دەهێنێت، نەک سیمایەک بێت و ئاکاری ببزوێنێت تا مرۆڤ بەو ئاکارە یان ڕەوشتە دیاریکراوە بناسرێت، وەک ئیبن حەزم دەیوت.

* ئیبن قەیمیش لە (الفوائد)دا، سیما سروشتییەکانی مرۆڤ باس دەکات و هەریەکەیان دەداتە پاڵ کەسێتییەک، کە قورئان باسی کردووە، ئەو دەڵێت: بە خۆڕسکی لە دەروونی مرۆڤدا هەیە، لەخۆبایی شەیتان، ئیرەیی قابیل دڵڕەقیی عاد، یاخێتیی سەموود، سەرکەشیی نەمروود، زۆرکاریی فیرعەون، بوغرایی قاروون.

سەرجەم ئەم سیمایانە (کە نەرێنین) ئیبن قەیم بە سیمای سروشتییان دادەنێت و بە گشتیشیان دەزانێت، لە هەموو دەروونێکدا، لە شوێنێکی دیکەی کتێبی (الفوائد)دا ئیبن قەیم هەشت سیما باس دەکات چواریان ئەرێنی و بەرانبەریشیان چواریان نەرێنین: ئازایەتی، غیرەت دادگەری، سەخاوەت، بەرانبەر: تووڕەیی، چاوچنۆکی، ئارەزووبازی، ئیرەیی.

* محەمەد مەهدی نەڕاقی لە (جامع السعادات)دا، لیستێکی ٢٦ سیمایی ئەرێنی و نەرێنی دەهێنێت، کە بیستیان نەرێنین بەرانبەر شەش ئەرێنی.

- نەرێنییەکان: ئیرەیی، ستەم، کەمتەرخەمی، سازشکردن، نهێنی درکاندن، دووزمانی، تێکدانی نێوان خەڵک، بەخکردن، ماستاوچێتی، جادوو، گاڵتە، زەم، بوختان، پیاهەڵدان، درۆ، حەز لە پلەوپایە، حەز لە تەمبەڵی، حەز لە پیاهەڵدان، ڕووپامایی، دووڕوویی.

- ئەرێنییەکانیش: دادگەری، چاوپۆشی، بەهاناوەهاتن، چاکسازی، ڕاستگۆیی، دڵسۆزی.

* بەڵام ئیبن شەتتاتی دەمیاتی لە (كفاية الأتقياء ومناهج الأصفياء)دا، تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ دەکات بە (١٨) فەزیلەت بەرانبەر (١٢) ڕەزیلەت و خراپەکاری، بەڵام تێکەڵییەکی لەنێوان تایبەتمەندیەکان لە لایەکەوە و پێویستییە بایەلۆجییەکان لە لایەکی دیکەوە و پلەبەندیی بڵندکردنەوەی دەروون لە لای سۆفیگەری لە لایەکی دیکەوە دروست کردووە.

- فەزیلەتەکان لای دەمیاتی: تەوبە، خۆگری، سوپاسگوزاری، هیواخوازی، ترس، هەژاری، خاکەڕایی، دنیانەویستی، خۆپارێزی، پشت بە خوابەستن، نیازپاکی، دڵسۆزی، ڕاستگۆیی، خۆشەویستی، پەرۆشی، خۆشی، ڕازیبوون، هیواکورتی.

بەرانبەرەکانیشیان: لەخۆگۆڕان، ڕووپامایی، لەخۆبایی، ئیرەیی، تووڕەیی، ئارەزووبازیی سک، ئارەزووبازیی عەورەت، ڕەزیلی، حەزی دەسەڵات، حەزی سەروەت و سامان، لەخۆبایی، هیوادرێژی.

* ئەبوبەکری ئەسامی لە (نهي الناهين)دا، ناوێکی دیکە لە خراپەکاری دەنێت کە (بەتاڵکەرەوەکانی کردەوە چاکەکانە)، تا سیفەت و تایبەتمەندییە خراپەکانی مرۆڤ لە حەوت سیفەتدا کۆی کردووەنەتەوە: خۆشەویستیی دنیا، دووڕوویی، ئیرەیی، درۆ، لەخۆگۆڕان، پچڕاندنی خزمایەتی، لەخۆباییبوون.

* ئیبن عەرەبیش لە (الزهد وصفة الزاهدين)دا، لەم بارەیەوە بەشێکی نوێ دەورووژێنێت، ئەو سیماکانی خۆشەویستیی ئاین و حەزی دیداری خەڵک جیا دەکاتەوە لە سیما بەرانبەرەکانیان کە گۆشەگیری و دوورەپەرێزییە لە خەڵک، وەک دوو سیمای پێچەوانە لە سیماکانی کەسێتیی مرۆیی.

کە لەم بابەتەی ئەو ورد دەبیتەوە، دەبینیت چەمکی (کرانەوە و داخران) وەک دوو لای کەسێتیی مرۆیی باس دەکات، خۆشەویستیی دین و خەڵک کرانەوەیە و دورەپەرێزییش لێیان داخراوییە. کە لە ناوەندی کەسێتیش دایدەنێت دەبینین ئەمپەڕ و ئەوپەڕی دابەشی مرۆڤ لەم سیمایە پێک دەهێنیت، ئەمەش وەک لە پێشەکیی ئەم بڕگەیەی دا ئاماژەم پێ کرد، چەمکێکی هاوچەرخ و سەردەمیانەیە.

* یەحیای کوڕی عەدی لە (تهذیب الأخلاق)دا، لیستێکی دیکەی (ڕەوشتی جوان) کە (٢٣) ڕەوشتە ڕیز دەکات:

داوێنپاکی، خۆگری لە وەختی حەز و ئارەزوودا، قەناعەت، ڕازیبوون، پاراستنی هێمنی، سالاری، سۆز، بەزەیی، وەفا، خۆڕاگری، ئەمانەت دانەوە، نهێنی پاراستن، خاکەڕایی، حەزنەکردن لە سەرگەورەیی، پێناخۆشبوونی خەڵک بە گەورە سەیرکردنی، زیادەڕۆیی لە ڕێزگرتندا، ڕووخۆشی، دەمبەخەندەیی، ڕاستگۆیی، نیازپاکی، گومانی خێر بەوانی دیکە، سەخاوەت، ئازایەتی، پێشبڕکێ لە چاکەکاریدا، هیمەتبەرزی، دادگەریی.

- لە بەرانبەردا بیست ڕەوشتی خراپ هەن، ئیبن عودەی دیارییان دەکات: زیادەڕۆیی لە خراپەدا (الفجور)، ڕۆچوون لە ئارەزووبازیدا و ئالوودەبوون لەسەری، ڕیزپەری، ساویلکەیی، ملهوڕی، سنووربەزاندن (زۆر بلێی و جووڵەکردنی بێهۆ) عیشق، دڵڕەقی، ناپاکی، درکاندنی نهێنی، ڕووگرژی، مۆنی، درۆ، کینە، ڕژدی، ترسنۆکی، ئیرەیی، هیمەت بچووکی.

جا ئەگەر سەرنجی ئەو دوو لیستە بدەین، هاودژی یەکدی دەبینین ئەمە لە لایەکەوە لەلایەکی دیکەوە بابەتێکی ورووژاندووە، جۆرێکە لە نوێگەری بۆ ئێستا ئەویش سیمای تاکی و پێکهاتەییە.

- بە نموونە خۆڕاگری لە ناڕەحەتییەکاندا تێکەڵەیەکی لێ پێک دێت، لە سەلارەیی و ئازایەتی، نهێنی پاراستن پێکهاتەیەکە لە وەفا و ئەمانەتپارێزی، ئەمانە لە ڕەوشتە جوانەکانن.

- نموونەش لە ڕەوشتە ناپەسەندەکان درکاندنی نهێنیی پێکهاتەیەکە، لە سنووربەزاندن و ناپاکی، دڵڕەقی پێکهاتەیەکە لە ڕق و ئازایی و..... لە ڕوویەکی دیکەوە، باسێکی زۆر تازەی بۆ چەمکی سیما خستووەتە ڕوو، ئیبن عودەی قسە لەسەر ڕەوشت دەکات (تایبەتمەندی و ئاکارەکان)، کە دەکرێت چاک و خراپ بن یان پەسەند و ناپەسەند بن لە یەک کاتدا، بۆ نموونە:

- حەزی ڕێزگرتن (الکرامة) بۆ نەوجەوان و منداڵان پەسەندە، بەڵام بۆ پیاوماقووڵان ناپەسەندە.

- حەز لە جوانکاری (حب الزينة) لە پاشا و مەزنەکان جوانە، بۆ گۆشەنشین و دنیانەویستان ناشرینە.

- دنیانەویستی (الزهد) بۆ زانا و قەشەکان و پیاوانی ئاین باشن، بۆ پاشا و مەزنەکان ناباشن.

ئەمە تێڕوانینێکی وردی تیژی زۆر زیرەکانەیە، کە بەستنەوەی هەڵسەنگاندنی سیما (بە ئەرێنی و نەرێنی)یە، بە پێوەرێک کە لە هەڵسەنگاندندا دەگۆڕێن، ئەو هەڵسەنگاندنی سیمایەک بە جوانی یان ناشرینی، پەسەندی یان ناپەسەندی، جارێک دەبەستێتەوە بە تەمەنی تاقمێک مرۆڤەوە (نەوجەوان و تازەپێگەیشتوو)، جارێکی دیکە بە پێگەی پیشەییەوە (پاشا و مەزنەکان) جاری سێهەم دەیبەستێت بە پێگەی ئاینییەوە (ڕاهیب و زاهید و زانایان)... هتد، واتە ئیبن عودەی هەر جارێک زۆر لەو گۆڕانکارییانە پێوەری حوکمدان لەسەریان جیا دەکاتەوە، لەسەر جۆر و پلەی سیماکەیان، لە ڕووی ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو گۆڕانکارییانەی کە سیماکەیان پێ هەڵدەسەنگێنرێت.

پاشان ئیبن عودەی، پوختەیەکی سیمای مرۆی کامڵ یان نموونەیی دادەنێت، کە پێویستە مرۆڤ هەوڵ بدات بۆ پێگەیشتنی، لە ژێر دروشمی (پوختەی کەسێک پەسەندی لەدەست دەر نەچێت و ناپەسەندی لەکەداری نەکردبێت)، لەم بارەیەشەوە (١٦) سیفەت یان تایبەتمەندی بەم شێوەیە دادەنێت:

١ – هەموو ڕەوشتێکی خۆی بپشکنێت.

٢ – بە وریای هەموو خەوشێکی خۆی ببینێت.

٣ – خۆپارێز بێت لەوەی چاکە کەم بکات.

٤ – هەموو فەزیلەتیک بەکار بهێنێت.

٥ – تێ بکۆشێت تا بگاتە لووتکە.

٦ – شەیدای کامڵبوون بێت.

٧ – لە ڕەوشت جوانی چێژ وەر بگرێت.

٨ – لە بنەڕەتدا هۆشیار بێت.

٩ – ڕقی لە نەریتی ناپەسەند بێت.

١٠ – خەمی خۆپاکژکردنەوەی هەبێت.

١١ – ئەو چاکانەی تێدایە بە زۆری نەزانێت.

١٢ – پلەی بڵندی لا بچووک بێت.

١٣ – خراپەی بچووکی لا زۆر بێت.

١٤ – بەکەم سەیری ئەوپەڕی مەرام بکات.

١٥ – تێرو تەواوی بۆ خۆی بە کەم دەزانێت.

١٦ کامڵی بە کەمترین وەسفی دەبینێت.

ڕەنگە ئەم ئاکارانە زیاتر بە پێوەری فەلسەفی بن، نەک دەروونی.

* با جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ لای ئیبن مەسکەوەیی، لە (تهذیب الاخلاق)دا، کە پێنج سیمای سەرەکیمان بۆ باس دەکات، (کە سیما پەسەندەکانن)، لە هەردوو سەری هەریەکەیاندا، دوو سیمای ناپەسەند هەن، واتە پێنج پەسەند و لە بەرانبەریشدا دە ناپەسەند:

- حیکمەت، دوو سەرەکەی ساویلکەیی و گێلێتییە.
- داوێنپاکی، دوو سەرەکەی ئارەزووبازی و پەککەوتەییە.
- سەخاوەت، دوو سەرەکەی دەستبڵاوی و چاوچنۆکییە.
- ئازایەتی، دوو سەرەکەی ترسنۆکی و سەرکەشییە.
- دادگەری، دوو سەرەکەی ستەم و ستەمدیدەییە.

ئەم قسەیە زۆرینەی نوێ نەبوون، چونکە ئەوانی دیکەش کردوونیان، بەڵام ئیبن مەسکەوەیی سیمایەکی سەرەکی پێنجەمی بۆ زیاد کردووە، کە (سەخاوەت)ە، بۆ دادگەرییش دوو سەری داناوە لەبری یەک سەر (کە ستەمە)، ئەمەیان پێشتر ئیبن موقەفەع وتبووی.

هەریەکەش لەم سەرانە وەک سیمایەکی سەرەکی، بەشبەش دەکرێت بۆ کۆمەڵە سیمایەکی لاوەکی:

– بە نموونە ئەگەر سەرکەشی یان تووڕەیی وەر بگرین وەک ئەمسەر و ئەوسەری (ئازایەتی) ناوەندێتییە لە ئاکاردا، دەبینین ئیبن مەسکەوەیی تەنها بۆ تووڕەبوونەکە هەشت سیما دادەنێت کە ئەمانەن: لەخۆگۆڕان، خۆکوشتن،

گاڵتەکردن، سەرگەردانی، گاڵتەجاڕی، غەدر، داخلەدڵی، خواپێداوی (جوانییە دەروونییەکان، چونکە کە نەمان یان تیاچوون تووڕەییان بەدوادا دێت).

ئیبن مەسکەوەی باس لە سیما تێکەڵەکانیش دەکات، وەک ئەوانەی ئیبن عودەی باسی کردوون، لە کتێبێکدا کە هەمان ناوونیشانی هەیە و لەیەکچوونێکی گەورەش لە ناوەڕۆکی هەردوو کتێبەکەدا هەیە، بە نموونە:

- تووڕەیی پەیوەستە بە زۆرخۆری، ئەگەر زۆرخۆر ئەوەی حەزی لێیەتی بەدەستی نەکەوت تووڕە دەبێت، ئەوکات دەبەسرێتەوە بە ئەمسەر و ئەوسەری داوێنپاکی و ئازایەتییەوە، بە مانایەکی دیکە نێوانی هێزی تووڕەیی و ئارەزووبازی.

- لە لایەکی دیکەوە، تووڕەیی دەبەستێتەوە بە ڕەزیلییەوە جا ئەگەر کەسی ڕەزیل شتیکی لە کیس چوو تووڕە دەبێت.

- دوای ئەوە تووڕەیی دەبەستێتەوە بە تەمەنەوە (گۆڕاوی دەرەکی)، چونکە منداڵ و پیر زیاتر لە خەڵکی پێگەیشتوو تووڕە دەبن.

هەروەک چۆن باسی تووڕەیی کرد، بە هەمان شێوە باس لە ترس و پاشان غەمباری و خەمۆکی و ئەوانی دیکەش دەکات.

* غەزالی یش لە (إحياء علوم الدين)دا، لیستێکی ٢١ سیمایی (یان سیفەت و ئاکار) مان بۆ دیاری دەکات، کە نیشانەی ڕەوشتبەرزین، کە ئەمانەن:

(شەرم، ڕاستگۆیی، ڕاسڵی، کردار، ئازارنەدانی خەڵک، چاکەکاری، سالاری، خۆڕاگری، سوپاسگوزاری، ڕازیبوون، هێمنی، داوێنپاکی، زەمنەکردن، دووزمانی نەکردن، نەبوونی کینە، حەسوودی نەبردن، باش گوێگرتن، مەعزەرەت هێنانەوە، ناڕەحەتی قبووڵکردن).

پاش ئەمانە، غەزالی دە سیمای دیکە هەڵدەبژێرێت ناوی ناون (دە ڕزگارکەرەکە)، لە بەرانبەریدا دە (لەناوبەر)یشی داناوە، ئەمەش دەربڕینێکی نوێیە زانا موسڵمانەکان بەتایبەت سۆفییەکان بەکاریان هێناوە.

- دە ڕزگارکەرەکە: پەشیمانبوون لە گوناە، خۆڕاگری لە کاتی هاتنی بەڵادا، ڕازیبوون بەوەی پێی بەخشراوە، سوپاسگوزاریی نیعمەت، ناوەندێتی لەنێوان

ترس و هیوا، دنیانەویستی، دڵسۆزی لە کرداردا، ڕەوشتجوانی لەگەڵ خەڵک، خۆشەویستیی خودا، ملکەچی.

- دە لەناوبەرەکەش ئەمانەن: چرووکی، لووتبەرزی، لەخۆگۆڕان، ڕووپامایی، ئیرەیی، تووڕەبوونی توند، زۆرخواردن، زۆرکردن، خۆشەویستیی سامان، خۆشەویستیی سەرگەورەیی.

دوای ئەمانە غەزالی دێتە سەر (تەرازووی کردار) و دەگەڕێتەوە بۆ کردەوەکانی مرۆڤ، کە لای زانا موسڵمانەکان شێوە کۆدەنگییەکی لەسەرە (فەیلەسووفەکان، زانا فەقیهەکان، سۆفییەکان) ئەو چوارە ئەمانەن: حیکمەت، ئازایەتی، داوێنپاکی دادگەری، هەریەکەشیان دابەش دەکات بە شێوەیەک کە پەسەندی سەرێکیان بێت و ناپەسەندییش سەرەکەی دیکە، پاشان ئەم دووەش (پەسەند و ناپەسەند) بۆ سیما و ئاکارە لاوەکییەکان دابەشی دەکات، کە ئەوانیش سیمای بچووکتریان لێ دەبێتەوە. ئەم کلێشانەی دادێت ئەو دابەشکردنەی سیما بابەتیانەمان بۆ ڕۆشن دەکەنەوە، ئەمانەش تەنها دابەشکردنەکانی پێشەوا غەزالین، کە پەیوەستن بە بواری سیماکان، یان تایبەتمەندییە مرۆییەکان.

- کلێشەی ژمارە (٦) ئەو دابەشکردنانەی پەیوەستە بە فەزیلەتەوە (پەسەندەکان) ڕوون دەکاتەوە، کە لە یەکەم سیمای پەسەندی بنەڕەتی هەڵێنجراون.

- کلێشەی ژمارە (٧) ئەو دابەشکارییانە ڕوون دەکاتەوە کە پەیوەستن بە فەزیلەتی بنەڕەتی دووهەم کە ئازایەتییە.

- کلێشەی ژمارە (٨) ئەو دابەشکارییە ڕوون دەکاتەوە، کە پەیوەستن بە فەزیلەتی بنەڕەتیی سێهەم کە داوێنپاکییە.

* با بگەڕێینەوە بۆ کلێشەی ژمارە (٦)، بزانین غەزالی هەموو پەسەند و ناپەسەندەکان (هەریەکە لە ئاستی خۆی)یەوە، دەکات بە دوو سەری فەزیلەتی (دادگەری)، کە لای غەزالی کۆکەرەوەی سێ فەزیلەتەکەی دیکەیە.

## تۆڕی دابەشکاریی سیما و تایبەتمەندییە مرۆییەکان:
## فەزیلەتە بنەڕەتییەکان لای غەزالی / تەرازووی کار




کلێشەی ژمارە (٦)

**ئازایەتی**

**فەزیلەتی هێزی تووڕەیی**




کلێشەی ژمارە (٧)

## داوێنپاکی

## فەزیلەی هێزی ئارەزووبازی




کلێشەی ژمارە (٨)

له سۆنگەی ئەو کلێشانەی ڕابوردن، بە تێڕوانینی نووسەری ئەم لاپەڕانە، دەکرێت نەخشە گشتییەکەی بیردۆزەکەی غەزالی بۆ سیما بەم شێوەیەی لێ بکرێت:

١- یەک سیمای گشتی کۆکەرەوەی ڕەوشتە باشەکانە کە دادگەرییە.

٢- سێ سیمای گشتی هەموویان لە دادگەریدا کۆ دەبنەوە و هەریەکەشیان نموونەی حاڵەتی ناوەندێتیی هەر هێزێکە لە سێ هێزەکەی دەروون (ژیرێتی، تووڕەیی، ئارەزووکاری)، ئەم سێ سیما گشتییەش: حیکمەت و ئازایەتی و داوێنپاکین بە ڕیزبەندی.

٣- پەسەند و ناپەسەند، بریتین لە سیمای لاوەکی لە سیما گشتییەکان هەڵێنجراون، کە ژمارەیان (٦٤) سیمای لاوەکییە، (٣٠) سیمایان لاوەکی ناوەندێتی (ئەرێنی) و (٣٠) سیماشیان لاوەکیی پەڕگیرین (نەرێنی)، باوەڕم وایە پێشەوا غەزالی بیردۆزە و جۆر و پۆلێنکردنی سیمای بە جۆرێک داڕشتووە، کە بیردۆزی سێ سیماکە کە دەروونناسیی هاوچەرخ قسەی لەسەر دەکات پێی ناگات.

لەم دیدگایەوە دەبێت ئاماژە بەوە بدەین، کە ئیبن مەسکەوی لە (فی تهذیب الأخلاق)دا چووەتە ناو ئەم باسەوە، بەڵام پێشەوا غەزالی ڕوونتر هەروەها زۆرتریشی نووسیوە، لە ئیبن مەسکەوەی، بۆیە تیشکی زیاتر دەخەینە سەر غەزالی.

* بگەڕێینەوە بۆ لیستی ڕەوشتە بەرزەکان (فەزیلەتەکان) لای زانا موسڵمانەکان، دەبینین ئیبن عەرەبی لە (تهذیب الأخلاق)دا، لیستێک کە لە ٢١ سیمای ئەرێنی پێک هاتووە باس دەکات لە بەرانبەر ٢٣ سیمای نەرێنی.

- ڕەوشتە پەسەندەکان لای ئەو: داوێنپاکی، قەناعەت، هێمنی، خۆپارێزی، سالاری، شەرم، خۆشەویستی، بەزەیی، وریایی، ئەمانەتدانەوە، نهێنی پاراستن، خاکەڕایی، ڕووخۆشی، ورەبەرزی، نیازپاکی، سەخاوەت، ئازایەتی، پێشبڕکێ، خۆڕاگری لە ناڕەحەتیدا، خەیاڵ مەزنی، دادگەری.

بەڵام ڕەوشتە ناپەسەندەکان ئەمانەن: سنووربەزاندن، هەڵچوون، شپرزەیی، گێلی، ڕۆچوون، عیشق، دڵڕەقی، غەدر، خیانەت، درکاندنی نهێنی، دووزمانی، لەخۆبایی، ڕووگرژی، درۆ، پیسی، کینە، ترسنۆکی، لاڕەزیلی، ئیرەیی، خۆنەگری لە ناڕەحەتیدا، کەمورەیی، ستەم.

* وا دیارە ئەبوقاسمی مالیقی، لە (الشهب اللامعة فی السیاسة النافعة)دا، لەسەر سیما تێکەڵەکان، کە غەزالی و ئیبن مەسکەوەی باسیان کرد بیرۆکەیەکی هەیە، بەڵام وەک ئەوان نەچووەتە وردەکارییەوە، بە نموونە ئەو (خۆگری) وەک سیمایەکی تێکەڵە وەر گرتووە، دابەشی دەکات بۆ سەر سیمای لاوەکی، کە جاری وا هەیە لقی لێ دەبێتەوە، خۆگری بەم شێوەیە دابەش دەکات:

١ – هێمنی، کە لقی لێبوردەیی و چاوپۆشیشی لێ دەبێتەوە.

٢ – پاراستن، کە پاراستنی جۆری لێ دەبێتەوە.

٣ – ئازایەتی، کە لقی دامەزراوی و جەنگان و جەربەزەیی لێ دەبێتەوە.

* لە کۆتاییدا شەهابەدینی ئەبشیهی لە (المستطرف في کل فن مستظرف)دا، لیستێکی دیکەی ڕەوشتی پەسەند و ناپەسەندمان بۆ ڕیز دەکات، کە جەخت لە (٢٨) سیمای پەسەند بەرانبەر (١١) سیمای ناپەسەند دەکاتەوە.

**سیما پەسەندەکان:**

– ڕەوشتە جوانەکان لای ئەو ئەمانەن:

مامەڵەی جوان، خۆشەویستی، برایەتی، بەسۆزی، سەردان، بەزەیی، سوڵحی نێوان خەڵک، شەرم، خاکەڕایی، نەرمی، پەرۆشی، سەخاوەت، بەڕێزی، چاکەکردن، لێبوردن، هێمنی، چاوپۆشی، ڕقخواردنەوە، مەعزەرەتهینانەوە، حەقسەندنەوە، وەعدبردنەسەر، پەیمانپارێزی، ئاگابوون لە بەردەستان، نهێنی پاراستن، پیاهەڵدان، ستایشکردن، سوپاسگوزاری.

– ڕەوشتە ناشرینەکانیش ئەمانەن:

لەخۆگۆڕان، لەخۆباییبوون، کەشوفشکردن، ڕەزیلی، غەدر، ناپاکی، دزی، دوژمنایەتی، ڕقبوونەوە، حەسوودی. هەرچەندە ئەشبیهی تێڕوانینی گەشبینانەی هەیە، بەڵام تێکۆشاوە ئەو ڕەوشتە جوانانەی قورئانی پیرۆز داوایان دەکات کۆ بکاتەوە، بەڵام لەوانەی لە قورئاندان زۆر کەمترن، بە هەمان شێوەش بۆ ڕەوشتە ناشرینەکانیش هەر ڕاستە، کە ڕیزی کردوون لە لیستێکدا.

لەگەڵ تێبینیی ئەوەی پیاهەڵدان لای هەندێک زانایان بە سیفەتی نەرێنی هاتووە، بەڵام ئەو لێرەدا بە ئەرێنی هێناویەتی.

**پوختەی قسان**

١ – جیاوازیی زۆر لای زانایان هەیە، لەسەر ناولێنراو و سیما و تایبەتمەندێتی، بەڵام دەکرێت هەموویان لە چوارچێوەی پەسەند و ناپەسەندەکان یان جوان و ناشرینەکاندا کۆ بکرێنەوە، کە ئەمڕۆ پێیان دەوترێت سیمای ئەرێنی و نەرێنی.

٢ – ئەو پێوەرەی کە هەموو زانا موسڵمانەکان لەسەری ڕۆیشتبوون باگراوندە ئیسلامییەکەیە، لە قبووڵکردن و ڕەتکردنەوەی ڕەوشت و ئاکارە مرۆییەکاندا.

٣ – دەوڵەمەندیی زمانی عەرەبی لە بێژەی هاوواتا و لێکچووەوە وای کردووە ژمارەی سیماکان زۆر زۆر بن.

– بە (الكرم)، (الجود)، (السخاء)، (البذل)، (العطاء)، دەکرێت هەموویان یەک سیما بن، هەرچەندە کۆمەڵە بێژەیەکن.

٤ – پاش ئەوەی سەرجەم ئەو سیما و سیفەتانەی باسم کردن، بە ئەرێنی و نەرێنییەوە لە کۆتایی کتێبەکەدا کۆم کردنەوە، لە پەراوێزی پاشکۆی ژمارەیەکدا، هیی ئەو حەوت زانایە (ئیبن ئەبی ڕەبیع، نەراقی، ئیبن عەدی، ئیبن مەسکەوەی، غەزالی، ئیبن عەرەبی، ئەبشیهی)، لەگەڵ تێپەڕاندنی ئەو تۆڕە سیمایەی، کە غەزالی هێناونی (کلێشەی ژمارە ٦ و ٧ و ٨).

هیچ سیمایەکم نەدۆزییەوە زانایان لەسەری کۆڕا بووبن، بە دادگەری و داوێنپاکییشەوە، کە هەریەکەیان لە حەوت ئاماژە پێنجیان بەر کەوتووە.

– ترسنۆکی و ڕەزیلییش بە ڕیز (٥) و (٦) ئاماژەیان بەر کەوتووە.

– سەرجەم سیماکان گەشتنە (١٠٦) سیما، کە (٥٢)یان ئەرێنی و (٥٤)یان نەرێنییە، ئەگەر تۆڕەکەی غەزالییش بخرێتە سەر دەبنە نزیکەی (١٥٠) سیما.

لەو (١٠٦) سیمایە (٤٢) دانەیان، تەنها یەک زانا لەو حەوت زانایە ئاماژەی پێ داوە، ئەمانەش ئاماژەی بوونی جیاوازی و پەرتەوازەیی گەورەی نێوان زانایانن.

٥ – ئاماژەی نایاب و وریا و زیرەکانە دەر دەکەون، لەو بۆچوونانەی کە زانایان لەسەر تایبەتمەندی و سیفاتی مرۆیی باسیان کردووە، کە زۆر نزیکن لەو چەمکە نوێیانەی، کە دەروونزانیی کەسێتیی ئەمڕۆ باسی دەکات.

٦ – قورئانی پیرۆز کۆمەڵێک سیفەتی هێناوە، تێ ناگەم لە بەرچی زانایان فەرامۆشیان کردوون و لە خشتەی سیما و سیفەتەکاندا باسیان نەکردوون.

لە بەرانبەریشدا قورئانی پیرۆز زەمی کۆمەڵێک سیفەت دەکات و زۆر جەختیان لێ دەکاتەوە و دووبارەیان دەکاتەوە، کەچی ئەوان باسیان ناکەن.

بە نموونە با سیفەتی (درۆ) باس بکەین، قورئانی پیرۆز لە هەموو بۆنەیەکدا، کە زەمی گەلانی ڕابردوو دەکات یان زەمی کەسێتیی بێباوەڕ و دووڕوو و بتپەرستان دەکات، لەپێشی هەموو سیفەتەکانەوە (درۆ) باس دەکات، بە هەمان شێوەش سیفەتی (ستەم)، کەچی لە لیستی ئەو حەوت زانایەدا، تەنها لە سێ ئاماژە بە جیا و دوو ئاماژەی پێکەوەیی لە سیما ناپەسەندەکاندا باسیان کردوون، یان (نەفامی) کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) هەموو بەیانی و ئێوارەیەک پەنای بە خودا گرتووە لێی، کەچی لە لیستەکانیاندا تەنها یەک جار ئاماژەیان پێ داوە، (جادوو)یش هەروەک ئەو، بە هەمان شێوەش سنووربەزاندن و بێهوورەیی.

بە دڵنیاییەوە هەموو پەناگرتنی بەیانیان و ئێوارانی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) یان لەبەر بووە (خودایە من پەنات پێ دەگرم لە خەم و خەفەت، لە دەستەوسانی و تەمەڵی، لە ترسنۆکی و ڕەزیلی، لە کەڵەکەبوونی قەرز و زاڵبوونی خەڵک).[١] ئەمانە هەموویان یان هەر باس نەکراون، یاخود جار و دووجار ناویان هاتووە.

بە هەمان شێوە ئەو حەوت زانایە ناوی دووانەییەکانی پێغەمبەری خودایان نەهێناون و باسی شێوەی پەیوەندیی نێوانیان نەکردوون، وەک (ترسنۆکی و ڕەزیلی).

---

[١] أخرجه البخاري في صحيحه، كتاب الدعوات (٨٠)، باب (٤١)، حديث رقم: ٦٣٦٩، ٧/٢٠٥.

٧ – له کۆتاییدا ئەم پیشاندانە خێرایەی تایبەتمەندی و سیما جوان و ناشرینانە دەر دەکەوێت تێکەڵیان کردووە، لەنێوان سیمای بۆماوەیی و بەدەستهاتوو، هەروەها سیمای کاتی و سیمای هەمیشەیی، هەروەها ئەو سیمایانەی، کە مرۆڤ لە ئاکاریدا دەری دەخات بە هۆی پاڵنەری ناوەکییەوە یان سیما بیروباوەڕییەکان، کە بیروباوەڕ دەیانسەپێنێت، جگە لەوانەش کە دەروونناسیی ئەمڕۆ قسەی هەیە لەسەریان و لە یەکیان جیا دەکاتەوە، هەروەها حەز و ئارەزوو و نەخۆشییە دەروونییەکانیش، لەگەڵ گشت ئەم تێبینییانەشدا ئەوەی زانا موسڵمانەکان لە کتێبەکانیاندا باسیان کردوون (خوا پاداشتی خێریان بداتەوە)، هەرگیز شێوەی قسەکردنیان لەسەریان وەک قسەکردنی ئێمە نەبووە و کتێبی تایبەتیش نەبوون بە دەروونزانی، ئەوەی ئەمڕۆش دەروونزانی باسیان دەکات مەرج نییە بە تەواوی هەموو ڕاستی بن.

**٣/٢ – سیما نەتەوەییەکان (کۆمەڵەکان)**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو کڵێشەیەی، کە Henry Morray ساڵی ١٩٥٣ لەسەر مەیدانی لێکچوون و لێکنەچوونی تاکی مرۆیی دروستی کرد، لەوێدا کەسێتیی مرۆڤ بە واقیعی و کرداری خۆی لە سێ مەیداندا دەبینێتەوە:

– مەیدانێکی کەسێتی تیایدا تاک لە هەموو خەڵک دەچێت (واتە سیما مرۆییە گشتییە هاوبەشەکەی هەموو کەسێک).

– مەیدانێکی کەسێتی، تیایدا تاک لە گرۆیەکی دیاریکراوی خەڵک دەچێت (ڕەنگە بەو گرۆیە بوترێت خێڵ، یان هاوشاری، یان وڵات، یان ناوچە، بان تەواوی گەلێک، یان کیشوەرێک و جگە لەوانەش، مەبەست لە سیمای گرۆیی ئەمەیە).

– مەیدانێکی کەسێتی کە دەمێنێتەوە بۆ هەر تاکێک، ئەویش مەیدانی (تاکێتی) کەسەکەیە، ئەو لێرەدا لە هیچ کەسێک ناچێت، بەڵکو تەنها تایبەتە بە خۆی، کە پێی دەوترێت سیما تاکییەکانی، ئەمە ئەوەیە کە هەموو مرۆڤێک سروشتێکی تایبەت دەنوێنێت و لە کەسی دیکە ناچێت، ئەمەش ئەوەیە جیاوازییە تاکییەکانی

نێوان خەڵک دەر دەخات، وێنەی جۆری کەسێتیی تایبەتی هەریەکەیان دەکێشێت، کە چۆن لە ژیانی ڕۆژانەیدا دەژێت.

لە بەشی پێشوودا باسمان لە سیما گشتییە هاوبەشەکان کرد، واتە مەیدانی یەکەم، ئەم بەشەش تایبەت دەکەین بە سیما گرۆییەکان واتە مەیدانی دووهەم، بەشی دوای ئەمیش دادەبەزین بۆ سیما تاکییەکان، کە مەیدانی سێهەمە، کە کۆمەڵێک لە کەسایەتیناسەکان باوەڕیان وایە بەرینترین مەیدانە.

کلێشەی ژمارە (٩) Morray کێشاویەتی بۆ مەیدانە کەسێتییەکان، بەڵام کلێشەی ژمارە (١٠) هەموارکردنێکی کلێشەکەی Morray یە، خۆم کێشاومە، وەک قەناعەتم پێیەتی.




**کلێشەی ژمارە (٩)**

**Henry Morray (1953)**

**کلێشەی مۆری بۆ مەیدانە لێکچووەکانی کەسێتیی مرۆیی**

**سیما و تایبەتمەندییە مرۆییەکان و پەیوەندییان بە ئاکارە خۆڕسکی و بەدەست هاتووەکانەوە لە خووڕەوشتدا**

(نزار عانی / ١٩٩٣)




**کلێشەی ژمارە (١٠)**

که مەیدانی دووەم بە خاسیەتە نەتەوەییەکان ناو دەبەین، مەبەستمان بەم چەمکە سیاسییەی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو مەبەست پێی کۆمەڵە خەڵکیکن – کەم یان زۆر – کە لە دۆخێکی لەیەکچوو بژین، لە ڕووی کەشوهەواوە یان جوگرافیاهوە" یان نەژادی و ئاینییەوە، ئەمە وایان لێ دەکات زیاتر لە یەک بچن نەک بە تەواوی.

خودای پەروەردگاریش مرۆڤی دروست کردووە و کردوونی بە کۆمەڵە گەل و نەژاد و خێڵێک، لە ڕووی ڕەنگ و ڕواڵەت و تەبیعەتیانەوە، تەنانەت لە سیما و سیفەت و تایبەتمەندیدا لە یەک جیاوازن ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا﴾ [الحجرات: ١٣]، واتە: (ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە دروستمان کردوون، لە نێر و مێیەک و کردوومانن بە چەند گەل و هۆزێکەوە، تا یەکتری بناسن)، خودای پەروەردگاریش باس لە کۆمەڵە نەژادێک دەکات، بۆ هەریەکەیان چەند سیفەتێک ناو دەبات وەک: قەومی نووح، قەومی عاد، قەومی سەموود، ئەسحابولئەیکە، قەومی توبەع، قەومی ئیبراهیم، قەومی لووت، جگە لەوانیش. هەندێک سیفەتی دیاریکراوی هەریەکەشیان باس دەکات.

بە نموونە لە باسی بەنوئیسرائیلدا، کە لە قورئاندا زیاتر لە هەر گەلێکی دیکە باس کراون، لە زۆر سورەتدا سیما و جیاوازییان لە خەڵکی دیکە باس کراون ﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّذِينَ آمَنُواْ الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُواْ وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُمْ مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ آمَنُواْ الَّذِينَ قَالُوَاْ إِنَّا نَصَارَى ذَلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَاناً وَأَنَّهُمْ لاَ يَسْتَكْبِرُونَ﴾ [المائدة: ٨٢]. واتە: (سوێند بێت دەبینیت (ئەی موحەممەد (دروودی خوای لەسەر) خراپترینی خەڵکی بۆ دوژمنایەتی لەگەڵ بڕواداراندا جوولەکە و هاوبەشدانەرانن، سوێند بێت دەبینیت نزیکترینیان لە خۆشەویستی بۆ بڕواداران ئەوانەن، کە دەیانوت بێگومان ئێمە گاورین، ئەوەش لەبەر ئەوەیە بێگومان لە ناویاندا قەشە و گۆشەگیرانێک هەن، کە بە ڕاستی ئەوان خۆیان بە زل و گەورە دانانێن).

هەندێک سیفەتیش خودا لەسەر گرۆگەلێک نوسیویەتی، بە هۆی کردەوەی خۆیانەوە، بە نموونە هەر لەسەر بەنو ئیسرائیل دەفەرموێت: ﴿فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَاقَهُمْ لَعنَّاهُمْ وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَاسِيَةً﴾ [المائدة: ١٣]، واتە: (ئینجا بە هۆی (پاشگەزبوونەوە)و هەڵوەشاندنەوەیان بۆ پەیمانەکەیان نەفرەتمان لێ کردن و دڵەکانیانمان گێڕا بە دڵێکی ڕەق و وشک). دەشفەرموێت: ﴿ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّن بَعْدِ ذَلِكَ فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً﴾ [البقرة: ٧٤]، واتە: (لە پاشان دڵتان ڕەق بوو دوای ئەم (هەموو) موعجیزانە، دڵتان وەک بەردە بەڵکو زۆر ڕەقترە). لەسەر گاورەکانیش دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّا نَصَارَى أَخَذْنَا مِيثَاقَهُمْ فَنَسُواْ حَظّاً مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاء إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ﴾ [المائدة: ١٤]. واتە: (لەوانەی کە دەیانوت ئێمە گاورین، بەڵێن و پەیمانی بەهێزمان لێ وەر گرتن، بەڵام بەشێکی گەورە لەوەی کە ئامۆژگاری کران پێی (لەسەر زمانی عیسا) لەبیریان چوو، بەهۆی ئەوەوە دوژمنایەتی و کینەبەریمان خستە نێوانیان، تا ڕۆژی دوایی).

بەنو ئیسرائیلییەکانیش بە دوودڵی و گوماناوی وەسف دەکات، کاتێک موسا پێی گەیاندن مانگاکە سەر ببڕن ئەوانیش پاش چەندین گومان دروستکردن و پرسیاری زۆر، ئەوجا سەریان بڕی وەک خودا دەفەرموێت: ﴿فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُواْ يَفْعَلُونَ﴾ [البقرة: ٧١]. واتە: (ئینجا سەریان بڕی و خەریک بوو ئەو (سەربڕینە) نەکەن).

خودا وەسفی قەومی نووحیش دەکات ﴿إِنَّهُمْ كَانُواْ قَوْماً عَمِينَ﴾ [الأعراف: ٦٤]، واتە: (بەڕاستی ئەوانە کۆمەڵی (دڵ)کوێران بوون). لەسەر قەومی سەموودیش دەفەرمویت: ﴿وَلَكِن لاَّ تُحِبُّونَ النَّاصِحِينَ﴾ [الأعراف: ٧٩]، واتە: (بەڵام ئێوە ئامۆژگار و دڵسۆزانتان خۆش ناوێ). بە قەومی لووتیش دەفەرموێت: ﴿أَتَأْتُونَ الذُّكْرَانَ مِنَ الْعَالَمِينَ﴾ [الشعراء: ١٦٥]، واتە: (ئایا لەناو (هەموو خەڵکی) جیهانیاندا ئێوە نێربازی دەکەن). بە عادیش دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا بَطَشْتُم بَطَشْتُمْ جَبَّارِينَ﴾ [الشعراء: ١٣٠]، واتە: (هەرکاتێک دەست بوەشێنن ستەمکارانە دەست دەوەشێنن). وەسفی مەککەییە بتپەرستەکانیش بە پەیمانشکێن دەکات ﴿كَيْفَ يَكُونُ لِلْمُشْرِكِينَ عَهْدٌ عِندَ اللّهِ وَعِندَ رَسُولِهِ﴾

[التوبة: ٧]، واتە: (چۆن پەیمان دەبێ بۆ هاوبەش ڕەوادەرەکان لای خودا و پێغەمبەرەکەی (درووودی خوای لەسەر)). هەروەها وەسفیان دەکات بە پیس ﴿إِنَّمَا الْمُشْرِكُونَ نَجَسٌ﴾ [التوبة: ٢٨]، واتە: (بێگومان هاوبەش ڕەوادەران پیسن). بە دەشتەکییەکانیش دەڵێت: ﴿أَشَدُّ كُفْراً وَنِفَاقاً﴾ [التوبة: ٩٧]. واتە: (بێبڕوایی و دووڕوویيان بەهێزترە).

تەنها قەوم و گرۆکان نا، بەڵکو بە شاعیران، کە خاوەنی بەهرە و کارامەیین دەفەرموێت: ﴿وَالشُّعَرَاء يَتَّبِعُهُمُ الْغَاوُونَ * أَلَمْ تَرَ أَنَّهُمْ فِي كُلِّ وَادٍ يَهِيمُونَ * وَأَنَّهُمْ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ * إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَذَكَرُوا اللَّهَ كَثِيراً وَانتَصَرُوا مِن بَعْدِ مَا ظُلِمُوا وَسَيَعْلَمُ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَيَّ مُنقَلَبٍ يَنقَلِبُونَ﴾ [الشعراء: ٢٢٤ - ٢٢٧]. واتە: (پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) شاعیر نییە، شاعیرەکان تەنها گومڕاکان شوێنیان دەکەون * ئایا نابینی کە ئەوانە بە هەموو دۆڵ و شیوێکدا بە سەرلێشێواوی دەڕۆن (شیعر دەڵێن) * بە ڕاستی ئەوانە شتێ دەڵێن، کە خۆیان نایکەن * جگە لەوانەیان بڕوایان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان کردووە، یاد و زیکری خوایان زۆر کردووە و تۆڵەیان سەندووە، لە پاش ئەوە ستەمیان لێ کراوە، ئەوانەی ستەمیان کردووە لەمەودوا دەزانن، کە چۆن گەڕانەوەیەک دەگەڕێنەوە (بۆ لای خودا دوای) مردن).

قورئانی پیرۆز ڕوونی دەکاتەوە، کە خەڵک بە گۆڕانکاریی هەڵوێستی ئیمانیان سیماکانیشیان دەگۆڕێن: ﴿ذَلِكَ بِأَنَّ اللّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّراً نِّعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَى قَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾ [الأنفال: ٥٣]، واتە: (ئەوە بەهۆی ئەوەوەیە کە بە ڕاستی خودا هیچ بەهرە و نیعمەتێک ناگۆڕێ، کە بەخشیبێتی بە هەر هۆزێک هەتا ئەوەی لە خۆیاندایە نەیگۆڕن). ﴿وَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ لَوْ أَنفَقْتَ مَا فِي الأَرْضِ جَمِيعاً مَّا أَلَّفَتْ بَيْنَ قُلُوبِهِمْ وَلَـكِنَّ اللّهَ أَلَّفَ بَيْنَهُمْ﴾ [الأنفال: ٦٣]، واتە: (هۆگری خستە نێوان دڵەکانیان ئەگەر بەختت بکردایە، هەرچی لە زەویدا هەیە هۆگریت نەدەخستە نێوان دڵەکانیانەوە). ﴿الَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُواْ إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَـئِكَ لَهُمُ الأَمْنُ﴾ [الأنعام: ٨٢]. واتە: (ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و بڕواکەیان تێکەڵ بە ستەم (هاوەڵدانان) نەکردووە هێمنی و ئاسایش تەنها بۆ ئەوانەیە).

ئایەت لەم بارەوە زۆرن ئیشی من ژماردنیان نییە، ئەوەندە هەیە بە کورتی: خودا ئێمەی جیاواز بەدی هێناوە ﴿وَلَوْ شَاء اللّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً﴾ [النحل: ٩٣]، واتە: (ئەگەر خودا بیویستایە ئێوەی دەکرد بە یەک ئوممەت)، ﴿وَمَا كَانَ النَّاسُ إِلاَّ أُمَّةً وَاحِدَةً فَاخْتَلَفُواْ﴾ [یونس: ١٩]. واتە: (خەڵکی لە ڕابردودا هەر یەک ئوممەت بوون (بڕواداربوون بە خوا) ئینجا جیاواز بوون).

پێغەمبەری خواش (درووودی خوای لەسەر) خەڵکانێکی بە سیفەتی تر وەسف کردووە، بە نموونە سەبارەت بە خەڵکی یەمەن دەفەرموێت: "خەڵکی یەمەن هاتن بۆ لاتان، ئەوان دڵ لاوازتر و دەروون ناسکترن، ئیمان یەمەنییە و حیکمەتیش هەر یەمەنییە".[١] یان دەفەرموێت: "دەسەڵاتدارێتی لە قوڕەیشدایە، قەزاوەتیش لە ئەنسار، بانگدان لە حەبەشە و ئەمانەتپارێزی لە یەمەن".[٢]

* دەگێڕنەوە کە عومەری کوڕی خەتتاب، پرسیار لە عەمری کوڕی عاس دەکات و پێی دەڵێت: وەسفی خەڵکی میسرم بۆ بکە، دەڵێت: "بەدەستهێنانیان زێڕە، ژنەکانیان بەچێژن، پیاوانیان ملکەچی ئەوانەن زاڵ دەبن، بچووکەکانیان ژیرن، گەورەکانیان دەبەنگن، وتی: وەسفی خەڵکی شامم بۆ بکە، وتی: گوێڕایەڵترینن بۆ بەندە، یاخیترین بۆ پەروەردگار، دینیان دیناریانە، وتی: وەسفی خەڵکی عێراقم بۆ بکە، وتی: لە هەموو خەڵک بەرچاوڕۆشنترن بۆ ئاژاوە، لە هەمووشیان دەستەوسانترن بۆ کردەوە".

* لە شیعری شاعیرانیشدا بە پەسەندکردن و ناپەسەنددانان، زۆر خەڵک و شار و هۆز باس کراون.

* وتارەکەی پێشەوا عەلی، لەسەر خەڵکی کوفە و ئەوەی حەجاج لەسەر عێراق لەوە بەناوبانگترن لێرەدا بیانهێنینەوە.

---

[١] الترمذي، الجامع الصحيح، كتاب المناقب (٥٠) باب (٧٢)، حديث رقم: ٣٩٣٥، ٦٨٣/٥.

[٢] الترمذي، الجامع الصحيح، كتاب المناقب (٥٠) باب (٧٢)، حديث رقم: ٣٩٣٦، ٦٨٣/٥.

* کتێبەکانی ئەدەب پڕن لە وەسفی ناوچە و شار و دانیشتووانەکانیان بە پیاهەڵدان یان زەمکردن، با تەنها نموونەیەک بۆ نووسینێکی جاحز بهێنینەوە لە کتێبی (الحیوان)دا:

- سەبارەت بە خەڵکی چین و تبت دەڵێت: لە پیشەسازیدا زیرەکن، لەسەرخۆ و زیرەکانە و بە نەرمی بەجێی دەهێنن، بەڵام دەچنە قووڵایی شتە نەزانراو و دوورەکانی پیشەسازی، هەر خەریکی ئەوەن، ڕەنگە شارەزایی پیشەسازیی وەها بەدەست بهێنن، کە بۆ جگە لەوان بەدەست نەیەت.

لێرەدا جاحز باس لە کارامەیی و ئامادەیی و وردیی ئەو ناوچانە دەکات، کە هەتا ئەمڕۆ هەر ئەو سیما و تایبەتمەندییانەیان تێدایە و لە خەڵکی دی جیاوازن.

- تەنانەت جاحز کۆمەڵە پیشەوەرێک، کە پیشەیەکی دیاریکراویان هەیە وەسف دەکات، کە لەوانی دیکە جیاوازن و دەڵێت: مەگەر تۆ لە هەموو سەردەم و شارێکدا خومگرەوەکان نابینیت هەموویان وەک یەک کەس نین لە ڕووی: کاڵفامی و تووڕەیی و ستەمەوە، هەروەها مسگەرەکانیان بە هەموو چینەکانیانەوە لەوەی دەیفرۆشن، بە هەمان شێوە ماسیگر و دەفژەن و کۆنەفرۆشەکانیان، لە هەموو سەردەم و لە هەموو شارێکدا وەک یەکن؟

* شەمسەدینی مەقدیسی، لە (أحسن التقاسیم في معرفة الأقالیم)دا، باس لە بەشێک لە ڕەوشتی خەڵکی جەزیرەی عەرەبی بەم شێوەیە دەکات:

ڕەوشتی خەڵکی مەککە وشکە، خەڵکی یەمەن هیچت لێیان دەست ناکەوێت، خەڵکی عەمانیش تەرازووبازی و سنووربەزاندن دەکەن، شەرواڵپیسی لای عەدەنیان بەرچاوە.

* لە گەشتەکەی ئیبن بەتوتە، بە ناوی (تحفة النظار في غرائب الأمصار وعجائب الأسفار).

* لە (روض العطار في خبر الأقطار)، محەمەد بن عەبدولمونعیمی حومەیری.

* لە (معجم البلدان)ی یقوتی حەمەوی.

* لە (البخلاء)ی جاحز.

* له (أحسن التقاسيم فى معرفة الأقاليم)ی شەمسەدینی مەقدیسی، کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد.

* لەم کتێبانە و جگە لەمانەش لە کەلەپووری ئیسلامیدا، هێندە سیما و سیفەتی گەلان باس کراون ناژمێررێن، بۆیە تەنها ئەو چەند نموونەمان هێناوە لەبەر ئەوەی:

- ئەو وەسفانەی بۆچوون و ڕای کەسییە، ڕەنگە پێکابێتی یان نەیپێکابێت، ناکرێت بوترێت هەموویان ورد و ڕاستن.

- بابەتەکەی ئێمە نموونە و بەڵگەهێنانەوەیە، نەک کۆکردنەوە و پشکنینی سەرجەم ئەو لەتەی نووسراون.

به کورتی:

هەموو گرۆیەک کۆمەڵە سیمایەکی دیاریکراویان هەیە، بە مانا گشتی و فراوانییەکەی، کە لە غەیری خۆیان جیایان دەکاتەوە و بەوە دەناسرێت، ئەم سیمایانە بۆ زۆرینەیان هەرگیز مانای وا نییە لە هەموویاندا هەبن.

### ٤/٢ – سیما تاکییەکان

کۆتا مەیدان دەمێنێتەوە لە کەسێتی – کە لای هەندێکیان فراوانترین مەیدانی پێکهاتەی کەسێتیی مرۆڤە – لەم مەیدانەدا تاک لە هیچ کەسێکی دیکە ناچێت، بەڵکو کەسێتییەکی تاقانە و جیاوازە - کە نیشانەی مەزنیی پەروەردگارە - ناگونجێت لە وێنەی هەبێت یان دەستی دووی لێ پەیدا ببێت، تەنانەت جمکی لەیەکچووش لە سەرچاوەی پێکهاتەی بۆماوەییان یەک هێلکۆکە و تنۆک ئاوە، وەک یەک نین.

ئەم جیاوازییە لەنێوان تاکەکان هەتاکو ئەمڕۆ، لە ڕووی زانستییەوە نەزانراوە و دیاری نەکراوە، بەڵکو کەسانێک بەبێ بەڵگەی بەرجەستە و بایەلۆجی و فسیۆلۆجی قسەیان لەسەر کردوون.

زانایانی هۆکاری بۆماوەیی و زانایانی هۆکاری ژینگەیی، لەم مەیدانەدا زۆریان وتووە، هەریەکەشیان هۆکارەکانی خۆیان بە دروست دەزانن لە سۆنگەی ئەنجامی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانیانەوە، بەڵام هەتا ئێستا ئەم مەیدانە

سەرکەوتن بان بردنەوەیەکی زانستی بێ مشتومڕی تۆمار نەکردووە، تەنانەت ئەگەر وتمان هۆکارەکە دووانەیین (بۆماوەیی و ژینگەیی) گرفتەکە لە دیاریکردنی باگراوندی هۆکارەکەدا نییە، بەڵکو گرفتەکە لە بنەڕەتدا لەو چۆنیەتییەدایە، کە هەموو تاکیک شێوەکەی دیاری دەکرێت، بەبێ لێکچوون و دووبارەبوونەوە و چوونیەکی لەگەڵ کەسێکی تر.

ئەمە گرفتی تەنها ئەم سەردەمە نییە، بەڵکو گرفتێکە بە درێژایی سەدەکان فەیلەسووف و زانایان قسەی لەسەر دەکەن.

* ئیبن عەدی لە (تهذیب الأخلاق)دا دەڵێت: ئەو هۆکارەی باسی جیاوازیی ڕەوشتەکانە دەروونە، چونکە دەروون یەکێکە جەستە جۆراوجۆرەکان کۆپی ناکرێن، هەرچی هێزەکانی دەروونە لە یەک بنەمای جەستەوە دەر دەچن.

* پێشتریش ئاماژەم بەوە کرد، ئیبن عەرەبی لە (فلسفة الأخلاق)دا وای دەبینێت کە: پاکی و پیسی خەڵک بە هۆی جیاوازیی دەروونی ئارەزووکارەوەیە، ئەمەش هۆی جیاوازیی خەڵکە لە ڕووی ئارەزوو و چێژوەرگرتنیانەوە.

* قسەی ئیبن سیناش لە (النجاة)دا، هەر لەم قسەیەی ئیبن عەرەبی دەچێت و ستایشی دەکات.

* پێشەوا فەخری ڕازی لە (الفراسة)دا، وای دەبینێت هۆکارەکە لە کەشوهەوا و ژینگە و وڵاتدایە و دەڵێت: بە جیاوازیی شارەکان میزاج و ڕەوشت و دابونەریت و تەبیعەتی دەرمانی و خۆراک دەگۆڕێن) ڕەنگە مەبەستی لە جیاوازیی شارەکان جیاوازیی سەرتاپایی کەشوهەوا یان سروشت، یان دابونەریت بێت بە گشتی.

* شاعیرەکانیش لەم گرفتە بێدەنگ نەبوون و باسیان کردووە، ڕەنگە تەنها ئەم بەیتە شیعرەی حەمیدی هیلالی کەندی، لەو بارەوە بەس بێت:

لكل امرىء يا أم عمرو طبيعة

وتفريق ما بين الرجال طبائع

جا ئەگەر لێرەدا نەچینە قووڵایی هۆکارەکان، لە جیاوازییە تاکییەکاندا، مانای وا نییە باسی ئەو تێبینی و سەرنجانە نەکەین، کە لەنێوان تاکەکاندا دەیانبینین؟

* با لە قورئانی پیرۆزەوە دەست پێ بکەین، خوای پەروەردگار نەوەد و نۆ ناو یان سیما یان سیفاتی بۆ خۆی داناوە، کە پێیان دەوترێت ناوە جوانەکانی پەروەردگار، کە تایبەتن بە خودای پەروەردگار، هیچ مەخلووقێکی دیکە هاوبەشی نییە.

هەروەها پێغەمبەرانی بە کۆمەڵە سیفەتێک ناو دەبات، هەریەکەیان بە تایبەتمەندیی خۆی، دەیکات بە نموونە بۆ خەڵک.

– دوو ناو لە ناوەکانی خۆی بەخشیوە بە موحەممەد پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر ) ﴿لَقَدْ جَاءكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِالْمُؤْمِنِينَ رَؤُوفٌ رَّحِيمٌ﴾ [التوبة: ١٢٨]، واتە: ((ئەی خەڵکینە) سوێند بە خودا بێگومان پێغەمبەرێکتان بۆ ڕەوانە کراوە، کە هەر یەکێکە لە خۆتان، زۆر سەختە بە لایەوە تووشبوونتان بە بەڵا و ناخۆشی، زۆر بە تەنگیشتانەوەیە و پەرۆشە لەسەرتان، زۆر دڵسوزی ئیماندارانە و میهرەبان و دلۆڤانە بۆیان)، ﴿وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ [القلم: ٤]. واتە: (بە ڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت و خوویەکی ئێجگار بەرز و گەورەیت).

– خودا فەزڵی هەندێک لە پێغەمبەرانی داوە بەسەر هەندێکیاندا: ﴿تِلْكَ الرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْض﴾ [البقرة: ٢٥٣]. واتە: (ئەو پێغەمبەرانەی (کە باس کران) ڕێزمان داوە بە هەندێکیان بەسەر هەندێکیاندا).

– بۆ هەر پێغەمبەرێک و پیاوساڵحێک، سیفەتێکی داناوە لەوانی دیکە جیای دەکاتەوە، بە سولەیمان دەڵێت: ﴿فَفَهَّمْنَاهَا سُلَيْمَانَ﴾[الأنبياء: ٧٩]، واتە: (ئەوسا ئێمە ئەوە (دادوەریی چاکتر)مان فێری سولەیمان کرد)، بۆ ئەیوب خۆڕاگر: (ذوالقرنين) شوێنکەوتنی هۆکارەکان، یوسف خەوپەرژێن، لوقمان حیکمەت، (خضر) زانست، ئیبراهیم بەڵگە، یەحیا نهێنی پاراستن، ﴿وَسَيِّداً وَحَصُوراً وَنَبِيّاً مِّنَ الصَّالِحِينَ﴾ [آل عمران: ٣٩]، واتە: (پێشەوایە و جڵەوگری نەفسی خۆیەتی و یەکێکە لە پێغەمبەرانی چاککردار)، موسا دەسەڵات، عیسا زانینی ئەوەی خەڵک کۆی دەکەنەوە و

دەیخۆن. یونس تەسبیحات، داود تەوبەکاری، هەر بەم شێوەش بۆ پێغەمبەرانی دیکە (دروودی خوابۆ سەر هەموویان).

- بەڵکو فریشتەکانیش خوای پەروەردگار وەسفی جوبرەئیل، بە ئەمانەتپارێزی دەکات ﴿نَزَلَ بِهِ الرُّوحُ الْأَمِينُ﴾ [الشعراء: ١٩٣]، واتە: (جوبرەئیلی ئەمین هێنایە خوارەوە)، لە ناو ئەوان و خەڵکیشدا پەیامبەرانی هەڵبژاردووە: ﴿اللَّهُ يَصْطَفِي مِنَ الْمَلَائِكَةِ رُسُلاً وَمِنَ النَّاسِ﴾ [الحج: ٧٥]. واتە: (خوا لە فریشتەکاندا فروستادە هەڵدەبژێرێت هەروەها لە خەڵکیشدا).

- لە ناو ژناندا مەریەمی کچی عیمرانی هەڵبژاردووە و بە پاکێتی وەسفی دەکات: ﴿وَإِذْ قَالَتِ الْمَلاَئِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللّهَ اصْطَفَاكِ وَطَهَّرَكِ وَاصْطَفَاكِ عَلَى نِسَاء الْعَالَمِينَ﴾ [آل عمران: ٤٢]. واتە: (یادی ئەوە بکە کاتێک، کە فریشتە (جیبریل) وتی: ئەی مەریەم بێگومان خودا تۆی هەڵبژارد و پاکی کردیتەوە (لە هەموو خووڕەوشتێکی ناشرین) وە ڕێزی داویت بەسەر هەموو ژنانی جیهاندا).

- چەند گرۆیەکی بە تەواوی هەڵبژاردووە: ﴿إِنَّ اللّهَ اصْطَفَى آدَمَ وَنُوحاً وَآلَ إِبْرَاهِيمَ وَآلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ﴾ [آل عمران: ٣٣]. واتە: (بێگومان خودا هەڵیبژاردووە ئادەم و نووح و خانەوادەی ئیبراهیم و خانەوادەی عیمران بەسەر هەموو جیهانیاندا).

- ﴿يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اذْكُرُواْ نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ﴾ [البقرة: ٤٧]، واتە: (ئەی نەوەی یەعقوب بیری ئەو چاکانە بکەنەوە، کە ڕشتوومن بەسەرتاندا، بێگومان من (پێشتر) ڕێزی ئێوەم دا بەسەر هەمووواندا). ﴿فَقَدْ آتَيْنَا آلَ إِبْرَاهِيمَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ﴾ [النساء: ٥٤]. واتە: (ئەوە بێگومان داومانە بە نەوەی ئیبراهیم کتێب و پێغەمبەرێتی).

- لە ناو ئەو هەڵبژێراوانەشیدا هەڵدەبژێرێت: ﴿فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَى هَـؤُلاء شَهِيداً﴾ [النساء: ٤١]. واتە: (ئینجا (حاڵی کافران) چۆن بێت کاتێک هێنامان لە هەموو ئوممەتێکدا شایەتێک (کە پێغەمبەرەکەیانە) تۆیشمان هێنا (ئەی موحەممەد (دروودی خوای لەسەر) بە شایەت بەسەر ئەوانەوە).

– خودا نموونه به کەسانێک دەهێنێتەوە بۆ باوەڕداران و کەسانێکیش بۆ بێباوەڕان: ﴿ضَرَبَ اللَّهُ مَثَلاً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا امْرَأَةَ نُوحٍ وَامْرَأَةَ لُوطٍ﴾ [التحريم: ١٠]، واته: (خوا بۆ بێباوەڕان ژنی نووح و ژنی لووتی به نموونه هێنایەوە)، ﴿وَضَرَبَ اللَّهُ مَثَلاً لِّلَّذِينَ آمَنُوا امْرَأَةَ فِرْعَوْنَ..... وَمَرْيَمَ ابْنَتَ عِمْرَانَ﴾ [التحريم: ١١، ١٢]. واته: (هەر وا خودا نموونەیەکی تری هێنایەوە بۆ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە (بە) ژنی فیرعەون.... وە (بە) مەریەمی کچی عیمران).

– خودای پەروەردگار هەندێک سیفەت دەدات بە بێباوەڕان، یاخێتی بۆ فیرعەون، سەرکەشی بۆ قاروون، ستەمکاری بۆ پاشاکەی ئیبراهیم و جگە لەمانەش.

– خودای مەزن ژن و پیاویش جیا دەکاتەوە ﴿بِمَا فَضَّلَ اللّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ﴾ [النساء: ٣٤]، واته: (خوا باوی هەندێکیانی داوە بەسەر هەندێکیاندا)، ﴿وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ﴾ [البقرة: ٢٢٨] واته: (پیاوان پلەیەکیان هەیە بەسەر ژنانیانەوە)، لەناو تاکەکانی مرۆڤیشدا جیایی داناوە: ﴿لاَ تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلاَّ وُسْعَهَا﴾ [البقرة: ٢٣٣]، واته: (ئێمە ئەرک ناخەینە سەر هیچ کەس بەقەدەر توانای خۆی نەبێ)، هەروەها لەناو ئەوانەی لە تەمەندا جیاوازن ﴿إِلاَّ الْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاء وَالْوِلْدَانِ لاَ يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلاَ يَهْتَدُونَ سَبِيلا﴾ [النساء: ٩٨]. واته: (بێجگە لەو چەوساوانەی کە لە پیاوان و ئافرەتان و لە منداڵانن، کە توانای هیچ چارەیەکیان نییە (لەبەر بێهێزی و پیرییان) وە بە هیچ شێوازێک ڕێ دەر ناکەن).

* پێغەمبەری خوداش (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "خودا ئادەمی لە مشتێک خۆڵ کە لە هەموو بەشەکانی زەوی بوو دروست کرد، بۆیە نەوەکانی ئادەم وەک بەشەکانی زەوین، تیایاندایە سوور، سپی، ڕەش، لەنێوان ئەوانەشدا هەن، هەروەها ڕووخۆش، غەمبار، پیس و پاک و لەنێوان ئەوانیشدا".[١] لە فەرموودەیەکی دیکەدا هاتووە: "هەر کەسێک بۆ ئەوەی دروست بووە ئاسانکاری

[١] الترمذي، الجامع الصحيح، كتاب تفسير القران (٤٨)، باب (٣)، حديث رقم: ٢٩٥٥، ٧٨١/٥ – ١٨٨. وقال الترمذي: حديث حسن صحيح. ورواه أبو داود أيضا في سننه، كتاب السنة (٣٤)، باب (٤٧)، حديث رقم: ٤٦٩٣، ٦٧/٥.

بۆ دەکرێت".[1] ئەو ڕوونکردنەوانەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) پێویستی بە ڕوونکردنەوە نییە، لەوەی کە خەڵک جیاجیان لە ڕەوشت و ئاکاردا.

- وەک فەرموودەیەکی پێشترمان گێڕایەوە، پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) ئەشەجی کوڕی عەبدولقەیسی بە هێمن و لەسەرخۆ وەسف کرد و پێشی ڕاگەیاند، کە ئەمە خۆڕسکانە تیایدان و خۆی بەدەستی نەهێناون.

* با بگەڕێینەوە بۆ لای زانایانی موسڵمان، بیبینین چۆن قووڵبوونەتەوە لە سیما تاکییەکاندا.

سەرنجی ئەوانیش ڕۆشنە سەبارەت بە جیاوازیی تاکەکان، لە ڕووی سیفەت و تایبەتمەندی و ئاکار و تەبیعەت و ڕەوشتیانەوە.

* ڕاغیبی ئەسفەهانی لە (تفصيل النشأتين وتحصيل السعادتين)دا، هۆی جیاوازییەکانی خەڵکمان بۆ پوخت دەکاتەوە و دەیانکات بە (حەوت) هۆوە:

١ – جیاوازیی میزاج.

٢ – جیاوازیی دروستبوون.

٣ – جیاوازیی حاڵی باوک و دایک لە ڕووی ڕاساڵی و لاسارییەوە.

٤ – جیاوازیی ئەو شوێنەی کە دڵۆپە ئاوی لێ دروست دەبێت (پزدان).

٥ – جیاوازیی خواردن و خواردنەوە و شیرەخۆری.

٦ – جیاوازیی شێوازی پەروەردە و مۆچیاری و ڕاهێنانی منداڵان لەسەر دابی جوان و ناشرین.

٧ – جیاوازیی هەوڵەکانی (تاک) سەبارەت بە خۆپاکژکردن بە زانست و کردار.

بۆیە بە ئەسفەهانی دەستم پێ کرد، چونکە ژیری و وریایی و زیرەکییەکەی لە ئاستێکی زۆر باڵادایە، لە ڕۆژی وەفاتیەوە (٥٠٢ کۆچی) هەتا ئەمڕۆ، زانایەک پەیدا نەبووە هۆیەکی زیاتر بخاتە سەر ئەوانەی ئەسفەهانی باسی کردووە سەبارەت بە دەروونناسیی کەسێتی، چونکە:

---

[1] أخرجه مسلم في صحيحه، وهو جزء من حديث طويل، كتاب القدر (٤٦)، باب (١)، حديث رقم: ٦٦٧٥، ٤١٢/١٦ – ٤١٣.

- بۆماوەیی لە خیلقەتی مرۆڤدایە و لەو پێکهاتەدایە، کە جینەکانی لێ دروست دەبێت.

- ژینگەی خێزانی، بوونی لە چاکی و خراپی دایبابدایە.

- پێگەیشتنی خێزانی و کۆمەڵایەتی، لە پەروەردە و مۆچیاری و نەریتدا بوونی هەیە.

- پاڵنەری تاکی بوونی لە ئیجتیهاد و دەستکەوتی تاکدایە.

جارێکی دیکە دەیڵێمەوە سەرجەم هۆکارەکانی جیاوازییەکانی تاکی، کە ئەمڕۆ باسیان دەکرێت، لەم حەوت حەوت هۆکارانەی ئەسفەهانیدا جێگەیان دەبێتەوە.

* هەرچەندە وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد، ئیبن سینا لە (النجاة)دا باوەڕی وەهایە، دەروون تەنهایە و جیاوازیی جەستە و ئەو کۆپی ناکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە کتێبی (القانون)دا دووپاتی دەکاتەوە، کە هەموو کەسێک میزاجێکی تایبەتی هەیە، کە هیچ کەسی دیکە نابێتە هاوبەشی. لای ئەویش میزاج بریتییە لە ئەنجامی کارلێکی هێزە سەرەتاییەکانی پایە بنەڕەتییەکانی جەستە، کە: گەرمی، ساردی، تەڕی، وشکییە، هەر لە جیاوازیی تاکەکاندا ئەوەشی بۆ زیاد دەکات: کە دەکرێت لار و خێچی دابەشکاریی سروشتی تاکەکانی پێ بوترێت، جا لە (النحاة)دا دەڵێت: "بزانە فێربوون چ بەبێ مامۆستا یان بە مامۆستاوە بێت جیاوازە، هەر فێرکارێک ڕەنگە لە وێناکردنەوە نزیکتر بێت، چونکە ئامادەیی بەهێزترە، ئەم جیاوازییەش لە سنوورێکدا ناوەستێتەوە، بەڵکو هەمیشە کەموزیاد دەکات".

ئەم قسەیە زۆر هاوچەرخانە و وردە، چونکە یەکەم: جیاوازی هەیە. دووهەم: ئامادەییەکان وەک یەک نین، لەو جیاوازییانەدا. سێهەم: دابەشبوونێکی ناوەندیی ئەمپەڕەوپەڕیشی هەیە، چوارەم: پێوەرێک هەیە بۆ دەستخستن و زیرەکی ئەویش خێرایی بەجێهێنانە، بە بڕوای من ئەگەر ناوی ئیبن سینا لەسەر ئەم نووسینە لا ببەین و نووسینەکە بخەینە هەر کتێبێکی تازەی دەروونناسیی نوێوە، لەم بابەتەدا هیچ ناشازییەک لە دێڕ و دەستەواژەکانیدا بەدی ناکرێت.

* فاڕابی له (آراء أهل المدينة الفاضلة) ڕای وایه، که نێر و مێ له ڕووی توانای دەروونییەوه جیاوازن، له زۆر شتدا له یەک جیان، وەک تووڕەیی، دڵڕەقی، سۆز و بەزەیی (حاڵەتی سۆز و هەڵچوون)، کەچی نێر و مێ له هێزه هەستەوەر و خەیاڵی و گۆیاکاندا له یەک جیا نین.

ئەمەش سەرنجێکی زیرەکانەی دیکەیە، فاڕابیفاڕابی بەبێ تاقیگه و شیکاری و سەرژمێری پێی گەیشتووه.

* جاحز له (الحيوان)دا باس له جۆراوجۆریی بەهێزیی تواناکان له مرۆڤدا دەکات، لای ئەو هەموو مرۆڤێک جۆرێک ئامادەیی خۆڕسکی بۆ فێربوونی پیشەیەکی دیاریکراو هەیە، لێرەدا جاحز قسه له ئامادەیی و کارامەییه بنەڕەتییه بۆماوەییەکانی مرۆڤ دەکات، (به زمانی ئەمڕۆ).

* بەڵخی له (مصالح الأبدان والأنفس)دا، ورد وەسفی جیاوازییه تاکییەکانی مرۆڤ دەکات و دەڵێت: مرۆڤ لەسەریەتی پێکهاتەی دەروونی خۆی و ئەندازەی ئەو ئەگەرانەی ڕووبەڕووی دەبنەوه بزانێت، چونکه هەموو مرۆڤێک خاوەنی ئەندازەیەک هێز یان لاوازیی دڵه یان فراوانی و تەسکیی دەروونه.

به دڵنیاییەوه بەڵخی لێرەدا ئاماژه بۆ چەمکی هێزی جەستەیی ناکات، بەڵکو قسه لەسەر تایبەتمەندی و سیما و ڕەوشت دەکات.

له دوای ئەوه دەڵێت ئەگەر مرۆڤ ئەم ئامۆژگارییانەی وەر گرت، گوزەرانی خۆش دەبێت و مورتاحیی بەردەوام دەبێت، زۆرترین پشکی دەروونساغی بەر دەکەوێت پێچەوانەکەشی دەبێته هۆی ڕاکێشانی نەخۆشییه دەروونییەکان، که تووشی بێزاری و دڵەڕاوکێی دەکات.

* ئیبن قەیم له (الفوائد)دا دەڵێت: خوای پەروەردگار تاکەکانی مرۆڤی جیاواز دروست کردووه له ئامادەیی و قبووڵکردنی نیعمەتەکاندا.

- له کتێبی (طريق الهجرتين وباب السعادتين)یشدا، سەرلەنوێ جەخت له جیاوازییه تاکییەکانی مرۆڤ دەکاتەوه، وای دەبینێت هەموو مرۆڤێک بۆ ئەوه دەشێت که بۆی دروست کراوه، بەشی بەختەوەری و بەدبەختیی مرۆڤ پێش ئەوەی بێته دنیاوه بۆی دانراوه.

له ئەنجامی ئەم جیاوازییانەدا، خەڵکانێک لەوانی دیکە هەڵاوێردە کراون لە بواری هەڵسوکەوت و ئاکاریدا، چونکە خاوەنی کۆمەڵە سیما و سیفەتێکن لەوانی دیکەدا نییە، ئەمەش مانای زانستی ئەو فەرموودەیەیە: (هەرکەس دروست کراوە بۆ ئەوەی بۆی دەشێت).

دەبینین کۆمەڵێ خەڵکی بەناوبانگ لەسەر ئاستی نەتەوە و جیهان بە درێژایی مێژوو دەر دەکەون، لە ڕووی کۆمەڵە سیفەتێکی دیاریکراوەوە وەک: ئازایەتی، زیرەکی، ڕەزیلی، کاڵفامی، گەمژەیی، خانەدانی، سەخاوەتمەندی،... سیفەتەکانی دیکەش بە ئەرێنی و نەرێنی و پەسەند و ناپەسەندەوە.

ئەمانە لە کەلەپووردا بوون بە پەند و نموونەیان پێ دەهێنرێتەوە دەوترێت: لە هەبەنقە بێ عەقڵترە، لە عەنتەرە ئازاترە، لە حاتەم سەخیترە، لە موعنی کوڕی زائیدە هێمنترە، لە ئومرولقەیس شاعیرترە، لە مێژوودا کەسایەتیی دەرکەوتوون، کە تا ئێستا جێگەی قسەوباسن، وەک: کەسێتیی ئەبولقاسمی تەنبوری لە ڕەزیلیدا، مەلای مەشهوورە لە ساویلکەیی، ڕابیعەی عەدەوی لە دونیانەویستی، قەیسی کوڕی ملەوەح لە عیشق، حەتیئە لە داشۆریندا، معاویە لە زیرەکی و نموونەی زۆری دیکە.

* هۆکارەکانی ئەم جیاوازییە لە سەرەتای ئەم باسەوە، قسەی ئیبن عودەی لە (تهذیب الاخلاق) و ئیبن سینا لە (النجاة)دا هێنامانەوە، کە ئەو جیاوازییانە دەگێڕنەوە بۆ دەروونی مرۆیی و هێزەکانی.

زانایانی موسڵمان هەوڵیان داوە هۆکاری ئەم جیاوازییانە، لە یەک کاتدا بۆ بنەمای خۆڕسکی و بەدەستهاتوو بگەڕێنەوە و تای تەرازووی خۆڕسکی لارەسەنگ دەکەن، بەسەر بەدەستهاتووەکاندا.

ئەمەش هەمان ئاڕاستەی دەروونزانیی نوێیە، بەتایبەت دەروونزانیی کەسێتی، کە بەبێ دوودڵی وا دەبینێت بۆماوەیی ڕۆڵی گەورە و بایەخدار دەبینێت، لە دیاریکردنی سیمای کەسێتیی تاکدا. بۆماوەزانیی ڕەفتاری Behavior Genetics پردی پەیوەستی نێوان زیندەوەرزانی ودەروونزانییە، کە وا دادەنێت جینەکان بەرپرسن لە گواستنەوەی پێکهاتە و سیما و دیاریکردنی ئاکارەکان. هەروەها

توێژینەوەی نوێ پەیوەندیی بەهێزی بە جین و ئەو بۆماوەییانەیان دەر خستووە بە زیرەکی و شیزۆفرینیا و ئالوودەبوون بە خراپەکاری و دوژمنکارییەوە.

پێش لێبوونەوە لەم بڕگەی سیمای تاکێتیی کەسێتیی مرۆڤە دەبێت بوترێت: کە لای زانایانی موسڵمان پاشا و سەرکردە و جێنشینەکان کۆمەڵە سیمایەکی دیاریکراویان هەیە، زۆریش بایەخیان پێ داون. نموونەی ئەم باسەش لەم سەردەمەدا لە دەروونناسیی کەسێتی و دەروونناسیی وەرگرتنی بڕیار و تایبەتمەندی و سیمای سەرکردەیی جیاواز و ڕێگەی گەشەپێدان و دۆزینەوەی توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت.

زۆر بە کورتی ئەم بیردۆزەیە لای زانایانی موسڵمان بەم شێوەیەیە:

* ئیبن موقەفەع لە (يتيمة السلطان)دا وای دەبینێت: سێ جۆر پاشا هەیە، پادشای ئاین، پادشای ژیری، پادشای ئارەزوو.

بۆچوونیشی وەهایە تایبەتمەندییەکانی سەرکردە، لە دوویاندا قەتیس دەمێنێت، ئەوانیش (ئاین و ژیری)یە، جەختیش لەوە دەکاتەوە، کە نابێت سیمای تووڕەیی، ڕژدی، درۆ، توندی، بە هیچ شێوەیەک لە سەرکردەدا هەبن، کۆمەڵێک سیمای دیکە باس دەکات باوەڕی وەها سەرکردە تێک دەدات، ئەوانیش: بێهیوایی، ئاژاوەچێتی، ئارەزوو، دڵڕەقی، کاریگەریی کارەسات، کاری پێچەوانەیی (نەرمی نواندن لە کاتی پێویست بە توندیدا بە پێچەوانشەوە) (کلیلە و دیمنە).

* هەرسەمی لە (مختصر سياسة الحروب)دا، لیستێکی دیکەی سیفەتی پادشایان و سەرکردەکان ڕیز دەکات، وا دادەنێت باشترین سەرکردە، لە جەنگدا ئەوەیە لە هەمووان ژیرتر و ئەزمووندارتر بێت، لە پلانی جەنگیدا بەرچاوڕۆشنتر و شارەزاتر و لێزانتر بێت، لە ئامادەکردنی هاوڕێکانیدا لە هەمووان باشتر بێت، (ورەبەرزکردنەوەی ئەوان و نەترسییان لە دوژمنەکانیان) ژیاننامەی بێگەرد بێت، پاکداوێن بێت، لە بڕیاردا جەسوور بێت، وریا و ئازا و ئاگادار و سەخی بێت، یەک بە یەکی بەرپرسەکان بناسێت.

* خەرائیتی لە (المنتقى من كتاب مكارم الأخلاق ومعاليها)دا، دوو سیفەت باس دەکات.

- هێمن: ئەوەیە ژیرییەکی زیادی ببێت، توانای خۆکۆنترۆڵکردنی ببێت.

- سەروەر (سەید): ئەوەیە توورەیی بە سەریدا زاڵ نەبێت، لەخواترس بێت، ڕەوشت بەرز بێت، دڵ و دەروون باش بێت، بە هەردوو وەسفەکە هێمنی دەکاتە تایبەتمەندیی سەرکردە.

* ئەبو حەیانی تەوحیدی لە (البصائر والذخائر)دا، لە موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیانەوە، ئەو سیفەتە نەرێنییانەی پێویستە پاشایان سەرکردە دەستبەردار ببێت دەگێڕێتەوە، کە چوارن: درۆ، ڕەزیلی، حەسوودی، ترسنۆکی.

* ماوەردی لە (الأحكام السطانية و الولايات الدينية)دا، کۆمەڵە مەرجێک بۆ ئەوانەی شایستەی پێشەوایەتین دادەنێت. زانست، دادگەری، سەلامەتیی هەستەوەرەکان، ژیری، ئازایەتی.

* لە کۆتاییشدا ئەبولقاسمی مالقی لە (الشهب اللامعة فی السیاسة النافعة)دا، شازدە سیفەت یان تایبەتمەندی دیاری دەکات، کە پێویستە پادشا و سەرۆکەکان هەیانبێت سەخاوەت، وەفا بە بەڵێن، پەرۆشی بۆ زانست، پەرۆشی بۆ ئاین، چاکەکردن، جێبەجێکردنی پێویستیی خەڵک، پاداشتی شوێنکەوتووانی لە کاتی ئاکارجوانیاندا، ڕاستگۆیی لە پەیماندانداا، دیاری بەخشین و وەرگرتنیشی، جەسووری، زیرەکی، پاراستنی نهێنی، نەفسبەرزی، نەرمی نواندن لەگەڵ بەردەستەکان، ڕووخۆشی، خاکەڕایی.

ئەمانە کۆمەڵە نموونەیەکی هەڵبژاردە بوون، ڕەنگە وێنەیەک لەوەی زانا موسڵمانەکان ویستوویانە نیشان بدات، سەبارەت بە سیفەتەکانی پادشا و سەرکردە و سەرۆکەکان، بێگومان لە هزری ئیسلامیدا سیفەت و تایبەتمەندیی دیاریکراو دانراوە بۆ: قازی، زانایان، سکرتێر، مامۆستا، فێرخواز و جگە لەوانیش، چەندین کتێب و نامیلکەیان لەسەر نووسراوە دەکرێت بگەڕێینەوە بۆیان.

*****

**سێهەم: پەیوەندیی کەسێتی بە قۆناغەکانی گەشەی مرۆیی**

گومانی تێدا نییە، قۆناغەکانی گەشەی مرۆیی لە ئاکارە جیاوازەکانی قۆناغەکانی مرۆڤدا، هەر لە دروستبوونییەوە تا مردنی ڕەنگ دەداتەوە.

بە سەرنجدانی ئەدەبیاتی ئیسلامی، هەر لە قورئان و سوننەتەوە، کە سەرچاوەی سەرەکیی پاش خۆیانن دەتوانرێت قۆناغەکانی گەشەسەندنی مرۆیی لە هزری ئیسلامی بە سێ جۆری ژیان دیاری بکرێت، لە ژیانی یەکەمدا دەبێتە سێ قۆناغ بەم شێوەیە:

**ژیانی یەکەم: قۆناغی یەکەم: قۆناغی پێش لەدایکبوون**

١ – ئاوێکی قێزەون: لە پێش جوتبوون.

٢ – تنۆک: پاش موتوربەبوونی هێلکۆکە بە تۆوەوە.

٣ – خوێنپارە: لە دابەزینیەوە لە ڕێگای چووکەوە، هەتا هەڵواسینی بە دیواری ڕەحمدا.

٤ – پارچە گۆشتێکی بێگیان، کە بە دیواری ڕەحمدا تا کۆتایی هەفتەی شەشەمی دووگیانی هەڵواسراوە.

٥ – پارچەیەکی زیندوو، لە سەرەتای حەوتەم هەفتەوە هەتا لەدایکبوونی.

**قۆناغی دووهەم: قۆناغی پێش ئەرکباری**

١ – نەوزاد: لە لەدایکبوونەوە هەتا خەتەنەسوورانە (حەوتەم ڕۆژە).[1]

٢ – کۆرپەلە: لە خەتەنەسوورانەوە هەتا کۆتایی دووهەمساڵ.[2]

٣ – بڕانەوە لە شیر: لە کۆتایی دووەم ساڵ هەتا کۆتایی ساڵی شەشەم.[3]

---

[1] کل مولود رهين بعقيقته تذبح عنه يوم سابعة ويحلق ويسمى". رواه:
- الترمذي, الجامع الصحيح، كتاب الاضاحي (٢٠)، باب (٢٣)، حديث: ١٥٢٢، ٩٥/٤.
- أبو داود، السنن، كتاب الأضاحي (١٠)، باب (٢١)، حديث رقم: ٢٨٣٨، ٢٦٠/٣.
- ابن ماجة، السنن، كتاب الذبائح (٢٧)، باب (١١)، حديث رقم: ٣١٦٥، ٥٥٠/٣ – ٥٥١.

[2] ئايەتەكە: (وَفِصَالُهُ فِي عَامَيْنِ) (لقمان: ١٤)، (وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ لِمَنْ أَرَادَ أَن يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ) (البقرة: ٢٣٣).

[3] الحديث: "مروا اولادكم بالصلاة وهم أبناء سبع سنين". أخرجه أبو داود في سننه، كتاب الصلاة (٢)، باب (٢٦)، حديث رقم: ٤٩٥، ٣٣٤/١.

٤ – منداڵ: لە حەوتساڵی یان باڵغ بوون.[١]

**قۆناغی سێهەم: قۆناغی پاش ئەرکباری**

١ – لاوێتی: پاش باڵغبوون هەتا چل ساڵ.[٢]

٢ – پیاوێتی: لە چلەوە هەتا پیرێتی.

٣ – پیرێتی: لە شەست و حەفتاوە هەتاکو کەنەفتی.

٤ – کەنەفتی: لە پاش پیرێتی هەتا مردن.

٥ – مردن: کۆتایی ئەرکباری و نەمانی کردەوە، جگە لە سێ کردەوەکە.[٣]

**ژیانی دووهەم: ژیانی بەرزەخ: لە مردنەوە هەتا زیندووبوونەوە.**

**ژیانی سێهەم: ژیانی کۆتایی: پاداشتی بەهەشت یان ئاگر، ماڵی هەمیشەیی.**

من ئەم پەیکەرە گشتییەی، ئەم وێناکردنەی قۆناغەکانی گەشەسەندنی مرۆیی دێنمەوە، باس لەو سیما و تایبەتمەندییە گشتییانە ناکەم، کە لە قورئان و فەرمووددا هاتوون و بۆ هەر قۆناغێک، چونکە ئەو جێگەی ئەم کتێبە نییە، بەڵام ئاماژە بۆ ناوەڕۆکیان دەکەم، چونکە لەوبارەیەوە ئایەت زۆرن، بە نموونە تەنها یەک ئایەت دەهێنمەوە: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّنَ الْبَعْثِ فَإِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ مِن مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ وَنُقِرُّ فِي الْأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى ثُمَّ نُخْرِجُكُمْ طِفْلاً ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّى وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَى أَرْذَلِ الْعُمُرِ لِكَيْلَا يَعْلَمَ مِن بَعْدِ عِلْمٍ شَيْئاً﴾ [الحج: ٥]. واتە: (ئەی خەڵکینە ئەگەر ئێوە لە گوماندان دەربارەی زیندووبوونەوە، ئەوسا (بزانن) بە ڕاستی ئێمە ئێوەمان دروست کردووە لە خاک

---

[١] ئایەتی: ﴿وَإِذَا بَلَغَ الْأَطْفَالُ مِنكُمُ الْحُلُمَ فَلْيَسْتَأْذِنُوا كَمَا اسْتَأْذَنَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ﴾ [النور: ٥٩ ].

فەرموودەی: "رفع القلم عن ثلاثة.... والصبي حتى يحتلم"، أبو داود، السنن، كتاب الحدود (٣٢)، باب (١٦)، حديث ٤٤٠٣، ٥٦٠/٤.

فەرموودەی: "يا أسماء إن المراة إذا بلغت المحيض، لم تصلح ان يرى منها إلا هذا وهذا... وأشار إلى وجهه وكفيه" أبو داود، السنن، كتاب اللباس (٣٦)، باب (٣٥)، حديث: ٤١٠٤، ٣٥٧/٤ – ٣٥٨. وقال: حديث مرسل.

[٢] ﴿حَتَّى إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً﴾ [الأحقاف: ١٥ ].

[٣] "إذا مات ابن آدم" وفي رواية اخرى: "إذا مات الإنسان انقطع عمله إلا من ثلاث: صدقة جارية وعلم ينتفع به وولد صالح يدعو له"، الترمذي، الجامع الكبير، كتاب الاحكام (١٣)، باب (٣٦)، حديث رقم: ١٣٧٦، ٦٦٠/٣، وقال: حديث حسن صحيح.

(خۆڵ)، پاشان (نەوەکان) لە نوتفەیەک (دروست دەبن) دواتر (دەبێتە) خوێنی مەییو دوای ئەوە (دەبێتە) پارچە گۆشتێک شکڵ و شێوە کێشراو و شکڵ و شێوە نەکێشراو، بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە بۆ ئێوە و لە منداڵداندا دەیهێڵینەوە (ڕایدەگرین) ئەو (بێچوو)ەی بمانەوێ (لەبار نەچێت) تا کاتێکی دیاریکراو پاشان (لە سکی دایکتان) دەرتان دێنین بە ساوایی، پاشان گەورە دەبن تا دەگەنە تەواوی هێز و تواناتان وە (لەم تەمەنەدا)، هەندێکتان دەمرێنرێن وە هەندێکتان دەگەیەنرێنە ئەوپەڕی پیری، بێکەڵکترینی تەمەن بۆ ئەوەی نەزانێ و لە بیری نەمێنێ هەرچی کە دەیزانی).

جێگەی سەرنجە زانایانی موسڵمان – وەک دەر دەکەوێت – ڕوونکردنەوەی تەواوی پەیوەندیی سیمای کەسێتی بە هەریەکە لەو قۆناغانەوە نەداوە، بەڵکو هزری ئیسلامی زیاتر باس لە قۆناغی پێگەیشتن دەکات، لە کاتێکدا قورئانی پیرۆز باسی ژیانی کۆرپەلەیی و قۆناغەکانی گەشەسەندنی دەکات، زۆرتریش قۆناغی پاش لەدایکبوون جەخت لێ دەکاتەوە، بە لای قۆناغی پیرێتی و کەنەفتیشدا لا دەکاتەوە و جەختی لێ دەکاتەوە.

ڕەنگە ئەم باسکردنەی قۆناغی پێش لەدایکبوون، دەرخستنی موعجیزەی قورئانی بێت، هەر لە سەرەتای مرۆڤەوە وەک ئاڵنگاریکردنی زانست نەک لە چەرخی بیست و یەکدا بەڵکو هەتا ڕۆژی قیامەت ﴿سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الْآفَاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الْحَقُّ﴾ [فصلت: ٥٣]. واتە: (لەمەودوا بەڵگەکانی خۆمانیان نیشان دەدەین، لە ئاسۆی دنیا و لە خودی خۆیاندا هەتا بۆیان ڕوون بێتەوە بێگومان ئەم (قورئانە) ڕاستە).

با بگەڕێینەوە بۆ لای زانایانی موسڵمان.

* جاحز لە (الحيوان)دا دەڵێت: باڵغبوونی نەوجەوانان چەند نموونەیەکی هەیە، لەیەکدوورکەوتنەوەی لایەکانی لووت، بۆنی بنباڵ دەگۆڕێت، دەنگ گەورە دەبێت، هەیانە شەیتانی نابێت (لە کوڕ و کچدا) ئەمە بۆ ژن خەوشە بەڵام بۆ پیاو خەوش

نییه)، جاحز لێرەدا باس لە سەرەتای قۆناغی هەرزەکاریتی و نیشانەکانی باڵغبوونی ڕەگەزی (بە زاراوەی ئەمڕۆ) دەکات.

* بەڵام ئیبن جەزارەی قەیرەوانی لە (سیاسة الصبیان وتدبیرهم)دا، وێنەیەکی تەواوی منداڵمان بۆ دەکێشێت، هەر لە ساتی لەدایکبوونیەوە هەتا کۆتایی منداڵی، لەم کتێبەیدا زۆر داهێنانی کردووە، شایستەی ئەوەیە لەسەریان ڕابوەستین زیاتر لەوانی دیکە.

- یەکەم شت ئەو باس لە ئاگاداربوون لە منداڵی دەکات، هەر لە ساتی لەدایکبوونیەوە.

- پاشان باس لە خۆراکی منداڵ و شیری دایک دەکات و دەڵێت، باشترین خۆراکی منداڵە.

- پاشان باس لە نوستن و ڕاکشان و شۆردن و پاککردنەوەی دەکات، ئامۆژگارییش دەکات ڕاستەوخۆ دوای شۆردنی شیر بە منداڵ نەدرێت، گریانێکی کەم بەر لە شیرپێدانی بۆی بەسوودە، وەرزی زستانیش باشترین وەرزەکانە بۆ خواردن پێدانی جگە لە شیری دایک.

- پاشان باسی شێوەی دانیشاندنی منداڵ دەکات، پاشان پتەوبوونی لەشی و چۆنیەتیی ڕاهێنانی پلە بە پلەی لەسەر ڕۆیشتن.

(دەبینین دەستەواژەی ڕاهێنان وەک پرۆسەیەکی پێگەیاندنی کرداری و عەقڵی بەکار دەهێنێت، ئەمەش یەکێکە لە چەمکە زۆر نوێیەکانی دەروونزانیی ئەمڕۆ).

- هەروەها باس لە گریانی منداڵ دەکات و لەو باوەڕەدایە، گریانی زۆر تووشی فێی دەکات و ئاماژە بۆ حەواندنەوەی منداڵ دەکات، بە دەنگ و لایلایەی خۆش و جواندنێکی کەمی، نەتۆقێنرێت بە شتێک لێی دەترسێت.

- پاشان دەگوزایتەوە بۆ دایەن کۆمەڵێک تایبەتمەندی بۆ دادەنێت، وەک ئەوەی پێویستە گەنج بێت لە سی و پێنج ساڵ تێ نەپەڕێت، لەشساغ و ڕەوشت بەرز بێت، لە بنەماڵەیەکی ژیر و پاکداوێن و سەخی و بەدەمەوەهاتوو بێت، جەستەشی بۆ شیرپێدان بشێت منداڵی هاوتەمەنی ئەم منداڵەی هەبێت.

(پەیوەستکردنی شیری منداڵان، بە ئاکار و تەندروستیی دایەنەوە ئەوپەڕی نوێگەری و پێشکەوتنە، هەروەها هاوکاتبوونی منداڵبوونی (دایک و دایەن) نیشانەی ئەوەیە قەیرەوانی، ئاگای لە گۆڕانکاریی شیری دایکی بەزیادبوونی تەمەنی کۆرپەکەی هەیە، ئەمەش تێڕوانینێکی زیرەکانەی زۆر وردە لەم بوارەدا.

– پاش دایەن وەسفی شیری منداڵی دەکات: شلەتێنە نە خەستە نە ڕوونە، نە زۆرە نە کەم، ڕەنگی نەگۆڕە، خێرا ناترشێت، نە تامی نە ڕەنگی تاڵ و ترشی پێوە نییە، بۆنیشی نییە).

– پاشان قەیرەوانی لەسەر خواردن و خواردنەوەی شیرەخۆرە ڕادەوەستێت و باسی چارەسەری دایەن دەکات، کە شیری کەم بێت بە دەرمان و گژوگیا و سەوزە. – پاشان باس لە نەخۆشییە جەستەییەکانی منداڵ یەک بە یەک دەکات لەگەڵ پشکنین و چارەسەریشیاندا.

– ئەوجا دێتە سەر پەروەردەی منداڵ، هەر لە بچووکییەوە هەرچەند تەبیعەتی ئەرێنی و نەرێنیشیان لە یەک جیا بێت، یاسایەک لە یاساکانی فێربوون دەخاتە ڕوو:

(پەروەردەکردنی منداڵ لە تەبیعەتێکی ناپەسەندەوە دەیگوازێتەوە بۆ تەبیعەتێکی پەسەند) واش دەبینێت پەوەردە دەبێت لە قۆناغی بچووکییەوە دەست پێ بکات، پێش ئەوەی منداڵەکە لەسەر خراپەکاری ئالوودە ببێت و نەتوانێت دەستبەرداری بێت، خووش بە هاوتای تەبیعەت دەزانێت، واتە ئەگەر تەبیعەت جوان بوو، منداڵیشی ڕاهێنرا لەسەر ڕەوشتبەرزی، ئەوکات سیفەتە جوانەکان دەبنە کاڵای باڵای منداڵ، چونکە لە دوو لاوە وەری گرتوون (ژینگە و بۆماوەیی).

– قەیرەوانی لە کۆتاییدا قسە لەسەر هۆکارەکانی پەروەردەکردنی منداڵ دەکات، وەک پیاهەڵدان، شکاندن، لێدان، تەماخستنەبەر، ترساندن.

– لە ڕاستیدا نازانرێت چۆن باس لەو کارامەییە بێوێنەییە بکرێت، کە خودا بە ئیبن جەزاری قەیرەوانی بەخشیوە، کە بیردۆزێکی داناوە، وەختە بوترێت سەرتاپاگیرە لەسەر منداڵی نەوزاد و کۆرپە و هەراش، بە هەموو ڕەهەند و گۆڕانکارییە جیاوازەکانەوە، کە کاریگەرن لە پەروەردەکردنی منداڵدا، ئەم بیردۆزەش زۆر سەردەمیانە و نوێیە.

* ئەحمەد حەمدی کرمانی، لە (راحة العقل)دا داهێنانێکی دیکە لەم بوارەدا دەکات، ئەو وێنەیەکی گەشەسەندنی مرۆڤ دەکێشێت و قسە لە گەشەی کەڵەکەبوو دەکات، بە شێوەیەک ئەو حەوت قۆناغەی دانراون بۆ پێکهێنان و پەیدابوونی کۆرپەلە تەواو نابن هەتاکو قۆناغی پێش خۆی تەواو نەبێت، هەروەها کرمانی قۆناغەکانی گەشەسەندن دەبەستێتەوە بە میزاجەکان و سێ هێزەکەی دەروون، کلێشەی ژمارە (١١) بۆچوونەکەی کرمانیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەو کلێشەیەی کرمانیدا بە بۆماوەیی دەست پێ دەکات، کە ئەو پێی دەڵێت (السلالة) پێش پەرەسەندن (واتە پێش ئەوەی کۆرپەلە بگاتە قۆناغەکانی)، ئەمڕۆ هیچ کتێبێکی نوێی دەروونزانیی گەشەسەندن نییە، ئەم باسەی تێدا نەبێت.

قۆناغەکانی گەشەسەندن لای کرمانی، پەیوەندیی بە جۆرەکانی هێزی دەروونییە مرۆییەکانەوە هەیە.

**ئەحمەد محەمەد کرمانی لە (راحة العقل)**




گەشەسەندنی کەڵەکەبوویی، هیچ کامیان بەبێ گەشەسەندنی قۆناغی پێش خۆی تەواو نابێت.

**کلێشەی ژمارە (١١)**

* ڕاغیبی ئەسفەهانی لە (تفعیل النشأتین وتحصیل السعادتین)دا، هەوڵ دەدات لەم ئایەتە پیرۆزەوە ڕاڤەی تەبیعەتی مرۆڤ بکات، ﴿خَلَقَ الْإِنسَانَ مِن صَلْصَالٍ كَالْفَخَّارِ * وَخَلَقَ الْجَانَّ مِن مَّارِجٍ مِّن نَّارٍ﴾ [الرحمن: ١٤ - ١٥] واتە: (ئادەمیی دروست کرد لە قوڕێکی وشکەوەبووی وەک سوالەت * وە جنۆکەی دروست کرد لە بڵێسەی ئاگرێکی بێ دووکەڵ)، کە مرۆڤ هێندە گڵینە و شوێنەواری ئاگری پێوەیە، ئەوەندەش هێزی شەیتانی لەسەرە، پاشان بە بینشی ئەم دروستبوونی مرۆڤ بە حەوت قۆناغە (قوڕ، تنۆک، خوێنپارە، پارچە، ئێسقان، گۆشت، دروستبوونێکی تر) تێ دەپەڕێت ئەمەش ڕیزبەندیی خودی قورئانە.

ئەسفەهانی باوەڕی وایە کە مرۆڤ بە یەکجار کۆبوونەوەی ئەم ڕەگەزانە پەیدا نابێت، بەڵکو پلە پلە پێ دەگات، لە ڕووی دەستەییەوە بە گەشەسەندن، کە هێزی ئارەزووکاری پاڵی پێوە دەنێت، لە ڕووی مەعنەوییەوە بە زانست و قەزیلەت، کە هێزی ژیری پاڵی پێوە دەنێت، جاری وا هەیە هێزی ئارزووکاری دەبێتە لەمپەر لە بەردەم پێگەیشتنی زانست و فەزیلەتدا.

* دەگەڕێینەوە بۆ لای غەزالی (معارج القدس فی معرفة النفس)دا، باسی سروشتی دەروون دەکات لە جەستەدا، بەڵگە دەهێنێتەوە کە لەگەڵ لاوازبوونی لەشدا ئەویش لاواز نابێت، دەکرێت پاش چل ساڵی هێزی جەستەیی بەرەو دارمان بچێت، بەڵام هێزی ژیری لە زیادە و نەشونمادا دەبێت، (کتێبەکانی دەروونناسیی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردووش جەخت لەمە دەکەنەوە).

* فەخری ڕازی لە (الفراسة)دا، قۆناغەکانی گەشەسەندنی مرۆڤ دەکات بە چوار قۆناغ ناو دەنێت (چوار تەمەنەکە)، تەمەنی گەشە، تەمەنی وەستان، تەمەنی کامڵی، تەمەنی پیرێتی، نازانم فەخری ڕازی چۆن ئەو بازەی داوە لە گەشەوە بۆ وەستان؟ واتە بە یەک ساڵ تەمەنەکە، ئەگەر مەبەستی وەستانی منداڵە لەسەر قاچی یان مەبەستی وەستانی گەشەسەندنێکە، کە ئەو دیاریی نەکردووە یاخود وەستانی باڵایە، کە لە تەمەنی (١٧ – ٢٥)ساڵیدایە.

* ئیبن قەیمی جەوزی (تحفة الورود فی احکام المولود)دا، دێت باسی قۆناغەکانی ئادەمیزاد دەکات لەو کاتەی تنۆکێکە، هەتا دەچێتە بەهەشت یان دۆزەخەوە.

یەکەم جار باس لە سەرەتای پەیدابوون و پێکهاتە و کاتەکانی دەکات، ماوەی دووگیانی و ڕەگەزی کۆرپەلە و جیاوازیی کۆرپەلە و جێگاکەی دەکات، پاشان لەدایکبوونی و هەستی بیستن و بینینی، چواندنی مناڵ بە باوک و دایکەوە لەو شتانەی لەوان دەچێت (بۆماوەیی)، زیرەکی و توانای ژیریتی، پاشان هەرزەکاری و تایبەتییەکانی و نیشانەکانی، پاشان کاملبوونی دوای چل ساڵی دوای ئەوە پیریتی و کەنەفتبوون و مردن و بەرزەخ و قیامەت. ئەم کتێبە لە ڕاستیدا بیردۆزێکی دیکەی گەشەکردنە، دەکرێت بە دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی نوێی چەمکی دەروونناسیی پێگەیشتن بە قووڵی سەرنجی بدرێت.

ناتوانین لێرەدا زیاتر درێژەی پێ بدەین، چونکە دەبێت زۆرینەی لاپەڕەکانی (تحفة الودود) بهێنین بۆ ئێرە، ئەمەش ناکرێت، چونکە بابەتەکەی ئیمە سەرتاپاگیر و پوختە.

* لە کۆتاییدا لای ئیخوانوصەفا (رسائل اخوان الصفا)، شتێک هەیە بە بۆچوونی من لە قۆناغەکانی گەشەی مەعریفی jean ploget دوور نییە، ئەوان تیایدا قسە لەسەر چۆنیەتیی شارەزایی مرۆڤ دەکەن بە زانراوەکان، بە پشتبەستن بە قۆناغەکانی گەشەسەندن، ئەمشە پەیکەر و بناغەی بیردۆزەی (بیاجی)یە، کە لای ئەوان بە سێ ڕێگایە:

- ڕێگای پێنج هەستەوەرەکە، کە زۆرینەی زانستی مرۆڤە، پێزانینی هەر لە منداڵییەوە دەست پێ دەکات، لەمەدا مرۆڤ و ئاژەڵ وەک یەکە.

- ڕێگای ژیری ئەو ڕێگایەیە، کە مرۆڤ لە ئاژەڵ جودا دەبێتەوە پێزانینی لە پاش منداڵی و سەرەتای باڵغبوون دەست پێ دەکات.

- ڕێگای بەڵگەهێنانەوە، کە تایبەتە بە بژاردەکانی ناو خەڵکەوە (بە کۆمەڵێک لە زانایان وتراوە).

نامەویێت بەراورد بکەم، بەڵام ئەوی کاتی هەبێت، با بگەڕێتەوە بۆ لای (بیاجی) لە ئیخوانوسەفاکان کە شتی سەیر دەڵێت، ئەو قۆناغەکانی گەشەسەندنی مەعریفیی مرۆڤ دەبەستێتەوە بە قۆناغەکانی گەشەسەندنی تەمەن و گەشەسەندنی باڵا.

**ڕەنگە گونجاو بێت سەرنج بۆ دوو خاڵ ڕاکێشین:**

- یەکەم قۆناغەکانی گەشەسەندن لای زانا موسڵمانەکان، بە ئەندازەیەکی زۆر هاوتەریبن لەگەڵ ئاڕاستە قورئانییەکاندا، کە بە تێروتەسەلی لەم بوارەدا ڕوونی کردەوەتەوە، بەتایبەت قۆناغی دروستبوون.
- زانایانی موسڵمان، کەمتر قۆناغەکانی گەشەی مرۆییان بەستووەوتەوە بە سیما و سیفەت و تایبەتمەندییەکان، کە لەگەڵ قۆناغەکاندا هاوڕێن.

لە ڕاستیدا ئەم جۆرە پەیوەستکردنە، پێویست دەکات چەمک یان چوارچێوەی بیردۆزی قۆناغەکانی گەشەی مرۆیی تەواو بکرێت، چونکە دەروونناسیی گەشەی مرۆیی بۆ هەر قۆناغێک باسی لایەنێک لە لایەنە جیاوازەکانی گەشەی مرۆیی دەکات، واتە قۆناغەکانی گەشەسەندنی مرۆڤ لە ڕووی جەستەیی، فسیۆلۆجی، جووڵە، ژیری، کۆمەڵایەتی، ویژدانی، کە هەموو ئەمانە لە چوارچێوەی بیردۆزی دەروونناسیی کەسێتی ڕەنگ دەدەنەوە، ئیتر پەیوەست بێت بە قۆناغەکانی فرۆید یان ئەریکسۆنەوە، لەسەر کەسێتی.

لە کۆتاییدا خوێنەر دەتوانێت بۆ زانیاریی زیاتر، لەسەر ئەم بەشە (قۆناغی گەشەسەندن لای زانا موسڵمانەکان) بگەڕێتەوە بۆ ئەم سەرچاوانە:

- الحيوان / للجاحظ.
- القانون في الطب/ ابن سينا.
- الفراسة/ فخر الدين الرازي.
- سياسة الصبيان وتدبيرهم / ابن جزار القيرواني.
- مجموعة رسائل الكرماني/ أحمد حميد الكرماني.
- تفصيل النشأتين وتحصيل السعادتين/ الراغب الأصفهاني.
- تحفة الودود بأحكام المولود/ ابن قيم الجوزية.

## چوارەم: پاڵنەرە مرۆییەکان لە کەلەپووری ئیسلامیدا

### ١/٤ سروشت و جۆری پاڵنەرەکان

پاڵنەرەکان Motives زیاتر بە دیاریکردنی کەسێتیی مرۆیی دادەنرێت، کە بریتییە لە وزە پەنهانییە دەروونییەکان لە بوونەوەری زیندوودا، پاڵ دەنێت بەرەو ئاکارێکی مەبەستداری دیاریکراو، ئیتر ئەو کارەی لەگەڵ خۆی بێت یان لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی و لەگەڵ دنیای دەرەوەدا دێت. زانایانی دەروونناسیی هاوچەرخ پاڵنەرەکان، دابەش دەکەن بۆ ئاگایی (شعوری)، کە بە ئاگایانە و بە ئامانجێکی مەبەستدار پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بەرەو ئاکارێک، نائاگایی (لا شعوری) کە بەبێ ئاگا پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بەرەو ئاکارێک.

هەیانە بە پێوەرێکی دیکە دەیکات بە دوو جۆرەوە:

- پاڵنەرە خۆڕسکییەکان، کە دابەش دەبێت بۆ پاڵنەرە (فیسیۆلۆجییەکان) کە بەرپرسە لە خۆپاراستن، وەک پاڵنەری خواردن و خواردنەوە، بەرگری لەخۆکردن و پاڵنەری (بایەلۆجی) ناوخۆیی و سۆزداری بەرپرسە لە پاراستنی جۆر، وەک: پاڵنەرەکانی ڕەگە ز و دایکایەتی و میهرەبانی.

- پاڵنەرە بەدەستهێنراوەکان: مرۆڤ لە ڕێگای ئەزموون و ڕاهێنان و مومارەسەکردن و ئامادەسازییەوە بەدەستیان دەهێنێت. وەک پاڵنەرەکانی: فێربوون، سەرکەوتن، مەلەوانی و زیاد لەوانەش.

- لە دەروونناسیی هاوچەرخدا، تێچێنییەک هەیە لەنێوان پاڵنەرەکان Matives و پێویستییەکاندا Needs ئێستا جەخت لە حەوت پێویستی دەروونی بە پلەیەک دەکرێتەوە، کە ئەمانەن: خۆشەویستی، ئارامی، سەرکەوتن، ئازادی، ڕێزلێنان، تەعبیرلەخۆکردن، ئینتیما.

ڕەنگە ئەمڕۆ ئەو هەرەمەی ماسلۆ Moslow بۆ پاڵنەرە مرۆییەکان دایڕشتووە، زیاتر پشتی پێ ببەسترێت، لەو هەرەمەدا پێویستییەکان ڕیزبەند کراون، لە نزمەوە بۆ بەرز، لە بنیاتێکی کەڵەکەبوودا، کە یەک لە دوای یەک پیایدا هەڵدەزنێت یان پیایدا سەر دەکەوێت، ئەو پێنج ئاستەی پێویستییەکان ئەمانەن:

فسیۆلۆجی، ئارامی و سەلامەتی، خۆشەویستی، ئینتیما، ڕێزلێنان، پێویستبوون بە خۆسەلماندن.

Moslow کۆمەڵە کەسایەتییەکی مێژوویی و هاوچەرخی هەڵبژاردووە، لە بواری: زانستی، سەربازی، دەسەڵاتداریّتی، باوەری وایە ئەوانە گەیشتوونەتە پلەی خۆسەلماندن، بوون بە نموونەی هەڵزنان بە پەیکەری پێویستییەکاندا. لای ئەم ئەو کەسانە تاکی تەندروست بوون و هەموو وزەی خۆیان بە گشت توانایانەوە بەکار هێناوە، لەوانە بۆ نموونە: زانای کۆمەڵناسی ئەمریکا Jone Addams زانای فیزیای بەناوبانگ و خاوەنی بیردۆزی ڕێژەیی Albert Einstein " مۆزیکژەنی ئەڵمانی Lodwing Bethoven، زانای دەروونناس William Jaimes، سەرۆکەکانی ئەمریکا Thomas Lofeersonو Ibraham Lincoln، ژنی سەرۆکی ئەمریکا Rossevelt و جگە لەمانەش.

ئەمە پوختەیەکی زۆر کورتی پاڵنەر و پێویستییەکانی مرۆیی بوون لە دەروونناسیی هاوچەرخدا، دەکرێت بۆ زیاتر ئاشنابوون بۆ سەرچاوە تایبەتمەندەکان بگەڕێیتەوە، چونکە درێژەپێدانی ئیشی ئەم کتێبە نییە، ئەمەمان تەنها وەک دەروازەیەک هێنا، بۆ چەمکی پاڵنەرەکان، تا هەندێک بەراوردکاریی ڕواڵەتی بکەین کاتێک دەگەینە ئەو باسە لەگەڵ چەمکەکە لای زانا موسڵمانەکان.

### ٢/٤ پاڵنەرە مرۆییەکان لە کەلەپووری ئیسلامیدا

با بگەڕێینەوە بۆ تێڕوانینی ئیسلامی بۆ چەمکە پاڵنەر و پێویستییە مرۆییەکان:

* بەپێی زاراوەی قورئانی بە (جوانکراو) دەر دەبڕدرێت، کە ڕاستترین دەربڕینە و قووڵترین مانا بۆ چەمکی پاڵنەرە مرۆییە خۆڕسکییەکانە، قورئانی پیرۆز ئەم جوانکراوانە لە یەک ئایەتدا کۆ دەکاتەوە: ﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاء وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ﴾ [آل عمران: ١٤]، واتە: (ئارەزووی ئافرەت و بوونی نەوەی نێرینە و خاوەنێتیی ئاڵتون و زێڕ و زیوی زۆر و زەبەندە و ئەسپی چاک و ڕەسەن و (هۆکاری هاتوچۆ) هەروەها ماڵات و زەویوزاری کشتوکاڵ بۆ خەڵکی ڕازێنراوەتەوە). ئەم پاڵنەرانە

یان ئەم جوانکراوە سروشتییانەی مرۆڤ وەک قورئان دەفەرمویێت: باوکایەتی، دایکایەتی، سەروەت و سامان، سواری، خێروبێر بە هەردوو بەشەکەیەوە: ئاژەڵ و کشتوکاڵ.

فەرموودەیەکی پێغەمبەری خودا (درووودی خوای لەسەر)، باس لە پاڵنەری دیکەی مرۆڤ دەکات، کە: هیوادرێژی و حەزبەدنیاکردنە، دەفەرمویێت: (دڵی پیر هەمیشە بە دوو شت گەنجە: حەزی دونیا و هیوادرێژی).[1] سەبارەت بە خۆشی، باس دەکات دوو شتی دنیا لا خۆشەویستە: (بۆنخۆشی و ئافرەت).[2] عائیشە دەڵێت: دادگەری لەنێوان ژنەکانیدا دەکرد و دەیفەرموو: (خودایە ئەمە دابەشکردنەکەی منە لەوەی دەتوانم، لەوەی ناتوانم لێم مەگرە).[3] ئەمە دەربڕینی حەزە سروشتییەکە یا لائیرادییەکەی مرۆڤە، قورئان لەم بارەوە زۆر ڕوون و ئاشکرا دەفەرمویت: ﴿وَلَن تَسْتَطِيعُواْ أَن تَعْدِلُواْ بَيْنَ النِّسَاء وَلَوْ حَرَصْتُمْ فَلاَ تَمِيلُواْ كُلَّ الْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا﴾ [النساء: ١٢٩]. واتە: (ئێوە هەرگیز ناتوانن دادپەروەر بن لهنێوان ژنەکانتاندا، هەرچەندە سوور بن (هەوڵ بدەن) جا کەواتە بە تەواوی خوار مەبنەوە (لە هاوسەری یەکێکیان) بەو هۆیەوە واز بهێنن لەوی تریان وەک هەڵبەستراو).

* هەروەها قورئانی پیرۆز، باسی پێویستییەکی دیکەی دەروونی دەکات، ڕەنگە ئێستا پێی بوترێت: پێویستیی ئاسایش و سەلامەتی، ئەویش گەڕانەوەی مرۆڤە لە کاتی پێویستیدا بۆ لای خودا و داوای فریاکەوتن و ڕزگارکردن و پاراستنی، ئیدی لە کاتی سواربوونی کەشتیدا بێت، لە دەریا و هەڕەشەی خنکانی بێتە بەردەم، یان لە بیابانێکدا وێڵ دەبێت یان کارەساتێکی بەسەردا دێت، لەم بارەیەشەوە ئایەت زۆرە، نموونەیەک دەهێنینەوە: ﴿قُلْ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ تَدْعُونَهُ تَضَرُّعاً وَخُفْيَةً لَّئِنْ أَنجَانَا مِنْ هَـذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ * قُلِ اللّهُ يُنَجِّيكُم مِّنْهَا وَمِن كُلِّ كَرْبٍ

---

[1] أخرجه البخاري في الصحيح، كتاب الرقائق (٨١)، باب (٥)، حديث رقم: ٦٤٢٠، ٢٢٠/٧.

[2] أخرجه النسائي، السنن، كتاب عشرة النساء (٣٦)، باب (١)، حديث رقم: ٣٩٣٩، ٦١/٧.

[3] أخرجه الترمذي، الجامع الصحيح، كتاب النكاح، باب ما جاء في التسوية بين الضرائر، حديث رقم: ١١٤٠، ٤٤٦/٣.

ثُمَّ أَنتُمْ تُشْرِكُونَ﴾ [الأنعام: ٦٣ - ٦٤]. واته: (ئەی موحەممەد (دروودی خوای لەسەر) بڵێ: ئایا کێ ئێوە ڕزگار دەکات لە تاریکییەکانی وشکانی و دەریا کە هاوار و نزای لێ دەکەن بە ئاشکرا و نهێنی (ئەڵێن) سوێند بە خودا ئەگەر لەم مەترسییە ڕزگارمان بکات، ئەوە بێگومان لە سوپاسکارانی خودا دەبین * بڵێ: هەر خودا ئێوە ڕزگار دەکات لەو مەترسییە و لە هەموو ناڕەحەتی و غەم و پەژارەیەک (لەگەڵ ئەوەشدا) پاشان ئێوە هاوبەش بۆ خودا بڕیار دەدەن).

* پێویستییە خۆڕسکەکان هەموویان قورئان و فەرموودە دانیان پیادا ناون، ئیسلام مامەڵەیەکی ناوەندێتیی ژیرانەی لەگەڵ کردوون، بەبێ زیادەڕۆیی و پشتگوێخستن، ئەمەش دەمانباتەوە بۆ برگەی پێشەوە، کە باسمان کرد ئەویش کەسێتیی هاوسەنگە کە ئیسلام داوای دەکات، پێشەوا بوخاری لە سەحیحەکەیدا دەگێڕێتەوە: کە سێ پیاو هاتن بۆ ماڵی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر)، پرسیاریان لە پەرستشەکانی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) کرد، ئەوانیش بۆیان باس کردن، وەک بڵێی پەرستشەکەیان لا کەم بوو، وتیان: ئێمە لە کوێی پێغەمبەری خوداین، ئەو لە گوناهی ڕابردوو و داهاتووشی بەخشراوە؟ جا یەکێکیان وتی: من بە هەمیشەیی شەونوێژ دەکەم، یەکێکی دیکەیان وتی: من هەموو ڕۆژەکان بەڕۆژوو دەبم و هیچ ڕۆژێک نایشکێنم، ئەوی دیکەیشیان وتی: من لە ژن دوور دەکەومەوە و هەرگیز هاوسەرگیری ناکەم. جا پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) هاتەوە و فەرمووی: ئێوە بوون ئاوەها و ئاوەهاتان وتووە؟ بەڵام من لە هەمووتان لەخواترسترم، بەڵام ڕۆژوو دەگرم و دەیشیشکێنم، شەونوێژ دەکەم و دەشنوم، هاوسەرگیری لەگەڵ ژنانیش دەکەم، ئەوەش لەم ڕێبازەم لا بدات لە من نییە".[١]

لێرەوە فەرموودەیەکی شرینی فەرموو: "خوای پەروەردگار گۆشەگیری بۆ گۆڕیون بۆ ناوەندێتیی ئاسان (الحنفية السمحة)".[٢]

---

[١] أخرجه البخاري في الصحيح، كتاب النكاح (٦٧)، باب (١)، حديث رقم: ٥٠٦٣، ٤٣٧/٦.

[٢] العجلوني، كشف الخفاء، حديث رقم: ٣١٥٤، ٥١/٢.

خوای پەروەردگاریش بە گاورەکان دەفەرمویّت: ﴿وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ﴾ [الحديد: ٢٧]. واتە: (گۆشەگیرییەک کە خۆیان دایانهێنابوو، کە ئێمە ئەوەمان لەسەر پێویست نەکردبوون).

با بگەڕێینەوە بۆ ناوەڕۆکی باسەکە (پاڵنەرەکان) لای زانا موسڵمانەکان.

* پێشەوا غەزالی لە (معارج القدس)دا، پاڵنەرەکان کە بە (حەزەکان) ناو دەبات، پەیوەستیان دەکات بە هێزە دەروونییەکانەوە (زۆریش جەخت لە هێزی ئارەزووبازی دەکاتەوە)، بۆ ئەمەش نموونەی حەز لە خواردن دەهێنێتەوە، ئەو باوەڕی وەهایە قازانج و زیانیشی هەیە، هێزی ئارزوو لای غەزالی سەختتر و ناڕەحەتترە لە هەموو هێزە دەروونییەکانی مرۆڤ.

پاشان بەرز دەبێتەوە بەرەو (حەزەکان) و دەیانکات بە چەند جۆرێک:

- حەزی ئاژەڵی: وەک هەڵچوون، حەزکردن لە دامرکاندنەوەی ئارەزوو، ئەم جۆرە حەزانە خراپە و پیسی و زیادەڕۆیی و کەوتن و چاوچنۆکی لێ بەرپا دەبێت.

- حەزی شەیتانی، لە کاتی کۆبوونەوەی تووڕەیی لەگەڵ ئارەزوودا پێکەوە پەیدا دەبێت، کە فێڵ و گزی و فریودانی لێ دیتە بەرهەم.

- حەزی خودایی: حەزی مرۆڤە بۆ خۆڕازاندنەوە بە سیفەتە خوداییەکان، کە: لەخۆباییبوون، بەخۆدانازین، حەزلەپیاهەڵدان، حەزی نەمری، هەوڵی شکۆمەندبوون بە بارە نەرێنییەکەی لێ بەرهەم دێت، لە لایەکی دیکەشەوە: زانست، حیکمەت، یەقین، تێگەیشتن لە حەقیقەتی شتەکان بە بارە ئەرێنییەکەی لێ بەرهەم دێت.

سەرنج دەدرێت، کە غەزالی جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە بۆ هێزە دەروونییەکان و وای دادەنێت، کە حەز لە ئەنجامی ئەوانەوەیە، هەریەکەش لەم حەزانە سەر دەکێشێت بۆ جۆرێک لە جۆرەکانی ئاکار یان سیما کەسییەکان، وەختە تێڕوانینی ئەو بۆ ئەم حەزانە هەمووی بە خۆڕسکی سەیر بکات.

هەر غەزالی لە (إحياء علوم الدين)دا، پۆلێنێکی دیکەی ئەو پاڵنەران دەکات وەک پێشتریش باسمان کرد، دەیانکات بە دوو بەشەوە:

- پاڵنەرە ڕێنماییەکان (ئاین) کە بەهۆی پەرستش و ژیانی چاکەکارییەوە پەیدا دەبێت، کە: ترس لە خودا، هیوا بە خۆشەویستی ئەو، بەشێکن لێی، هەروەها پاڵنەر و کارلێک و عاتیفەیەک کە خۆشەویستی و سوپاس و پشتبەست بەخوابەستنیان پێوە پەیوەستە.

- پاڵنەری ئارەزوو (دنیا): خودا بۆ مرۆڤی ڕازاندووەتەوە، کە حەوتن لە سورەتی (آل عمران)، پێشتر باسمان کردن، پاشان لە سورەتی (الحديد) پێنجیان باس دەکات ﴿اعْلَمُوا أَنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِي الْأَمْوَالِ وَالْأَوْلَادِ﴾ [الحديد: ٢٠]، واتە: (بزانن کە بێگومان ژیانی دنیا تەنها گاڵتە و گەمە و ڕازاندنەوە و خۆهەڵکێشانە، لەنێوانیاندا و لاف لێدانە بە دارایی و منداڵی زۆرەوە)، پاشان هەموویان بۆ یەک دانە دەگەڕێنێتەوە ﴿وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى﴾ [النازعات: ٤٠]، واتە: (بەرگریی نەفسی خۆی کردبێت لە ئارەزووی خراپە)، غەزالی لە حەزەوە دەگوازێتەوە بۆ پاڵنەرەکان، وەک دەر دەکەوێت هەوڵ دەدات جەخت لە دوو شێواز بکاتەوە: شێوازێکی خۆڕسکی ئەو پێی دەڵێت حەز (مەیل)، شێوازێکی بەدەستهاتوو پێی دەڵێت پاڵنەرەکان (البواعث).

بەڵام لای ئەو پاڵنەری ئارەزوو هەردووکیان پێکەوە دەگرێتەوە: ئەوەی لە بەرچاوی خودی مرۆڤدا جوان کراوە خۆڕسکییە، ئەوەشی کاریگەری لەسەر مرۆڤ و ئاکارەکانی دەکات بەدەست هاتووە.

غەزالی باوەڕی لە (إحياء علوم الدين)دا، وەهایە کاریگەرترین ئارەزوو لەسەر پیاو ئارەزووی ئافرەتە، کە بەسەریدا زاڵە و پیاو خۆی لە بەردەمیدا ناگرێت، بەڵام لە (معارج القدس) بە تێڕوانینێکی ئیمانی لە ئارەزووی سێکسی دەڕوانێت و دەڵێت: ئارەزووی جووتبوون پەیدا بووە، کە هۆکاری مانەوەی ڕەگەزی مرۆڤە، کەواتە پێویستە هاوسەرگیری بۆ گەنجان بکرێت، لەبەر داوێنپاکی نەک بۆ خۆشی و ڕابواردن.

غەزالی دڵ دەکات بە سێ دڵ، وەک پێشتریش لە باسی دڵدا وتمان:

– دڵێکی ئاوەدان بە تەقوا، پاڵنەری خێری تێدا گەشە دەکات.

- دڵێکی بارگاوی به ئارەزوو، پاڵنەری ئارەزوو و هەوەس تێیدا گەشە دەکات.
- دڵێک ڕاڕایە لەنێوان خێر و شەڕ، پاڵنەری خێر و شەڕکردن تیایدا پێک دەدەن.

* جونەیدی بەغدادی لە (رسائل الجنید) وای، دەبینێت کە پاڵنەرەکانی ناو مرۆڤ خەیاڵکردنی لێ پەیدا دەبێت، خەیاڵکردنیش سیانن:
- خەیاڵی شەیتانی، پاڵنەرەکەی وەسوەسەی شەیتانەکانە.
- خەیاڵی نەفسانی، پاڵنەرەکەی ئارەزوو و حەزە بە ئیسراحەتکردن.

جونەید هەوەسیش دەکات بە دوو جۆر: هەوەسی نەفسانی وەک: حەز لە باڵایی و دڵخۆشبوون بە شکستی بەرانبەر. هەوەسی و جەستەیی وەک: خواردن و خواردنەوە و هاوسەرگیری.

- خەیاڵی ڕەببانی، پاڵنەرەکەشی پاڵپشتی خودایيە بە شێوەیەک، کە خەیاڵەکەی موافیقی شەرع بێت و بەڵگەی دروستبوونی پێ بێت لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە سەرەتا دەروون لێی ساردە، تا کەمە کەمە حەزی بۆی دروست دەبێت.

دەروونیش لای جونەید گونجانی لەگەڵ خەیاڵی شەیتانی خێراترە لە ڕەببانی، چونکە ئەویان لە هەوەس و حەزەوە دێت، بەڵام ئەمیان لە ئەرکباریی دینەوەیەوە.

ئەم تێڕوانینەی جونەید ڕوونە، کە تێڕوانینێکی سۆفییانەیە بۆ ئاکاری مرۆیی.

* ئیبن قەیم لە (الفوائد)دا وای دەبینێت، کە ململانێی نێوان پاڵنەری عەقڵ و ئاین و پاڵنەری هەوەس و ئارەزوو بەردەوام دەبێت، مرۆڤ بە خۆگری نەبێت تیایدا سەر ناکەوێت، (واتە بە قازانجی عەقڵ و دین). ئەو پاڵنەرەکان بە دوو باڵی هاودژ سەیر دەکات.

ئەم تێڕوانینەی ئیبن قەیم نزیکە لە تێڕوانینی غەزالی لەم بوارەدا، بۆچوونی هەردووکیشیان لەو ئایەتە پیرۆزانەی سورەتی (النازعات) وەر گیراون ﴿فَأَمَّا مَن طَغَى * وَآثَرَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا * فَإِنَّ الْجَحِيمَ هِيَ الْمَأْوَى * وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى * فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَى﴾ [النازعات: ٣٧ - ٤١]. واتە: (لەو ڕۆژەدا چاکە و خراپە بەپێی

کردەوە دابەش دەکرێت، ئینجا ئەو کەسەی سەرکەش بووبێ * ژیانی دنیای هەڵبژاردبێت * ئەوە بێگومان دۆزەخ جێگایەتی * ئەو کەسەی کە ترسابێت لە هەڵوێستگەی بەردەم پەروەردگاری و بەرگری نەفسی خۆی کردبێت لە ئارەزووی خراپە *.ئەوە بێگومان بەهەشت جێگایەتی)، هەروەها لەم ئایەتانەی سورەتی (الشمس)ەوە: ﴿وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا * فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا * قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا * وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا﴾ [الشمس: ٧ - ١٠]. واتە: (سوێند بە نەفس (ی ئادەمی) و ئەوەی ڕێکوپێک بەدی هێناوە * ئینجا بە سرووش ئاگاداری کرد بە بەدکاری و پارێزکاریی خۆی * سوێند بە هەموو ئەوانە بە ڕاستی ڕزگاری بوو، ئەو کەسەی کە نەفسی خۆی پاک کردەوە * بێگومان نائومێد بوو ئەو کەسەی، کە نەفسی خۆی (بە گوناه) ون و تاوانبار کرد)، بێگومان ئەمانە تەنها ئەو ئایەتانە نین لەو بوارەدا بەڵکو ئایەتی دیکە زۆرن.

کاتێک سەیرێکی پوختەی بۆچوونی، بەشێکی زانایانی موسڵمان دەکەین لەسەر پاڵنەرەکان، دەبینین لە چوارچێوەی ئەم کۆمەڵە بنەمایە دەر ناچن:

١ – پاڵنەرەکان یان حەزی سروشتی یاخود بەدەستهاتوون، هەندێکیان بۆ مرۆڤ جوان و خۆشەویستکراون، هەندێکیشیان لە دەروونەوە هەڵدەقوڵێن، کە سەیری دنیا و خۆشی و جوانییەکانی دەکات و هەوڵی خۆتێرکردن دەدات لێیان.

٢ – زانایانێک کە ناومان هێنان لە چەمکی ئیسلامییەوە بۆ دەروون و سروشت و خەیاڵەکانی دەروون چوون ﴿وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ﴾ [ق: ١٦]، واتە: (چاک ئاگادارین بەو خەیاڵ و خەتەرانەی دێن بە دڵ و دەروونیدا)، مرۆڤیش لە ڕووی عەقڵییەوە دەتوانێت، کە هاوسەنگی بکات لەنێوانیاندا و سەر بکەوێت بەسەر خراپەکەدا و ڕازی بێت بە چاکەکەی.

٣ – لە بازنەی هێزە دەروونییەکان دەر نەچوون، ئیتر یان بە ڕاشکاوی باسیان کردوون، وەک غەزالی یان بە ناڕاستەوخۆ وەک زانایانی دیکە.

٤ – لەنێوان پاڵنەرەکان و ئاکارەکاندا، ئەڵقەیەکی پەیوەندی هەیە لای غەزالی بە (میول) حەز و لای جونەیدی بەغدادی بە خەیاڵات (خواطر) ناو دەبرێت.

**٣/٤ پاڵنەرەکانی شەهوەت و هەوەس و چێژ**

کە باسی پاڵنەرەکانمان کرد، لە کەلەپوری ئیسلامیدا، پێویستیش دەکات بچینە ناو باسی زاراوەی دیکەی وەک: هەوەس و چێژ و حەز، چونکە لەگەڵ ئەوا لە یەک ناپچڕێن و پێکەوە ئاڵقێنراون.

نموونەی ئەم زاراوانە لە کۆن و نوێدا، باسی بنەڕەتی بوو لە کتێبی زانا و ڕاڤەکار و فەرموودەناس و بیریارە موسڵمانەکان، بە دووروودرێژی نا بەڵام بە کورتی بە ئەندازەی پێویستییان بە چەمکی پاڵنەرە مرۆییەکانەوە، ئاماژەیان پێ دەدەین.

* فەخرەدینی ڕازی لە (النفس و الروح و شرح قواهما)، بە تێڕوانینێکی فەلسەفەی واقیعی لە چێژەکان دەڕوانێت.

ئەو بۆچوونی وەهایە (چێژە هەستییەکان) چێژی ڕاستەقینە نین، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ لابردنی ئێشێک، بۆ نموونە چێژی خواردن مانایەکی نییە، جگە لە لابردنی ئێشی برسێتی نەبێت، چێژی پۆشاک مانایەکی نییە جگە لە لابردنی گەرما و سەرما نەبێت، هەر کاتێک پێویستی بە شتێک زۆر بوو، ئەوە چێژلێوەرگرتنیشی بەهێزترە پێچەوانەکەشی بە پێچەوانەوەیە.

لای ئەو چێژی جەستەیی جیاوازە، بەوەی هەمیشە تاک پێویستی زیادی بۆ تێربوون هەیە، هەرکە مرۆڤ تێر بوو لەو چێژانە، ئیدی دوای ئەوە لە بەکارهێنانی چێژ وەر ناگرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبینین لێی بێزار و ماندووە.

پوختەی قسەی ڕازی ئەوەیە: چێژ لە کردنی ئیش گەڕانەوەیە بۆ حاڵەتی ئاسایی، کە لە چەمکی نوێی هاوچەرخدا بەتایبەتی بە چەمکی فرۆیدی: پێویستییەکی مرۆڤە هەوڵ دەدات پڕی بکاتەوە بۆ کەمکردنەوە گرژی (توتر)، ئەم دوو مانایەش تەواو یەکن.

* هەوەس لای ئیخوانوسەفا لە (رسائل اخوان الصفا)، لە شوێنی دیکەدا باس کرا، کە ریزبەندە لەسەرەوە، بە هەوەسی ڕووەکی دەست پێ دەکات، کە هەوەسی خواردن و خواردنەوەیە، پاشان بۆ ئاژەڵی کە هەوەسی جووتبوون و تۆڵەسەندنەوە و سەرۆکییە، دوای ئەوە هەوەسی گۆیا (الناطقة)یە، کە هەوەسی

زانست و مەعریفەت و قووڵبوونەوە و یادخستنەوەیە، لەوانە: هەوەسی پیشەسازی و ئیش و کارامەیی تیایاندا ئەم چەمکەی ئیخوانوسەفا زۆر لە پەیکەری پێویستییەکانی (ماسلۆ)وە نزیکە، وەک لە سەرەتای ئەم بڕگەیەوە باسمان کرد، پاشان ئیخوانوسەفا لە هەوەسەکانەوە دەگوازێتەوە بۆ چێژەکان و دابەشیان دەکات بۆ چوار بەش:

١ – چێژی هەوەسی سروشتی (تایبەتە بە خواردن و خواردنەوە) ئەمە هاوبەشی نێوان ڕووەک و ئاژەڵ و مرۆڤە وەک یەک.

٢ – چێژی ئاژەڵی هەستی، کە چێژی جووتبوون و تۆڵەسەندنەوەیە، بە دەربڕینە فرۆیدییەکەی نوێ: سێکس و دوژمنکاری، کە لەنێوان ئاژەڵ و مرۆڤدا هاوبەشە.

٣ – چێژی مرۆیی هزری، کاتێک وێنای مانای زانیاری و مەعریفەتەکانی دەکات، بۆ حەقیقەتی بوونەوەرەکان.

٤ – چێژی فریشتەیی و ڕۆحانی، کە چێژی ئیسراحەتکردنە پاش جیابوونەوە لە جەستە، ئەویش چێژی (الروح والريحان)ە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ (السابقين المقربين) لە سورەتی (الواقعة) ﴿فَأَمَّا إِن كَانَ مِنَ الْمُقَرَّبِينَ * فَرَوْحٌ وَرَيْحَانٌ وَجَنَّةُ نَعِيمٍ﴾ [الواقعة: ٨٨ – ٨٩]. واتە: (ئینجا ئەگەر ئەو (کەسەی لە گیانەلاَدایە) لە نزیککراوان بێت لە خودا * ئەوە حەسانەوە و بۆنی خۆش و بەهەشتی پڕ لە ناز و نیعمەتی بۆ هەیە). جا ئەگەر سەرنجی قسەکانی فەخرەدینی ڕازی و ئیخوانوسەفا بدەین، دەربڕین و دەستەواژە و ماناکانیان تەواو لەگەڵ چەمکەکانی دەروونناسیی نوێ دێنەوە.

* وەک لەمەوپێشیش ئاماژەمان پێ دا، کە ماوەردی لە (أدب الدنيا والدين)دا جیاوازی لەنێوان حەز و هەوەسدا دەکات، هەرچەندە لە هۆکارەکاندا یەک دەگرنەوە.

– حەز تایبەتە بە بۆچوون و بیروباوەڕەکان (وەک بڵێی باس لە ئاڕاستەکانی Attitudas دەکات لە دەرووناسیی نوێدا.

- هەوەسیش تایبەتە بە چێژ، بۆیە ماوەردی باوەڕی وەهایە، کە هەوەس بریتییە لە دەرچەی حەز یان بەرهەمی ئەوە.

* تیرمیزی لە هەردوو کتێبی (الریاضة) و (أدب النفس)دا، بابەتی هەوەس ڕاڤە دەکات و دەیبەستێتەوە بە پاڵنەرەوە، ئەو کاتێک گفتوگۆ لەسەر ئایەتی (زُيِّنَ لِلنَّاسِ) سورەتی (آل عمران)، دەکات، دەڵێت: کاتێک دەروون ئەو جوانییەی دەست کەوت و کوفر و فیسق و سەرپێچی وەلاوە نا، ئیتر باوەڕدار ئەگەر گوناهی کرد، ئەو سەرپێچیی هەوەس هەڵپە دەکات و ڕقیەتی لە سنووربەزاندن و سەرپێچیکردن، لەگەڵ ئەو ڕق لێبوونەوەیەشدا سنوور دەبەزێنێت و سەرپێچی بە فەرامۆشی دەکات، کە ئامانجی ئەو نییە، چونکە ئەو ڕقەی لێیان تێدایە، بەڵام هەوەسی بە سەریدا زاڵ بووە، هەموو هەوەسێکیش لە بەشێکی جەستەمانەوە دەر دەچێت، کە حەوت پارچەن: زمان، گوێ، چاو، دوو دەست، دوو قاچ، سک، عەورەت، ئەم تێڕوانینەی تیرمزی، تێڕوانینێکی گەشبینانەی مرۆییە و پێویستی بە وردبوونەوە و قووڵبوونەوەیە.

* ئیبن قەیم لە (الفوائد)دا باسی هەوەس دەکات و بەپێی ئایەتی (١٤)ی سورەتی (آل عمران)، ڕیزبەندییان بۆ دەکات: ئافرەت، پاشان منداڵ، دوای ئەو سەروەت و سامان، پاشان ئاژەڵ، ئنجا کشتوکاڵ.

لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بەوە بدەین، کە زاراوەکانی (پاڵنەرەکان)، (خورپە)، (مەیل)، (هەوەس)، (چێژەکان)، لای زانا موسڵمانەکان چوون بە یەکدا و تێکەڵوپێکەڵ کراون، بە شێوەیەک جیاکردنەوەیان لە یەک سەختە.

لە کتێبی (روضة المحبین)دا، ئیبن قەیم چێژبەخشەکان دەکات بە سێ جۆرەوە:

- جەستەیی: وەک چێژی خواردن و خواردنەوە و جووتبوون.
- خەیاڵی: وەک حەزی سەرۆکی، خۆسەپاندن بەسەر خەڵکدا.
- عەقڵی و مەعنەوی: وەک چێژی تێگەیشتن و مەعریفەت و سیما باشەکان وەک ئازایی، سەخاوەت، داوێنپاکی، خۆگری، هێمنی.

ئیبن قەیم پاش ئەو پەیوەستبوونە لەنێوان پاڵنەرەکان لە لایەک و تێربوون لە لایەکی ترەوە، چێژەکان لەو لاوە و حەز و خۆشەویستییەکان لەو لاوە، پەیوەندییەکی نامۆ و ناوازە دروست دەکات.

لای ئەو چەندە خۆشەویستی زیاد بکات، هێندەش چێژ بە گەیشتنی خۆشەویست زیاد دەکات، سێ شتیش هەیە پێکەوە گرێ دراون، لە کاتی بەدەستهێنانی نیازی خۆشەویستدا:

- جۆری یەکەم: هەوەس، ویست، مەیل، گەڕان، خۆشەویستی، حەز.

- جۆری دووەم: زەوق، تێکۆشان، گەشتن، زاڵبوون، دەرک، بەدەستهێنان، وەرگرتن.

- جۆری سێهەم: چێژ، خۆشی، بەخشش، شادی، دڵخۆشی، دڵنشینی.

تێڕوانینێکی قووڵی سۆفییانەیە، هەرچەندە بە ڕواڵەت سەلەفییانە دەر دەکەوێت، ماددەی جەستەیی هەستەوەر بەرز دەکاتەوە بەرەو بڵندی و خۆشەویستی و خۆشی.

* لای ئیبن جەوزی لە (صید الخاطر)دا، چێژەکان لەنێوان هەستی و عەقڵیدان، لووتکەی کۆتایی چێژە هەستییەکان هاوسەرگیرییە، دوائامانجی چێژە عەقڵییەکانیش: زانستە، جا هەرکەس گەیشتە ئەم دوو ئامانجە، لە دنیادا کەواتە لووتکەی کۆتایی بەدەست هێناوە.

* ئیبن مەسکەوەی لە (تهذیب الأخلاق)دا بۆچوونی وەهایە، کە حەز بە چێژە جەستەییەکان و حەوانەوە لەشییەکان بۆ مرۆڤ ئاساییە، بە هۆی هاودژیەکەوە کە تیایدایە، چونکە مرۆڤ خۆڕسکانە و بە سروشتی، کە تیایەتی حەزی لێیانە و ڕوویان تێ دەکات، لەو لاشەوە بە ڕێشمەی عەقڵ جڵەوی دەگرێت و بەوەندەی پێویستە دەستبەرداری دەبێت.

# بەشی سێیەم:

# دروستی و لادانی کەسێتیی مرۆیی

# لە کەلەپووری ئیسلامیدا

**پێشەکی**

ئامانجی ئیسلام بنیاتنانێکی تێروتەسەل و سەرتاپاگیری کەسێتیی تاکە، بە گشت ڕەهەندە ماددی و دەروونی و ڕۆحییەکەیەوە، بۆ ئەمەش نەخشەی بنەڕەتیی ژیانی ڕۆژانەی بە هەموو چالاکی و کارلێکەکانییەوە بۆ دەکێشێت، سەرجەم ژیانی دنیایش دەبەستێتەوە بە ژیانێکی دیکەی هەمیشەیی، کە لەسەر بنەمای پاداشت و سزا کردەوەکانی ژیانی دنیای ڕاوەستاوە، لێرەش: فەرمان و ڕێگرییەکانی بە ڕۆشنی بۆ خستووەتە ڕوو، حەڵاڵ و حەرامی بۆ دیاری کردووە، ئاگاداریشی کردووەتەوە لە سزا و پاداشتیان، نموونەی یەک لهدوای یەکی ڕاشکاوانەی جوان و ناشرینی بۆ هێناوەتەوە، بە دڵخۆشکردن و ترساندن، هەوڵی لەگەڵ دەدات بەرزی بکاتەوە لەم واقیع و سروشتەی، کە تیایەتی بەرەو بڵندیی باوەڕی غەیبی و دڵنیایی و تەسلیمبوونی ڕەهایی، جا لەم گچکەیی و ڕازاوەییە ڕواڵەتی و ڕابواردن و چێژ و هەوەس و حەزی دنیاییە تێی دەپەڕێنێت و بەرزی دەکاتەوە.

ئا ئەم بەرنامەی بوونە ڕێگای ئەمن و ئاسایشی ژیانی بۆ خۆش دەکات، لەگەڵ پەروەردگاری، لەگەڵ ناخی، ئاشکرا و نهێنی، لەگەڵ خێزانی، باب و دایک و هاوسەر و منداڵی، لەگەڵ خزم و خوێش و تیرە و هۆز و گەلەکەی، ئیتر دوور لە بێزاری، خەم خەفەت، بێهیوایی، ترس و دڵەڕاوکێ دەژی، ئەمەش چڵەپۆپەی چەمکی دەروونتدروستیی تاکە بە زاراوەی ئەمڕۆ، کە ئامانجی ڕاستەقینەی پێگەیاندن و ئامادەکردن و فێربوون و ئاڕاستەکردنی تاکە.

دەروونتدروستی لە دەروونناسیی هاوچەرخدا چەند پێناسەیەکی بۆ کراوە، هەموویان بە پوختی باس لە پاکژبوونەوە و بێگەردیی تاک دەدوێن لە: لادان و پەڕگیری لە حاڵەتی مامناوەندی و ئاسایی لە پاراستنی هاوسەنگی و سازان، لە بیرکردنەوە و ئاکار و مامەڵە و بەجێهێنان و چالاکی و خۆسەلماندن و بەدەستهێنانی بەختەوەری و پابەندبوون بە پێوەرە ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەکانەوە.

هزری ئیسلامی، بایەخی گەورەی بەم بابەتە داوە، ڕەنگە لەناو و ڕواڵەتدا لەگەڵ زانستی دەروونیی نوێدا جیاواز بن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا دەچنەوە سەر یەک، جا ئەگەر پێی بوترێت (دەردی دەروون) یان (دەروونی بیمار) یان (دڵی ساغ) یان (دڵی نەخۆش)، یان هەر ناوێکی دیکە وەک دوایی باسیان دەکەین، گرنگ ئەوەیە مەبەست لێیان ڕاستوەستانی تاکە لە بیروباوەڕ و پەنهانی و ئاکار و مامەڵەی ژیانیدا.

ئەم چەمکەش تەنها کورت هەڵنەهاتبوو لە ناو فەقیهە موسڵمانەکان، بەڵکو لەناو فەیلەسووف و لۆژیکییەکان و سۆفی و پزیشکانیشدا قسەی لەسەر کراوە، تەنانەت لای حەکیم و قازی و دەسەڵاتدار و ئەدیب و شاعیرەکانیش.

* گومانی تێدا نییە، تاکو لە دەروونناسیی هەشتا و نەوەدەکانیش، کە بیروباوەڕی ئاینی، تیایدا دەروازەیەکی سەرەکی و بەرین بووە، کە تیایدا مرۆڤ دەتوانێت بگاتە دەلاقەی دڵنیایی و سەلامەتی لەگەڵ خۆی و خەڵکی دیکەش.

* بیروباوەڕی ئاینی (وەک زەرزوور ساڵی ١٩٩٤) دەیبینێت دەتوانێت مرۆڤ بگەیەنێتە خودای حەق و لەگەڵ سیفەتە بەرزەکانیدا دایبنێت و پەرۆشییە ڕۆحییەکانی ڕەها بکات ﴿الَّذِينَ آمَنُواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللّهِ أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾ [الرعد: ٢٨]، واتە: (ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و دڵیان ئارام دەبێت بە یادی خودا ئاگادار بن، کە هەر بە یادی خودا دڵەکان ئارام دەبن)، لەبەر ئەوە باوەڕ ئۆخژنی دەروونی و دەرمانی ڕاستەقینەی نەخۆشییەکانیەتی ﴿أَلا إِنَّ أَوْلِيَاء اللّهِ لاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ * الَّذِينَ آمَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ﴾ [یونس: ٦٢ - ٦٣]. واتە: (ئاگادار بن بێگومان دۆستانی خودا ترسیان لەسەر نییە خەفەتیش ناخۆن. ئەوانەی باوەڕیان هێناوە و هەمیشە خۆیان دەپارێزن و لە خودا دەترسن)، ﴿الَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُواْ إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَـئِكَ لَهُمُ الأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ﴾ [الأنعام: ٨٢]. (ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و بڕواکەیان تێکەڵ بە ستەم (هاوەڵدانان) نەکردووە، هێمنی و ئاسایش تەنها بۆ ئەوانەیە هەر ئەوانەش ڕێنماییکراون).

مامەڵەی بیروباوەڕی ئاینی لەگەڵ کۆی ڕەهەندەکانی کەسێتیی مرۆییدا لە یەک کاتدا، لەسەر یەک ئاستی هاوسەنگی، ئەم خۆلیتێکچوون و هاودژییە لە مرۆڤ دەترازێنێت. یەکەم هەنگاوی سەلامەتیی ڕاستەقینەی مرۆڤ دەپێکێت، کە سەلامەتیی خود و ناخە، ئەو کات پەنهانییەکانی مرۆڤ دوولەت نابێت لەنێوان عەقڵ و جەستەدا، لێرەوە کە دەبینین ئیسلام جیاوازی دەخاتە نێوان دەروونێکی باوەڕدار و دەروونێکی بێباوەڕ، کە قورئان بە (زیندوو) و (مردوو) ناویان دەهێنێت: ﴿أَوَ مَن كَانَ مَيْتاً فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُوراً يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا كَذَلِكَ زُيِّنَ لِلْكَافِرِينَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ﴾ [الأنعام: ١٢٢]. واتە: (ئایا کەسێک کە مردوو (بێبڕوا) بێت و ئێمە زیندوومان کردەوە و ڕووناکییەکمان بۆ فەراهەم هێنا، (کە قورئانە) بە هۆی ئەوەوە لەناو خەڵکیدا دەگەڕێ و دەڕوات، ئایا وەک ئەوە وایە کە لەناو تاریکستانێکدا بێت، کە بە هیچ جۆرێ دەرچوونی نییە لێی بەو شێوەیە ڕازێنراوەتەوە بۆ بێبڕوایان ئەو کردەوە (خراپانەی) دەیانکرد).

جا ئەم مرۆڤە زیندووە، کە کەسێتیی ساغی تێر و تەواو نابێت بە بەجێهێنانی پێویستییە جەستەیی و بایەلۆجییەکانی نەبێت، عەقیدەی ئیسلامی دان بە حەز و چێژەکانیدا دەنێت، چونکە پێکهاتە و پەنهانیەتی، بەڵام مرۆڤی لەسەر هان نادات، بەڵکو لە سنووری شەرعدا پاڵی پێوە دەنێت جێبەجیان بکات، بەڵام مەرجی بۆ دادەنێت بە شێوەیەک لە جێگەی دروستی خۆیدا دایبنێت. بتوانێت زاڵ ببێت و گەورەیی ئەو بکات نەک بە پێچەوانەوە.

* بۆیە ڕێبازی ئیسلامی لە پەروەردەکردنی تاکدا، لە غەریزەوە دەیگۆڕێت بۆ چۆنیەتیی پێکردنی ئەو غەریزەیە و زاڵبوون بەسەریدا ﴿وَلْيَسْتَعْفِفِ الَّذِينَ لَا يَجِدُونَ نِكَاحاً حَتَّى يُغْنِيَهُمْ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ﴾ [النور: ٣٣]، واتە: (دەبێت ئەوانەی کە توانای (ئەرکی) ژنهێنانیان نییە پاکژ خۆیان ڕابگرن هەتا خودا بە بەهرە و (ڕۆزی)ی خۆی بێنیازیان دەکات)، پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) بانگەواز دەکات((ئەی گرۆی لاوان ئەوەتان دەتوانن هاوسەرگیری بکەن، ئەوەشی ناتوانێت

با به ڕۆژوو بێت، چونکه شوێنەکەی پڕ دەکاتەوە)). [البخاري، کتاب النکاح، ٥٠٦٥].

هەروەها ئەم ڕێبازە حەزی مرۆڤ ملکەچی عەزیمەت دەکات، ئارەزووی گوێڕایەڵی مەرج و سەکینەت و پلەبەندی بەرزبوونە بەرەو داوێنپاکی و دنیانەویستی دەبات، کە ئەمڕۆ لە زانستی دەروونناسیدا، پێی دەوترێت قۆناغی گواستنەوە لە (من)ی ئازادەوە بۆ (من)ی بەرپرسیار، پاشان بۆ (من)ی باڵا.

* کاتێک دەمانەوێت قسە لەسەر دەروونلدروستی لە کەلەپووری ئیسلامی بکەین، دەکرێت لە چوار لاوە لە دەروونلدروستیی تاک بدوێنین:

١ – لایەنی یەکەم دروستیی دەروون یان دڵ لە هزری ئیسلامی، کە باس لە لایەنێکی زۆر ڕۆشن دەکات، ئەویش ڕێگای هیدایەت و باوەرە بۆ دڵئاوەدانکردنەوە و دەروونلدروستی، لە بەرانبەردا دڵنەخۆشی و دەروون بیماری کاتێک مرۆڤ ڕێگەی گومڕایی دەگرێتە بەر.

٢ لایەنی دووهەم: ئەوەیە کە زانایانی موسڵمان باسی دەکەن، لە بواری لادان و شڵەژانی کەسێتی و ئەو نەخۆشییانە لەو دەرئەنجامە دەکەونەوە، لەگەڵ شێوازی پشکنین و نیشانەکان و چارەسەرکردنی، جا جەستەیی بن یان دەروونی.

٣ – لایەنی سێهەم: سەنگەرەکان یان ئەو هێڵە بەرگرییانەن، کە ئیسلام بۆ پاراستنی موسڵمان لە لادان دایناون، گرنگترین هێڵی بەرگرییش ڕزگارکردنی موسڵمانە لە گرێی گوناح و هەستکردن پێی و مامەڵەکردنی لەگەڵ فشارە دەروونییەکاندا، بۆ لەقاڵبدانیان و تەسککردنەوە و لابردنیان.

٤ – لایەنی چوارەم: ئەو بەرنامە پەروەردەییەی، کە زانایانی موسڵمان دەیبینن بۆ پەروەردەکردنی دەروونی مرۆیی و جڵەوگرتنی ئارەزوو و حەزەکانی و پوختکردنیان، بە مەرامی چاکبوونی تاک و کۆمەڵگە لە ژیاندا.

ئەوا لە خوارەوە بە کەمێک وردەکارییەوە باس لەم چوار لایەنە دەکەین.

**یەکەم: دڵ و دەروون ساغی و نەخۆشییەکانیان**

زانایانی موسڵمان باسیان لە دەروونی ساغی تاک کردووە، بە پشتبەستن بە سەرچاوە و بنەما نەگۆڕەکانی هزری ئیسلامی، ئەوان نەخۆشیی دەروون بە دەرئەنجامی شوێنکەوتنی حەز و ئارەزوو دوورکەوتنەوە لە گوێڕایەڵیی پەروەردگار دادەنێن. ڕەنگە شێوازی دەربڕینیان جیاواز بێت، هۆکار و زاراوەکانیان جۆراوجۆر بن، بەڵام یەک بنەڕەت و یەک مەبەستن.

* بە نموونە غەزالی لە (إحياء علوم الدين)دا وای دەبینێت، کە دەروونساغیی تاک بە ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوان پاڵنەرە دەروونیەکانیەتی، کە لای ئەو وەک پێشتریش باسمان کرد ئەمانەن:

- پاڵنەرەکانی حەز و ئارەزوو: کە بریتییە لە هەوەس و چێژە ماددییە خۆڕسکییەکان، کە خودا لە مرۆڤدا چاندوویەتی بۆ پاراستنی و بەردەوامبوونی ئاوەدانکردنەوەی زەوی (دەستبەرداربوونی یەکجارەکی ناپەسەندە و مامناوەندێتی تیایدا پەسەندە).

- پاڵنەرە هیدایەتییەکانیان: بۆ تێرکردنی پێویستیی ڕۆحی و خۆشگوزەرانیی دنیا و قیامەتی، ئەوانەش بریتین لە:

پشت بەخودابەستن و خۆشەویستی خۆی و پێغەمبەرەکەی و قورئانی مەزن، ترس و هیوا، زیکر و شوکر، خۆگری و سوپاسگوزاری.

غەزالی باسی دەکات، کە دڵی ساغ ئەوەیە پاڵنەرە ئیمانیەکان گەشە بکەن، بە تەقوا ئاوەدانی بکاتەوە و ڕاهێنان و پاکژ بکرێن و لە پیسوپۆخڵی بپارێزرێت، بەڵام دڵی نەخۆش بارگاوییە بە حەز و ملکەچی ئارەزووەکانیەتی کە سەرشۆڕ و بەدبەختی دەکەن.

ئەو وەهاش دەبینێت بەختەوەریی مرۆڤ واتە دەروونساغی لەسەر سێ پایە ڕاوەستاوە (تووڕەیی، هەوەس، زانست)، کە مرۆڤ لەسەر مامناوەندێتیی دوو هێزی تووڕەیی و هەوەس ئیش دەکات، جا بەختەوەری پەیدا دەبێت، کە (ئەمڕۆ پێیان دەوترێت: سێکس و شەڕانگێزی).

غەزالی لە ئەنجامی کاریگەربوون و یەکلابوونەوەی بۆ سۆفیگەری لە بەرنامەی بەختەوەریدا پشتی بە لۆژیکی زەوقی ویژدانی بەستووە.

لەبەر ئەوە ئەو وەک ئامانج لە مەعریفەت دەڕوانێت و بۆچوونی وایە، ئەم ئامانجەش بەدی نایەت، تاوەکو دەروون نەگاتە پلەی کامڵبوون و ئامادە نەبێت، بۆ تێگەیشتنی حەقیقەت و وەک وێنە لە ئاوینەدا ڕەنگ بداتەوە (المنقذ من الضلال)، بۆچوونێکیشی هەیە شایستەی لەسەروەستان و ڕێزلیگرتنە، سەبارەت بە مەیلی دەروون بۆ خراپە و شتە ناشرینەکان، ئەو وای دەبینێت ئەم مەیلە لە دەرەوەی تەبیعەتە، دەروونیش بە حوکمی پێکهاتەکەی چێژ لەو خراپە وەر دەگرێت و مەیلی دەداتێ بە حوکمی تەبیعەت نا بەڵکو بە حوکمی عادەت.

لای ئەو بنەما لە میزاجدا مامناوەندێتییە، هۆکارە دەرەکییەکان دەروون لە مامناوەندێتییەوە دوور دەخەنەوە. دوورکەوتنەوەش لە مامناوەندیتی بە ڕاهاتنە لەسەر خراپە یان نەریتە ناشرینەکان. ئەمە نزیکییەکی زۆرە لەگەڵ تێزەکانی قوتابخانەی ڕەفتارگەرایی نوێی لەم بوارەدا، سەبارەت بە چارەسەری دەروونیی نەخۆش، یان پاراستنی لە نەخۆشی (لای غەزالی) کە ئەمەیان گرنگترە بە ڕاهێنان و هەوڵدان و تەسلیمنەبوونی حەز و ئارەزووەکانی دەبێت.

پوختەی قسەی ئەوەیە، کە مامناوەندێتی لە ڕەوشتدا دەبێتە دەروونساغی، لادانیش لە مامناوەندێتی نەخۆشی و بیماربوونی دەروونە.

* لە بەرانبەردا (ئیبن سینا) لە (النجاة)دا باوەڕی وەهایە، کە باوەڕبوون بە خودا دەروازەی ئۆقرەیی دەروونە.

ئیبن سینا باوەڕیشی وەهایە، نەخۆشیی دڵەڕاوکە و شڵەژان دەبنە هۆی زۆر نەخۆشیی جەستەیی، ناڕەحەتترینیان قورحەی گەدە و بەرزبوونەوەی فشاری خوێنە، کە زەمینەسازە بۆ نەخۆشیی شەکرە و پەیوەستی فسیۆلۆجیی دەروونی، ئەم قسەیە گرنگترین بابەتی نەخۆشییەکانی ئەمڕۆیە، بۆچوونی ئەو وەهایە جەستە پەیوەستە بە دەروونەوە، دەروونیش پەیوەستە بە ژینگە ئیمانییەکەیەوە.

بەڵام نەخۆشییە دەروونییەکان لای ئیبن سینا و چارەسەریان لە برگەی داهاتوودا باس دەکرێت.

* فەخرەدینی ڕازی لە (الفراسة)دا، باوەڕی هاوشێوەی بیروبۆچوونی ئیبن سینایە، واتە کاریگەریی جەستە و دەروون لە یەکدی، ئەو دەڵێت: (میزاجی جەستە شوێنکەوتەی میزاجی دەروونە).

* ڕێبازی ئیبن مەسکەوەی لە (تهذیب الأخلاق/ المقالة السادسة) لەگەڵ ڕێبازی غەزالی لەسەر دەروونساغی هاوئاهەنگە، ئەویش لۆژیکە فەلسەفییەکە بە سەریدا زاڵە، ئەو وای دەبینێت دەروون هێزێکی خودایی نابەرجەستەیە پەیوەستە بە جەستەوە، بە ویستی خودا نەبێت لێی جیا نابێتەوە، جۆری پەیوەستییەکە بڕیاری لەسەر نادرێت. ساغی و نەخۆشیی دەروونیش بە گۆڕانی جەستە دەگۆڕێت.

**نەخۆشییە دەروونییەکان لای ئەو یەکێکە لەم دوو حاڵەتە:**

- ئەو هۆکارانەی سەرچاوەکانیان خودن، لە ئەنجامی بیرکردنەوە لە شتە خراپەکان سەر دەکێشێت بۆ ترس لە شتە ڕواڵەتی و چاوەڕوانکراوەکان، کە ڕوو بدەن (هۆکاری دەروونی).

- ئەو هۆکارانەی سەرچاوەکانیان میزاج و هەستن لە ئەنجامی مامناوەندێتی لە میزاج، یان بوونی خەلەلێک لە ئیشی هەستەوەرەکان دروست دەبن (هۆکارە جەستەییەکان).

ئیبن مەسکەوەی بۆچوونێکی ناوازە بۆ چارەسەری دەروونی دەر دەبڕیت، تیایدا پشت بە هاوەڵێتیی زۆر دەبەستێت لەم بوارەدا، هاوەڵێتی لای ئەو ئاکارگەلێکی کارایە بۆ دەروونساغی، کاتێک هاوەڵی باش هەڵدەبژێرێت، کە پێوەر دادەنێت بۆ هەڵبژاردن و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، لە (فصل: التبصر في اختيار الأصدقاء).

لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی وەهایە، ڕاهێنانی دەروون بنەمای نەخۆشی و لەشساغییە (ئەمە بۆچوونی غەزالییشە)، بەڵام بۆچوونی وەهایە ڕێبازی ڕاهێنان و تێکۆشان لەگەڵ دەروونداا بە بیرکردنەوە دەبێت، چونکە دەروون بە وردبوونەوە و سەرنجدان چالاک دەبێت و بە تەمبەڵییش پەکی دەکەوێت.

* پێشەوا ئیبن قەیمی جەوزی، لە (رسالة في أمراض القلوب) پێی وایە نەخۆشییەکانی دەروون هەمان نەخۆشیی دڵە، ئەمەش بۆچوونەکەی غەزالییە کە دڵ پادشای پارچە و بەش و هەستەوەرکانە، وەک پادشا چۆن لەگەڵ سەربازەکانیدا مامەڵە دەکات ئەمیش بەو شێوەیە.

تێڕوانینی ئیبن قەیم دڵ بۆ سێ جۆر دابەش دەکات: ساغ، بیمار، مردوو.

- دڵی ساغ: ئەوەی جگە لە خودا جێگەی هیچ هاوبەشێکی دیکەی تێدا نەبێتەوە، بەڵکو پەرستشەکەی بۆ خودا یەکلا بووەتەوە. ئیرادە، خۆشەویستی، پشتبەستن، گەڕانەوە، پەشیمانی، ترس و ئومێد،... کارەکانیشی بۆ خودا یەکلا بوونەتەوە: خۆشەویستی و ڕق، بەخشین و گرتنەوەی هەر لەبەر ئەوە.

- دڵی مردوو: زیندوویێتی تێدا نییە، خودا ناناسێت، ناپەرستێت، بە فەرمانی ئەو ناجووڵێتەوە، لە ڕیزی هەوەس و ئارەزووەکانیدایە، با خوداش پێیان ناڕازی بێت، ئیتر خۆشەویستی و کینە و بەخشین و گرتنەوەی، لەبەر ئارەزوویەتی کە کاریگەرە لەسەری و لە خودا خۆشتری دەوێت.

- دڵی بیمار: نەخۆشە، دڵێکە زیندوویی تێدایە و نەخۆشیشی ناوبەناوە، جارێک ئەمیان بەهێزە و جارێک ئەویان، دڵ هیی ئەوەیانە کە زاڵ دەبێت بە سەریدا، خۆشەویستیی خودا و باوەڕ و دڵسۆزی و پشت بەخوابەستنی تێدایە، بە هەمان شێوەش خۆشەویستیی ئارەزوو و پێشخستنی و پەرۆشبوون بۆ بەجێهێنانی، هەروەها حەسوودی و لەخۆبایی و لەخۆگۆڕان و حەزی بە بالآیی و خراپە و سەرۆکبوونیشی تێدایە. ئەمە یان بەرەو ساغی نزیک دەبێتەوە، یان لە پەککەوتەیی.

**نەخۆشیی دڵ لای ئیبن قەیم دوو جۆرە:**

- جۆرێکیان خاوەن دڵ بە هیچ شێوەیەک ئازاری پێ ناگات، وەک: نەخۆشیی نەزانی و گومان و هەوەسبازی.

- جۆرێکیشیان ئازاربەخشە، وەک: خەم و خەفەت و کینە.

هەر ئیبن قەیم نەخۆشییەکانی دڵیش بە دەرمانی سروشتی و شەرعی چارەسەر دەکات:

- نەخۆشییەکانی دڵ بە دەرمانی سروشتی نامێنن لە ڕەگەزی نەخۆشیی جەستەیین.

ئەمەیان پاش مردن ناخۆشی و ناڕەحەتی نابێت.

- بەڵام ئەو نەخۆشییانەی تەنها بە دەرمانی ئیمانی چارەسەر دەبن، ئەوانەن کە پاش مردنیش ناڕەحەتی و ئازار دەچێژن.

بۆچوونی ئیبن قەیم وەهایە، کە قورئان دەرمان و چارەسەری نەخۆشیەکانی دڵی لەخۆ گرتووە: ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاء وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ﴾ [الإسراء: ٨٢]، واتە: (لەم قورئانەدا دەنێرینە خوارەوە ئەوەی، کە هۆی شیفا و میهرەبانییە بۆ بڕواداران). ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَاء لِّمَا فِي الصُّدُورِ﴾ [يونس: ٥٧]. واتە: (ئەی خەڵکینە بێگومان بۆتان هاتووە ئامۆژگاریی (قورئان) لەلایەن پەروەردگارتانەوە و شیفا و چارەیە بۆ ئەوەی لەناو دڵ و دەروونتاندایە).

ئیبن قەیم لە (إغاثة اللهفان)دا، جەخت لەوە دەکاتەوە، دەروونساغیی تاک بەستراوە بە ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان داخوازییەکانی جەستە و دەروون و ڕۆحدا لە چوارچێوەی شەریعەتدا. ڕەنگە دڵ نەخۆش بکەوێت و نەخۆشییەکەشی سەخت بێت، بەڵکو ڕەنگە بمرێت بێ ئەوەی خاوەنەکەی ئاگای لێی بێت، ئەوەش ئەو کاتەیە خراپەکانی ئێشی دەبێت، بەڵام نەزانینی بە حەق ئێشەکەی ناهێڵێت، چونکە دڵی زیندوو بە خراپە ئازار دەچێژێت.

ئیبن قەیم نەخۆشیی دڵ بە دەروونەوە دەبەستێتەوە، لای ئەو ساغ و بیماری دەروونی ئەوانە زاڵ دەبن بەسەر دەروونیاندا، یان دەروونیان زاڵ دەبێت بەسەریاندا، دەڵێت: خەڵک دوو بەشن:

- بەشێکیان دەروونیان زەفەریان پێ دەبات و زاڵ دەبن بە سەریاندا و لەناویان دەبەن، ئیتر گوێڕایەڵی ویستی دەروونن.

بەشێکیشیان زەفەریان بە دەروونیان بردووە و زاڵبوون بەسەریاندا، دەروونیان گوێڕایەڵ و ملکەچی فەرمانەکانیانن.

بۆیە لای ئیبن قەیم دەروونددروستی، بەستراوە بە لێپرسینەوە و چاودێریی دەروونەوە.

پاشان زۆر جەخت لە دڵی بیمار دەکاتەوە و باوەڕی وەهایە، هەموو بیمارییەکانی دڵ لەلایەن نەفسی خراپەکارەوەیە، دەرمانەکانیشی دەبێت ئیمانی بن، وەک: خۆشەویستیی خودا و یەکتاپەرستی و خاوێنکردنەوەی دڵ لە سەرپێچی بە چاوداخستن لە حەرامەکان.

ئیبن قەیم باسی چارەسەری بیماریی دڵ لە ژێردەستەیی دەروون بەوە کورت دەکاتەوە: دڵ چەندە لە بیمارییەکەی باش ببێتەوە، ئەوەندە بەرەو قیامەت ڕێگا دەبڕیت و لێی نزیک دەبێتەوە، هەتا دەبێتە خەڵکی ئەوێ.

* ماوەردی لە (أدب الدنيا والدين)دا، بۆچوونی وەک ئیبن مەسکەوەیی وەهایە، کە دروستیی دڵ بە تێر و تەواوی عەقڵییەوەیە، بە پێچەوانەی غەزالی و ئیبن قەیم، کە بۆچوونیان وەهایە دروستیی تاک بە دروستیی دڵەوەیە، وەک پێشتر باسمان کرد، ماوەردی لەم بۆچوونەیدا پشتی بە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خودا بەستووە: خوداپەرستی ئەحمەق لە خراپەکار زیاتر تووشی خراپە دەبێت، خەڵک بە ئەندازەی ژیرییان لە خودا نزیک دەبنەوە).[1]

* کە بۆچوونی غەزالی و ئیبن قەیم وەر دەگرین، دەڕۆینە ناو هزری سۆفیگەرییەوە، بەتایبەت لای غەزالی، بەڵام بابەتی جەوهەری لای ئەم ڕێچکەیە (شێوازی تێکۆشانی دەروون و تواندنەوە و فەنابوونیەتی لە خۆشەویستیی خودا، کە تێکۆشانەکەیان وەر گیرا زانستی لێکۆڵینەوە و بۆماوەیی وەر دەگرێت واتە: بەرەو لای خودا بەڕێ دەکەون و پشت لە غەیری خودا هەڵدەکەن وەک ئەبوبەکر محەمەدی کلابازاری دەیڵێت لە: (التعرف لمذهب أهل التصوف).

---

[1] شێوەی ئەم مانایە هاتووە "أن الأحمق يصيب بحمقه..." لەنێو ئەو وتە هەڵبەستراوانەدا لە کتێبی زانای بەناوبانگ محەمەد تاهیر بن عەلی (تذكرة الموضوعات)، بيروت: دار إحياء التراث العربي، ط١٣٩٩/٢هـ ص٢٩). وللحديث بهذا المعنى ذكر في إتحاف السادة المتقين للزبيدي، ٤٤٥/١ و ٤٩٠/٨، وفي المغني للعراقي: ٨٣/١؛ وجمع الجوامع للسيوطي، ص٥٣٦٣؛ والأسرار الموضوعة في الاحاديث الموضوعة لعلي القاري، ص٤١٢.

بۆیە دروستیی دەروون لای سۆفییەکان بە گشتی، سیفەتێکی بەخشینی خوداییە (لدني)، واتە: لە زانستە پێبەخشراوەکانی خودایە بۆ بەندە، کاتێک خودا کاروباری دڵی وەر دەگرێت، ئیتر ڕەحمەتی بە سەردا دەڕژێنێت و بە نوور پرشنگداری دەکات و سنگی واڵا دەکات و نهێنی بۆ دەر دەخات.

وەک غەزالی لە (إحياء علوم الدين)دا، هەستی سۆفیگەریی خۆی بەم شێوەیە دەر دەبڕیت: بۆ گەیشتن بە جیهانی مەلەکوت، ئەوەندە بەسە مرۆڤ دەروونی خۆی پاک بکاتەوە لە خڵتە و خاڵی ماددی و خۆی لە سەرقاڵی جەستەیی قوتار بکات و سنگی بۆ نوور بکاتەوە، ئیتر تووشی هەناسەی خودایی دێت.

نموونەی ئەم دەربڕین و هەست و پەرۆشییە وەک سۆفییەکان دەیڵێن، مرۆڤ بەرەو پلەیەکی دیکە بەرز دەکەنەوە، بە جیا لەم پلەیەی دەیبینن و مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، سۆفییەکان وەک ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر)، کە دەفەرموێت: (خوای پەروەردگار ئادەمی لەسەر شێوەی خۆی بەدی هێنا....)،[1] ئەو ڕاناوی (خۆ)یە، ئەوان بۆ خودای دەگەڕێننەوە، وەک حەلاج دەیڵێت، بەڵام لە بەرانبەردا سەلەفییەکان ڕاناوەکە بۆ مرۆڤ دەگەڕێننەوە. ئەمەش مشتومڕێکی توندی بێکۆتایی نێوانیانە.

لای سۆفییەکان دروستیی دەروون پلە پلە بەرز دەبێتەوە بەرەو خودای پەروەردگار، کە لای ئەوان بە شەش قۆناغدا بەرزبوونەوەکە تێ دەپەڕێت، دوای ئەوە حاڵ و دەرەجات دێت، کە لە بڕگەیەکی دیکەدا باسیان دەکەین.

* ئەبو زەیدی بەڵخی لە (مصالح الأبدان والأنفس)دا، بۆچوونی وەهایە دەروونی مرۆڤ بیماری و ساغی هەیە، هەروەک چۆن جەستە ساغ و نەخۆشی هەیە، ساغیی دەروون لەوەدایە کە هێزەکانی ئۆقرەیان گرتبێت و هیچ نەسازییەکی دەروونی، مرۆڤ نەشڵەژێنیت و زاڵ نەبێت بە سەریدا، وەک: تووڕەیی و پەشۆکان و....

لای بەڵخی دەکرێت لە دوو ڕووەوە پارێزگاری لە ساغیی دەروون بکرێت:

---

[1] أخرجه مسلم في الصحيح، كتاب الجنة ونعيمها (٥١)، باب (١١)، حديث رقم: ٧٠٩٢، ١٧٥/١٧.

- یەکەمیان، لە دەرکەوتە دەرەکییەکان بپارێزرێت (بیسراو و بینراو).
- دووهەمیان لە دەرکەوتە ناوەکییەکان بپارێزرێت (وەک بیرکردنەوە).

دووبارە دەروون دەچوێنێتەوە بە جەستە و دەڵێت: چارەسەری جەستەیی یان شتێکی ناوەکییە وەک خۆپارێزی و ڕێگەگرتن لەوە نابێت بخورێت، یان بە شتێکی دەرەکییە وەک: خۆراک و دەرمان، چارەسەری دەروونیش هەروەهایە، لەوەی تووشی دەبێت، یان شتەکە لە ناوەوەیە وەک: بیرۆکەیەک کە مرۆڤ لە دەروونیدا دەیورووژێنێت ئەو دەرکەوتنەش ڕایدەکێشت یان شتەکە لە دەرەوەیە ئەویش بە قسە ئامۆژگاری دەکات.

تایبەتمەندییەکانی دەروون لای بەڵخی زۆرن، لەوانە هێزە پەسەندەکان وەک: ژیری، تێگەیشتن، لەبەرکردن، ناپەسەندەکانیش وەک دژەکانی ئەمانە، هەروەها ڕەوشتە باشەکان و دژەکانیشیان، هەیشە دەر دەکەون و زوو نامێنن وەک: تووڕەیی و شڵەژان و...

پاشان بەڵخی بڕیار دەدات، کە (خەفەت) بەهیزترین هۆکاری نەخۆشیی دەروونە, شادییش بەهێزتر بن هۆکاری دەروونساغییە (دەکرێت بە زمانی ئەمڕۆ لەبری خەفەت بوترێت خەمۆکی) ئەم تێڕوانینەی بەڵخی زۆر پێشکەوتووە، چ ئەوەی پەیوەستە بە چەمکی دەروونساغییەوە، یان ئەوەی بۆ چارەسەری نەخۆشییە، ئەوەشی بۆ زیاد بکە، لە کۆتایی دەروونساغی بۆ یەک پانتایی دەگێڕیتەوە، کە (کرانەوە و گرژبوونە)، بەڵام بە دەربڕینی (خەفەت و شادی)، ئەمەش ئەو پانتایەیە کە (Eysenck) لە دیاریکردنی سیماکانی کەسێتیی مرۆیی پشتی پێ بەستووە.

* بەڵام بیماریی دەروون، لای شەمسەدینی زەهەبی لە (الطب النبوي) دەگەڕێتەوە بە پەیوەستی دروستیی جەستە و دروستیی دەروونەوە، (بە دەربڕینی ئەمڕۆ سایکۆسۆمات دەروونجەستەیی) دەڵێت:

جەستە بە حاڵەتە دەروونییەکان گۆڕانکاری بە سەردا دێت وەک: تووڕەیی، خەفەت، خەم، شەرمنی.

- توورەیی جەستە دەکولێنێت و وشکی دەکات، بۆیە تاک پێویستە خۆی ڕابهێنێت، هەتاکو توورەیی زاڵ نەبێت بە سەریدا و بە فەرمانی ئەو بجوولێتەوە.

- بەڵام تەنها شادمانی دەروون بەهێز و گەرم دەکات، بەڵام ئەگەر زیادەڕەوی تێدا کرا، ڕۆح لەناویدا دەتوێتەوە و دەمرێت.

- شەرمنییش کارێکە شەرم لە کردنی بکرێت.

ئەوەش بیر بخرێتەوە میزاجەکان لای زەهەبی، چوارن: گەرم، سارد، تەڕ، وشک، تێکەڵییەکانیش چوارن: خوێن، بەڵغەم، زەردباو، ڕەشباو.

* ئەبو حەیانی تەوحیدییش لە (المقابسات) بۆچوونی وەهایە، کە بیماریی دەروون لە چوار ڕووەوەیە: تەمەڵی، گەمژەیی، ئازار، بەزاندنی سنووری شەرعی. چارەسەریش بە هەستکردن دەبێت بە تەقوا و پارێزگاری لە پەرستشەکان.

* لای ڕاغیبی ئەسفەهانی لە (تفصیل النشأتین وتحصیل السعادتین)، دەروونبیماری لە خراپەکارییە، کۆمەڵێک هۆکاریش بۆ بیماربوون باس دەکات، کە مرۆڤ تووشی خراپە دەکەنەوە و لە باشە دووری دەخەنەوە، ئەو هۆکارانە لای ئەسفەهانی ئەمانەن:

١ – لە پێکهاتەیدا کەموکورتی هەیە، (واتە کەموکورتیی جەستەیی یان وەک ئەمرۆ پێی دەوترێت کەموکورتیی فیزیکی).

٢ – یان ناتوانابییەکی تێکەڵ لە سروشتیدا هەیە (واتە بۆماوەیی).

٣ – یان ڕێبەرێک نادۆزێتەوە ڕێنموونی بکات، (پەروەردەی خێزانی و کۆمەڵایەتی).

٤ - یان تەمەنی هاوکاری پێگەیشتنی ناکات (ئاستی پێگەیشتن).

٥ – یان پەروەردەکار و مامۆستایەک نادۆزێتەوە لە گومڕایی دووری بخاتەوە (فێرکردن و ڕێنمایی دەروونی).

٦ – یان گومڕابوونەکەی لە دەروونی خۆیەوەیە، نەک هیچ لەوانەی باس کران (واتە پاڵنەرە ناوەکییەکان).

ئەوی سەرنجی ئەو شەش هۆکارە بدات، دەبینێت ئەسفەهانی باس لەو هۆکارانە دەکات کە دەبنە مایەی خراپبوونی دەروونی مرۆڤ، یان دەروون

بیماری و شڵەژاوی، دەروونی و کەسێتی، ئەمەش تێڕوانینێکی زۆر گشتگیر و نوێیە، خاوەن ڕەهەندێکی زۆر قووڵیشە.

ئەم بۆچوونەی زانایانی موسڵمان ڕاڤە یان شەرحکردن و تێگەیشتنە لە ئایەتە قورئانییەکان، کە باسی نەخۆشیی دەروون و چارەسەرەکەشی دەکەن، هەروەها باس لە ئارامش و ساغییش دەکەن: ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكاً﴾ [طه: ١٢٤]، واتە: (هەر کەسێک ڕوو وەر بگێڕێت لە ڕێباز و یادی من، ئەوە بێگومان ئەو کەسە گوزەرانێکی سەخت و تەنگی دەبێت)، ﴿وَكَيْفَ أَخَافُ مَا أَشْرَكْتُمْ وَلاَ تَخَافُونَ أَنَّكُمْ أَشْرَكْتُم بِاللّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَاناً فَأَيُّ الْفَرِيقَيْنِ أَحَقُّ بِالأَمْنِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ * الَّذِينَ آمَنُواْ وَلَمْ يَلْبِسُواْ إِيمَانَهُم بِظُلْمٍ أُوْلَـئِكَ لَهُمُ الأَمْنُ وَهُم مُّهْتَدُونَ﴾ [الأنعام: ٨٢]. واتە: (من چۆن دەترسم لەو بتانەی، کە ئێوە کردووتانە بە هاوبەش بۆ خودا کە ئێوە ناترسن کە بێگومان بتانێکتان کردووەتە هاوبەش بۆ خودا کە هیچ بەڵگەیەک نەنێرراوە بۆتان، لەو بارەیەوە دەی کەواتە کام لەم دوو دەستەیە شایستەترە بە نەترسان و (ئارامی) ئەگەر ئێوە هیچ دەزانن. ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و بڕواکەیان تێکەڵ بە ستەم (هاوەڵدانان) نەکردووە هێمنی و ئاسایش تەنها بۆ ئەوانەیە هەر ئەوانەش ڕێنماییکراون).

ئاسایش لێرەدا ئاسایشێکی ڕەهایە، کە لەپێشترین و بایەخدارترینیان ئارامیی دەروون و ڕەحەتیی خەیاڵ و مێشکی مرۆڤە، ئەمەش لووتکەی پلەکانی دەروونەدروستیی مرۆڤە.

**دووهەم: لەشساغی لە نەخۆشییە دەروونییەکان و لادانە کەسییەکان.**

ئێستا دێینە سەر باسی نەخۆشییە دەروونییەکان، لە بڕگەی ڕابردوودا باسی دەروون بیماری یان نەخۆشکەوتنی دڵمان کرد، لە ڕاستییدا ئەوەی توانیومە پێی بگەم لای زانایانی موسڵمان سەبارەت بە نەخۆشییە دەروونییەکان زۆر نییە، پزیشکی لەو سەردەمەی ئەواندا جەستەیی و دەروونی بووە پێکەوە بە هەردووکیشیانەوە، بۆشاییەکی گەورەیان لە کولتووری ئیسلامی و هزری

ئیسلامی پڕ نەکردووەتەوە، بەڵکو (هەتا ئێستاش پزیشکی دەروونی بڵاوبوونەوەی سنووردارە)، شوێنی شایستەی خۆی بەپێی ئەو پێشکەوتنە کولتووری و زانستی و دەروونییانەی سەردەمەکەیان لە شارستانیەتی ئیسلامی پڕ نەکردووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک نووسینی زانایانی موسڵمان هەن، پەیوەستن بە نەخۆشییە دەروونییەکانەوە، بەتایبەت کتێبەکانی پزیشکان لە سەرووی هەموویانەوە مامۆستا و پێشەوا ئیبن سینا.

لەگەڵ ئەو کەمیەش کە ئاماژەم پێ دا، بەڵام کۆمەڵە نەخۆشینێک هەن کە لەناو ئەو کەمەدا کەم نین جا نەخۆشییە دەروونییەکان بێت یان عەقڵییەکان، ئەمانە لای ئەوان پشکنینیان بۆ کراون و باسی هۆکار و چۆنیەتیی خۆپاراستن لێیان کراوە، بەپێی زانست و جێگە و سەردەمەکەیان.

ڕەنگە نووسینی دیکە هەبن هیی پزیشکەکان نەبن، بەڵام باسیان لە ناو نەخۆشییە دەروونییەکان کراوە، مێشکیان بۆی چووە و بە ئەزموون پێی گەیشتوون و بە زیرەکیی خۆیان لێی تێگەیشتوون.

* دەبینین پێغەمبەری خودا دەفەرموێت: "چی تێدایە ئەگەر یەکێکتان خەفەت زۆری بۆ هێنا، تیروکەوانەکەی لە مل بکات بڕوات خەمەکەی بڕەوێنێتەوە[1]

واتە: خۆی بە شتێکەوە خەریک بکات خەمەکەی لەبیر بباتەوە.

* قسەیەکی جوانی عومەری کوڕی خەتتاب هەیە، تیایدا دەڵێت: هەرکەس لە دەروونیدا هەستی بە لەخۆباییبوون کرد، ئەوە سووکێتی و نوقسانییەکی تێدایە هەستی پێ دەکات.

ئەو ئاماژە بۆ گرێی هەست کردن بە کەمی و کاردانەوەی قەرەبوویی بە ڕوونی دەکات.

---

[1] انظر الروض الداني إلى المعجم الصغير للطبراني، حديث: ١١٥٨, ٢٧٥/٢, وذكر المحقق: أن إسناده ضعيف جداً.

* ئەم ئاماژانە لە شیعر و ئەدەبی عەرەبیشدا ڕەنگی داوەتەوە، زۆر لە شاعیرانی وەک موتەنەبی، ئیبن عەماری کاتب، ئەبو عەلای مەعەڕی لە شیعرەکانیاندا ئاماژەیان پێ داوە.

با بگەڕێینەوە بۆ لای زانا موسڵمانەکان و نووسینەکانیان سەبارەت بە نەخۆشییە دەروونییەکان.

* بەڵخی لە (مصالح الأبدان والأنفس) نەخۆشییە دەروونییەکان پۆلێن دەکات بۆ: دڵەڕاوکێ، وەسواسی، غەمباری (لە هەرکوێ باسی غەمباری کرا مەبەستی پێی خەمۆکییە.

(Depression) بە زاراوەی ئەمڕۆ نەخۆشییە جەستەییە دەروونییەکان (سایکۆسۆمات)، شێتی (شیزۆفرینیا Schizophrenia) بەڵکو فشاری دەوونی قورسایی ژیانیش دەکات (Stresses) وەک سەرچاوەی ترس و خەم، کە مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەکات.

بەڵخی بایەخێکی زۆری بە (خەفەت) و (بێئۆقرەیی) داوە، یەک بەشی تەواوی ناو ناوە (الباب السابع: في تدبير دفع الحزن والجزع) ئەو وای دەبینێت پێگەی خەفەت و بێئۆقرەیی لە نەخۆشیی دەروونیدا، پێگەیەکی گەورەیە و ئەگەر بۆی بلوێت زیانی گەورە لە مرۆڤ دەدات.

- بێئۆقرەیی: بریتییە لە خەفەتی زۆر و لەسنووربەدەر، لە هەموو شت بۆ دابەزینی جەستە کاراترە، هەروەها لە گۆڕانکاریی هێزی شەهوەت لە دەرووندا، خەفەتیش ئەوەی شادی دەیکات دژەکەی دەکات، ڕەنگە بە هۆی بیرکردنەوە لەدەستدەرچوونی خۆشەویستێک یان بەدینەهاتنی ئاواتێکەوە بێت، بە دوو ڕێگاش لا دەدرێت:

- ڕێگایەکی دەرەکی، (ئامۆژگاری و یادخستنەوەی ئامۆژگار و بانگخوازان).

- ڕێگایەکی ناوەکی: کۆمەڵێک بیرکردنەوە هەن دەبێت مرۆڤ دەروونی خۆی لەسەر ڕابهێنێت.

وەسواسیی دەروونیش (Obsession) و خۆدواندن، ئازاریان لەسەر مرۆڤ زۆر زۆرە، ئەم نەخۆشییە هەرچەندە نیشانەکانی دەروونین، بەڵام بە تەنها

دەروونی نییە، بەڵکو هاوبەشە (جەستەیی – دەروونی) بە زمانی ئەمڕۆ سایکۆسۆماتی پێ دەوترێت، ڕەنگە بەم شێوە زۆر کەس لێی ناپارێزراو بێت، دەشگونجێت مرۆڤ یەکجار تووشی ببێت، منداڵ کە لە دایک دەبێت نیشانەی پێوە دیارە و دواییش لێی دوور دەکەوێتەوە، وەک شتێکی ڕاگوزەرەوە و نامێنێتەوە، بەڵام جارێک لە جاران تیایدا پەیدا دەبێت.

پاشان بەڵخی هۆکارەکانی وەسواسی و دەرئەنجامەکانی باس دەکات، کە تەبیعەتێکی تاڵی ڕەشە، چونکە بیرکردنەوەی خراپ و خۆدواندنی زیانبەخش دروست دەکات، چەندین جۆری خەیاڵ و وەسواسی دەورووژێنێت.

ئەم تەبیعەتەش: نیشانەی هەیە: ڕەنگە لە خیلقەتی جەستەییدا، ئێسقانی لێکجنراو، دەماری وشک، پێستی وشک، خوێنی خەس، مووی هەستیار، لەشێکی قرچهەڵاتوو، ڕەنگ تۆخی هەبێت، ڕەوشتی ئەو کەسەش شەڕانی، گرژ، بەردەوام بیرکردنەوە، زۆر ماتی، جووڵەی کەم، زوو تووڕە نابێت، بەڵام کە تووڕە بوو خێرا تووڕەییەکەی نارەوێتەوە.

بەڵخی کۆمەڵە نیشانەیەکی جەستەیی و ئاکاری پێکەوە باس دەکات، بۆ نەخۆشیی وەسواسی، چونکە نە بە تەنها بە دەروونی و نە تەنها بە جەستەیی دەزانێت، بە تێکەڵەیەکی هەردووکیانی دادەنێت، چارەسەری وەسواسییش لای ئەو:

- لە دەرەوە نەخۆشەکە خۆی بپارێزێت لە تەنیایی بەتاڵی.

٢ – لە ناوەوەش ڕابهێنرێت لەسەر کۆمەڵە بیرۆکەیەک بەرانبەر بە ختوورە و خەیاڵ و وەسوەسە، کە تووشی دەبێت.

ئەم قسەیەی بەڵخی لەسەر وەسوەسە شایستەی بایەخپێدانە، لەبەر کردەیی و بابەتی و وردبوونەکەی لە پشکنین و هۆکار و چارەسەردا، چونکە ئەگەر بەراورد بە دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆ سەیری بکەیت، بێگومان باسەکەی ئەو هاوشانی قسەی ئەمڕۆیە، ئەگەر لەپێشتریش نەبێت.

* زانایەکی دیکە کە ئیبن حەبیبی نەیسابوورییە لە (عقلاء المجانین)دا، وەک لە ناوونیشانی کتێبەکەیەوە دیارە، باس لە شێتی و جۆرەکانی دەکات:

- شێتی بە داپۆشراویی عەقڵ پێناسە دەکات، شێت بە عەقڵ داپۆشراو دەناسێنێت، کۆمەڵێک هاوتاش دەهێنێتەوە وەک: ئەحمەق، ناحاڵی، گێل،... تا کۆتایی.

- بیرکۆڵ (المعتوه): ئەوەیە هەر بەبێعەقڵی لەدایک بووە (لە زاراوەی ئەمڕۆدا پێی دەوترێت Moron) بە وانە دەوترێت، کە لە ڕووی عەقڵییەوە دوا کەوتوون.

- شەیدایی (عیشق): جۆرێکە لە شێتبوون، ئەو کەسەیە دەکەوێتە داوی خۆشەویستی تا شێتی دەکات، (ئێستا پێی دەوترێت زەبری خۆشەویستی Love Shock)، کە شۆکێکی دەمارییە ڕووداوە کاریگەرەکان دروستی دەکەن.

پاشان باس لە هۆکارەکانی شێت بوون دەکات:

- لەوانە کەسێک باوەڕ بە داهێنراوێک بکات یان تاوانێکی گەورە ئەنجام بدات، دوایی لە بەدقوومییەکەیان ورد بێتەوە تا تێکی دەدات، وەک هەست بە گوناهباری (Guilt Feeling)و لەخۆڕازینەبوون و خۆبەسووکسەیرکردن، بە زمانی ئەمڕۆ وا دەکەن مرۆڤ لە واقیعەکەی بپچڕێت و لە ئازاری ئەو هەڵە و گوناهبارییەی خۆی لا بدات، کە بەرگەیان ناگرێت، ئەمەش دەبێتە تووشبوونی بە شیزۆفرینیا.

- جۆرێکی تر بەهۆی ترسێکی لە ڕاددەبەدەر لە خوداوە تووشی شێتبوون دەبێت، ئەو جۆرە ترسە فشارە دەروونییەکان زیاتر دەکات و لە کۆتاییدا تووشی عەقڵ لەدەستدانی دەکات.

- جۆرێکی تر لافی شێتبوون لێ دەدات، بەڵام شێت نییە، ئەوانیش چەند شێوەیەکن: هەیە خۆی شێت دەکات، بەڵام عاقڵە، هەیشە خۆی شێت و بێعەقڵ دەنوێنێت بۆ دەسکەوتێک، هەشە بە حساب خۆی شێت کردووە تا خۆش بگوزەرێنێت، لە کۆتاییشدا هەیە خۆی شێت و بێعەقڵ دەکات، تا لە بەڵا و گرفتێک قوتاری ببێت.

لە کۆتاییدا نەیسابووری تا ناوونیشانی کتێبەکەی بڕاستێنێت، کۆمەڵە ناوێکی بەناوبانگ ڕیز دەکات لە ژیرە شێتەکان، وەک: ئوەیسی قەرەنی، سەعدون، باڵوول، عەلیانی و جگە لەوانیش کە نوکتە و شیعر و هەڵسوکەوتە سەیر و سەمەرەکانیان بە (ناسروشتی) دەگێڕێتەوە.

لە کۆتایی قسەکانیدا باس لە شێتیی زیرەکەکان دەکات، (شێتی بەهرەدار و بلیمەتەکان) لە سۆنگەی نەگونجانیان لەگەڵ خەڵکی دیکە، یان لە سۆنگەی هەندێک ئاکاریانەوە، کە خەڵک بە سەیروسەمەرە لێیان دەڕوانن، ڕەنگە وەهاش بێت.

- ئیبن جەوزی لە (أخبار الحمقى والمغفلين) کە کەسی بیرکۆڵ بە گەلحۆ (الأخرق) ناوزەد دەکات و باس لە هەڵسوکەوتی دەکات، وای دادەنێت کە هۆکارە خۆڕسکییەکان تەمێکردن دادیان نادات" باوەڕیشی وەهایە حاڵی گەلحۆ قابیلی چارەسەرکردن نییە، چونکە نەخۆشی نییە، بەڵکو حاڵەتە، کە تا ئەمڕۆش هەر بە حاڵەتی (case) ناوی دەبەین، لە لایەکی دیکەوە بۆچوونی وەهایە هیچ مرۆڤێکی زیرەکی تێروتەواو و بێ کەموکەسر نییە، بەڵام خەڵک لە ئەندازەی بێعەقڵی و زیرەکییانیدا جیاوازن، ئەمەش ڕایەکی زانستی و تەجریبیی زۆر پێشکەوتوو نوێیە.

**پاشان ئیبن جەوزی، تایبەتمەندیی ئەم بێعقەڵانە وەسف دەکات:**

١ – تایبەتمەندیی جەستەیی: دەماغیان بچووکە و لەگەڵ بەشەکانی جەستەیاندا ناگونجێت.

٢ – تایبەتمەندیی کەسێتی: بێباکی و لاوازیی پاڵنەرەکانی فێربوون و نەتوانینی ڕێکخستنی ئاکار و کارلێکەکان.

٣ – تایبەتمەندیی ئاکاری: وەک درەنگ فێربوون، زۆربڵێی، نەتوانینی قسەکردن، زیادەڕۆیی لە پێکەنین و زۆر پرسیارکردندا.

ئەم سیفەتانە بە تەواوی (زۆرینەی دەستەواژەکانیان و هەموو ماناکیان) لەگەڵ تایبەتمەندیی بیرکۆڵەکان چەسپاون، بەتایبەت مەنگۆلەکانیان Mangolism) کە بە میراتی لە جینەکانی یەکێک لە باوک و دایکیانەوە بۆیان ماوەتەوە، بە ڕێگەی سیانییە کرۆمۆسۆم ژمارە (٢١) لە پێکهاتەی کرۆمۆسۆمی، کە لێیانەوە گوێزراوەتەوە.

* ئیبن ئەبی سەبیعەش، لە (عيون الانبياء فى طبقات الأطباء) هەندێک حاڵەتی دەروونی دەپشکنێت، لە ئەبو قیران و ئەبوبەکری ڕازییەوە شێوازی چارەسەریشیان دەگوازێتەوە:

– یەکەم شتێک باسی (فێ) دەکات و بەم شێوەیە پێناسەی دەکات: نەخۆشییێکە ئەندامە دەروونییەکان بە ناتەواوی لە کار دەخات، بەهۆی گیرانی بەشێکی ناوەوەی مێشک و ڕێڕەوی دەمارە بزوێنەکان، لە تێکەڵەیەکی خەست و گیر، ئەمەش ڕێگرە لەوەی ڕۆح و ئاکارەکانی سروشتی بن، بۆیە ئەندامەکانی (کۆڵنج) تەشەنوج دەکەن.

چارەسەری (فێ)ش بەکارهێنانی ڕووەکی (خەریق)ە.

– ئیبن ئەبی ئەسبیعە باس لە وەسوەسەش دەکات، بەوە دەیناسێنێت: کە قسەی دڵ و دەروون و شەیتانە لەو بابەتانەیە هیچ قازانج و خێرێکی تێدا نییە، نیشانەکانی تێکەڵ و پێکەڵییەکە لە مێشکدا و هۆکارەکەشی زاڵبوونی ڕەشباوییە.

– هەروەها باس لە جۆرێکی ئیفلیجبوون دەکات، کە مرۆڤ تووشی دەبێت، نموونەش بە کەنیزەکەکەی هارونە ڕەشید دەهێنێتەوە، شێوەی چارەسەرکردنەکەشی دەستنیشان دەکات، وەک ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێین ئیفلیجی هیستری.

– هەروەها باس لە ئالوودەیی و شوێنەوارەکانی دەکات، (نەخۆشیی ئالوودەبوون بە ئەلکحول) ئەو کاریگەرییەی، کە لەسەر عەقڵ بەجێی دەهێڵێت و تێگەیشتن تێک دەدات.

– لە کۆتاییشدا باس لە تووڕەیی و ڕق و چارەسەریشیان دەکات، بەو شێوەیەی کە ئەبو سەعیدی سینانی کوڕی سابت لە نامیلکەی (عن سوء المزاج المختلف) باسی کردووە.

– وەک وتمان ئیبن ئەبی ئەسبیعە ئەم چارەسەرانەی لە ئەبوبەکری ڕازییەوە وەر گرتووە، ڕازییش لە (طب النفس)دا، سەبارەت بە چارەسەری نەخۆشیی دەروونی دەڵێت: پێویستە دکتۆر ئەوە بخاتە مێشکی نەخۆشەوە، کە ساغە و هیوای پێ ببەخشێت، با خۆیشی متمانەی بەوە نەبێت، چونکە ڕەفتاری جەستە شوێنکەوتەی میزاجی دەروونە.

ئەم شێوازەی چارەسەرە نزیکە لە شێوازی ڕۆجەرزەوە (Rogers) کە پێی دەڵێت: چارەسەری پشتبەستوو بە چارەخواز (Client Centered Therapy) کە

پشت بە هاوسۆزیی پزیشک لەگەڵ نەخۆش و هاوبەشیکردنی هەستیی دەبەستێت، کە پەیوەندی لەگەڵ ببەستێت و هەوڵ بدات هیوای چاکبوونەوەی بۆ دروست بکات.

* ئیبن قەیمی جەوزی لەم بوارەدا، لە کتێبی (في أمراض القلب وشفائها) هەمان بۆچوونی هەیە و ڕای وایە.

- ئیرەیی نەخۆشییەکە لە نەخۆشییەکانی دڵ، وەهاش پێناسەی دەکات: ئازارێکە مرۆڤ بە هۆی بینینی خۆشگوزەرانیی دەوڵەمەندەکانەوە تووشی دەبێت.

- شەهوەت و شەیدایی نەخۆشیی دەروونین، ئەگەر بەهێزبوون کاریگەری لەسەر جەستە پەیدا دەکەن و دەبنە نەخۆشیی جەستەییش.

شەیدایی (عشق) لای ئەو: خۆشویستنی دەروونە بۆ شتێک کە زیانی پێ دەبەخشێت، لەوانەشە لەگەڵ شەیداییش، کەسە ڕقی لە هەمان شت ببێتەوە. ئەو شەیدایی بە نەخۆشینی مێشک (مالینخولیا) یان بە نەخۆشیی جەستەیی دادەنێت وەک: لاوازی و کزی.

- چارەسەریش بۆی لای ئەو لەخواترسان و خۆبواردنە لەوەی زیانی پێ دەگەیەنێت و جیبەجێکردنی ئەوانەشە بە کەڵکی دێن.

* ئین قەیمی جەوزی لە کتێبێکی دیکەیدا (إغاثة اللهفان)، باسی دیکە دەخاتە سەر ئەو نەخۆشییە کە لە نامیلکەی پێشوو باسی کردن وەک: نەخۆشیی گومان و وەسوەسە، دەیانخاتە ڕیزی نەخۆشییە دەروونییەکانەوە، کە ئەمڕۆ پێیان دەڵێین نەخۆشیی وەسوەسەی سەپێنەر.

لە کتێبی (طريق الهجرتين) لیستێکی دیکەی نەخۆشی پۆلێن دەکات، لەوانە:

- غەمباری کە نەمانی شادی و خەمۆکیی بەردەوامە، لە داخی ئەوەی لەدەست چووە یان لە خەفەتی ئەوەی نەهاتووەتە دی، ئەو باوەڕی وەهایە ئەمە نەخۆشیی عەوامە چونکە چاکەکانی خودای لەبیر کردووە، ئەمەش لە باوەڕەوە نییە.

- خەفەت: ترسە لەوەی کە دێت.

- ترس: دەستبەردانە ئەرخەیانی سەلامەتی و ئاگاییە لە هاواری هەڕەشە، ترسە لە خراپیی سزا.

جارێکی دیکە بەم شێوە پێناسەی دەکات، چاوەڕوانکردنی ناخۆشییەکە بە هۆی کردارێکەوە کردوویەتی بێتە ڕێی و ترسە لە خراپیی ئایندە و سزاکەی.

- خەمۆکی: لە دیاردەکانی غەمبارییە و وای دەبینێت کاریگەریی ڕووخێنەری وزە و چالاکی و ئیرادەی هەیە.

- لە (روضة المحبين ونزهة المشتاقين)دا، خەمۆکی خراپبوونی حاڵ و تێکشکان و غەمبارییە، کە بە هۆی لەدەستدانی خۆشەویستییەوە پەیدا دەبێت، هەمان کتێب شەیدایی و ئارەزوو بە نەخۆشیی دەروونی لە قەڵەم دەدات.

- شەیدایی لای ئەو و بەشێک لە پزیشکانیش نەخۆشیی وەسواسییە، لە وێنەی مەنخۆڵیا یان خەمۆکی، مرۆڤ بۆ خۆی دروستی دەکات بەوەی مێشکی زۆر دەخاتە سەری و وێنای لای خۆی جوان دەکات.

هۆکارە دەروونییەکەی: جوانکردن و بیرکردنەوەیەتی، هۆکاری جەستەییش بەرزبوونەوەی هەڵمێکی پیسە بۆ مێشک لە تنۆکێکی پەنگخواردووەوە.

ئەو نیشانەکانی شەیدایی وا دەبینێت، دەکرێت لە سۆنگەی لاوازێتیی بۆچوون و پسکە پسک لە قسەکردن، هەڵە، زمانگرتن، لەرزینی پارچەکانی لەش، خواروخێچی، پێ بزانرێت.

- ئارەزووش مەیلی تەبیعەتە بۆ شتێک لەگەڵی دەسازێت، ئەم مەیلەش لە مرۆڤدا دروست کراوە بۆ زەرووڕەتی مانەوەی، چونکە ئەگەر مەیلی خواردن و خواردنەوە و هاوسەرگیری نەکات، ناخوات و ناخواتەوە و هاوسەرگیری ناکات.

ئەو قەناعەتی وەهایە ئارەزوو بە ڕەهایی خراپ نییە و بە ڕەهایی باشیش نییە، بەڵام زیادەڕەوی لە دەستخستنی و لادانی زیان دەگەیەنێت.

* مادام هێشتا لە باسی شەیداییداین، ئیبن ئەبو حەجلە لە (ديوان الصبابة) شەیدایی دەکاتە قۆناغ قۆناغ، کە مرۆڤ لە خراپەوە بەرە وخراپتر دەبات تا شێتی دەکات:

- قۆناغی یەکەم: قۆناغی پێش تێکچوونە، ئەمەیان تا ئەندازەیەک قبووڵە و دهبێت بە سێ قۆناغی لاوەکییەوە:

- خۆشەویستی: یەکەم قۆناغە، کە مەیلی دەروونە.

- پەیوەستی: خۆشەویستییەکە بە دڵەوە بەندە و لێی جیا نابێتەوە.

- زەجر: خۆشەویستییەکی قووڵی ئازاربەخشە.

قۆناغی دووهەم: قۆناغی تێکچوونە، لێرەوە خەیاڵ و ختووورە لە ڕێڕەوی سروشتی بەرەو تێکچوون لا دەدات (مالینخولیا)، ئەمیش دەبێت بە پێنج قۆناغی لاوەکییەوە:

- قاڵبوون: قاڵبوونی دڵە.

- جەزبە: حەزی ناوەکی، مووچڕکەی توونده بە هۆی شەیدایی یان غەمبارییەوە.

- دیلی: خۆشەویستی دیلی دەکات.

- دێوانە: لە خۆشەویستیدا هۆش و عەقڵی نامێنێت.

- خەیاڵاوی: بە هۆی زاڵبوونی خۆشەویستییەوە، خۆی لێ تێک دەچێت.

قۆناغای سێهەم: قۆناغی شێتیە (مالینخولیا).

* لە لایەکی دیکەوە فەخرەدینی ڕازی لە (المطالب العالیة/ کتاب الرابع) باوەڕی وەهایە، کە شەیدایی شتێکی خۆڕسکییە لە دەروونددا بەرانبەر جەستە و چێژەکانی، بوونی ئەم شەیداییەش بەڵگەنەویستە، هەموو ئاژەڵان بە سروشتی خۆیان لەسەر خۆشەویستیی ژیان و چێژە جەستەییەکان ڕاهێنراون.

* ئیبن مەسکەوەی، لە کتێبی (تهذیب الأخلاق)دا جەخت لەوە دەکاتەوە، کە حەز لە چێژە جەستەییەکان و حەوێنەرە لاشەییەکان بۆ مرۆڤ سروشتییە، بە هۆی ئەو کەسرییەی کە تیایدایە، ئەو بە هۆی فیترەت و خۆڕسکیی پێشینەی حەزی لێ دەکات و خۆی بۆی دەڕوات، بەڵام بە ڕێشمەی عەقڵ لەغاوی دەکات و بەپێی پێویست تیایدا ڕۆ دەچێت.

* لە (جامع السعادات) محەمەد مەهدی نەراقی، پێناسەیەکی جوانی نەخۆشییە دەروونییەکان دەکات: یان لادان و کەموزیادکردنە لە مامناوەندێتیدا (بە زاراوەی

ئەمرۆ پێناسەی چەندێتییەکەیەتی) یاخود لادانی یەکێک یان بەشێکی هێزە دەروونییەکانە، پاشان دێتە سەر باسی: فێڵ و زیرەکی و کاڵفامی و زیادەڕۆیی و بەزایەدان و شەهوەت.

- ئەو هۆکارانەی دەبنە مایەی نەخۆشیی دەروونی، لای نەراقی یان دەروونیی ناوەکین یاخود جەستەیین یان ئەنجامدانی کردارگەلێکی قێزەونن لەلایەن دەروونی تاکەوە، نەراقی ئەو نەخۆشییانە بەپێی دەرئەنجامەکانی، دەگێڕێتەوە بۆ سێ هێزە دەروونییەکە (عاقڵی، تووڕەیی، شەهوەتی) هەریەکەیان بە جیان و جاری واش هەیە پێکەوەن (واتە دووانیان یان هەر سێکیان پێکەوەن).

بەپێی ئەم تێڕوانینە نەخۆشییە دەروونییەکان بۆ چوار بەش پۆلێن دەکات:

- پۆلی یەکەم: ئەو ناپەسەندییانەن بەستراون بە هێزە عەقڵییەکانەوە لەوانە: (جەربەزەیی، نەزانییەکی کەم، نەزانیی قووڵ، گومان، شیرک، وەسەوەسە، فروفێڵ) پاشان نەراقی چارەسەر بۆ هەریەکەیان دادەنێت.

- پۆلی دووهەم: بەستراوە بە هێزی تووڕەییەوە لەوانە: سەرچڵی، ترس، خۆبەچووکزانی، لەخۆبایی، لەخۆگۆڕان، خۆبەزلزان، خۆشکاندن).

پاشان بە گشتی باسی توڕەیی دەکات، دوای ئەوە باسی توندوتیژی و یاخیبوون دەکات، ئەوجا دێتە سەر چارەسەر بۆ هەموویان و دژەکانیشیان.

پۆلی سێهەم: بەستراوە بە هێزی شەهوەتییەوە باس لە (چاوچنۆکی، خۆشویستنی سەروەت، ناپاکی، غەدر، سنووربەزاندن بە هەموو شێوەکانی، وەک: زینا، نێربازی، عەرەقخۆری، ڕۆچوون لە خراپە) دەکات.

پۆلی چوارەم و کۆتایی: پەیوەستە بە کۆی هەر سێ هێزەکەوە (عەقڵی، تووڕەیی، شەهوەتی) یان بە دووانیان بە تێکەڵی، لەوانە: ئیرەیی، ستەم، کەمتەرخەمی، سازشکردن، درکاندنی نهێنی، دووزمانی، تێکدانی نێوان خەڵک، بەخکردن، ڕووپامایی، جادوو، گەمەوگاڵتە، زەم، بوختان، پیاهەڵدان، درۆ، ژیانویستی، حەز بە تەمبەڵی، حەز لە پیاهەڵدان، ماستاوچێتی، دووڕوویی).

ئەمە پۆلێنکردنێکی زیرەکانەی وردە، کە یەکەم جار نەخۆشییە دەروونییەکان بۆ هۆکارەکانی دەگێڕێتەوە (واتە ئەو سێ هێزی دەروونییە) و دووهەم تێچێنی

ئەو سێ هێزە لە نەخۆشخستندا. ئەم پۆلێنکردنەش هاوکاریی نەراقی کردووە بۆ پۆلێنکردنی شێوەی چارەسەری نەخۆشییە دەروونییەکان، هەریەکەیان بەپێی ئەو هێزەی بووەتە هۆی نەخۆشییەکە. نەراقی جوان کۆتایی بە باسەکەی دەهێنێت، کە ئامۆژگاری دەکات نەخۆشیی دەروونی ببرێت بۆ لای دکتۆری دەروونی، نەخۆشیی جەستەییش بۆ لای دکتۆری جەستەیی، واتە ئەو دوو دکتۆرە لە یەک پێگەدا دانانێت و یەک ئەرکیان بۆ دانانێت و یەک پیشەشیان پێ ڕەوا نابینێت.

کۆتایی ئەم باسە بە باسەکەی مامۆستای پایەبەرز ئیبن سینا دەهێنین، کە لە (القانون في الطب)دا، وردەکارییەکی زۆر زانستی هێناوە، کە هیچ کەسێک لە سەردەمی ئەودا پێی نەگەیشتووە لە بارەی پشکنین و هۆکار و چارەسەرەوە. لێرەدا جێگای نابێتەوە ڕۆ بچینە کتێبەکەوە، ئەوەندە بەسە یەک نموونەی نەخۆشیی دەروونی بهێنینەوە کە قسەی لەسەر کردووە ئەویش مالانخۆلیا یان خەمۆکی.

- یەکەم جار پێناسەی نەخۆشییەکە دەکات، کە: ئەو حاڵەتەیە بیروبۆچوونی مرۆڤ لە ڕێڕەوە سروشتییەکەی خۆی دەگۆڕێت بەرە وترس و تێکچوون و خراپی.

- میزاجی ڕەشباو ڕۆحی مێشک، لە ناوەوە تاریک دەکات و لەو تاریکییەش دەیترسێنێت، واش دەبینێت هۆکارێکی پەیدابوونی مالینگۆلیا زیادەڕەویی خەفەتخواردن و ترسە.

لە شوێنێکی دیکە باسی ئەم نەخۆشییە دەکات و دەڵێت (هەندێک لە پزیشکان وای دەبینن ڕەنگە مالانخۆلیا بە هۆی جنۆکەوە بێت، ئێمەش گوێ نادەینە ئەوەی پزیشکی لە کوێ فێر دەبین).

ئەمەش تێروانینێکی بابەتی و زانستییە.

- باسیش لە قۆناغەکانی نەخۆشییەکە و گەشەکردنی دەکات: ئەگەر مالانخۆلیا وازی لێ بهێنرێت لەگەڵ بێزاری و باوێشکدانەوە دەگوازرێتەوە و دەبێتە (مانیا)، یان دەگاتە ناوەوەی مێشک و دەڕژێتەوە سک، زۆرجاریش گواستنەوەکە لە (فێ)وە سەر دەر دەکات.

- پاشان ئیبن سینا باس لە نیشانەکانی دەکات.

- نیشانە سەرەتاییەکانی: گومانی خراپ، ترسی بێهۆ، زوو تووڕەبوون، حەز بە تەنیایی، چفەچف و سووڕانەوە و دەنگەدەنگ.

- ئەو نیشانانەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە دەر دەخەن، (ڕاچڵەکین، گومانخراپی، غەمباری و تەنیایی و بێتاقەتی و وڕێنە لە قسەکردندا، ترس لە شتانێک کە بوونیان نییە یان بوونیان هەیە بەڵام مەترسیدار نین).

ئەم قسەیەی سەرەوە سەردەمییانەیە سەبارەت بە: نەخۆشییە عەقڵییەکان وەک شیزۆفرینیا و خەمۆکی و پارانۆیا و شێتیی گەورەیی.

- پاشان باس لە نەخۆشیی دیکە دەکات، کە بەشێکن لە نەخۆشیی مالانخۆلیا و باسی (قەترەب) دەکات، کە بەشێکە لە مالانخۆلیا و زیاتر لە مانگی دوو بڵاو دەبێتەوە و جۆرێکە لە دوورەپەرێزبوون، کە تووشبووەکە لە خەڵک هەڵدێت و حەز لە دراوسێیەتیی مردوو و گۆڕستان دەکات.

- باس لە تێکچوونی بیریش دەکات (وڕێنە).

- هەروەها باسی (هار)بوونیش دەکات کە تووشبونە بە شێتییەکی زۆر زیاد.

جا ئەگەر سەرنجی ڕێبازی ئیبن سینا بدەین، دەبینین ڕێبازێکی زۆر زانستی و وردە" پشکینن و لێکدانەوەی وردی نەخۆشییەکەی کردووە" لەپێشیەوە بە پێناسەی نەخۆشییەکە دەست پێ دەکات، چەند گریمانەیەک دادەنێت، ڕێبازی نیشانەگەرایی لە زانینی جۆر و شوێن و گەشە و نیشانەکانی بەکار دەهێنێت. پاشان بە دانانی چارەسەر – جا دەرمان بێت یان چارەسەری دەروونی – کۆتایی پێ دەهێنێت، گژوگیا و شرووب بەکار دەهێنێت، لە لایەکی دیکەوە ڕێنمایی و ئاڕاستە و هۆشیارکردنەوەی نەخۆش و پلەبەندی بۆ گۆڕینی حەز و ئارەزوو ئاکاری نەخۆش دەگرێتە بەر.

**دەرئەنجام**

ئەم گەشتە خێرایە - پەیوەست بە دەروونساغیی تاک لە نەخۆشییە دەروونییەکان لای زانایانی موسڵمان – وێنەیەکی ڕووناک و پرشنگدارمان پێ دەدات، سەبارەت بە پێشکەوتنیان لە پشکنین و چارەسەر و ناساندنی هۆکار و نیشانەی زۆر لە نەخۆشییە دەروونییەکان، کە زۆر نزیکە لەوەی ئێستا هەیە، بە مەرجێک حیساب بۆ ئەو ماوە زۆرەی نێوانیان بکەین و بابەتییانە و ورد هەڵیانسەنگێنین. لەگەڵ تێبینیی ئەوەی پزیشکی جەستەیی لەو سەردەمەدا بە شێوەیەکی سادە هەبووە کە هاوتەریبی واقیع و ڕۆشنبیریی پزیشکیی ئەو کاتە بووە. لەگەڵ ئەوەشدا نەخۆشییە دەروونی و لادانە کەسێتییەکان پانتاییەکی فراوان و تایبەتیان لە نەخۆشی گشتی گرتبوو لای زانا موسڵمانەکان بە شێوەیەکی گشتی و تێروتەسەل.

**سێهەم: بەرنامەی خۆپارێزیی ئیسلامی لە نەخۆشی و لادانی دەروونی:**

وەک ڕێبازێکی نوێ، خۆپارێزی و پێش ڕووداوی نەخۆشکەوتن و زۆربۆهێنانی، دانانی لەمپەری خۆپارێزی لە بەردەمیدا، بۆ بڵاوبوونەوە و گەشەنەسەندنی، ئەمڕۆ لە بنەڕەتییەکانی دەروونساغی و چارسەری دەروونی دادەنرێت. جا لە نموونەی ئەم ڕێبازە بەڵکو بەهێزتر و زیرەکانەتر و وردتر و تێروتەسەلتر، لە ڕێبازی ئیسلامیدا دەبینین و پاراستنی تاک تا تووشی نەخۆشیی دەروونی نەبێت، بەڵکو ئەوەندە ڕێگر و هێڵی بەرگری بۆ داناوە، کە نەهێڵێت نەک نەخۆشیی دەروونی و لادانی تووشی ببێت تەنانەت لێشی نزیک بێتەوە.

وا لە خوارەوە باسێکی ئەم دوو خاڵە و کۆمەڵێک نموونەیان، لە هزری ئیسلامیدا بۆ دەهێنینەوە:

**١/٣ ئازادکردنی مرۆڤ لە گرێی گوناهباری**

پێویستە بچینە ناو چەمکی هەست بە گوناهبارییەوە، ئەوەی بە زاراوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن (گرێی گوناهباری)، پاشان تێڕوانینی هزری ئیسلامی لەسەری،

چونکە گرێی گوناهباری لەو دەروازە سەرکییانەیە، کە مرۆڤ لێیەوە بەرەو لادانی کەسێتی و لادانی ئاکاری دەچێت.

* گومانی تێدا نییە، کە پەروەردگار چاکە و خراپەشی نیشانی مرۆڤ داوە، هەڵەی بە (قەدەر)ی مرۆڤ داناوە و قووتاربوون لێی مەحاڵە، چونکە تێڕوانینی تێر و تەواو تەنها بۆ خودایە، هەر ئەویش کەسانێک لە بەندە و فریشتەکانی بژاردە دەکات: ﴿اللَّهُ يَصْطَفِي مِنَ الْمَلَائِكَةِ رُسُلاً وَمِنَ النَّاسِ﴾ [الحج: ٧٥]، واتە: (خوا لە فریشتەکاندا فروستادە هەڵدەبژێرێت هەروەها لە خەڵکیشدا)، لە لایەکی دیکەوە خودای پەروەردگار خۆڕسکانە، ناسینی چاکە و خراپە و جیاکردنەوەی حەرام وحەلاڵی لە مرۆڤدا داناوە ﴿بَلِ الْإِنسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ﴾ [القيامة: ١٤]، واتە: (بەڵکو ئادەمی ئاگادارە بە حاڵی خۆی)، فەرموودەکەش دەفەرموێت: (ئەوی لێی بەدگومانی دەستبەرداری ببە، بەرەو ئەوەی گومانی لێ ناکەیت).[١] دەشفەرمووێت: (چاکە ڕەوشت جوانییە، گوناهیش ئەوەیە دەروونت ختوورەی دەکات و حەز ناکەیت خەڵک پێی بزانێت).[٢]

پەشیمانیی مرۆڤ لە گوناهێک کردوویەتی خۆڕسکانە لە مرۆڤدا هەیە، خودای پەروەردگار وەهای دروست کردووە، ئەم هەستە خوداکردە چاودێرێکی ناوخۆییە لەسەر مرۆڤ تا بەرەو سەلامەتی و ئەرخەیانی ئاڕاستەی بکات، لە لادانی ئاژەڵی و کەڵەکەبوونی هەڵە و دڵڕەقی دوور بخاتەوە.

* هەست بە گوناهباری و تاوان سیفەتێکی دانەبڕاوە لە مرۆڤدا، لەگەڵی گەورە و قەبە دەبێت، تا جێدەستی ئاشکرا لەسەر کەسێتی دادەنێت، ڕەنگە بەرەو ململانێیەکی دەروونی یان هەرەس و گۆشەگیری و تێکشکان و نائومێدی ببات، دووریش نییە حاڵی شڕتر بکات، تووشی نەخۆشی و دەروون بیماری بکات، تەنانەت زۆرجار (ئەو کاتانەی بەهێز دەبن). تووشی ئازارێکی بەردەوامی دەکات،

---

[١] أخرجه الترمذی، فی الجامع الصحيح، كتاب صفه القيامة (٣٨)، باب (٦٠)، حديث: ٢٥١٨، ٥٧٦/٤ – ٥٧٧. وقال عنه: حديث صحيح.

[٢] أخرجه مسلم فی صحيحه، كتاب البر والصلة والاداب (٤٥)، كتاب (٥)، حديث رقم: ٢٥٥٣، ١٦.

له ڕووی دەروونییەوە دایدەڕووخێنێت و بۆ ڕزگاربوون لەو ئازارە سەختە خۆی دەکوژێت.

* کەواتە با ڕێبازی ئیسلامی بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم قەیرانە دەروونییەدا بخەینە ڕوو:

١ – بیروباوەڕی ئیسلامی مرۆڤ وا دەناسێنێت، کە تووشی هەڵە و پەڵە دەبێت و لێی دەرباز نابێت (هەموو ئادەمیزادێک هەڵە کارە.....).[1]

وا بە خێرایی بە باسی یەکەم مرۆڤی بەدەیهێنراو دەست پێ دەکەم، کە باوکە ئادەمە ﴿وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَى﴾ [طه: ١٢١]، واتە: (ئادەم سەرپێچیی فەرمانی پەروەردگاری کرد ئیتر لە ڕێگای ڕاست لاي دا.)، کەواتە هەڵەکردنی مرۆڤ شتێکی سەیر و نامۆ نییە و گۆڕانکاریش نییە لە دروستبوونیدا ﴿لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ﴾ [الروم: ٣٠]، واتە: (داهێنراوی خودا هیچ جۆر گۆڕانی بۆ نییە)، هەر ئەم بۆچوونە لە سەرەتاوە باری سەرشانی مرۆڤ کە هەڵە و سەرپێچی کردووە زۆر سووک دەکات.

* لەم بارەیەوە یەحیای کوری حەمزەی یەمانی زوماری، لە (تصفية القلوب من درن الأوزار والذنوب)دا دەڵێت: بزانە تەوبە کردن فەرزی عەینە لەسەر هەموو کەسێک، کەسی لێی بێنیاز نییە، وەک چۆن ئادەمی باوکی هەمو خەڵک لێی بێنیاز نەبوو، کەواتە ڕۆڵەکانیشی هەر وان و لێی بێنیاز نین.

٢ – ئیسلام دەرگای تەوبەی شەو و ڕۆژ کردووەتەوە (خودای پەروەردگار بە شەو دەستی کردووەتەوە و تا گوناهکارانی ڕۆژ تەوبە بکەن، بە ڕۆژیش دەستی کردووەتەوە بۆ گوناهکارانی شەو هەتا خۆر لە خۆرئاواوە هەڵدێت)، ڕێگای بۆ لای خوداچوونیشی ڕاستەوخۆ ئاچووخ کردووە، بەبێ هۆکار و دانیشتن لەسەر کورسیی دانپێدانان و خۆنزیککردنەوە لە ڕێگەی ئەم و ئەوەوە ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ﴾ [البقرة: ١٨٦]، واتە: (هەر

[1] أخرجه الترمذی، فی الجامع الصحیح، کتاب صفه القيامة (٣٨)، باب (٤٩)، حديث: ٢٤٩٩، ٥٦٩/٤. وقال: حديث غريب لا نعرفه إلا من هذا الوجه.

دەمیّ بەندەکانی من پرسیاریان لیّ کردیت دەربارەی من ئەوا بێگومان من لێیانەوە نزیکم، گیرا دەکەم نزای نزاکاران هەرکاتێک هاوار و نزام لیّ بکەن)، ﴿يَقْبَلُ التَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِ﴾ [التوبة: ١٠٤] واتە: (خوا زاتێکە تەوبە لە بەندەکانی وەر دەگرێت)، ﴿غَافِرِ الذَّنبِ وَقَابِلِ التَّوْبِ﴾ [غافر: ٣]، واتە: (لێبوردەی تاوان و وەرگری تۆبە)، ﴿قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعاً إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ﴾ [الزمر: ٥٣]. واتە: (ئەی موحەممەد (دروودی خوای لەسەر) بڵێ: ئەی بەندەکانم ئەی ئەوانەی کە خۆتان زۆر گوناهبار کردووە، نائومێد مەبن لە میهرەبانی و بەزەیی خوا، چونکە بێگومان خودا لە هەموو گوناهەکانتان خۆش دەبێت، بە ڕاستی هەر ئەوە لێبوردەی بەبەزەییە).

ئایەت و فەرموودە زۆرن، کە دەرگای لێخۆشبوونیان والا کردووە بۆ تەوبەکاران، ڕێگا ساز دەکەن لە بەردەم فەرامۆشکردنی گوناحو تاوان، بیرنەکردنەوە لێیان، بنەمای سەرەکی ئەوەیە ئیسلام پێش خۆی دەسرێتەوە، تەنها پەشیمانبوونەوە لە گوناهکردن ئەوە تەوبەیە (الندم التوبة)، یان دەفەرموێت: ئەگەر ئەوەندە گوناهـ بکەن، تا دەگاتە ئاسمان، دوایی تەوبەتان کرد، خودا تەوبەتان لیّ وەر دەگرێت).[1]

خودای پەروەردگار داوای پەشیمانبوونەوەی خێرا دەکات، لە دوای تاوان ﴿سَابِقُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ﴾ [الحديد: ٢١]، واتە: (پێشبڕکیّ بکەن بۆ (دەستخستنی) لێخۆشبوون لەلایەن پەروەردگارتانەوە)، بەڵکو تەوبەکاران بە خۆشەویستی خودا دادەنێت ﴿إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ﴾ [البقرة: ٢٢٢] واتە: (بە ڕاستی خودا تۆبەکارانی خۆش دەوێت)، پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر)، خۆی دەکات بە نموونە تا شوێنی بکەوین: (من ڕۆژی سەد جار داوای لێخۆشبوون دەکەم).[2]

٣ – لەوانەش زیاتر ئەوە کەسەی تەوبە بکات و داوای لێخۆشبوون بکات، خراپەکانی دەگۆڕێن بۆ چاکە: ﴿فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ وَكَانَ اللَّهُ غَفُوراً رَّحِيماً﴾

---

[1] أخرجه مسلم فى صحيحه، كتاب التوبة (٤٩)، باب (٥)، حديث رقم: ٢٩٢١، ٧٩/١٧.

[2] أخرجه مسلم فى صحيحه، كتاب الذكر والدعاء (٤٨)، باب (١٢)، حديث رقم: ٦٧٩٨، ٢٦/١٧.

[الفرقان: ٧٠]، واته: (ئا ئەوانە خودا خراپە و تاوانەکانیان دەگۆڕێت بە چاکە و خودا هەمیشە لێبوردەی بە بەزەییە)، ﴿وَهُوَ الَّذِي يَقْبَلُ التَّوْبَةَ عَنْ عِبَادِهِ وَيَعْفُو عَنِ السَّيِّئَاتِ﴾ [الشورى: ٢٥]، واته: (ئەو خودا زاتێکە تەوبە لە بەندەکانی وەر دەگرێت و لە کردەوە بەدەکان چاوپۆشی دەکات)، لەمەش زیاتر دەکرێت گوناهکردن ببێتە دەروازەیەک بۆ چوونە بەهەشت: پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) دەفەرمووێت: (بەندەیەک گوناهێک دەکات پێی دەچێتە بەهەشتەوە، وتیان ئەوە چۆنە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ئەو گوناهەکەی لە بەرچاوە، تەوبە دەکات و لێی هەڵدێ هەتا دەچێتە بەهەشتەوە).[1]

٤ – لە لایەکی دیکەوە مرۆڤ تەنها خۆی بەرپرسە لە گوناهەکانی، نەک کەسی تر ﴿وَلاَ تَكْسِبُ كُلُّ نَفْسٍ إِلاَّ عَلَيْهَا وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ [الأنعام: ١٦٤]، واته: (هەر کەسێک هەر گوناهـ و خراپەیەک بکات، تەنها لەسەر خۆیەتی وە هیچ کەسێکی گوناهکار گوناهی کەسێکی تر هەڵناگرێ)، ﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحاً فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ أَسَاء فَعَلَيْهَا﴾ [الجاثية: ١٥]، واته: (هەر کەسێ کاری چاکە بکات (قازانجەکەی) بۆ خۆیەتی هەرکەسیش خراپە بکات، (زیانەکەی) بۆ خۆیەتی)، تاوان و سەرپێچیی خەڵکی دیکەش ناخاتە سەرشانی، خودا لێپرسینەوەی لەسەر شتێک لەگەڵ ناکات نەیکردبێت ﴿إِنَّ اللّهَ لاَ يَظْلِمُ النَّاسَ شَيْئاً﴾ [یونس: ٤٤]، واته: (بە ڕاستی خودا هیچ ستەم لە خەڵکی ناکات)، ﴿إِنَّ اللّهَ لاَ يَظْلِمُ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ﴾ [النساء: ٤٠]. واته: (بە ڕاستی خودا قورسایی گەردیلەیەک ستەم ناکات).

* بەم بەدواداچوون و پلەبەندی و بەرزبوونەوەیە، دەبینین سەرچاوەیەکی سەرەکیی نەخۆشیی دەروونی (بەتایبەت خەم و خەفەت و خەمۆکی بە هۆی گوناهکردن و هەڵگرتنی کۆڵی تاوانەوە) بە ئەندازەیەکی زۆر سنووردار دەکرێت، بەمەش مرۆڤ لە خەمی زۆر ئاکاری ناڕێک و نەخۆشیی دەروونی دوور دەخاتەوە.

[1] الزبيدى، إتحاف السادة المتقين، ٥٢٤/٨. قال الزبيدى: قال الحافظ العراقي رواه ابن المبارك في الزهد، عن المبارك بن فضالة عن الحسن مرسلا.

## ٢/٣ سنووردارکردنی شوێنەواری فشارە دەروونییەکان

ئەوەی بە "فشاری دەروونی" دەناسرێت (Psychological Stresses) ئەمە بوارێکی نوێیە لە دەروونناسیی تازەدا، کە باس لە ڕووداوە جیاوازەکانی ژیان دەکات و بارێکی قورسە بەسەر مرۆڤەوە، بیرکردنەوەی تێک دەدات و بیری ماندوو دەکات، دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی و خەمۆکی زیاد دەکات، چونکە ئەو ڕووداوانەی ژیان بەتایبەتی ناخۆشەکانی دەبێتە هۆی ورووژاندنی فشاری دەروونی، کە سەر دەکێشێت - لە وەختی زیادبوون و کەڵەکەکردنیدا — بۆ نەسازانی کەسێتیی تاک چ لەگەڵ خۆی یان ئەوانی دیکە.

ئەمڕۆ فشارە دەروونییەکان دەرگایەکی والان، بۆ چوونە ناو نەخۆشییە دەروونی و لادانە کەسێتییەکان، چونکە نەخۆشییەکی سەردەمە لە ئەنجامی ئەو سەرقاڵی و شەکەتییە زۆرەی کار و کەڵەکەبوونی بەرپرسیارێتییەوەیە، دڵەڕاوکێ و تەوەتوریش هاوشانی دەبن، هەروەها زۆریی پێویستییەکانی سەردەم و هەرکەس خەریکبوون بە خۆی و نەپەرژانە سەر یەکتری ڕۆڵی زۆریان هەیە.

جا بۆ درووکەوتنەوە لێیان وردتر بڵێین بۆ خۆپارێزی، پێویستە ئەو درزانەی فشاری دەروونی لێیانەوە سەر دەکێشن دابخرێن، تا ببنە سەنگەری پێشەوەی بەرگری دژی نەخۆشی و لادانە دەروونی و کەسییەکانەوە.

هەرچەندە کۆمپانیا زەبەلاحەکان و ئیدارە حکومییەکان هۆکاری جیاجیایان داهێناوە، بۆ سووککردنی ئەم فشارانە و خۆڕاگری بەرانبەر گرفتەکانی ژیان. بە نموونە مۆڵەتی زۆرەملێ دەدات بە کارمەندانی، دەرفەتی خۆشی بۆ گەشتیاران بۆ دەڕەخسێنێت، تا لە بەردەوامی کار و ڕۆتیناتی وەزیفە و گرفتەکانیان دووریان بخاتەوە، سەفەریان بۆ ڕێک دەخات، جێگەیان ئاڵوگۆڕ پێ دەکات، شوێن و هاوڕێکانیان لە بەرچاو دەگۆڕن و زۆر شتی دیکە.

کەچی ئامارەکان لە ڕۆژئاوا ئەوە دەر،دەخەن ئەوانەی هاواری فشاری دەروونییانە و بەرەو ڕووخان دەچن و تووشی نەخۆشی دەبن ڕوو لە هەڵکشانن.

با بگەڕێینەوە بۆ هزری ئیسلامی و زانایانی موسڵمان، کە ئەم گرفتانەیان بە سەردا تێ نەپەڕیوە، بەپێی توانایان لەو سەردەمانە، کە ئەم گرفتە هاوچەرخانە نەبووە هەوڵی بەرتەسککردنەوەی ئەم گرفتانەیان داوە.

زانایانی موسڵمان ڕێبازی تەوبە و پشتبەخوابەستن و ڕازیبوون و خۆگریان گرتووەتە بەر وەک کلیلی چارەسەری قەیرانە مرۆییە دەروونییەکان، کە مرۆڤ لە کاتی کارەساتباری و بەڵا و ناڕەحەتیدا تووشی دەبێت.

* کەندی لە (رسائل الكندي) دەیخاتە چوارچێوەیەکی لۆژیکییەوە، دە ئامۆژگاریی بایەخدار دیاری دەکات، کە زۆرینەیان ئیش لەسەر سووککردنی فشارە دەروونییەکانی مرۆڤ دەکەن، لەوانە:

- پێویستە بیری خۆمانی بهێنینەوە ئەم بوونەوەرە خاڵی نییە لە ناڕەحەتی، چونکە ناڕەحەتی لە ئەنجامی خراپەکارییەوەیە، خراپەکاریش سروشتی هەموو شتەکانە و کەس لێی دەرباز نابێت، کەواتە ماقووڵ نییە بە تەمای شتێک بین لە دەرەوەی ئەم سروشتە، چونکە بە دەستی ناهێنین بەدبەختیش ئەوەیە، لە دووی شتێک بگەڕێت دەستی نەکەوێت.

- هەموو هەستپێکراوەکان موڵکی هەموو خەڵکە، بە خۆبەهێزکردن نەبێت دەستمان ناکەوێت، پێویستە ئەگەر شکستمان هێنا لە دەستخستنیان خەفەت نەخۆین،ئیرەییش بەوانە نەبەین دەستی دەخەن، چونکە ئەوانیش وەک ئێمە مافی خۆیانە دەستی بخەن.

- بۆ ئەوەی کارەساتەکان کەم بکەینەوە، دەبێت (زیادە)کان کەم بکەینەوە، چونکە لەدەستدانیان غەمبارمان دەکەن و بوونیشیان شوێن تەسک دەکاتەوە،پەرۆشی و پاسەوانی و پارێزگارییان پێویستە، دڵەڕاوکێ و ترسی لەدەستچوون و هۆگربوون پێیانەوە و خەفەت بە نەمانیان دروست دەکات، (ئەم خاڵە نیشانەی زرنگی و وریاییە، پێویستی بە قووڵبوونەوەی زۆرترە).

- دەبێت شتە خراپەکان ببوغزێنین، باوەڕمان وا نەبێت لە مردن خراپتر نییە، مەرگ بەشێکە لە سروشتمان، کەواتە سروشتی خۆمان خراپ نییە کە مردنە،

کەواتە ئەوەی خەڵک بە خراپترینی دەزانێت، خراپ نییە واتە مەرگ و ئەو شتانەش لە خوار مەرگەوەن هیچیان خراپ نین.

* بەڵخی لە (مصالح الأبدان والانفس) بۆچوونی وەهایە، لە هۆکارەکانی ترس و تۆقین بیرکردنەویەوە لەو شتەی دەبیستریت یان دەبینریت، وەک: بیرکردنەوە لە پیری و تیاچوون، ئەوانەی مرۆڤ لێی دەترسێت زۆر جیاوازن، وەک ئەوەی دەسەڵاتدار لەدەستچوونی دەسەڵاتەکەی بترسێت، یان دەوڵەمەند لە هەژارکەوتن و ترسی مرۆڤ لە بەڵایەک بە سەریدا دابارێت.

بەڵخی وەسفێکی ورد بۆ جۆرەکانی فشار دەکات، وەک سەرچاوەی خەم و خەفەت و ترس و دڵەڕواکێ لێی دەڕوانێت.. ئەم قسە هاوشێوەی قسەی هاوچەرخە، وەک دەروازەیەک بۆچوونە ناو نەخۆشییە دەروونییەکان، قسەکانی ئەوەندە تازەن خوێنەر هەست ناکات باسێکی کۆنی کەلەپوورە.

* ئیبن حەزمی ئەندەلووسی، لە (الاخلاق والسير فی مداواة النفوس) باوەڕی وایە، بە ئازارترین ئازاری خەڵک: ترس و خەم و نەخۆشی و هەژارییە، کە ئەوانە ئەمرۆش لای ئێمە گرنگترین سەرچاوەی فشاری دەروونین، خەفەت لە هەموویان زیاتر ئازاری دەروون دەدات، دوای ئەو نەخۆشی، پاشان ترس، ئەوجا هەژاری.

ئەو بۆ هەریەکێکیان دەرمان پێشنیاز دەکات و چارەسەر دادەنێت، باوەڕیشی وەهایە خۆڕاهێنان و بیرکردنەوە لە نوقسانیی خۆ و دەستگرتن بە جوانییەکان و دەستبەرداربوونی خراپییەکان گرنگترین پایەکانی چارەسەرن.

زانایانی موسڵمان کە هەموویان جەخت لە خەم و خەفەت دەکەنەوە، بە بۆچوونی من لەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوداوە دوور نین (خودایە من پەنات پێ دەگرم لە خەم و خەفەت، پەنات پێ دەگرم لە دەستەوسانی و تەمبەڵی، پەنات پێ دەگرم لە ترسنۆکی و چاوچنۆکی، پەنات پێ دەگرم لە کەڵەکەبوونی قەرز و زۆری زۆرداران).[١]

---

[١] البخاری فی کتاب الدعوات.

* پێشەوا غەزالی وەک نەریتی خۆی، لە (منهاج العابدين وبداية الهداية)دا، تەنانەت لە بواری فشار و نارەحەتیی دەروونییشدا داهێنان دەکات، ئەو پاش ئەوەی چەندین جۆری رێگری و لەمپەر دەخاتە ڕوو ڕوونی دەکاتەوە، کە سەرەتای رێگاگرتنی گوێڕایەڵبوون بە پشتیوانی خودا دەست پێ دەکات، بە بەڵگەی ئەم ئایەتەی: ﴿أَفَمَن شَرَحَ اللَّهُ صَدْرَهُ لِلْإِسْلَامِ فَهُوَ عَلَى نُورٍ مِّن رَّبِّهِ﴾ [الزمر: ٢٢] واتە: (دەی ئایا کەسێک خودا سینەی گوشاد کردووە بۆ ئیسلام و ئەو لەسەر رێبازی ڕووناکی پەروەردگاریەتی (وەک کەسێکە دڵی ڕەق بووبێت لە ئاست ئیسلام))، فەرموودەکەش: ڕووناکی کە ڕۆشتە ناو دڵەوە دەروونی بۆ والا دەبێت و دەکرێتەوە.[1]

ئەو لەمپەر و ڕێگرییانە لای غەزالین ئەمانەن:

١ – لەمپەری زانست و زانیاری.

٢ – لەمپەری تەوبە.

٣ – لەمپەری رێگرییەکان، کە لای ئەوان چوارن: دنیا، خەڵک، شەیتان، دەروون.

غەزالی وای دەبینێت، کە دەروون سەختترینی ئەم لەمپەرانەیە، چونکە مرۆڤ ناتوانێت لێی دەر بچێت هەروەها دەروونیش لەسەر گاڵتەوگەپ ڕاهاتووە، مرۆڤ بە تەقوا پاکی دەکاتەوە، ئارامی دەکاتەوە بۆ گوێڕایەڵی و لە خراپە دووری دەخاتەوە.

پاش ئەوەی مرۆڤ ئەم لەمپەرانە دەبڕێت و نیەت دەهێنێت بۆ خواپەرستی یەکلا ببێتەوە، خۆی لە بەردەم چوار کاروباردا دەبینێتەوە، کە سەرقاڵی دەکەن و مەشغوڵی دەکەن و دڵەڕاوکێی بۆ دروست دەکەن و دەبنە ڕێگر لەوەی پەرستشی باش بکەن کە ئەمانەن:

١ – ڕۆزی: کە دەروونی لێی داوا دەکات، بەتایبەت کە لە دنیا واز دەهێنێت و لە خەڵک دوور دەکەوێتەوە.

---

[1] الزبيدى، إتحاف الشادة المتقين، ٣٢٨/٩.

٢ – مەترسییەکان: لە هەموو ئەوانەی لێیان دەترسێت یان هیوای پێیانە، ناشزانێت بە قازانجن یان زیانبەخشن، جا لە پەرستش سارد دەبێتەوە.

٣ – ناڕەحەتی و ناخۆشییەکان: کە دێن بەسەر مرۆڤدا و زۆر دەبن، لێرەوە خەم و خەفەت زیاد دەکەن.

٤ – جۆرەکانی قەزاوقەدەر و تاقیکردنەوە لەلایەن پەروەردگارەوە بە شیرین و تاڵەوە، بەتایبەت دەروون مەیلی لە ناڕازیتی و بێزاری دەربڕینە.

پێشەوا غەزالی چارەسەر بۆ ئەم چوار خاڵە دادەنێت:

١ – پشت بەخودابەستن بۆ قوتاربوون لە دڵەڕاوکێی ڕۆزی پاش دڵنیابوون، کە هەر خودا ڕۆزیدەرە.

٢ – بۆ حاڵەتی مەترسی خۆدانەدەست خودا، لێرەوە دڵنیایی پەیدا دەبێت.

٣ – خۆگری لە کاتی دابەزینی بەڵا و ناڕەحەتیدا، بە خۆگری توانای بەندە لە هەڵگرتنی ناڕەحەتییەکان زیاد دەکات، سەرکەوتن و رزگاربوونی بە دەواوەیە ﴿تِلْكَ مِنْ أَنبَاء الْغَيْبِ نُوحِيهَا إِلَيْكَ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَا أَنتَ وَلاَ قَوْمُكَ مِن قَبْلِ هَـذَا فَاصْبِرْ إِنَّ الْعَاقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ﴾ [هود: ٤٩]. واتە: (ئەمانەی (باس کران) لە هەواڵە گرنگە نادیارەکانە، بە نیگا بۆمان ناردی نە تۆ و نە گەلەکەت نەتاندەزانین لەپێش ئەم (نیگای ئێمە) کەواتە خۆڕاگر بە بە ڕاستی سەرئەنجام بۆ لەخواترسانە).

٤ – ڕازیبوون کە قەزاوقەدەر دادەبارێت، ئیتر لەبری سەرقاڵبوون بە خەم و خەفەت و ناسزاییەوە، خەریکی پەرستش دەبیت.

ئەم چوار چارەسەرەی غەزالی دایناون، ئەوپەڕی ئاگاداربوونە لە فشارە دەروونییەکانی ژیان و ئەوپەڕی چارەسەریشە، کە لە توانایدایە پەلاماری ئەو فشارانە ڕابگرێت.

* فەخرەدینی ڕازی لە (عجائب القران)دا، قسەیەک دەخاتە پاڵ پێشەوا جەعفەری سادق کە دەڵێت: پێم سەیرە کەسێک بە چوار شت تاقی بکرێتەوە چۆن چوار شتی لەبیر دەچێت؟

- سەرم سورِ دەمێنێت کەسێک لە شتێک سەری سورِما، چۆن ناڵێت: (ماشاء الله لا قوه إلا بالله).

- سەرم سورِ دەمێنێت کەسێک لە خەڵکێک ترسا چۆن ناڵیت: (حسبي الله ونعم الوكيل).

- سەرم سورِ دەمینێت کەسێک فێڵی لێ بکرێت، چۆن ناڵێت: (وأفوض أمري إلى الله إن الله بصير بالعباد).

- سەرم سورِ دەمێنێت لە کەسێک خەم و ناڕەحەتییەکی تووش بێت و نەڵێت: (لا إله إلا أنت سبحانك إني كنت من الظالمين).

چوار سەرەتای برِگەکان سەرچاوەی فشاری دەروونین (خۆشیبەخش و ئازاربەخشن)، بەرانبەرەکانیشیان چارەسەری ئیمانین، کە بە دوایاندا دێت.

* ئیبن قەیمی جەوزی لە (طريق الهجرتين)دا، باسی دەکات بڕوادار بە ئەندازەی دینداریيەکەی تاقی دەکرێتەوە، جا ئەگەر دیندارییەکەی پتەو بوو، ناڕەحەتییەکەی قورسە و ناڕەحەتی ترسی تاقیکردنەوەکانیش، ئەوە پێویست دەکات سەرپێچیی داخوازییەکانی دەروون و تەبیعەت بکرێت.

- لە (مدارج السالكين)دا، ئیبن قەیم خۆگری بە پێگەیەک لە پێگەکانی ئیمان دادەنێت و دەیکات بە سێ پلەوە:

- خۆگری لە گوناهنەکردن.

- خۆگریی لەسەر پەرستشکردن.

- خۆگری لەسەر بەڵا و موسیبەت.

واش دەبینێت زوهد پێگەیەکە دەروون لە خۆشییەکان دەگرێتەوە، هەروەها لە زیادە ئارەزوو، ئەوجا پێچەوانەکردنی حەز.

* عەبدولوەهاب شەعرانی، لە (كشف الغمة عن جمع الامة) فەرموودەیەک دەگێرِێتەوە، کە ماناکەی ئەوە دەگەیەنێت: باوەڕبوون بە قەدەر خەم و خەفەت لا دەبات.

دوای ئەم گواستنەوە کورتە دەتوانم بڵێم: تێڕوانینی ئیسلامی بۆ فشارە دەروونییەکان و ئەو چارەسەرانە دایناون، تاک پێی دەتوانێت ئەو فشارانە

بەرتەسک بکاتەوە، بگاتە هاوسەنگییەکی دەروونی، نەکەوێتە وێرانەی دڵەڕاوکێ و ترس و خەم و خەفەتەوە. کە ئەمانە نەک لەوانەیە بەرەو تووشبوونی نەخۆش ببات، بەڵکو ئەگەری خۆکوشتن و خۆقوتارکردنی لە ژیان هەیە.

دەکرێت دەروازە سەرەکییەکانی فشاری دەروونی لەسەر مرۆڤ، کە پەل دەکێشن بۆ نەخۆشینی دەروونی، بکەین بەم چەند دەروازەیەوە:

١ – ترس لە مەرگ.

٢ – ترس لە نەخۆشی.

٣ – ترس لە ڕۆزی بڕین.

٤ – ترس لە ڕوودانی بەڵا و کارەسات (تاقیکردنەوە).

٥ – ترس لە لەدەستدانی پلەوپایە (دەسەڵاتداریتی).

٦ – ترس لە گوناهباری (هەست بە گوناهباری).

لە خوارەوە هەڵوێستی ئیسلام لە هەریەکە لەم دەروازانە و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵیدا،ی بۆ پاراستنی مرۆڤ لەو فشارانە و دەرەنجامە نەرێنیەکانی دەخەینە ڕوو:

**١ – ترس لە مەرگ:** موسڵمان دڵنیایە و دەزانێت کە ئاکام پێش و دوا ناکەوێت، لە هەرکوێ بێت مردن پێی دەگات و ناتوانێت لە ئاکام ڕا بکات.

– ﴿قُلْ إِنَّ الْمَوْتَ الَّذِي تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُ مُلَاقِيكُمْ﴾ [الجمعة: ٨]. واتە: (بڵێ بە ڕاستی ئەو مردنەی، کە لێی ڕادەکەن بێگومان پێتان دەگات و تووشتان دەبێ).

– ﴿أَيْنَمَا تَكُونُواْ يُدْرِككُّمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِي بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ﴾ [النساء: ٧٨]. واتە: (لە هەر شوێنێک بن مردن پێتان دەگات، با لەناو قەڵا و کۆشکی بەرز و قایمیشدا بن).

– ﴿قُلْ فَادْرَؤُوا عَنْ أَنفُسِكُمُ الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾ [آل عمران: ١٦٨]. واتە: (بڵێ کەواتە بەرگری مردن لە خۆتان بکەن ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن).

– ﴿يَقُولُونَ لَوْ كَانَ لَنَا مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ مَّا قُتِلْنَا هَاهُنَا قُل لَّوْ كُنتُمْ فِي بُيُوتِكُمْ لَبَرَزَ الَّذِينَ كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقَتْلُ إِلَى مَضَاجِعِهِمْ﴾ [آل عمران: ١٥٤]. واتە: (دەڵێن ئەگەر بە دەست ئێمە بووایە لەم کارەدا شتێک (لە سەرکەوتن) ئێمە لێرەدا نەدەکوژراین، بڵێ ئەگەر

ئێوه له ماڵەكانی خۆشتاندا بوونایه هەر دەر دەچوون ئەوانەی كه كوژرانیان لەسەر نووسرابوو، بۆ جێگای كوژرانیان (ڕاكشانیان)).

﴿-وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ فَإِذَا جَاء أَجَلُهُمْ لاَ يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلاَ يَسْتَقْدِمُونَ﴾ [الأعراف: ٣٤]. واته: (بۆ هەموو ئوممەتێک كاتێكی دیاریكراو هەیه (بۆ مردن و سزادانیان) ئینجا كاتی ماوهی (مردن یا سزا)كەیان هات ساتێک دوا ناكەون و پێشیش ناكەون).

قورئانی مەزن له شێوەی ئەم ئایەتانەی زۆر تێدایه، كه به شێوەیەكی یەكلاكەرەوه و یەقین ڕای دەگەیەنن ئاكام بڕاوەتەوه و دیاری كراوه، هیچ مرۆڤێک لێی قوتار نابێت و لەحزەیەک پێش و دوا ناكات، بەڵكو به سەروەری مرۆڤایەتی دەفەرموێت: ﴿إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ﴾ [الزمر: ٣٠]، واته: (ئەی موحەممەد (دروودی خوای لەسەر) به ڕاستی تۆ دەمری و ئەوانیش دەمرن)، ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ الْمَوْتِ﴾ [آل عمران: ١٨٥]. واته: (هەموو نەفسێک ئەبێت چێژی مردن بكات).

جا لەبەر ئەوەی مردن دیاری كراوه، موسڵمان باوەڕی بەو قەدەره هەیه و بەشێكی بنچینەیی باوەڕی پێک دەهێنێت... كەواته مادام بابەتەكه بڕاوەتەوه و پێش و دوا ناكەوێت، ئیتر باوەڕدار به بابەتی مردنەوه سەرقاڵ نابێت و تووشی دڵەڕاوكێ نابێت، ژیان و هزری خۆی بۆ تێک نادات، لەوەش زیاتر مردن له بەرچاوی باوەڕدار خۆشەویست كراوه (ئەوەی دیداری خودای پێ خۆش بێت، خوداش دیداری ئەوی پێ خۆشه)،[١] (دنیا زیندانی باوەڕدار و بەهەشتی بێباوەڕه)،[٢] (خودایه ئەگەر مردن باشه بۆم بمرێنه).[٣] (مردن بكه به حەوانەوەم له هەموو خراپەیەک).[٤]

كەواته یەكەم سەرچاوەی ترس و دڵەڕاوكێ و شڵەژان و فشاری دەروونی لەسەر مرۆڤ دەكرێت موسڵمان به ئیمان و دامەزراوی تێی بپەڕێنێت، بەڵكو

---

[١] مسلم، الصحيح، كتاب الذكر والدعاء (٤٨)، باب (٥)، حديث رقم: ٦٧٦١، ١١/١٧ – ١٢.
[٢] مسلم، الصحيح، كتاب الذكر والدعاء (٥٣)، باب (١)، حديث رقم: ٧٣٤٣، ٢٩٤/١٨.
[٣] مسلم، الصحيح، كتاب الذكر والدعاء (٤٨)، باب (٤)، حديث رقم: ٦٧٥٥، ١٠/١٧.
[٤] مسلم، الصحيح، كتاب الذكر والدعاء (٤٨)، باب (١٨)، حديث رقم: ٦٨٣٩، ٤٢/١٧.

چەندە باوەڕەکەی بەرز بێت ئەوەندە مردنی پێ خۆشە و حەزی لێ دەکات و پێی دەگەشێتەوە.

ئەم هۆیە وای کردووە دەروونی دۆستانی خودا، لە دنیا بەرز ببنەوە و شەیدای پاش دنیا ببن.

* یەحیای کوڕی حەمزەی یەمەنی زماری، لە (تصفية القلوب من درن الأوزار والذنوب)دا دەڵێت: (بزانە خۆشەویستیی دنیا سەری هەموو تاوانێکە).[1]

دنیا دوژمنی خودا و دۆست و دوژمنەکانیشیەتی.

- دوژمنی خودایە، چونکە ڕێگەی نێوان ئەو و دۆستانی بڕیوەتەوە، لەبەر ئەوە لەوەتەی دروستی کردووە، سەیری نەکردووە.

- دوژمنی دۆستانیەتی چونکە ئەوەندە خۆی بۆ ڕازاندوونەتەوە بە کاڵای ئاڵوواڵا و بە گوڵ و گوڵزاری خۆی گەشی کردوون، بە دیمەنەکانی خۆی لە بەرچاو جوان کردوون، ناچار بۆ دەربازبوون لێی تاڵیی ئارامگرییان چەشتووە و تەحەمولی ناڕەحەتیی خۆلێدوورخستنەوەیان کردووە.

- دوژمنی دوژمنەکانیشیەتی، چونکە بە فێڵ و تەڵەکە هەڵیخەڵەتاندوون و کردوونی بە داوی خۆیەوە، بۆیە حەسرەتی جگەربڕی پێ چەشتوون و لە بەختەوەریی قیامەت بێبەشی کردوون.

* حەسەنی بەسری دەڵێت: باوەڕدار ناحەوێتەوە بە دیداری خودا نەبێت، هەرکەسیش حەوانەوەکەی بە دیداری خودا بێت، کەواتە ڕۆژی مردنی، ڕۆژی خۆشی و شادی و سەلامەتی و شکۆدارییەتی.

**٢ – ترس لە نەخۆشی**

نەخۆشکەوتنی موسڵمان بە شێوەیەک لە شێوەکانی تاقیکردنەوە دانراوە، کە خودا بەو هۆیەوە گوناهی دەسڕیتەوە و تاقیی دەکاتەوە، جا بە ئارامگری و ڕازیبوون لە خودای مەزن نزیک دەبێتەوە.

---

[1] جزء من حديث أخرجه البيهقى فى شعب الإيمان، حديث رقم (١٠٥٠١)" من مراسيل حسن البصرى.

بەڵکو نەخۆشی بۆ موسڵمان نیشانەیەکی خۆشەویستیی خودایە، (ئەگەر خودا بەندەیەکی خۆشویست تووشی بەڵای دەکات)، نموونەی یەکەمی تووشبووی ئەم بەڵایە پێغەمبەرانن، دەبینین خوای گەورە ئەیوبی بە نەخۆشی تاقی کردەوە، ئەویش ئارامی گرت و ڕووی کردە خودا، یەعقوبیشی بە کوێربوون تاقی کردەوە، لە لایەکی دیکەوە تاقیکردنەوەی موسڵمان بە نەخۆشی هاندەریەتی بۆ سوپاسگوزاربوون لەسەر نیعمەتی لەشساغی و بیرخستنەوەی نیعمەتەکانی خودایە بە سەریەوە، کە سەرەکیترینیان لەشساغییە.

دەگێڕنەوە کابرایەک خراپەی لەگەڵ ئەبوزەڕدا کرد، ئەویش وتی: خوایە لەشساغ و تەمەندرێژ و دەوڵەمەندی بکەیت. چونکە کەسی لەشساغ و بێکێشە نیعمەتی لەشساغی لەبیر دەچێتەوە، لەم بارەوە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: (هەرکەس لە ئێوە ڕۆژی کردەوە بە سەلامەتی لە ناو دەوروبەرەکەیدا، لاشەی ساغ بوو، قووتی ئەو ڕۆژەی هەبوو، وەک ئەوە وەهایە هەموو دونیای بۆ کۆ بووبێتەوە).[1] کەواتە دەستکەوتنی دنیایە نەک ئاخیرەت.

لە لایەکی دیکەوە نەخۆشی دەبێتە هۆی پشت بەخوابەستن و پاڕانەوە و پەنابردن بۆی ﴿وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَى رَبَّهُ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ * فَاسْتَجَبْنَا لَهُ فَكَشَفْنَا مَا بِهِ مِن ضُرٍّ وَآتَيْنَاهُ أَهْلَهُ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَذِكْرَى لِلْعَابِدِينَ﴾ [الأنبياء: ٨٣ - ٨٤]، واتە: ( (باسی) ئەیوب (بکە) کاتێک هاواری لە پەروەردگاری کرد، (لە دوای ناساغی ماوەیەکی زۆر) بە ڕاستی من زیان و ئازار و نەخۆشی دووچارم بووە و تۆش میهرەبانترینی میهرەبانانی. جا ئێمەش هاوار و نزاکەیمان گیرا کرد و لامان برد ئەو زیان و ئازار و نەخۆشییەی هەیبوو و هەموو ماڵ و منداڵیمان پێ بەخشییەوە، (کە پێشتر مردبوون) و ئەوەندەی تریش لەگەڵیاندا، ئەوە ڕەحمەتێکی تایبەت بوو لە ئێمەوە و بیرخەرەوە و ئامۆژگاری بوو بۆ خواپەرستان)، ﴿وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ﴾ [الشعراء: ٨٠]، واتە: (کاتێ نەخۆش بکەوم هەر ئەو شیفام

[1] جزء من حديث أخرجه البيهقى فى شعب الإيمان، باب (٧٠)، فصل فى أى الناس أشد بلاء، حديث رقم: ٩٧٨٦، ١٤٥/٧ من حديث ابن مسعود، وأبى هريرة.

دەدات)، نەخۆشی لە ڕوویەکی دیکەوە زۆر ئەرک لەسەر مرۆڤ سووک دەکات ﴿وَلَا عَلَى الْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى الْمَرِيضِ حَرَجٌ﴾ [الفتح: ١٧]، واتە: (بۆ شەلیش گوناهـ نییە، هەروەها بۆ نەخۆشیش گوناهـ نییە)، ﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضاً أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ [البقرة: ١٨٤]، واتە: (جا هەر کەسێک لە ئێوە نەخۆش بوو، یان لە سەفەردا بوو (وە بەڕۆژوو نەبوو) ئەوە پێویستە بە ئەندازەی ئەو ڕۆژانەی (بەڕۆژوو نەبووە) قەزای بکاتەوە لە ڕۆژانی تردا)، ﴿وَإِن كُنتُم مَّرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ﴾ [النساء: ٤٣]، واتە: (ئەگەر ئێوە نەخۆش بوون یان لە سەفەردا بوون)، ﴿لَّيْسَ عَلَى الضُّعَفَاء وَلاَ عَلَى الْمَرْضَى وَلاَ عَلَى الَّذِينَ لاَ يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ﴾ [التوبة: ٩١]، واتە: (گوناهێک لەسەر بێهێز و پەککەوتە و نەخۆشەکان نییە ئەوانەش کە هیچیان نییە خەرجی بکەن، (بۆ پێویستیی جیهاد) هیچ گوناهێکیان لەسەر نییە (کە نەڕۆشتوون بۆ جیهاد)). ئایەت و فەرموودەی دیکە زۆرن، کە کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسیارێتی لەسەر شانی نەخۆش لا دەبەن.

لێرەوە دەبینین لای موسڵمان ترس لە نەخۆشی، ترسە لە خۆشەویستیی خودا و لە دەرگاکانی ئەو، کە پشت بەخودابەستن و گەڕانەوەیە بۆ لای، کە ئەمانە هیچیان لە بەرژەوەندیی پیاوچاک نین.

جا هەر کاتێک موسڵمان بە نەخۆشی تاقی کرایەوە دەزانێت دەروازەکانی تەوبە، گوناهسڕینەوە،خۆشەویستیی خودایی، پشت بەخودابەستن و خۆدانەدەستی پەروەردگار بۆی کراونەتەوە، بۆیە دەیکاتە دەرگایەکی هیوا و گەشبینی نەک بە پێچەوانەوە، ئەمەش دەرگای دڵەڕاوکێ، ترس، شڵەژان، بێزاری، ڕەشبینی، لێ دادەخات، کە دەبنە هۆی فشار و نەخۆشیی دەروونی.

**٣ – ترس لە بڕان یان کەمبوونەوەی ڕۆزی**

خودای پەروەردگار لە سورەتی (الذاريات)دا سوێندێکی سەیر دەخوات ﴿وَفِي السَّمَاء رِزْقُكُمْ وَمَا تُوعَدُونَ * فَوَرَبِّ السَّمَاء وَالْأَرْضِ إِنَّهُ لَحَقٌّ مِّثْلَ مَا أَنَّكُمْ تَنطِقُونَ﴾ [الذاريات: ٢٢ – ٢٣]. واتە: (ڕزق و ڕۆزی ئێوە و ئەو بەڵێنانەی پێتان دەدرێ لە ئاسمانە. جا

سوێند بە پەروەردگاری ئاسمان و زەوی بێگومان ئەوەی (باس کرا) هەق و ڕاستە بە وێنەی ئەو قسانەی خۆتان دەیکەن).

– ئیبن کەیسان لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: واتە ڕۆزیتان لەسەر خودای ئاسمانە.

– سوفیانی سەوری دەڵێت: واتە ڕۆزیتان لای خودایە لە ئاسمان، ئەم ڕۆزیدانەش لە لایەن خوداوە وەک چۆن قسە دەکەین و حەقیقەتە ئەویش بەو شێوەیە حەقیقەتە و جێگای مشتومڕ نییە.

لە فەرمووودەشدا هاتووە: خەڵکینە لە خودا بترسن و بە باشی بە دوای ڕۆزیدا بگەڕێن، چونکە هیچ گیانێک دەر ناچێت هەتاکو ڕۆزیی خۆی تەواو نەکات، با درەنگیش بێتە دەستی، کەواتە لە خودا بترسن و بە باشی دوای ڕۆزی بکەون، ئەوی حەڵاڵە بیبەن و دەستبەرداری حەرامی بن.[١]

خودا دەفەرمویێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ هُوَ الرَّزَّاقُ ذُو الْقُوَّةِ الْمَتِينُ﴾ [الذاريات: ٥٨]. واتە: (بە ڕاستی تەنها خودا خۆی ڕۆزیدەرە، کە خاوەن دەسەڵاتی زۆر بەهێزە).

لەم بوونەوەرەدا کەسێک نییە ڕۆزیدەر یان هاوبەشی خودای مەزن بێت لە ڕۆزیداندا ﴿إِنَّ الَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَا يَمْلِكُونَ لَكُمْ رِزْقاً فَابْتَغُوا عِندَ اللَّهِ الرِّزْقَ وَاعْبُدُوهُ وَاشْكُرُوا لَهُ إِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾ [العنكبوت: ١٧]. واتە: (بە ڕاستی ئەوانەی کە ئێوە دەیانپەرستن بێجگە لە خودا ناتوانن ڕزق و رۆزی ئێوە بدەن، کەواتە داوای رۆزی لە خودا بکەن و ئەو بپەرستن و هەر سوپاسی ئەویش بکەن، تەنها بۆ لای ئەو دەگەڕێنرێنەوە لە قیامەتدا).

جا لە بیروباوەڕی ئیسلامیدا ئەوەی داواکراوە، هۆکارەکانی گەیشتن بە ڕۆزی بگیرێتە بەر و پاشان پشت بە خودا ببەسترێت، پێغەمبەری نازدار دەفەرمویێت: (ئەگەر ئێوە بە ڕاستی پشت بە خودا ببەستن، وەک ڕۆزی باڵندەیەک دەدات، کە لە هێلانە دەر دەچێت سکی خاڵییە و کە دێتەوە پڕە، بەو شێوەش ڕۆزی ئێوە دەدات).[٢] دەشفەرمویێت: (ئەوی بۆ خودا دابڕێت خودا لە هەموو پشتیوانییەکی

---

[١] بەم مانایەش فەرموودەیەک هەیە ئیبن و ماجە ڕیوایەتی کردووە لە ئەسسونەن، كتاب التجارات (١٢)، باب (٣)، حديث رقم: ٢١٤٤، ٩/٣.

[٢] الترمذي، الجامع الصحيح, كتاب الزهد (٣٧)، باب (٣٣)، حديث رقم: ٢٣٤٤، ٤٩٥/٤.

دیکە بێنیازی دەکات، بە شێوەیەکیش ڕۆزی دەداتێ، کە خۆیشی نەزانێت چۆنە، ئەوەیش بۆ دنیا دابڕێت خودا دەیداتە دەستی دنیا).[1]

دەشگونجێت سەروەت و سامانی زۆر ببێتە هۆکاری یاخیبوون و دوورکەوتنەوە لە خوداپەرستی، ﴿وَلَوْ بَسَطَ اللَّهُ الرِّزْقَ لِعِبَادِهِ لَبَغَوْا فِي الْأَرْضِ﴾ [الشوری: ٢٧] واتە: (خۆ ئەگەر خودا ڕزق و ڕۆزی فراوان بکردایە بۆ بەندەکانی لە زەویدا ستەمیان دەکرد) کەواتە خۆشویستنی سەروەت سامان و ئاواتەخوازی زۆربوونی و ڕاکەڕاکە بۆ دەوڵەمەندبوون، لە دیدی ئیسلامەوە کارێکی ناپەسەندە، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: (ئادەمیزاد دەڵێت: سامانەکەم سامانەکەم، باشە چی لەو سامانە هەیە جگە لەوەی خواردوویەتی و لەناو چووە یان پۆشیویەتی و دڕاوە، یان کردووهیەتی بە خێر و بۆی ماوەتەوە؟).

سەرجەم ئەم فەرموودانە و قسەی پیاوساڵحان جەخت لەم ڕاستییە دەکەنەوە بە کورتی:

- تەنها خودا ڕۆزیدەرە و هاوەڵی نییە.
- ڕۆزی بۆ بەندە دیاریکراوە و کەموزیاد ناکات.
- کەمیی سەروەت و سامان باری سەرشانی موسڵمان سووک دەکات و مزگێنیی بەختەوەرییەتی.

بۆیە موسڵمان بە دڵئارامی و ئەرخەیانی دەژی، بێترسە لە کەمی و بڕینی ڕۆزییەکەی، خێری خۆی لێ دەکات، چونکە (خێرکردن لە سەروەت و سامان کەم ناکات)،[2] هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات و پشت بە خودا دەبەستێت، ئەویش کەفیلی بژێویی خۆی و ماڵ و منداڵیەتی ﴿نَّحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ﴾ [الأنعام: ١٥١]، واتە: (ئێمە ڕۆزیی ئێوە و ئەوانیش دەدەین)، ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي الأَرْضِ إِلاَّ عَلَى اللّهِ رِزْقُهَا﴾ [هود: ٦]، واتە: (هیچ گیانلەبەرێک نییە لە زەویدا مەگەر لەسەر خوایە ڕزق و ڕۆزیەکەی)،

---

[1] الطبراني، المعجم الأوسط، حديث رقم: ٣٣٨٣، ٢١٦/٤.

[2] مسلم، الصحيح، كتاب الزهد (٥٣)، باب (١)، حديث رقم: ٧٣٤٦، ٢٩٥/١٨.

ئەرکیەتی لە خودا بترسێت تا تا دەرووی بۆ بکاتەوە و بیژیەنێت ﴿وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجاً * وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لِكُلِّ شَيْءٍ قَدْراً﴾ [الطلاق: ٢ - ٣]. واتە: (هەر کەسێک خواناس بێت خودا دەرووی لێ دەکاتەوە * و ڕزق و ڕۆزی دەدات لە لایەکەوە، کە بە خەیاڵیدا نەهاتووە و هەر کەسێک پشت بە خودا ببەستێت، ئەوە خوای بەسە بە ڕاستی خودا کار و فەرمانی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت، بێگومان خودا بە هەموو شتێک ئەندازەیەکی دیاریکراوی داناوە).

ئەم حاڵەتە ئیمانییە - بە کردەوە - کۆمەڵە دەرگایەکی دیکە لە بەردەم موسڵماناندا دادەخات، کە دەبنە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ و شڵەژان، کە ترسی بژێوی و نەبوونییە، یان ترسی ئایندەیەکی نادیارە، جا کە ئەم دەرگایانەش داخران ئیدی دەرگاکانی هیوا و گەشبینی و قەناعەت و ڕازیبوون و سوپاسگوزاری دەکرێتەوە. پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) لە نەخۆشیی خەم و خەفەت و سەرقاڵیی دنیایی دەمانترسێنێت: (هەرکەس ڕۆژی کردەوە و هەموو خەفەتی هەر دنیا بوو، خودا چوار سیفەت دەخاتە دڵیەوە: خەمێکی بێکۆتایی، سەرقاڵییەک هەرگیز دوایی نەیەت، هەژارییەک هەرگیز دەوڵەمەندی ناکات، ئاواتێک هەرگیز پێی ناگات).[1]

ئەو چوار سەرچاوەی سەرەوەش سەرچاوەی فشاری دەروونین، کە بەرەو نەخۆشیی دەروونی پەل دەهاوێژن.

٤ – ترسان لە تووشبوونی بەڵا و کارەسات

خوای گەورە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە مرۆڤ جگە لەوەی لەسەری نووسراوە، تووشی هیچ نابێت ﴿مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَا﴾ [الحديد: ٢٢]، واتە: (هیچ زیان و بەڵایەک ڕووی نەداوە نە لە زەوی و نە لە خودی خۆتاندا ئیللا لە (لوح المحفوظ)دا نووسراوە، پێش ئەوەی

---

[1] قال الزبيدي في إتحاف السادة المتقين: رواه الديلمي في الفردوس من حديث ابن عمر, وقال العراقي إسناده ضعيف، ٦٤/٨.

بەدی بهێنین بێگومان ئەوە بۆ خودا زۆر ئاسانە). ﴿مَا أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ [التغابن: ١١]. واتە: (هیچ نارەحەتییەک تووشی (خەڵک) نابێت مەگەر بە فەرمانی خوا).

ئەم ئایەتانە باوەڕ بە قەزاوقەدەر تۆخ دەکەنەوە، کە پایەیەکی باوەڕی موسڵمانە، خودا ئەوەی نووسیوە هەر ئەوە دەبێت و هەرچی ئادەمیزاد و جنۆکە هەن کۆ ببنەوە، بۆ ئەوەی زیانێکی لێ بدەن، ئەگەر خودا نەینووسیبێت هەرگیز ناتوانن، ئەمەش داخستنی دەرگایەکی دیکەیە، ئیسلام وای دادەنێت بەڵا و موسیبەت نیشانەی خۆشویستنی خودایە، (کە خودا بەندەیەکی خۆشویست تووشی بەڵای دەکات ئەگەر ئارامی گرت، هەڵیدەبژێرێت و ئەگەر ڕەزامەند بوو دەیکاتە بژاردە).[1]

هەموو پێغەمبەران بە شێوەیەک لە شێوکان تووشی بەڵا و موسیبەت بوون، ئەوانیش ڕێگای پەنابردن بۆ خودا و تەوبە و پەرستشیان گرتووەتە بەر ﴿وَذَا النُّونِ إِذ ذَّهَبَ مُغَاضِباً فَظَنَّ أَن لَّن نَّقْدِرَ عَلَيْهِ فَنَادَى فِي الظُّلُمَاتِ أَن لَّا إِلَهَ إِلَّا أَنتَ سُبْحَانَكَ إِنِّي كُنتُ مِنَ الظَّالِمِينَ﴾ [الأنبياء: ٨٧]. واتە: (و (باسی) زەننون (یونس بکە کە پێغەمبەری خەڵکی نەینەوا بوو) کاتێک ڕۆشت بە تووڕەیی (گەلەکەی بەجێ هێشت)، وای دەزانی ئێمە تەنگانەی بەسەردا ناهێنین، جا لە تاریکییەکاندا (تاریکیی شەو و دەریا و ناو سکی نەهەنگ) هاواری کرد (ئەی خوا) بە،ڕاستی هیچ پەرستراوێک نییە جگە لە تۆ پاکی و بێگەردی بۆ تۆیە بێگومان من لە ستەمکاران بووم).

دەرگایەکی دیکە تاقیکردنەوەی باوەڕی بەندەیە، جا ئەگەر خۆی ڕاگرت ئەوە نیشانەی هیممەتبەرزیەتی ﴿وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الْأُمُورِ﴾ [لقمان: ١٧]، خودا ڕەحمەتی بەسەردا دەبارێنێت ﴿الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُواْ إِنَّا لِلّهِ وَإِنَّـا إِلَيْهِ رَاجِعونَ * أُولَـئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَـئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ﴾ [البقرة: ١٥٦ – ١٥٧]. واتە: (ئەوانەی کە لەگەڵ دووچاری سەختییەک بوون دەڵێن ئێمە هەر هیی خواین

---

[1] قال العراقي في تخريجه على احاديث الاحياء: ذكره صاحب الفردوس من حديث علي بن أبي طالب، ولكم يذكره ابنه في مسنده ٣٢٨/٤.

و هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە * ئا ئەوانە دروود و بەزەیی بەسەر ئەواندا دەبارێ لە لایەن پەروەردگاریانەوە و ئەوانە ئەو کەسانەن هیدایەتیان وەر گرتووە).

خۆ ئەگەر خۆگر نەبوو بەڵاکە لە خۆی و ئیمانی دەدات، خودا لە بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ أَصَابَتْهُ فِتْنَةٌ انقَلَبَ عَلَى وَجْهِهِ خَسِرَ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةَ ذَلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ الْمُبِينُ﴾ [الحج: ١١]. واتە: (جا ئەگەر تووشی خێر و خۆشی بوو دڵخۆش دەبێت پێی و ئەگەر تووشی تاقیکردنەوە و بەڵا بوو بەرەو دوا هەڵدەگەڕێتەوە، پاشگەز دەبێتەوە لە ئاین زەرەرمەندی دنیا و قیامەت بووە تەنها ئەوەیە زیان و خەسارەتمەندیی ڕوون و ئاشکرا).

### ٥ – ترسی لەدەستدانی پلەوپایە

ئیسلام هەموو دنیای لە بەرچاوی موسڵمان سووک کردووە، سامان، جوانی، سەرۆکی، هەموو شتەکانی دیکەش بە نەفرەتلێکراو داناوە، جگە لە یادی خودای مەزن.[١] مستەورەدی کوڕی شەداد دەڵێت: لەگەڵ کۆمەڵێک سوار لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا بووم، لەسەر لاکی مردارەوەبوویەک، فەرمووی: دەبینین ئەمە چەند لای خاوەنەکەی سووک بووە و فڕێ دراوە؟ وتیان: لە بێکەڵکی و سووکی فڕێیان داوە ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: دنیا لای خودا لەمە سووکترە).[٢] لە فەرموودەیەکی دیکەدا پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: "ئەگەر دنیا لای خودا باڵە مێشوولەیەک بژیایە، قومێک ئاوی لێ نەدەدا بە کافرێک".[٣] جا ئەگەر هەموو دنیا وەها نەفرەتلێکراو بێت و باڵە مێشوولەیەک نەژی لای خودا، کەواتە ئەی پارچە بچووکەکانی چ نرخێکیان هەیە؟، لە نموونەی: سەرۆکی، پلەوپایە، پێگە و بودجە. ئەمانە لای باوەڕدار بەرپرسیارێتیی گەورەن

---

[١] في معنى حديث رسول الله (صلى الله عليه وسلم) عن أبي هريرة: "الدنيا ملعونة، ملعون ما فيها إلا ذكر الله وما والاه أو عالما أو متعلما". لفظ ابن ماجة، كتاب الزهد، حديث رقم: ٤١٠٢، وفي لفظ مشابه جدا عند الترمذي، كتاب الزهد، رقم ٢٢٤٤، وفي سنن الدارمي، المقدمة، رقم ٣٢٤.

[٢] الترمذي، الجامع الصحيح، كتاب الزهد (٣٨) باب (١٧)، حديث رقم: ٢٣٢١، ٥٦٠/٤، قال الترمذي: حديث المستورد حديث حسن.

[٣] الألباني، سلسلة الأحاديث الضعيفة، حديث رقم: ٦٨٦، ٣٠٦/٢.

و ئەگەر مافی تەواویان نەدات ئۆباڵەکەی لە ئەستۆ دەگریت، ئەوە عومەری کوڕی خەتابە دەترسێت، ئەگەر ئاژەڵێک لە زەویی فورات سەرسمێک بدات ئەم لێپرسینەوەی لەسەر بکرێت.

جگە لەمانەش لە لایەکی دیکەوە، لای باوەڕدار، خودا خاوەنی هەموو موڵکێکە، بە هەرکەسێکی بدات دەیدات و لە هەر کەسێکیشی سەندەوە دەیسەنێتەوە، هەموو شتێک لای خودایە، ئەو بەندەیەکی دروستکراوی کۆیلەیە، ئیشی گوێڕایەڵی و ڕووکردنە خودای و پەروەردگاریتی، نازانێت ویستی خودا چۆنە ﴿وَلَوْ كُنتُ أَعْلَمُ الْغَيْبَ لاَسْتَكْثَرْتُ مِنَ الْخَيْرِ وَمَا مَسَّنِيَ السُّوءُ﴾ [الأعراف: ١٨٨]. واتە: (ئەگەر من نادیارەکانم بزانیایە خێر و خۆشیی زۆرم بەدەست دەهێنا و هیچ خراپە و زیانێکم پێ نەدەگەیی). کەواتە دەگونجێت لابردنی لە وەزیفە و پێگەکەی، کردنەوەی دەرگای خێر بێت بۆی، ﴿فَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئاً وَيَجْعَلَ اللّهُ فِيهِ خَيْراً كَثِيراً﴾ [النساء: ١٩]. واتە: (لەوانەیە ئێوە حەز نەکەن لە شتێک و خودا لەودا دایبنێت چاکەیەکی زۆر)، ﴿وَعَسَى أَن تَكْرَهُواْ شَيْئاً وَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ﴾ [البقرة: ٢١٦]. واتە: (ئەگونجێت شتێکتان پێ ناخۆش بێت و باش بێت بۆتان).

دەرگای ئاوەڵاکراوی هیوا و گەشبینی و مزگێنی و چاکە، لانەکردنەوە بەرەودوا پەسەندە ﴿لِكَيْلَا تَأْسَوْا عَلَى مَا فَاتَكُمْ﴾ [الحديد: ٢٣]. واتە: (تا خەفەت نەخۆن بۆ ئەوەی لە دەستتان چووە) کەواتە هەرچی خودا نووسیویەتی هەر دەبێت ببێت. قسەی ئەو سۆفییانە کە لە حاڵکردنەکانی دەفلێداندا دەیڵێنەوە چەند شیرینە: ئەوەی خۆشەویست نووسیویەتی خۆشەویستە.

٦ – ترس لە تاوانباربوون و هەست بە گوناهباری،

ئەم ناوونیشانە پێشتر باسمان لێوە کرد، ئیسلام بەندە لە هەستی گوناهباربوون قوتار دەکات و ئۆباڵی خەڵکی دیکە ناخاتە ئەستۆی، دەرگای تەوبەی بە هەمیشەیی بۆ خستووەتە سەر پشت، بەمەش سەرچاوەیەکی فشاری دەروونی، کە سەر دەکێشێت بەرەو نەخۆشیی دەروونی لەسەر سووک کردووە، ئەم قسەیەی پێشەوا عەلی چەند جوانە کە بەو پیاوەی وت کە ترسان لە گوناهی

زۆری خۆی بەرەو نائومێدی بردبوو: کابرا نائومێدبوونەکەت لە ڕەحمی خودا لە گوناهەکەت گەورەترە. ئەمانەی باس کران کۆمەڵە دەروازەیەکی سەرەکین، کە دەکرێت مرۆڤ قوتار بکات لەو فشارانەی لەسەری دروست دەبن، لە ڕووی عەقڵی و دەروونی و فیکرییەوە ژیانی سەخت و دژوار دەکەن، کە ئەگەر بەردەوام بن دوور نییە پەنا بۆ خۆکوشتن ببات.

* هەر موسڵمان بوون سەرەتای دروستیی دەروونە و ئیدی پلەپلە بەو پەیژەیەدا بەرز دەبێتەوە ﴿فَمَن يُرِدِ اللّهُ أَن يَهْدِيَهُ يَشْرَحْ صَدْرَهُ لِلإِسْلاَمِ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُ يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقاً حَرَجاً كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِي السَّمَاء كَذَلِكَ يَجْعَلُ اللّهُ الرِّجْسَ عَلَى الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ﴾ [الأنعام: ١٢٥] واتە: (جا هەر کەسێک خودا بیەوێت ڕێنموونی بکات سنگی فراوان دەکات بۆ ئیسلام (و بڕواهێنان) و هەرکەس خودا بیەوێت گومڕای بکات (لەبەر نەشیاویی خۆی) سنگی زۆر تەنگ دەکات، وەک ئەوەی (بیەوێت) بەرز ببێتەوە بەرەو ئاسمان بەو جۆرە خودا پیسی و ناپاکی دادەنێت، لەسەر ئەوانەی کە بڕوا ناهێنن)، ئەوەی کە دڵی بە موسڵمانێتی ناکرێتەوە خراپترین تەنگەتاویی دەروونی تووش بووە، ﴿وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكاً وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى﴾ [طه: ١٢٤]. واتە: (هەرکەسێک ڕوو وەر بگێڕێت لە ڕێباز و یادی من ئەوە بێگومان ئەو کەسە گوزەرانێکی سەخت و تەنگی دەبێت (لە گۆڕدا)، لە ڕۆژی دواییشدا حەشری دەکەین بە کوێری).

* جا ئەگەر موسڵمانبوون دڵکرانەوە بێت (أشهد لا اله إلا الله وأشهد ان محمدا رسول الله)، کەواتە لە قۆناغی دڵگوشراوییەوە دەگوازرێتەوە بۆ دڵکرانەوە، لەوێشەوە بەرز دەبێتەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە، لە دەربڕینی زمانەوە بۆ باوەڕهێنان بە غەیب ﴿قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا قُل لَّمْ تُؤْمِنُوا وَلَكِن قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ﴾ [الحجرات: ١٤]. واتە: (عەرەبە دەشتەکییەکان وتیان باوەڕمان هێناوە (ئەی موحەممەد (دروودی خوای لەسەر)) بڵێ باوەڕتان نەهێناوە بەڵکو بڵێن موسڵمان بووین (بە سەرزارەکی)، چونکە هێشتا باوەڕ نەچووەتە ناو دڵەکانتانەوە، خۆ

ئەگەر گوێڕایەڵی خودا و پێغەمبەرەکەی بن هیچ لە (پاداشتی) کردەوەکانتان کەم ناکاتەوە بە ڕاستی خودا لێبوردەی میهرەبانە).

* باوەڕیش پلەپلەیە، کەم و زیاد دەکات، موسڵمان وردە وردە بەرز دەکاتەوە، تا دەیگەیەنێتە پلەی یەقین و دڵنیایی، پاشان بەرەو یەقینی ڕەها و پشت بەخودابەستن و ڕازیبوونی ڕەها بە هەر شتێک خودا نوسیبێتی ﴿ثُمَّ رُدُّواْ إِلَى اللّهِ مَوْلاَهُمُ الْحَقِّ أَلاَ لَهُ الْحُكْمُ وَهُوَ أَسْرَعُ الْحَاسِبِينَ * قُلْ مَن يُنَجِّيكُم مِّن ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ تَدْعُونَهُ تَضَرُّعاً وَخُفْيَةً لَّئِنْ أَنجَانَا مِنْ هَـذِهِ لَنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ﴾ [الأنعام: ٦٢ - ٦٣]. واتە: (پاشان دەگەڕێنرێنەوە بۆ لای خوا، کە سەروەری ڕاستەقینەیانە ئاگادار بن فەرمانڕەوایی و بڕیار هەر بۆ ئەوە هەر خوایشە لێپرسینەوەی خێراترە لە هەموو * ئەی موحەممەد (دروودی خوای لەسەر) بڵێ: ئایا کێ ئێوە ڕزگار دەکات لە تاریکییەکانی وشکانی و دەریا، کە هاوار و نزای لێ دەکەن بە ئاشکرا و نهێنی (ئەڵێن) سوێند بە خودا ئەگەر لەم مەترسییە ڕزگارمان بکات ئەوە بێگومان لە سوپاسکارانی خودا دەبین).

* کاتێکیش موسڵمان بەو شێوەیە پلەپلە بەرز دەبێتەوە، ئیتر دنیا سەرقاڵی ناکات بە هیچ شتێکەوە، نە ڕازاوەیی و جوانی، نەخۆشی و ناخۆشی، گرفت و کارەسات لەدەستدانی خۆشەویست و سامان و موڵک و ماڵ، بەڵکو خۆی تەرخان دەکات بۆ پەرستشی پەروەردگاری ﴿قُلْ هَـذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَاْ وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللّهِ وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ [يوسف: ١٠٨]. واتە: (بڵێ ئەمە ڕێگای منە بانگی (خەڵکی) دەکەم بۆ لای خودا لەسەر بەڵگەی ڕوون من و ئەوانەش شوێنم کەوتوون، خواش پاک و بێگەردە و من هیچ کات لە هاوبەش ڕەوادەران نیم).

* هەر کاتێک مرۆڤ هەستی بە مەترسیی پێخزان کرد لەم ڕاستەڕێیە، پەلاماری قورئانەکەی دەدات بۆ چارەسەر و تەداوی ﴿وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاء وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلاَ يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إَلاَّ خَسَاراً﴾ [الإسراء: ٨٢]، واتە: (و لەم قورئانەدا دەنێرینە خوارەوە ئەوەی کە هۆی شیفا و میهرەبانییە بۆ بڕواداران، بەڵام (هاتنی

ئەم قورئانە) بۆ ستەمکاران هیچ زیاد ناکات بێجگە لە خەسارەتمەندی). ﴿الَّذِينَ آمَنُواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللّهِ أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾ [الرعد: ٢٨]. واتە: (ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و دڵیان ئارام دەبێت بە یادی خودا ئاگادار بن، کە هەر بە یادی خودا دڵەکان ئارام دەبن).

لە ڕاستیدا دەروونددروستی وەک چەمک و کردەوە، هەرگیز مرۆڤ بە هیچ ڕێگایەک وەک ڕێگای ئیمان پێی ناگات، چەند باس لە بابەتی و زانستی بکات، چونکە دروستیی دەروون لە ناخی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێت پێش هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی. بەم شێوەیە باوەڕدار دەتوانێت قەڵایەکی قایمی بەرگری بنیات بنێت، کە لە هەڵخلیسکانی دنیایی بە خۆشەویستی هەر دەرگایەک بۆی بچێت بیپارێزێت، هەروەها لە ترسی لەدەستدانی و دڵەڕاوکێ و نەخۆشییە دەروونییەکانیش بیپارێزێت.

**چوارەم: ڕێبازی ئیسلامی بۆ ڕاستکردنەوە و پەروەردەی دەروونی**

هەرچی لە دوو بەشی ڕابردوودا باس کرا زەمینەسازیبوون بۆ ئەم بەشە، چونکە سەرەتایەکی دروستی پەروەردە و ڕاستکردنەوەی تاکە و نەخشەڕێگای کاروانی ڕاستەڕێی ژیانیەتی ﴿فَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ وَمَن تَابَ مَعَكَ وَلاَ تَطْغَوْاْ إِنَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ [هود: ١١٢]، واتە: (کەواتە ڕاست بە بەو شێوەی فەرمانت پێ دراوە و ئەوانەش تۆبەیان کردووە لەگەڵ تۆدا و (گەڕاونەتەوە) زیادەڕەوی مەکەن، بە ڕاستی ئەو (خوا) بینایە بە هەر کردەوەیەک کە دەیکەن). زانایانی موسڵمانیش لە پەروەردەی دەروونیی مرۆڤدا لەم ڕێبازە ئیسلامییەی پەروەردە لایان نەداوە، کە کورتەکەی ئەوەیە دنیا گەمە و گاڵتەیەکە ئەرکی مرۆڤ تیایدا ئاوەدانکردنەوە و جێنشینی سەرزەوییە، مرۆڤ لەسەر ورد و درشتی کردەوەکانی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت، لە لای پەروەردگاری هەنگاوێک نانێت، تاوەکو لە پێنج شت لێی دەپرسن: تەمەنی لە چیدا بەڕێ کرد، لاوێتی لە چیدا شەکەت کرد، سامانی چۆن

بەدەست هێناوە و لە چیدا خەرجی کردووە، چ کاری بەو زانستەی هەیبووە کردووە.[1]

مرۆڤ لە دنیادا ڕێبوارێکە، لەم خێراییەوە بەرەو داهاتوویەکی هەمیشەیی دەڕوات. زانا موسڵمانەکان لە پەروەردەی دەروونیدا، یەکەم شت جەختیان لە گەشەپێدان و بەکارهێنانی ئیرادە کردووەتەوە ﴿قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا * وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا﴾ [الشمس: ٩ – ١٠]، واتە: (سویند بە هەموو ئەوانە بە ڕاستی ڕزگاری بوو ئەو کەسەی، کە نەفسی خۆی پاک کردەوە * بێگومان نائومێد بوو ئەو کەسەی، کە نەفسی خۆی (بە گوناه) ون و تاوانبار کرد) دووهەم پێکهێنان و دروستکردنی نەریت، مەبەست لە نەریت بێگومان نەریتە باشەکانە، کە مرۆڤ بەرەو ئاکار و ڕەوشتە بەرزەکان دەبات.

بێگومان هەموو زانایانی موسڵمان دانیان ناوە بە پێویستییە سروشتی و خۆڕسکییە شەهوەتی و تووڕەییەکانی مرۆڤدا، بۆیە لەگەڵ ئەم دانپیانانە هەوڵی پاکژکردنەوە و بەرزکردنەوەیان داوە پلەپلە تا دەگاتە لووتکە، مرۆڤیان لەنێوان بەشە زەمینییە ئاژەڵییەکە و سەقفە فریشتەییە خاوێنەکە داناوە، تا پێگەی خۆی دیاری بکات بە پەروەردەکردنی دەروون و ڕاهێنانی و زاڵبوون بەسەر ئارەزوودا.

* ئیبن قەیم لە (الفوائد) دا نەریتپێکهێنان لە سۆنگەی پێنج قۆناغەوە دەبینێت:

١ – مرۆڤ ئەگەری تووشبوونی هەیە، بە پاڵنەری ختوورە یان بیرۆکەی هەڵە، کەواتە با کار لەسەر لادانی بکات.

٢ – ئەگەر ئەمەی نەکرد دەبێتە (شەهوەت)، کەواتە لەگەڵی بجەنگێ.

٣ – ئەگەر ئەمەیشی نەکرد، دەبێتە (عەزیمەت) کەواتە بەرگری بکە.

٤ – ئەگەر بەرگریت نەکرد، دەبێتە (ئاکار) فریای بکەوە.

٥ – ئەگەر بە دژی خۆی فریای نەکەوتی دەبێتە خوو، ئەوکاتە قورسە تاک بتوانێت لێی دەرباز ببێت.

---

[1] الترمذي، الجامع الصحيح، كتاب القيامة (٣٨)، باب (١)، حديث رقم: ٢٤١٦، ٥٢٧/٤.

باشبوونی ئەم قۆناغانە بە باشبوونی بیرۆکە و ختوورەیەتی، تێکچوونیشیان بە تێکچوونی ئەوە. لە شوێنێکی دیکەدا ئیبن قەیم لە (طریق الهجرتین) وا دەبینێت ملکەچبوونی مرۆڤ بۆ ئارەزوو لە دوو ڕێگاوە دەبێت:

- یان بە هۆی نەزانینی قۆناغەکانی.
- یان بە هۆی لاوازیی بەرگریکردنی.

بەراورد لهنێوان دوو پلەدا دەکات کە: دەروونی فەرمانکارە بە خراپە (الأمارة) و دروونی ئارامشە (المطمئنة). دەروونی فەرمانکار وەلامگۆی ئارەزووەکانە، ئارامشیش هیچ ڕێگایەک بۆ ئارەزوو ناهێڵێتەوە، پاشان لە (روضة المحبین)دا شێوازی خۆقوتارکردن لە ئارەزوو باس دەکات.

لای ئیبن قەیم ئارەزوو حەزێکی خۆڕسکییە، عەزیمەت و خۆگری و بەهێزیی دەروون و زانینی دواڕۆژی گوێڕایەڵیکردن، یان نەکردنی ئارەزوو پێشخستنی چێژی داوێنپاکی بەسەر چێژی گوناهکاریدا، ئەمانە شێوازی لادانی ئارەزوون.

وەک لە سەرەتاوە باسمان کرد لای ئیبن قەیم ختوورە پلە پلە دەبێتە عادەت، هەر ئەو لە (تحفة المورود)دا بۆچوونی وەهایە پەیوەستییەکیش هەیە، لهنێوان ئاڕاستە و ئاکاردا لە سۆنگەی سێ هەنگاوی یەک لەدوای یەکەوە:

- خەیاڵ: بەڵگەهێنانەوەیە، کە ئەگەری دروستی و نادروستی هەیە، یان بڕیاردانە لەسەر شتێک.
- گرتە: دەربڕی بڕیاری پێشوو گەیشتنە پێی.
- هەنگاو: مامەڵەکردنە لەبەر ڕۆشنایی دوو خاڵی پێشوو (کە بڕیاردان و دەربڕین بوو).

ئەم دەربڕینەی سەرەوە زۆر وردە، لە پەیوەستکردنی ئاڕاستە و ئەو کارانەی بەهۆیەوە پەیدا دەبن (Attitvdes).

لە کۆتاییدا ئیبن قەیم باس لە نەریتە خراپەکان دەکات، دەڵێت: مرۆڤ هێندە گوناهـ دەکات تا گوناهکردنی لا ئاسان دەبێت و بە کەم دێتە بەر چاوی، ئیتر لای دەبێتە خوو و بۆچوون و قسەی خەڵک لەسەر دەروونی کاریگەرییان نابێت.

دەتوانین ئەم حاڵەتەی ئیبن قەیم باسی دەکات، بە حاڵەتی پێش گەیشتنی تاک بە لادان و نەخۆشیی دەروونی دابنێین، کە پێی دەوترێت (Psychophath) کە جۆرێکە لە شڵەژانی عەقڵی و ئالوودەبوونە بە کەتن و تاوان و دووبارەکردنەوەیان، هەرچەندەش سزا بدرێت لەسەریان، وەک ئەمڕۆ دەیبینین.

* لە باسی ترسی ئالوودەبوون لەسەر نەریتی خراپە و پێویستی دەروونپاککردنەوە بە زوویی، عەبدوڵڵای کوڕی وەهەبی قورەیشی لە (ترتیب المدارک للقاضي عياض)دا دەڵێت: لەسەر خۆم دانا هەر کە زەمێکم کرد ڕۆژێک بەڕۆژوو بم، دەبینم ئاسانە، دوایی گۆڕیم بەوەی هەرکە زەمێکم کرد درهەمێک ببەخشم، ئەمەیانم لەسەر قورس بوو، ئیتر دەستبەرداری زەمکردن بووم.

* لە (إحياء علوم الدين)دا غەزالی، ڕەوشتجوانی دەگێڕێتەوە بۆ مامناوەندێتیی هێزی ژیری و حیکمەتی تەواو، لەگەڵ مامناوەندێتیی هێزی تووڕەیی و شەهوەت.

بەڵام چۆن ئەم مامناوەندێتییە دروست دەبێت؟ ئەو بە دوو ڕێگای دەزانێت:

یەکەم: بە بەخششی خودایی.

دووەم: بەدەستهێنانی ئەم ئاکارە بە هەوڵ و کۆشش.

پاشان غەزالی جەخت لە کۆشش و وەرزش و مۆچاندنی دەروون و مامەڵەکردن لەگەڵی دەکات بە دژەکان. بە نموونە: شکاندنی شەهوەتی سک بە ڕاهێنانیەتی لەسەر برسێتی.

هەر غەزالی لە (ميزان العمل) بۆچوونی وەهایە، چارەسەرکردنی دەروون بە پاکژکردنەوەی دەبێت تا بگاتە ڕزگاربوون، ناسینی دەروون کلیلی هەموویانە، چونکە ژیری و بەرچاوڕوونی هۆکاری ناسینی دەروونن. هەروەها ئەم دەروونی مرۆییە خوداکردە، بەڵام جەستە چاوی ئاسایی دەیناسێت.

پاشان غەزالی لە ڕێگاکانی کۆششکردن، بەرەو ڕزگاربوون باس دەکات لە (المقاصد الاسنى فى شرح أسماء الله الحسنى) کە ڕێگای بڕینی بەربەستەکانن:

١ – پشت بەخودابەستن.

٢ – کاردانە دەست خودا (دڵنشینکردن).

٣ – خۆگری لە کاتی ناڕەحەتییەکاندا.

٤ – ڕەزامەندی لە دابەزینی قەزاوقەدەر.

ئیبن عەرەبی لە (تهذیب الأخلاق) کۆمەڵێک ئامۆژگاری دەنووسێت، کە تاک دەتوانێت خۆی لە حەز و ئارەزوو قوتار بکات و بە ڕەوشتی بەرز خۆی برازێنێتەوە، بەوە مرۆڤ دەبێتە نموونەیی، کە حەوت سیفەت بەدەست بهێنێت:

١ – هەموو ئاکارەکانی خۆی بپشکنێت و وریای گشت خەوشەکانی بێت.

٢ – سەروەت و سامان لای کەم و سووک بێت.

٣ – یاسایەک بۆ حەز و ئارەزووەکانی دابنێت (مەبەستی مامناوەندێتییە دوور لە زیادەڕۆیی و بەزایەدان).

٤ – وا بزانێت کە تووڕەبوون دەیباتە پێگەی ئاژەڵ و دڕندەکانەوە.

٥ – خۆی لەسەر خۆشویستنی خەڵک ڕابهێنێت.

٦ – بیەوێت چاکە لەگەڵ هەموو کەسێکدا بکات.

٧ – باوەڕی وەها بێت هیچ عەیبە و ناشرینییەک لای خەڵک پەنهان نین.

* بەڵام ئەبولقاسم ڕاغیبی ئەسفەهانی، لە (الذريعة إلى أحكام الشريعة)دا بۆچوونی وەهایە دەستخستنی ڕەوشتجوانی بە پاککردنەوەی دەروون دەبێت، ئەویش بە باشکردنی هێزی بیر و ئارەزوو غیرەت دەبێت.

سەرچاوەکانی ڕەوشتیش لای ئەو لە دوو ڕێگاوە دێت:

* ڕاهێنان و فیترەت، دەکرێت مرۆڤ بە پەیژەی ڕەوشتە پەسەندەکاندا، بە چوار پلە بەرز ببێتەوە:

١ – دەستبەرداربوون لە تاوان.

٢ – ئەنجامدانی پەرستشەکان.

٣ – کۆششکردن دژی ئارەزوو.

٤ – ڕازیبوون بە قەزا و قەدەر.

لە بەرانبەریشدا بەرەو خراپە بە چوار پلە دادەبەزێت:

تەمەڵی، گەمژەیی، خراپەکاری، ڕۆچوون لە ناهەقیدا.

* ئیبن حەزمی ئەندەلووسی لە (طوق الحمامة)دا، جەخت لە خۆشەویستی و شوێنەواری دەکاتەوە، لە پەروەردەکردنی دەروون و گۆڕینی تەبیعەتی عاشقدا،

که دەکرێت لە کەسێکی دڕندەی تەبیعەت توندەوە بگۆڕێت، بە کەسێتییەکی گوێڕایەڵی نەرمی دەستەمۆ.

* شیرازیش لە (الطب الروحاني)دا بۆچوونی وەهایە، پەروەردەکردن و بەرزکردنەوەی دەروون لە خراپەکان بە ڕێگای بەکارهێنانی دژەکانیان دەبێت، چونکە دژەکەی بەرانبەری ڕیشەکێش دەکات، لەم بارەوە سێ ئامۆژگاری دەکات:

- هەمیشە دەروون لەسەر ڕەوشتە بەرزەکان ڕابهێنرێت.
- بەردەوامبوون لەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرکە کردەیی و زانستییەکان.
- هاوڕێیەتی چاکەکاران و دوورکەوتنەوە لە خراپەکاران.

* ئەبو حەیانی تەوحیدی لە سێ پەیامەکەیدا لەسەر ژیان، دە پێگەی پلەبەند لە بنیاتێکی کەڵەکەبوودا دادەنێت، سەرەتا بە ژیانی دیندارانە دەست پێ دەکات، بە ژیانی کامڵی یەکەم کۆتایی پێ دەهێنێت، ئەمەش پلەبەندییەکی پەروەردەییە بۆ بەرزکردنەوەی دەروون مرۆیی پلەبەپلە و بە داوی یەکدا:

- پلەی یەکەم: ژیانی دیندارانە و ئاسوودەیی.
- پلەی دووەم: ژیانی خواکرد و خۆڕسکی.
- پلەی سێیەم: ژیانی کار و ڕەنج.
- پلەی چوارەم: ژیانی زانست و بەرچاوڕوونی.
- پلەی پێنجەم: ژیانی هەست و جووڵە.
- پلەی شەشەم: ژیانی کامڵی یەکەم.
- پلەی حەوتەم: ژیانی بۆچوون و گومانەکان.
- پلەی هەشتەم: ژیانی کامڵی دووهەم.
- پلەی نۆهەم: ژیانی فریشتە.
- پلەی دەیەم: خودای پەروەردگار زیندووە.

* ئیبن جەزاری قەیرەوانی لە (سياسة الصبيان وتدبيرهم)، بۆچوونی وەهایە پەروەردەی منداڵ لە تەبیعەتی ناپەسەندەوە دەگوازرێتەوە بۆ تەبیعەتی پەسەند، ئەگەر لە بچووکییەوە بێت و بەر لەوەی ڕاهاتبێت بە شتە ناپەسەندەکان و نەتوانێت دەستبەرداریان بێت.

هەر ئەو وا دەبینێت خوو پاڵپشتی تەبیعەتە، جا ئەگەر منداڵ تەبیعەتی باش بوو لەسەر ڕەوشتبەرزییش ڕاهێنرا، ئیدی سیفەتە جوانەکان پێوەی دەنووسێن و لێی ناترازێن، چونکە لە دوو لاوە وەری گرتوون.

کۆمەڵێک شێوازی جۆراوجۆری پەروەردەش دەخاتە ڕوو وەک: پیاهەڵدان و لۆمەکردن و لێدان و هاندان و ترساندن.

* پاشان کەلەپووری سۆفیگەری سەر هەڵدەدات و نموونەیەکی دیکەی بەرنامەی ئیسلامی بۆ پەروەردەی دەروون و کەسێتیی مرۆڤ و ئامادەکردنی بۆ ئەوەی لە پێناویدا دروست کراوە دەخاتە ڕوو ﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ [الذاريات: ٥٦]، واتە: (وە من جنۆکە و ئادەمیزادم تەنها بۆ ئەوە دروست کردووە، کە بەندایەتیی من بکەن) ئەویش بە ڕێگایەکی ئیمانی کە هەوڵ دەدات بنیاتی دەروون بنێت و پلەپلە بەرزی دەکاتەوە، بۆ نزیکبوونەوە لە خودا بە ڕێگای خۆشەویستی و دنیانەویستی و پەرستش.

- چۆنیەتیی بەرزبوونەوە بۆ لای خودای مەزن لە کەلەپووری سۆفییەکاندا بە شەش قۆناغدا تێ دەپەڕێت:

- مەقامی خۆپارێزی: کە خۆلادانە لە حەرام و زۆرکردنە لە دەروون لەسەر پاکبوون لە هەر خڵتەیەک.

- مەقامی دنیانەویستی: ئەو کاتەیە دنیای لە بەرچاو دەکەوێت و هیچ نرخێکی لای نامێنێت.

- مەقامی هەژاری: ئەو کاتەیە هەموو خاوەندارییەک ڕەت دەکاتەوە، بەوەندە واز دەهێنێت، کە سکی تێر بکات و جەستەی دابپۆشێت.

- مەقامی ئارامگری: وەک تەحەمولکردنی هەرچی بەڵایەک، کە دێت بە سەریدا و سکاڵانەکردن لێیان.

- مەقامی پشت بەخوابەستن: ئیتر خۆزگە و ئاوات بۆ هیچ شتێک ناخوازێت، چونکە خودا دۆستیەتی و هەموو کاروبارەکانی تەسلیم بە ئەو کردووە.

- مەقامی ڕازیبوون: تیایدا هەرچی لای خواوە هات بە دڵنشینییەوە قبووڵیەتی، هاتنی بەڵا و ناڕەحەتی لای ئەو، زەروورەتە بۆ خاوێنکردنەوەی دەروون و ڕاستگۆ دەرچوونی سەفەرەکەی بۆ لای پەروەردگار.

- سۆفییەکان پاش بڕینی مەقامەکان دەگەنە حاڵ، کە ئەوانیش بە ڕیز دە دانەن، حاڵی چاودێریی دەروون، حاڵی نزیکی، حاڵی خۆشەویستی، حاڵی ترس، حاڵی ئومێد، حاڵی پەرۆشی، حاڵی خۆشی، حاڵی دڵنیایی، حاڵی دیتن، حاڵی یەقین.

- جا کە سۆفی گەیشتە پلەی یەقین لەسەر لێواری (وەجد) دەوەستێت، کە سەرەتای دەستپێکردنی نەشوەیەکە لە دەروونی سۆفیدا، بە هۆی نزیکبووەی لە خودا، ئیدی هەستەوەرەکانی لەسەر دەوروبەری لا دەدات و بەوەش خۆشییەکی فراوانی لە دڵدا پەیدا دەبێت.

پاش گەیشتن بە قۆناغی وەجد، ئیتر سۆفی دەکەوێتە بڕینی قۆناغەکان و دەچێتە ناو قۆناغی (فەنا)وە، کە تیایدا هەستی سۆفی لە دەوروبەری دادەبڕیت، هەستەوەرە ڕواڵەتییەکانی پەکیان دەکەوێت، لە دەرەوەی خۆی بە هیچ نازانێت.

- لە ناو سۆفییەکاندا هەن دەگەنە فەنای فەنا. کە تیایدا سۆفی بیری دەچێتەوە، کە فەنا بووە، چونکە بە تەواوی هەستەکانی نامێنن (خەڵک لەدەست دەدات و خودا دەدۆزێتەوە و مانەوە دەست دەخات).

- کە سۆفی گەشتە قۆناغی (فەنا) یان (الإتحاد)، ئیتر دهردەستی خودادا کە سێهەمیان لە نێواندا نییە، ئیدی لە زۆر شت تێدەگات و دەچێتە پێچ و پەنای تەوحیدەوە، بە فەنابوون لە دەروونی و بانگکردنی حە و وەڵامدانەوەی و پێنیشاندانی حەقیقەت و بوونی خۆی واتە: بەندە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بوونی خۆی وەک جونەیدی بەغدادی دەڵێت: دەبێت بەوەی پێشتر وا بووە، چونکە ئەو پێش بوونیش بووە.

- لە بەرانبەر (فەنا)، (حلول) توانەوە هەیە، ڕەنگە حسەینی مەنسوری حەلاج (٣٠٩ ک مردووە) بە باشترین شێوە لەم شیعرەدا توانەوەی ناساندبێت:

**أنا من أهوى ومن اهوى أنا　　　نحن روحان حللنا بدنا**

**فإذا أبصرتني أبصرته　　　وإذا أبصرته أبصرتنا**

**روحه روحي و روحي روحه　　　من رأى روحين حلا بدنا؟**

- پوختەی ڕێبازی سۆفیگەری، (وەک فەروخ سالی ١٩٧٥) سەبارەت بە پەروەردە و دەروونساغی دەیلێت: پەیوەستکردنی دەروونە بە دڵەوە و دابڕینی کارە لە ڕەگەزە پێکهینەرەکانی.

**١/٤ نەریت**

ئیبن سینا لە (رسالة العهد) خوو بەم شێوەیە پێناسە دەکات، بریتییە لە زۆر دووبارەکردنەوەی یەک شت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژی نزیک لە یەک، ئەم پێناسەیە ڕێک وەک پێناسەکانی ئەم سەردەمەیە.

کەواتە سێ ڕەگەز دەچنە ناو پێکهاتەی خووەوە، ئەوانیش: دووبارەبوونەوە، خێرایی دووبارەبوونەوەی و زەمەنی دووبارەبوونەوە. ئەمەش تێڕوانینێکی زۆر زیرەکانە و زانستیی نوێن.

- لە (الإشارات والتنبيهات)دا ئیبن سینا جەخت لە پەیوەستیی دروستبوونی خوو بە هێزە دەروونییەکانەوە دەکاتەوە و دەڵێت: هەستکردن بە شتێک یان خەیاڵکردن یان حەزکردن یان تووڕەبوون پەیوەندیی نیوان دەروون و لقەکانی (هێزی تووڕەیی و شەهوانی) شێوازێک دەروست دەکات، تاوەکو بە دووبارەکردنەوەی گوێڕایەڵی دروست دەبێت، بەڵکو دەبێت بە خوو و عادەت و زەفەر بە دەروون دەهێنن.

* بەڵام ئیبن مەسکەوەیی، بەم شێوە پێناسەی خوو دەکات:

پاکژکردنەوەی ڕەوشتە لەو حاڵەی دەروون بانگی بۆ دەکات، بەبێ فرۆفێڵ.

* غەزالی لە (إحياء علوم الدين)دا دەڵێت: خوو، حاڵەتێکی دەروونییە، لە دڵدا دەر دەکەوێت و دەڕژێتە سەر ئەندامەکانی جەستە و داوای هەستان بە کارێک دەکات بەبێ زۆر لەخۆکردن و ڕووپامایی، سەرەتا بە کردنی ئیشەکان دەست پێ دەکات و لە کۆتاییدا دەبێت بە خوو.

* بەڵام زەهەبی لە (الطب النبوي)دا دەڵێت: خوو تەبیعەتێکی دیکەی مرۆڤە.

* ئیبن حەزمیش لە (الفصل فی الملل والنحل) دا باوەڕی وەهایە، ڕیشەکێشکردنی خوو سەختە، بەڵام مەحاڵ نییە، بە پێچەوانەی سرینەوەی تەبیعەتەوە کە مەحاڵە، واتە ئەو خوو بە دروستکراو دادەنێت نەک بە تەبیعەت، ئەو بەمە لە زەهەبی زیاتر کارەکە ئاسان دەکات.

* لە کۆتاییدا ئەبوبەکری موورادی حەزرەمی لە (الإشارة فی تدبیر الإمارة)دا دەڵێت: خوو تەبیعەتێکە کاری قورس سووک دەکات و کاری سووکیش قورس دەکات. خووی خراپ ئەگەر خۆی مەحکەم کرد وەک تەبیعەتی خراپی لێ دێت، بەڵام لە بەرگێکی نوێدا، کە چڵکن دەبێت، ڕەنگە چڵکنینەکە ئاسان پاک بکرێتەوە.

- هەر حەزرەمی بۆچوونی وەهایە، ڕزگاربوون لە خووی خراپ بە دوو شێوە دەبێت:

١. ڕاهێنانی لەسەر خووی جوان بەر لە فێربوونی خووی ناشرین هەر لە منداڵییەوە، جا ئەگەر تەمەن بە بەریەوە مابێت خووی خراپ خۆی مەحکەم نەکردبوو، ئومێدی چاکبوونەوەی لێ دەکرێت، بەوەی پلەپلە لێی دوور دەکەوێتەوە.

٢. ئەگەر خووەکەی تووشبووبوو ڕاهێنان بۆ لادانی دەکات.

ئەگەر سەرنجی ئەو پێناسانە بدەین، دەبینین غەزالی و ئیبن مەسکەوەی لە پێناسەی خوودا بۆ کردارە پێچەوانەکان یان ناویستەکان دەڕۆن، بەتایبەت ئیبن مەسکەوەی، هەرچەندە غەزالی هەردووکیانی لە یەک کاتدا کۆ کردووەتەوە.

بەڵام دەروونزانیی نوێ ئەم دوو جۆرە لە یەک جیا دەکاتەوە، (پەرچەکردار و خوو)، بۆیە پێناسەکەی ئیبن سینا بە پێناسەیەکی ورد و زانستی دادەنرێت، کە گرێ و گۆڵی تێدا نیە و تێکەڵ بە زاراوەکانی دیکە نابێت.

* زاراوەی (خوو) پێناسەکەی و زانینی چۆنیەتیی دروستبوون و گەشەسەندن و کوژانەوەی، لە بنەڕەتییەکانی پەروەردەی نوێیە و لە بۆتەدان و پاکژکردنەوەی کەسێتی و پێگەیاندنیەتی.

دەروونزانیی نوێ چەند پایەیەک بۆ بنیاتنانی خوو دادەنێت کە: پاڵنەرەکانی، دووبارەکردنەوە، پەروەردەیە.

**٢/٤ ویست (الإرادة)**

ویست، بوونی توانای کردنی ئیشێکە یان کردنی بڕیارێکە بە کردار، ئەمەش بنەمایەکی سەرەکیی پێکهێنەری کەسێتیی مرۆییە بە چەمکی دەروونزانیی نوێی ئەمڕۆ، کە وای لێ دەڕوانێت پوختەی بەرهەمی چالاکی و ئەرکە دەروونییە جۆربەجۆرەکانیەتی و کەسێتیی مرۆیی ڕەنگدانەوەی ویستیەتی.

جا با بزانین زانایانی موسڵمان لەسەر ویست چییان نووسیوە:

* جونەیدی بەغدادی لە (دواء الأرواح)دا وای دەبینێت، مرۆڤ یەکەم جار باوەڕی بە شتێکە، پاشان نیازی دەکات، ئەوجا دەیەوێت.

* فاڕابییش لە (آراء أهل المدينة الفاضلة)دا، بۆچوونی وەهایە: ویست لای مرۆڤ لە کۆبوونەوەی هێزی کێشمەکێش و ژیریی مرۆڤ پێک دێت (واتە لە سەرەتادا مەیلکردنە و پاشان بڕیاردانی ژیرییە لە بارەیەوە).

* غەزالی لە (إحياء علوم الدين)دا بە تنێروانینە سۆفییانەکەی خۆی باوەڕی وەهایە: ویست ڕێگابڕینە بەرەو لای خودا، کە بە زانست دەبووژێتەوە بە توانا ڕام دەبێت.

غەزالی ویست و تەبیعەت و جۆری دەروون، یان جۆری کەسێتیی مرۆیی پێکەوە دەبەستێتەوە، ڕای وەهایە خەڵک سێ جۆرن:

١ – جۆرێکیان کردارە ویستییەکانی، ملهوڕی و شڵەژان و زاڵنەبوون بەسەر غەریزەدا تیایدا ڕەنگی داوەتەوە، (واتە ویستی لەدەست چووە) ئەم جۆرە تەعبیرە لە دەروونی فەرمانکار بە خراپە (النفس الامارة).

٢ – جۆرێکیش کرداری دیسپلینکراوە و ویست حوکمی دەکات و بەستراوە بە نموونەی باڵاوە، ئەم جۆرە تەعبیرە لە دەروونی ئارامش (النفس المطمئنة).

٣ – جۆری سێهەم ڕاڕایە، ویستی بە هەردوو لادا دێت و دەچێت (واتە ویست هەیە، بەڵام توانانی پێویست نییە کە حوکمی لەسەر بکات) ئەم جۆرە تەعبیرە لە دەروونی لۆمەکاردا (النفس اللوامة) خۆی دەبینێتەوە.

* ئیبن روشد له (تهافت التهافت)دا بۆچوونی وەهایە: ویست داخوازیی شتێکه یان پەرۆشی بکەرە بۆ کار، که کردی پەرۆشییەکە تەواو دەبێت و ویستەکەش دێتە دی.

* عەبدولکەریمی کوڕی هەوازنی قوشەیری لە (الرسالة القشيرية)دا لە پاش غەزالی و جونەید بیرۆکەی سۆفییەکی دیکە دەر دەبڕیت، لە بابەتی ویستدا و دەڵێت: دەستبەرداربوونی ئەوەیە خووی پێوە گیراوە، کە سەرەتای خۆشەکەتکردنە و دەستبەرداربوونی پشوودانە (سەرەتای ڕێبواران).

بە سەرنجدانی ئەم پێناسانەی سەرەوە، جیاوازی لەو گۆشەنیگایانە دەبینین، کە زانایان لێوەی دەڕواننە چەمک یان زاراوەی ویست (الإرادة)، هەیانە لە گۆشەنیگای کردارەوە لێی دەڕوانێت (وەک جونەیدی بەغدادی)، هەیانە لە گۆشەنیگای پێکهاتەوە لێی دەڕوانێت (وەک فاڕابی)، هەشیانە لە گۆشەنیگای بڵندی و بەرزییەوە لێی دەڕوانێت، وەک (غەزالی و قوشەیری). جا گۆشەنیگاکان بۆ ویست هەرچییەک بن، بەڵام دیاریکردنی زۆر لێڵی تێدا نییە، بەڵام پەلوپۆ و جیاوازی بە سەریدا زاڵە.

**لە کۆتاییدا:**

پاش هێنانەوەی ئەو بۆچوونانە لەسەر دەروونساغی، دەکرێت بگەینە چەند بنەمایەکی چەمکی دەروونساغی، لە کەلەپووری ئیسلامی یان لای زانایانی موسڵمان، بەم شێوەیە:

١- چەمکی دەروونساغی لە ئیسلامدا چەمکی دووری و نزیکییە لە پەروەردگارەوە، جا بە باوەڕپێهێنان بێت، یان بە گوێڕایەڵیکردن، واتە وەک دەروونزانیی نوێ دەیڵێت: (سازان) یان (هاوسەنگی) یان (پێکهاتن)، بەڵام لە کەلەپووری ئیسلامیدا ئەمانە لەگەڵ خودادان نەک کۆمەڵگە وەک پێناسەی نوێ دەیڵێت، چونکە ئەگەری هەیە کۆمەڵگە هەمووی لا بدات، جا ئەوکات لادان دەبێتە ڕاستەڕێ و سازان لەگەڵ ئەم لادانە دەبێتە پێکهاتن و ئەوەش دەروونساغییە.

به نموونه ئەگەر سەرنجی یاسای ئەمەریکیی نوێی ساڵی ١٩٩٤ بدەین، کە مۆڵەت دەدات بە نێربازی لە ناو سوپای ئەمریکیدا (تەنها لە ناو هێزە دەریاییەکاندا)، کەواتە لێرەدا پەرگیری سێکسی ئاسایی دەبێتەوە، لە بەردەم یاسا و کۆمەڵگەشدا، لەم بارەوە، نموونە زۆرن چ لە کۆمەڵگەی ئەمەریکی یان ئەرووپی یان ئاسیایی لەناو ناموسڵمانەکان و ئەفەریقییەکان، بۆیە پێوەری دەروونساغیی ئیسلامی، هەڵقولاوی سازان و پێکهاتنە لەگەڵ ڕێبازی خوداییدا.

ئا لێرەوە ئیتر چەمکی ڕاست و خوار، کە لە پێناسەکانی دەروونساغی و نەخۆشیی دەروونین، جیاوازی گەورەی تێ دەکەوێت لەنێوان دیدگای ئیسلامی و دیدی دەروونیی هاوچەرخدا.

٢ – داننان بە واقعیەتی سروشتی جەستەیی تاک و پەیوەستکردنی بە هێزی پاکێتی و بڵند و بەرزبوونەوە بە سەریدا، بەپێی پێویست و دۆخ و تەمەن و حاڵەتی تاک، هەوڵدان بۆ ژێربارکردنی دەروون و زاڵبوون بە سەریدا، بڕیاردان بۆی و ئاڕاستەکردنی بەبێ زیادەڕەوی و بەزایەدان، مرۆڤ وا لێ دەکات کەمەکە چالاک بێت لەسەر جووڵەی وەرزشی دەروونی و کۆششکردن لەگەڵی و زاڵبوون بە سەریدا و دڵخۆشبوون بەو زاڵبوونە و دەرکەوتنی دڵخۆشییەکە، ئەمەش پلەبەندیەکی ئەرێنییە لە بنیاتنانی کەسێتیی دەروونساغیی تاک.

٣ – ڕێبازی ئیسلامی موسڵمانی لە گوناهەکەی ئادەم قوتار کردووە، هەروەها لە تاوانی هەموو کەسێکی دیکە، تەنها تاوانی خۆی لە ئەستۆ دەگرێت. ئەگەر پەشیمانیش ببێتەوە و داوای لێخۆشبوون بکات تاوانی خۆیشی دەسڕێتەوە، بەڵکو ئەو گوناهکردن و پەشیمانبوونەوە چاک و باشە، ئەگەر نەکرابایە خودای مەزن خەڵکی دیکەی دروست دەکرد تا هەڵە بکەن و پەشیمان ببنەوە و داوای لێخۆشبوون بکەن، خوداش لێیان خۆش بێت وەک لە فەرموودەدا هاتووە،[١] بۆیە هەست بە تاوانباری و خەفەتخواردن بۆ هەڵەی ڕابردوو، ئەگەر ئومێدی لێخۆشبوون نەبێت، سەر دەکێشێت بۆ گرێ و نەخۆشیی دەروونی، بەڵام ڕێبازی

---

١ "لولا أنكم تذنبون خلف الله خلقا يذنبون، فيستغفرون، فيغفر لهم". صحيح مسلم، كتاب التوبة، ٩-٢٧٤٨.

ئیسلامی دەرگای ئومێد و هیوای لە بەردەم هەموو گوناهێکدا کردووەتەوە و تاک لە گشت نائومێدی و داڕووخان و ململانێی دەروونی دوور دەخاتەوە.

٤ – بنەمایەکی سەرەکیی دیکەی ڕێبازی ئیسلامی، بۆ دەروونساغی ڕێبازی خۆپیارێزیە بەر لە چارەسەر، کە ئەمە دوا هاواری دەروونداروستیی هاوچەرخە. تەنانەت زانایانی موسڵمان بەشێکیان داناوە بە ناوی (باب سد الذرائع) واتە: وەستان لە بەردەم بابەتێکدا کە لە خودی خۆیاندا حەرام نییە، بەڵام ئەگەری هەیە سەر بکێشێت بۆ حەرام، جا ئە و بابەتەشیان حەرام کردووە و دایانخستووە لە ترسی نەکەوتنە حرامەوە.

ڕێبازی خۆپارێزییش سەلامەتترین و کورتترین ڕێگایە، بۆ پارێزگاری لە دەروونساغیی بەردەوام و هەمیشەیی.

# بەشی چوارەم

# ئایا بیردۆزەیەک یان چەند بیردۆزەیەک بۆ کەسێتی لای زانایانی موسڵمان هەیە

**پێشەکی:**

**بیردۆزە یان چەند بیردۆزەیەک**

با بگەڕێینەوە بۆ کەسێتیی مرۆیی بە شێوە گشتییە ڕەهاکەی، بە کۆی سنووره بۆماوەیی و ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ژیری و سۆزییەوە، هەوڵ دەدەین بزانین ئایا کولتووری کەلەپووری ئیسلامی، توانیویەتی بە گشتی نەخشەیەکی یەکگرتوو بکێشێت، کە بتوانین پێی بڵێین (ئیسلامی) بۆ کەسێتیی مرۆیی، ئایا بیریارە موسڵمانەکان توانیویانە نەخشەڕێگایەکی دیاریکراو، لە چوارچێوەی بیردۆزی گشتی بۆ کەسێتی بکێشن؟ یان بە هەموویانەوە نەگەشتوونەتە ئەوەی ئەمڕۆ بە بیردۆز ناسراوە؟ بەرلەوەی بچمە قووڵایی ئەم پرسیارانەوە، پێویستە پێشوەخت دوو ئاگاداری بدەم.

یەکەم: دەروونناسیی نوێ – هەتا ئەمڕۆش – نەیتوانیوە نەخشەی چوارچێوەیەکی بیردۆزەیی یەکگرتوو، بۆ چەمکی کەسێتیی مرۆیی بکێشێت، ئەوەی کە ئەمڕۆ هەن دەیان چوارچێوەی بیردۆزەیی ئەم چەمکەیە، کە لەنێوان خۆیاندا جیاوازن و دەگەنە ئاستی پێچەوانە و هاودژی تەواو، لە نموونەی نێوان قوتابخانەی شیکاریی دەروونی و قوتابخانەی ئاکاری، کاتێک بەڵگە بۆ چۆنیەتیی جیاوازی یان جۆرەکانی ئاکاری مرۆیی دەهێننەوە، بۆیە عەیبەیەک نییە ئەگەر نەتوانین بە چوارچێوەیەکی بیردۆزەیی کەسێتیی مرۆییەوە دەر بچین لە کەلەپووری ئیسلامیدا.

دووەم: ئێمە نامانەوێت وەک یەک سەیری کەلەپوری ئیسلامی بکەین، کە لە سەردەمی خۆی و کات و چەمک و واقیع گۆڕانکاریی زەمەنی خۆیدا ژیاوە، کە جیاوازیی ڕیشەیی لەگەڵ ئێستادا هەیە، لەگەڵ چەمکی نوێ و سنووربەندە دەروونییەکانی هاوچەرخ بکەین، کە بە درێژایی سەدەکان پێشکەوتن و گۆڕانکاریی زۆریان بەسەردا هاتووە، هەتا گەشتووەتە ئەم شێوەیەی، کە ئێستا دەیبینین و مامەڵەی لەگەڵ دەکەین. جگە لەوەش ئەوانەی ئەمڕۆ چوارچێوەی بیردۆزەیی دەنووسن، زانا و پسپۆڕن لە دەروونناسیدا، خاوەنی ئەزموون و تاقیگە و دەزگای خۆیانن، هەروەها کتێبخانەی دەوڵەمەند و توێژینەوە و گۆڤار و

ماڵپەڕەکانی گەیاندن و پەیوەندیکردن لە سیستمی زانیاری و تەکنەلۆژیی تەواو پێشکەوتوویان لە بەردەستە. بەڵام ئەوانەی لە کەلەپووری ئیسلامی نووسیویانە زانا و فەقیهو موجتەهید و فەیلەسووف و پزیشک و ئەدیب و سۆفییەکان بوون. بۆیە لە ڕووی لۆژیکییەوە ناکرێت بەراوردی نێوانیان بکرێت.

لە سۆنگەی ئەم دوو خاڵەی سەرەوە، دەچینە باسی چوارچێوەی بیردۆزەیی یان بیردۆزەییەکان، کە دەکرێت لە کەلەپووری ئیسلامی لە بواری کەسێتیی مرۆییدا پوختی بکەینەوە.

دەستپێکی چوارچێوەی بیردۆزەیی سەرجەم زانستە جیاوازەکان، لە کەلەپووری ئیسلامیدا، لە سۆنگەی قورئان و سوننەتەوە هەنگاوی هەڵێناوە و لە بنەماکانیان و دەق و بەڵگە ڕوونەکانیان دەر نەچوون، بەڵکو جیاوازیی ئیجتیهادەکانیان لە بابەتە بەشەکی و وردەکارییە لاوەکییەکانیاندا بووە، کە لە بنەڕەتدا پێچەوانەی بنەمایەک یان دەقێک نەبووەتەوە، لە لایەکی ترەوە کاریگەربوونی بیریارە موسڵمانەکان، بەتایبەت بە بیری گریکەوە شتێکی لاوەکی و سەرپێی نەبووە، بەڵکو کاریگەرییەکی زۆر بەهێزی لەسەر نووسینەکانیان بووە، بەتایبەت نووسینی پزیشک و فەیلەسووف و زاناکانیان.

بۆیە ئەوەی دەیخەینە ڕوو، جێپەنجەی بیری گریکی پێوە دیارە و مێژووی شارستانیەتی ئیسلامی، نەیتوانیوە تێ بپەڕێنێت و بە تەواوی نکوڵی لێ بکات.

لە ڕاستیدا ئەوەی بتوانین پێی بڵێین بیردۆزە، لە کەسێتیی مرۆیی لای زانا موسڵمانەکان بەو چەمکە گشتی و سەرتاپاگیرە، بوونی سەختە. هەروەها یەک تێڕوانینی تێر و تەواوی بیردۆزەکەش هەر سەختە.

ڕێک دەکەوێت بەشێک لە سەرتاپاگیری لای هەندێک زانایانمان دەست بکەوێت، یان شتێک لە چوارچێوەی ئەو سەرتاپاگیرییە بۆ کۆی سنووربەند و هۆکارەکانی هەبن.

* لە لایەنی یەکەمەوە (چوارچێوەی سنووربەند بۆ دیاریکراوێکی کەسێتی) لە بەشەکانی پێشوو، دوو چوارچێوە بیردۆزەییان خستە ڕوو، کە هەریەکەیان یەک سنووربەند (محدد)ی دیاریکراوی کەسێتیی مرۆیی لەخۆ گرتووە.

- ئیبن جەزاری قەیرەوانی لە (سیاسة الصبیان وتدبیرهم)دا، چوارچێوەیەکی بیردۆزەیی تێروتەواوی بۆ منداڵ و پەروەردەکردنی وێنە کێشاوە، لە لەدایکبوون و ناوکبڕین و پاککردنەوەیەوە دەست پێ دەکات هەتا گۆشکردن و شیری دایک و شیری مامانی و مەرجەکانی شیرپێدان و خۆراکی دایەنەکەی. پاشان بەرز دەبێتەوە بۆ خەوتنی منداڵ و لەباوەشگرتن و خاوێنکردن و شۆردن و دانیشاندن و دارەدارەپێکردنی و پێگرتنی، دوای ئەوەش دەچێتە باسی گریان و پەیوەندییەکان و پێکەنین و نەخۆشییەکانی، کۆتاییشی بە مۆچاندن و پەروەردەکردنی دەهێنێت.

- بە هەمان شێوە ئیبن قەیمی جەوزی لە (تحفة الودود فی أحکام المولود)دا، چوارچێوەیەکی بیردۆزەیی تێر و تەواو، بۆ قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ دەخاتە ڕوو، کە بە پەیدابوون و پێگەیشتنی مرۆڤ دەست پێ دەکات، پاشان دووگیانی و ماوە و قۆناغەکانی دووگیانی، دوای ئەوە دێتە سەر کۆرپەلە و قۆناغەکانی دروستبوون و کاریگەرییەکان لەسەری، ئەوجا لەدایکبوون و هەستی بینین و بیستن و پەیوەندیی ئەم هەستە بە بۆماوەییەوە، پاشان زیرەکی و توانا عەقڵییەکانی مرۆڤ، جا منداڵی و داخوازییەکانی، ئینجا قۆناغی هەرزەکاری و تایبەتمەندییەکان و نیشانەکانی، تا بەرز دەبێتەوە بەرەو پیاوەتی و پیرێتی و دواجار مردن.

* سەبارەت بەوەی کێ زیاد لە چوارچێوەیەکی باس کردووە، یان تێڕوانینیکی گشتگیرانەی بۆ کەسێتیی مرۆیی هەبووە، وا دەزانم ئیبن سینا و غەزالی بە جیاوازییەوە ئەم ڕێچکەیەیان گرتووەتە بەر، دەزانین کە بۆچوونی ئیبن سینا و غەزالییش، لە لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا هاتوون بۆیە نامانەوێت دووبارەیان بکەینەوە، بەڵام ئەگەر بە تەنها کۆیان بکەینەوە ئەوا چوارچێوە گشتگیرەکەی کەسێتیی مرۆیی پێک دەهێنن. ئەوەش بزانین ئیبن سینا و غەزالی ناونیشانی کەسێتیی مرۆییان دانەناوە، بەڵکو بە ناوی دەروونی مرۆیی باسەکەیان کردووە.

ئەوا ڕوونکردنەوەی پەیکەری گشتیی چوارچێوەی بیردۆزەیی، هەریەکە لەوان دەخەینە ڕوو بەبێ درێژکردنەوە و وردەکاری.

**یەکەم: چوارچێوەی بیردۆزەیی لای ئیبن سینا**

دەکرێت چوارچێوەی تیۆری لای ئیبن سینا لە دیاریکراوەکاندا بەم شێوە کورت بکەینەوە:

١ ئیبن سینا بۆ دەروونی مرۆیی لە ڕووی هێزەکانیەوە، بە دیاریکردنی ئەرکی هەر هێزێک ڕوانیویەتی بەم شێوەیە:

١/١ ڕووەکی، ئەرکی گەشەکردنی پێ سپاردووە.

١/٢ ئاژەڵی، ئەرکی پەیبردن و جووڵەی پێ سپاردووە.

٣/١ مرۆیی، ئەرکی بژاردەکردن و تێگەیشتنی پێ سپاردووە.

٢ – پاشان ئیبن سینا هێزە دەروونییەکانی سەرلەنوێ، لق لق کردووەتە و بۆ هەر لقێک ئەرکێکی لاوەکیی دیکەی داناوە، یان سیما و سیفەتێکی کەسێتیی مرۆیی داناوە:

* ئەو ڕووەکییەکەی بەم شێوازە دابەش کردووە:

– خۆراکدەر: ئەرکی هێنانی خۆراکە بۆ ئەندامەکانی لەش.

– گەشەپێدەر، ئەندامە بنەڕەتییەکانی جەستە زیاد دەکات.

– بەرهەمێن، وێنەی شت دەدات بە ماددە.

ئاژەڵیشی بەم شێوەیە دابەش کردووە:

أ ـ پەیبەر، ئەویشی کردووە بە دوو لقەوە:

١ – هێزانێک لە ناو هەستەوەرەکانەوە پەی دەبات بە: خەیاڵ، دەروونی بیرکەرەوە، دەروونی واهیمەکار، یادگە.

٢ – هێزانێک لە دەرەوەی هەستەوەرەکان پەی دەبەن.

ب – جووڵێنەر، ئەمیش دەبێت بە دوو بەشەوە:

١ – بووژێنەر، کە دابەش دەبێت بۆ: شەهوانی، (نزیکبوون) یان تووڕەیی (دوورکەوتنەوە).

٢ – کارا، ئەرکی جووڵاندنی ماسوولکەکانە.

* پاشان مرۆیی گۆیا دابەشدەکات بەسەر:

أ ـ دەروونی زانا (هێزە بیردۆزەییەکانی بەدەستهێنانی زانستە).

ئەمیش لای خۆیەوە دەبێت بە چوار لقەوە:

١ - عەقڵی هیولانی / ئامادەیی وەرگرتنی مەعریفەتی تێدایە.

٢ – عەقڵی بە بەهرە/ بە بەراورد لە شتەکان دەگات.

٣ – عەقڵی کرداری/ وێنەکان تیایدا کۆ دەکرێنەوە، بۆیە بەبێ بەدەستهێنان تێ دەگات.

٤ – عەقڵی سوودلێوەرگیراو: مەعقولانەکانی تیادا دەبن.

ب / دەروونی کارا: بریتییە لە هێزە کردەییەکان کە تەگبیر و سەنعەتەکان وەر دەگرێت.

ئەوی سەرنجی ئەم چوارچێوەیەی سەرەوە، (یان کلێشەکەی)ی ئیبن سینا بدات، دەبینێت ئەو داهێنانەی کە تیایدایە و لەوانی دیکەی جیا دەکاتەوە:

١ – بە تەنها هێزە دەروونییەکانی دابەش نەکردووە، بەڵکو بۆ هەر هێزێکیان ئەرکی داناوە، جا ئەرکەکە سەرەکی بێت یان لاوەکی.

٢ – چوارچێوەی بیردۆزەکەی هەریەک لە گەشە و پاشان پەیبردن (بە هەردوو بەشەکەیەوە زیهنی و هەستی)، پاشان هێزە بزوێنەرەکان (بە هەردوو بەشەکەیەوە پاڵنەرە خۆرسکی و جووڵە عەقڵییەکەیەوە)، پاشان بیرکردنەوە بە هەردوو بەشی زانستی و بیردۆزەیی لە یەک کاتدا لەخۆ دەگرێت.

ئەم کلێشەیەی خوارەوە، چوارچێوەی بیردۆزەیی سەرەتایی دەروونی مرۆییمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە لە (دليل الباحثين إلى المفاهيم النفسية في التراث الجزء الأول ص٦٥٤) وەر گیراوە، لە ژێر ناوونیشانی (نموونەی ئەرکەکانی دەروون لای ئیبن سینا) لەگەڵ تێبینیی ئەوەی ئەم کلێشە بەشێکی زۆری لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی، تەنانەت عیرفان عەبدولحەمید دەڵێت: بیردۆزەکەی هەڵبەستووە، بەڵام من وا دەزانم کۆمەڵێک زیادەکاری و داهێنانی تێدایە، بۆ ئەوە دەشێت بیخەینە پاڵ ئیبن سینا، کە چوارچێوەیەکی بیردۆزەیی دانسقەیە.

## نموونەیەکی ئەرکەکانی دەروون لای ئیبن سینا

**دەروون**




کلێشەی ژمارە (١٢)

**دووهەم: چوارچێوەی بیردۆزەیی لای غەزالی**

چوارچێوەیەکی بیردۆزەیی دیکە، ئەوەی پێشەوا غەزالییە کە زۆر لە کەلەپووری سۆفیزمەوە نزیکە، لەگەڵ ئەوەی ئیبن سینا و غەزالی لە ڕووی تێگەیشتن و ڕێبازەوە جیاواز بوون، بەڵام هاوبەشیی زۆریشیان لەنێواندا هەبووە.

* بە نموونە غەزالی وای دادەنێت دوو جۆر هێز لە مرۆڤدا هەیە (بەڵام لای ئیبن سینا سێ هێزە) ئەو و دووەش:

- هێزی ئاژەڵی: کە دابەش دەبێت بۆ بزوێنەر و پەیبەر، بزوێنەرەکەش دابەش دەبێت بۆ: پاڵنەر (الباعثة) کارا (فاعلة)، پاڵنەریش بە هەمان شێوە دەبێتە دوو بەشەوە: شەهوەت (بۆ سوودوەرگرتن) و تووڕە (زیان دوور دەخاتەوە)، ویست لە کاراوە دەر دەچێت، جا جگە لەم خاڵەی کۆتا، هەردوو چوارچێوە،کە، خەریکە بە تەواوی لە یەک دەچن.

- هێزی مرۆیی کە زانا و کارکەرە (لەگەڵ گۆڕانی دەستەواژەی دەرەوە و ناوەوەی وەزیفەکان).

* ئەوەی تیایە غەزالی لە هەندێک ناونانی ئەو هێزانەی، لە هێزی پەیبەر جیا دەبنەوە جیاوازە، بەڵام لە هەمان چوارچێوە و ناوەڕۆکدایە.

* غەزالی لە لایەکی دیکەوە پلەکانی پەیبردن زیاد دەکات، لە دیاریکردن و تایبەتمەندییە مرۆییەکان کە لە سێ هێزە دەروونییەکەوە پەیدا دەبێت. واتە (پەسەند و ناپەسەندەکان).

کڵێشەی ژمارە (١٣) نەخشەی دووهەمی چوارچێوەی بیردۆزەییە، بە تێڕوانینی غەزالی کە دەروونی مرۆییمان بۆ ڕوون دەکاتەوە

ئەم نەخشەیە هەوڵ دەدات، ڕێک وەک ئەو وەسفە بێت، کە غەزالی لە کتێبی (معارج القدس في مدارج معرفة النفس) وەسفی کردووە، کە بووەتە دوو کڵێشە:

کڵێشەی یەکەم ١/١٣ لقەکانی هێزی یەکەم لە هێزی ئاژەڵییەوە دەگرێتەوە، بەڵام کڵێشەی دووهەم ٢/١٣ لقەکانی هێزی دووهەم، کە هێزی مرۆییە دەگرێتەوە.




کڵێشەی ژمارە (١/١٣)
هێزە ئاژەڵییە دەروونییەکان لای غەزالی
(معارج القدس)

# هێزە دەروونییە مرۆییەکان




کڵێشەی ژمارە (٢/١٣)

(غەزالی: معارج القدس)

دەروونی مرۆیی

هێزەکانی دەروونی لای غەزالی

"معارج القدس"

## سێهەم: کۆتایی و قسەیەک

### پوختەی قسان

کەلەپوری ئیسلامی، بوارێکی لە سنووربەندەکانی کەسێتیی مرۆیی نەهێشتووەتەوە، لە چوارچێوەی چەمکی دەروونی مرۆیی هەندێک شوێنەواری لەسەر نەبێت.

لەو کەلەپوورەی جێ هێشتووە دیدێکی ورد و زۆر زیرەکانەی هەیە، کە بەبێ تاقیگە و دەزگا و هۆکارەکانی پێوەر و پشکنین، گەیشتووەتە زۆر لەوانەی ئەمڕۆ دەیزانین و قسەی لەسەر دەکەین، سەبارەت بە پێکهاتەی سروشتیی دەروون و بوارەکانی کەسێتی و دەروونساغی و ڕاستکردنەوە و مۆچاندنی.

لەگەڵ جیاوازیی سەردەم و تێپەڕبوونی ئەو ماوە زۆرە و کەڵەکەبوونی ئەزموونەکان و پێشکەوتنی ڕەوڕەوەی شارستانی مرۆیی زیاتر لە دە سەدە، ئەوجا ئەو تەقینەوە زەبەلاحە لە قەبارەی مەعریفەی مرۆیی سەد ساڵی ڕابردوو ڕووی دا، هێشتا چەمکە سەرەکییەکان کە بەشێک لە زانایانی موسڵمان خستوویانەتە ڕوو، ئەوەندە جیاواز نییە، بەڵکو لە سەردەمی خۆیان زۆر پێشڕەویی کردووە، وەک بڵێی ئەو ماوە زۆرەی تێ پەڕاندووە و گەیشتووەتە ئەم سەردەمەی ئێمە، خۆ ئەگەر بەراوردی بوارەکانی دیکەی زانست بکەین، وەک فیزیا و کیمیا و پزیشکی لەنێوان ئەم دوو ماوەیەدا لە ڕاستیدا جیاوازییەکە تەواو بەرفراوانە و بەراورد ناکرێت. بەڵام ئەوەی بواری زانستە ڕووت و کردارییەکاندا جێبەجێ دەکرێت، بەسەر بواری دەروونی یان کەسێتیی مرۆیی جێبەجێ ناکرێت.

بۆیە لەسەر دەستی زانا موسڵمانەکان، بازدانێکی زانستی بابەتی شیکاریی نایاب لە بواری دەروونـدا ئەنجام درا، بۆ شارستانیەتییەکان دوای خۆیان زانیاری و بۆچوون و شیکاریی وەهایان پێشکەش کردووە، مرۆڤی شارەزای هاوچەرخ سەری سوڕ دەمێنێت، کە چۆن توانیویانە پێی بگەن، یان هەر بیریشی لێ بکەنەوە، لەو کات و سەردەمەدا.

له کۆتاییدا دەکرێت لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلتر لەم بوارەدا واتە: بواری کەسێتیی مرۆیی ئەنجام بدرێت، بە دڵنیاییەوە هێشتا توێژینەوە و بەدواداچوون لەسەر زۆر دەستنووس لەو بارەیەوە نەکراوە، یان پێیان نەگەیشتووین، خودا یار بێت لە ئایندەدا دەدۆزرێنەوە و زانیاری و ڕوونکردنەوەی دیکە، دەخەنە سەر ئەو چوارچێوەیەی کە کەلەپووری ئیسلامی نەخشەی کێشاوە، بە هۆی زانا و بیریار و فەیلەسووف و ناودارەکانیەوە لە سەر دەروون و کەسێتیی مرۆیی.

خودای مەزن لەبری ئێمە و گەلانی موسڵمان پاداشتی خێریان بداتەوە، ئێمەش لە زانستەکەیان سوودمەند بین، تا پاداشتی ئەوانیش بە نەبڕاوەیی، هەتا ڕۆژی قیامەت بمێنیتەوە.

خودا هەموو لایەک سەرکەوتوو بکات و ئەگەر هەڵە و لەبیرچوونێکیش بووبێت چاوپۆشیمان لێ بکەن.

# سەرچاوەکان


١ – الأبشيهى، شهاب الدين، المستطرف في كل غن مستظرف، بيروت: دار القلم، ١٩٨١.

٢ – ابن أبي أصيبيعة، عيون الأنباء في طبقات الأطباء، بيروت: مكتبة الحياة، (د.ت).

٣ – ابن أبي حجلة، شهاب الدين، ديوان الصبابة، القاهرة: (د.ت).

٤ – ابن أبي الدنيا، عبد الله بن محمد، التواضع والخمول، القاهرة: دار الاعتصام، ١٩٨٨.

٥ – ابن أبي الربيع، سلوك المالك في تدبير الممالك، بغداد: دار الشؤون الثقافية، ط١٩٨٧/٣.

٦ – ابن باجة، رسائل جديدة، تحقيق: عبد الرحمن بدوي، بيروت: دار الاندلس، ط٣، ١٩٨٣.

٧ – ابن بطوطة، تحفة النظار في غرائب الأمصار وعجائب الأسفار.

٨ – ابن تيمية، أحمد. امراض القلوب وشفاؤها، بيروت: دار القلم، ١٩٨٦.

٩ – ابن الجوزي، أبو الفرج. أخبار الحمقى والمغفلين، بيروت: دار الآفاق الجديدة، ط١٩٨٣/٢.

١٠ - ابن الجوزي، الأذكياء، بيروت: مؤسسة مناهل الفرقان، ١٩٨٥.

١١ - ابن الجوزي، ذم الهوى، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٧.

١٢ - ابن الجوزي، صيد الخاطر، بيروت: دار الكتب العلمية، (د.ت).

١٣ - ابن الجوزي، الطب الروحاني، دمشق: مكتبة القدس، ١٩٢٩.

١٤ – ابن حزم الاندلسي، محمد بن علي. الأخلاق والسير في مداولة النفوس، بيروت: دار الآفاق الجديدة، ط١٩٨٠/٢.

١٥ - ابن حزم الاندلسي، محمد بن علي. الفصل في الملل والنحل، ١٣١٧هـ (د.م، د.ت).

١٦ - ابن حزم الاندلسي، محمد بن علي. طوق الحمامة، بيروت: مؤسسة ناصر للثقافة، (د.ت).

١٧ – ابن سينا، رسائل متفرقة (ضمن مجموعة أخرى من رسائل لعلماء وفلاسفة آخرين، احتلت الصفحات (١٨٩ – ٢٩٠)، (د. ت).

١٨ - ابن سينا، الإشارات والتنبيهات، دار المعارف، القاهرة: ط٣، (د.ت).

١٩ - ابن سينا، القانون في الطب، دار صادر، بيروت: (د.ت).

٢٠ - ابن سينا، النجاة، بيروت: دار الآفاق الجديدة، ١٩٨٥.

٢١ – ابن عدي، يحيى. تهذيب الأخلاق، تحقيق جاد حاتم، بيروت: دار المشرق، ١٩٨٥.

٢٢ – ابن عربي، تهذيب الاخلاق، تحقيق: عبد الرحمن حسن محمود، القاهرة: دار الكتب، ١٩٨٦.

٢٣ – ابن عربي، الزهد وصفة الزاهدين، طنطا: مكتبة الصحابة، ١٩٨٨.

٢٤ – ابن قرة، سنان بن ثابت، سوء المزاج المختلف.

٢٥ – ابن قيم الجوزية، إغاثة اللهفان من مصايد الشيطان، دار المعرفة، بيروت: (د.ت).

٢٦ - ابن قيم الجوزية، بدائع الفوائد، القاهرة: دار الفكر للطباعة والنشر، (د.ت).
٢٧ - ابن قيم الجوزية، تحفة الودود في أحكام المولود، القاهرة: المكتب الثقافي للنشر، ١٩٨٦.
٢٨ - ابن قيم الجوزية، الجواب الكافي لمن سأل عن الدواء الشافي، دمشق: دار الفكر للنشر والتوزيع، ١٩٨٦.
٢٩ - ابن قيم الجوزية، رسالة في أمراض القلوب، تحقيق: محمد حامد الفقى، (د.ت).
٣٠ - ابن قيم الجوزية، الروح، بيروت: دار القلم، ١٩٨٣.
٣١ - ابن قيم الجوزية، روضة المحبين ونزهة المشتاقين، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٣.
٣٢ - ابن قيم الجوزية، طريق الهجرتين وباب السعادتين، بيروت: دار مكتبة الحياة، ١٩٨٠.
٣٣ - ابن قيم الجوزية، الفوائد، القاهرة، دار الحديث، ١٩٨٨.
٣٤ - ابن قيم الجوزية، مدارج السالكين بين منازل إياك نعبد وأياك نستعين، الدار البيضاء: دار الرشاد الحديثة، (د. ت).
٣٥ - ابن قيم الجوزية، مفتاح دار السعادة، القاهرة، مطبعة محمد علي صبيح، (د. ت).
٣٦ – ابن المقفع، آثار ابن المقفع، دار مكتبة الحياة، ١٩٧٨.
٣٧ – ابن المقفع، كليلة ودمنة، بيروت: دار مكتبة الحياة، ١٩٧٨.
٣٨ – ابن المقفع، يتيمة السلطان، القاهرة: لجنة التاليف والترجمة والنشر، ١٩٤٦.
٣٩ – ابن مسكوية، تهذيب الأخلاق وتطهير الأعراق، القاهرة: مطبعة محمد علي صبيح، ١٩٥٩.
٤٠ – ابن مسكوية، فلسفة الأخلاق، القاهرة: ١٩١٧.
٤١ – ابن مسكوية، الفوز الأصغر، عن الترجمة الإنجليزية، سويتمان، علم الكلام الإسلامي والمسيحي، ج١، فصل (النفس وأحوالها).
٤٢ – ابن النفيس، الموجز في الطب، القاهرة: المجلس الاعلى للشؤون الإسلامية، ١٩٨٦.
٤٣ – إخوان الصفا، رسائل إخوان الصفا وخلان الوفاء، بيروت: دار صادر، (د.ت).
٤٤ – أرسطو، النفس، ترجمة د. أحمد فؤاد الأهواني (د. ت).
٤٥ – أفلاطون، جمهورية أفلاطون، تعريب حنا خباز، بيروت: دار القلم، ط١٩٩٥/٥.
٤٦ – أفلاطون، محاورات، محاورة فيدون، كتب العالم الغربي الكبرى (كتاب رقم ٧).
٤٧ – أفلاطون، كتاب التاسوعات، مقدمة كتب العالم الغربي الكبرى.
٤٨ – البلخي، أبو زيد احمد بن سهل، مصالح الأبدان والأنفس، فرانكفورت: معهد تاريخ العلوم العربية والإسلامية، ١٩٨٤.
٤٩ – البستاني، محمود، دراسات في علم النفس الإسلامي، بيروت: دار البلاغة، ١٩٩١.

٥٠ – الترمذي، بيان الفرق بين الصدر والقلب والفؤاد واللب، القاهرة: مكتبة الكليات الازهرية، (د. ت).
٥١ – الترمذي، كتابي الرياضة وأدب النفس، القاهرة: مكتبة البابي الحلبي، ١٩٤٧.
٥٢ – التوحيدي، أبو حيان. البصائر والذخائر، القاهرة: لجنة التأليف والترجمة والنشر، ١٩٥٣.
٥٣ - التوحيدي، الرسائل الثلاث، دمشق: معهد الفرنسي للدراسات العربية، ١٩٥١.
٥٤ - التوحيدي، الإرشادات الآلهية، القاهرة: جامعة فؤاد الأول، ١٩٥٠.
٥٥ - التوحيدي، المقابسات، القاهرةک المكتبة التجارية الكبرى، (د. ت).
٥٦ – الجاحظ، البخلاء، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٣.
٥٧ – الجاحظ، البيان والتبين، ط٥، القاهرة: مكتبة الخانجي، ١٩٨٥.
٥٨ – الجاحظ، التاج في اخلاق الملوك، بيروت: الشركة اللبنانية للكتاب، ١٩٧٠.
٥٩ – الجاحظ، الحيوان، القاهرة، دار الفكر، ١٩٨٨.
٦٠ – الجسر، نديم، قصة الإيمان، بيروت: ط١٩٦٩/٣.
٦١ – الجندي، عبدالحليم، القرآن والمنهج العلمي المعاصر، القاهرة: دار المعارف، ١٩٨٤.
٦٢ – الجنيد البغدادي، دواء الروح، (د. ت).
٦٣ – الجنيد البغدادي، رسائل الجنيد، القاهرة: برعي وجداي، ١٩٨٨.
٦٤ – الحبابي، محمد عزيز. الشخصيات الإسلامية، ط٢، القاهرة: دار المعارف، ١٩٨٣.
٦٥ – الحضرمي، المرادي. الإشارة في تدبير الإمارة، الدار البيضاء: دار الثقافة، ١٩٨١.
٦٦ – الحموي، ياقوت. معجم البلدان، بيروت: دار صادر، ١٩٨٤.
٦٧ – الحميري، محمد بن عبد المنعم. روض المعطار في خير الأقطار، تحقيق: إحسان عباس، ط٢، بيروت: مكتبة لبنان، ١٩٨٤.
٦٨ – الخرائطي، المنتقى من كاتب مكارم الأخلاق ومعاليها، دمشق: دار الفكر، ١٩٨٦.
٦٩ – الدمياطي، ابن شطا. كفاية الاتقياء ومنهاج الأصفياء، القاهرة: المطبعة الخيرية، ١٣٠٣هـ
٧٠ – الذماري، يحيى بن حمزة اليماني. تصفية القلوب من درن الأوزار والذنوب، صنعاء: مكتبة اليمن الكبرى، ١٩٨٩.
٧١ – الذهبي، شمس الدين. الطب النبوي، القاهرة: مكتبة البابي الحلبي، ١٩٦١.
٧٢ – الرازي، أبو بكر. الحاوي، حدير آباد/الهند: دائرة المعارف العثمانية، ١٩٥٥.
٧٣ – الرازي، أبو بكر، طب النفوس.

٧٤ – الرازي، أبو بكر، النفس والروح وشرح قواهما، ضبطه وقدم له سليمان البواب، دمشق – بيروت: منشورات دار الحكمة، ١٩٨٦.[١]

٧٥ – الرازي، فخر الدين. الطب الروحاني، دمشق، بيروت: دار الحكمة، ١٩٨٦.

٧٦ – الرازي، فخر الدين. عجائب القرآن، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٤.

٧٧ – الرازي، فخر الدين. الفراسة، القاهرة: مكتبة القرآن، ١٩٨٧.

٧٨ – الرازي، فخر الدين. المطالب العالية من العلم الإلهي، بيروت: دار الكتاب العربي، ١٩٨٧.

٧٩ – الرازي، فخر الدين. النفس والروح وشرح قواهما، تحقيق: محمد صغير حسن المعصومي، القاهرة: ١٩٤٨.[٢]

٨٠ – زريق، معروف، علم النفس الإسلامي، دمشق: دار المعرفة، ١٩٨٩.

٨١ – الزصامي، أبو بكر، عليش، نيجيريا، ١٩٤٨.

٨٢ – سابق، سيد. فقه السنة، دار الكتاب العربي، (د. ت).

٨٣ – السمالوطي، نبيل محمد توفيف. الأسلام وقضايا علم النفس الحديث، دار الشروق، جدة، ١٩٨٤.

٨٤ – السمرقندي، أبو الليث. قرة العيون ومفرح القلب المحزون، المطبعة الأزهرية، القاهرة: ١٩٢٨.

٨٥ – الشعراني، عبد الوهاب. كشف الغمة عن جميع الأمة، الجزء الثاني، (د. م، د. ن، د.ت).

٨٦ – الشيرازي، الطب الروحاني، مطبعة المفيد، ١٣٩٩هـ.

٨٧ – الأصبهاني، الراغب. تفسير النشأتين وتحصيل السعادتين، بيروت: دار الغرب الإسلامي، ١٩٨٨.

٨٨ – الأصبهاني، الراغب. الذريعة إلى مكارم الشريعة، القاهرة: الكليات الازهرية، ١٩٧٣.

٨٩ – الصقلي، ابن ظفر، السلوانات في مساعدة الخلفاء والسادات، الرياض: ١٩٧٨.

٩٠ – عامر، أحمد محمد، أصول علم النفس في ضوء الإسلام، جدة: دار الشروق، ١٩٨٦.

٩١ – العاني، نزار، أضواء على الشخصية الإنسانية، بغداد: دار الشؤون الثقافية، ١٩٨٩.

٩٢ – عبد الباقي، محمد فؤاد، المعجم المفهرس لألفاظ القرآن الكريم، القاهرة: ١٣٧٨هـ

٩٣ – عبد الحميد، عرفان، الفلسفة في الإسلام دراسة ونقد، بيروت: دار التربية، (ط٢/١٩٨٤).

٩٤ – عليان، مصطفى، بناء الشخصية في القصة القرآنية، عمان: دار البشير، ١٩٢٢.

---

[١] هناك من ينسب ذات الكتاب إلى فخر الدين الرازي، مصدر رقم (٨٩).

[٢] يراجع المصدر رقم ٧٤.

٩٥ – العيسوي، عبد الفتاح محمد. تاريخ الطب النفسي عند العلماء المسلمين (الكتاب الأول: ابن سينا)، بيروت: دار النهضة العربية، ١٩٩٣.

٩٦ – الغزالي، أبو حامد، إحياء علوم الدين، القاهرة: دار الشعب، ١٩٥٧.

٩٧ – الغزالي، أيها الولد، مجموعة رسائل الغزالي (٣)، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٦.

٩٨ – الغزالي، بداية الهداية، القاهرة: دار التراث العربي، ١٩٨٦.

٩٩ – الغزالي، القواعد العشرة (القاعدة الرابعة)، رسائل الغزالي (٥)، دار بيروت: الكتب العلمية، ١٩٨٨.

١٠٠ – الغزالي، كيمياء السعادة، رسائل الغزالي (٥)، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٨.

١٠١ – الغزالي، المستصفى من علم الأصول، القاهرة: المكتبة التجارية الكبرى، ١٩٣٨.

١٠٢ – الغزالي، أبو حامد، معارج القدس في معرفة النفس، بيروت: دار الىفاق الجديدة، ط٥/١٩٨١.

١٠٣ – الغزالي، أبو حامد، المقصود الأسنى في شرح معاني أسماء الله الحسنى، قبرص: الجفان والجاني، ١٩٨٧.

١٠٤ – الغزالي، أبو حامد، المنقذ من الضلال، القاهرة: مكتبة محمد علي صبيح، (د. ت).

١٠٥ – الغزالي، أبو حامد، منهاج العابدين، القاهرة: دار غحياء الكتب العربية، (د.ت).

١٠٦ – الغزالي، أبو حامد. ميزان العمل، دار الحكمة، بيروت – دمشق: ١٩٨٦.

١٠٧ – الفارابي، آراء أهل المدينة الفاضلة، بيروت: دار المشرق، ١٩٨٥.

١٠٨ – الفارابي، تحصيل السعادة، بيروت: دار الأندلس، ١٩٨٣.

١٠٩ – الفارابي، التنبيه على سبيل السعادة، بيروت: دار المناهل، ١٩٨٧.

١١٠ – الفارابي، كتاب التعليقات، طبعة حيدر آباد، (د. ت).

١١١ – الفريابي، أبو بكر، صفة النفاق وذم المنافقين، بيروت: دتار الكتب العلمية، ط٢، ١٩٨٧.

١١٢ – القرشين عبد الله بن وهب، ترتيب المدارك للقاضي عياض.

١١٣ – القرطبي، محمد بن يوسف. الزهد، طنطا: مكتبة الصحابة، ١٩٨٨.

١١٤ – القشيري، عبد الكريم: الرسالة القشيرية، دمشق – بيروت: دار الخير، ١٩٨٨.

١١٥ – القيرواني، ابن جزار، سياسة الصبيان وتدبيرهم، بيروت: دار المغرب الإسلامي، ط٢، ١٩٨٤.

١١٦ – الكالاباذي، أبو بكر محمد، التعرف لمذهب أهل التصوف، القاهرة: مكتبة الكليات الأزهرية، ١٩٨٠.

١١٧ – الكرماني، أحمد حميد. راحة العقل، بيروت: دار الأندلس، ط٢، ١٩٨٣.

١١٨ – الكرماني، مجموعة رسائل الكرماني، بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر، ١٩٨٣.
١١٩ – الكندي، رسائل الكندي الفلسفية، بيروت: دار الأندلس، ط٣، ١٩٨٣.
١٢٠ – المالقي، أبو القاسم. الشهب اللامعة في السياسة النافعة، الدار البيضاء، دار الثقافة، ١٩٨٤.
١٢١ – الماوردي، الأحكام السلطانية والولايات الدينية، القاهرة: مكتبة مصطفى البابي الحلبي، ١٩٧٣.
١٢٢ – الماوردي، أدب الدنيا والدين، بيروت: دار الكتب العلمية، ١٩٨٧.
١٢٣ – المحاسبي، الحارث. التوبة، القاهرة: دار الاعتصام، ١٩٧٧.
١٢٤ – المحاسبي، الحارث. رسالة المسترشدي، حلب: مكتبة المطبوعات الإسلامية، ط٦، ١٩٨٥.
١٢٥ – المحاسبي، الحارث، آداب النفوس، بيروت: مؤسسة المكتبة الثقافية، ١٩٨٥.
١٢٦ – المحاسبي، المسائل في إعمال القلوب والجوارح، القاهرة: مكتبة التراث الإسلامي، ١٩٨٦.
١٢٧ – مرسي، سيد عبد الحميد، الشخصية المنتجة، القاهرة: دار التوفيق النموذجية، ١٩٨٦.
١٢٨ – المقدسي، شمس الدين. أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، بيروت: دار إحياء التراث العربي، ١٩٩٧.
١٢٩ – النيسابوري، ابن حبيب. عقلاء المجانين، بيروت: دار الكتب العلمية، (د. ت).
١٣٠ – النيسابوري، العامري. الأمد على الأبد، بيروت: دار الكندي، ١٩٧٩.
١٣١ – نجاتي، محمد عثمان، القرآن وعلم النفس، القاهرة: دار الشروق، ط٥، ١٩٨٩.
١٣٢ – النراقي، محمد مهدي. جامع السعادات، القاهرة: المؤسسة للتأليف والترجمة والنشر، ط٤، (د. ت).
١٣٣ – الهرثمي، مختصر سياسة الحروب، القاهرة: المؤسسة المصرية للتأليف والترجمة والنشر، (د. ت).
١٣٤ – الهوجويري، كشف المحجوب، الترجمة الإنجليزية.
١٣٥ – يعقوب، سعيد، علم النفس والطب النفسي عند العرب، دمشق: دار الجيل، ١٩٩١.

**المعاجم العربية:**

١٣٦ – لسان العرب.
١٣٧ – القاموس المحيط.
١٣٨ – القاموس المنجد.
١٣٩ – مختار الصحاح.
١٤٠ – معجم اللغة العربية.

# پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامیی

دامەزراوەیەکی فیکریی ئیسلامیی ڕۆشنبیریی سەربەخۆیە، لە سەرەتای سەدەی پانزەیەمی کۆچی (١٤٠١ک ـ ١٩٨١ز) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراوە، تا کار بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

ـ فەراهەمهێنانی تێڕوانینی گشتگیرانەی ئیسلام، لەپێناو تەئسیلکردنی مەسەلە هەنووکەییەکانی ئیسلام و ڕوونکردنەوەیان، هەروەها لەپێناو پێکەوەگرێدانی بەش و لقەکان بە هەمەکییەکان (الكليات) و مەبەست و ئامانجە گشتییەکانی ئیسلام.

ـ گێڕانەوەی ناسنامەی فیکریی و ڕۆشنبیریی و ژیاریی بۆ ئوممەی ئیسلامی، ئەویش لە میانەی چەند هەوڵ و کۆششێکی بەئیسلامکردنی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنی مەسەلەکانی فیکری ئیسلامی.

ـ چاکسازی لە پرۆگرامەکانی فیکری ئیسلامی هاوچەرخدا، بۆ ئەوەی ئوممەی ئیسلامی توانای دووبارە گەڕاندنەوەی شێوە ژیانە ئیسلامییەکەی خۆی و هەروەها ڕۆڵی خۆی لە ئاڕاستەکردنی کاروانی ژیاریی مرۆڤایەتی و بەرچاوڕۆشنکردنی و گرێدانی بە بەها و ئامانجەکانی ئیسلامەوە، هەبێت.

پەیمانگا، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی چەند هۆکارێک دەگرێتەبەر لەوانەش:

ـ بەستنی کۆنگرە و سیمیناری زانستی.

ـ هاوکاریی هەوڵ و کۆششی زانا توێژەرەوەکانی زانکۆ و بنکەکانی توێژینەوەی زانستیی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە زانستییە نایابەکان.

ـ ئاڕاستەکردنی توێژینەوە زانستی و ئەکادیمییەکان لەپێناو خزمەتکردن بە فیکر و مەعریفە.

هەروەها پەیمانگا چەند نووسینگە و لقێکی لە پایتەختی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان و وڵاتانی تریش هەیە، کە لە ڕێگەیانەوە کار و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆی ئەنجام دەدات، هەروەها چەند ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ژمارەیەک زانکۆی عەرەبی و ئیسلامیی و خۆرئاوایی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ هاوکاریی زانستی هاوبەش، هەیە.

## سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەرێکی کوردستانیی ناحکومیی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا. لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینەی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

سەنتەر هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاو دەدات بۆ کارابوونی عەقڵ و بیر و ڕانانی هزریی، لەم پێناوەدا سەنتەر هەردوو سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەرز و بەڕێز بە بەکارهێنانی ئامرازی زانستە ئیسلامییەکان و زانستەکۆمەڵایەتی و سروشتییەکان دەکاتە بنەمای کارەکانی.

**بوارەکانی کارکردن:**

- نووسین بە قەڵەمی خۆماڵیی نووسەرانی کورد و بیرمەندان.
- وەرگێڕان لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی کوردیی، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردییدا.
- بەستنی کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سازدانی سیمینار لە لایەن خاوەن بیر و ئەکادیمیانەوە.
- خولی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانکۆییەوە.
- هاوکارییکردنی دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیی.